# دۆزی دەگمەن، دۆزی کورد

**کاردۆ بۆکانی**

**٢٠١٦**

**پێشکەشە بە گیانی پاکی سمکۆ سەرهەڵدان (ماجد کاویان) و هەموو پاکڕەوانانی ڕێگەی ئازادی**

## ژیاننامەی نووسەر

کاردۆ بۆکانی لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە. خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و، دواناوەندی لەو شارە دا تەواو کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە زانینگەی ”کۆرک“ (UCC)، لە وڵاتی ئیرلەند، لە فەلسەفە و سیاسەت دا ناونووسی کردووە و لە ساڵی ٢٠١٠ دا بڕوانامەی بەکالۆری وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٠ هەتا ٢٠١١، هەر لەو زانینگەیە، UCC، ماستەری لە فەلسەفەی ڕامیاری وەرگرتووە. لە ساڵی ٢٠١٢ دا لە زانینگەی ”دابڵین“ (UCD)، لە وڵاتی ئیرلەند، دەستی کردووە بە نووسینی تێزی دوکتوراکەی لە ژێر سەردێری ”پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی ڕامیاری کوردان لە تورکیە" و، لە ساڵی ٢٠١٦ دا تەواوی کردووە. لەگەڵ ئەوەش دا، لە ساڵی ٢٠١٣ هەتا ٢٠١٦ لە زانینگەی UCD لە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، فەلسەفەی ڕامیاری کوتووەتەوە.

## پێڕست:


دەستپێک................................................................................. 6
١. دۆخی دەگمەن چییە؟........................................................... 10
٢. دەگمەنبوونی دۆزی کورد........................................................ 15
٣. خۆنەناسینی کوردی و دەگمەنتربوونی دۆزەکەی.......................... 32
٤. پێوەندی نێوان هزر و دۆخ ...................................................... 52
٥.  کورد و دەسەڵات................................................................... 68
٦. چارەسەری.............................................................................. 85
کۆتایی................................................................................... 104
سەرچاوەکان ........................................................................... 109

# دەستپێک

ماوەی زیاتر لە دوو سەدەیە کە گەلی کورد لە تێکۆشانی ئازادی دایە و لەو پێناوە دا گەلێک قوربانی داوە. پاش شکانی هەر سەرهەڵدانێک و کۆمەڵکوژکردنی کوردان، داگیرکەرانی کوردستان پێیان وابوو کە مەیلی ئازادیان لە ناخیان دا لە ناو برد. بەڵام بە پێچەوانە، گەلی کورد نەتەنیا کۆڵی نەدا، بەڵکوو لە یەکەمین دەرفەت دا کە بۆی ڕەخسا سەریهەڵدا و بە گژ داگیرکەران دا چووەوە. ئەو گەلانەی کە بە ڕادەی کورد بازنەی سەرهەڵدان و تێکشکانیان ئەزموون کردبێت لە مێژوو دا کەمن. سەرەڕای ئەمە، کورد نەیتوانیوە نیشتمانی خۆی ئازاد بکات و، دەستکەوتەکانیشی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان مسۆگەر نین. هەر لە یەکەم خوێندنەوە دا ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر دروست دەبێت:

> بۆچی پاش زیاتر لە دوو سەدە تێکۆشانی بەردەوام بزاڤی ئازادیخوازی کورد نەیتوانیوە کۆتایی بە داگیرکەری بێنێت و کوردستانی گەورە ئازاد بکات؟

لە وڵامی ئەو پرسیارە دا هەندێک شیکاری کراون و لە چەندین ڕووەوە سەیری کێشەکە کراوە. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک لە نووسینەکان هەستیان بە نائاسایی بوونی دۆزەکە کردووە، بەڵام هەوڵی تێۆریزە کردنیان نەداوە. هەر وەک لەم پەرتووکە دا نیشانی دەدەین، هۆکاری بنەڕەتی سەرنەکەوتنی شۆڕشی کوردستان لە سەدەی بیستەم دا، دەگمەنبوونی دۆزی کوردە. ئەوە بەو واتایە نییە کە سەرهەڵدانەکانی کورد کەماسیان نەبووە و، هەر وەک باسیان دەکەین، زۆربەی ڕاپەڕینەکان کێشەی خۆیان هەبووە، بەڵام هۆکاری بنەڕەتی سەرنەکەوتنی کورد دەگمەنبوونی دۆزەکەیەتی. بەڵام دەگمەنبوون بە واتای چییە و بە چ دۆزێک دەڵێن دۆزی دەگمەن؟ جیاوازییەکانی دۆزی دەگمەن لەگەڵ دۆزی ئاسایی لە چی دایە؟

هەروەک لە بەشی ١ی ئەم پەرتووکە دا ڕاڤەی دەکەین، دۆخی دەگمەن بەو شوێنە دەڵێن کە تێیدا سنووری نێوان دووانەکان ڕووخاوە و، ئەو دوو کەرتە بەرامبەرە تێکەڵ بەیەک بوون. بۆ وێنە، لە دۆخی دەگمەن دا سنووری نێوان زانین و نەزانین ڕووخاوە و، بوار بۆ تێکەڵبوونی ئەو دووە دەڕەخسێت. لە ئاکام دا، نەزانی خۆی بە کەرتی زانایی دا دەکات و پێچەوانەکەشی هەروا. بەو پێیە، نەزانی دەتوانێ لە هەموو کات زیاتر وەکوو زانایی خۆی بنوێنێت و مرۆڤ تووشی هەڵە بکات. پتر لەوە، لە دۆخی دەگمەن دا، نەمانی سنووری نێوان سەرما و گەرما، پێوەرەکانی بڕیاردان لەسەر ئەو دووانە دەشڵەژێنێت. بۆ وێنە، ئەگەر هێمای گەرمابوون ئارەقە کردنە، لە دۆخی دەگمەن دا ئارەقەی سارد بەدی دەکرێت. یان دەنا، ئەگەر لەرزین هێمای سەرمابوونە، ئەوەی کە مرۆڤ وەلەرزین دەخات، لە دۆخی دەگمەن دا،

گەرمایە. هەر بەو چەشنە، لەو دۆخە دا، بە هۆی ڕووخانی سنووری نێوان زاگۆن[1] و بێزاگۆنی، ئەو دوو کەرتە تێکەڵ بەیەک دەبن و واتاداربوونی زاگۆن پووچەڵ دەکەنەوە.

لە بەشی ٢ دا، هۆکارەکانی دەگمەنبوونی دۆزی کورد دەشتنیشان دەکەین. هەر وەک نیشانی دەدەین، هەر لە هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان بگرە هەتا دابەشکردنی بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی داگیرکەر دا و، هەر لە هەڵسووکەوتی داگیرکەرانی کوردستان هەتا نزیکبوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵی دا، دۆزی کورد دۆزێکی دەگمەنە، هەتا دانەیەکی ئاسایی. هەڵکەوتنی کوردستان لە نێوان شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا ئەو دەڤەرەی کرد بە ناوەندی ناکۆکی و شەڕگەی زلهێزانی سەردەم. زلهێزانی ڕۆژاوا لە هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی دونیا دا بە کوردستان دا تێپەڕین و، زلهێزانی ڕۆژهەڵاتیش لە هێرش بۆ سەر دونیای ڕۆژاوا، لە پێشدا کوردستانیان کاول کرد، جا ئەو جار پێیدا تێپەڕین. یەکێک لە هۆڤترین[2] سەردارانی ڕۆژهەڵات ''چەنگیز خانی مۆغۆل'' بووە، کە لە هێرشی هەر شارێک دا هەمووی ئاگری تێبەرداوە و لەگەڵ زەوی تەختی کردووە. یەکێکی تر لە بێ بەزەییترین سەردارانی ڕۆژهەڵات ''تەیموورە شەل'' بووە، کە لە سەری براوی دانیشتوانی ئەو شارانەی کە لە بەرامبەر سوپاکەی دا بەرخۆدانیان دەکرد بورجی دروست کردووە. پاش ئەوەی کە بەم چەشنە جێی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا کردەوە و ''بیزانتین''یان داگیرکرد، تورکەکان توانیان "ئیمپڕاتووری عوسمانی" دامەزرێنن. پاش ئەمە، کوردستان ئەو جار بوو بە شەڕگەی نێوان سوڵتانەکانی عوسمانی و پادشاکانی ئێران، کە لە پاش "شەڕی چاڵدێران" کوردستانیان بەسەر خۆیان دا دابەش کرد. لەو کاتە بەملاوە، کوردستان نەتەنیا بەسەر دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و، تورک و فارس دا دابەش بوو، بەڵکوو کەوتە نێوان بلۆکی سوننی و شیعە؛ ئەو دوو ئایینزایەی، کە هەر وەک دەزانین، هیچیان ئەوەی دیکەیان پەسەند نەکردووە. بەڵام لە دەستپێکی سەدەی بیستەم دا، دۆخەکە لەوەش خراپتر بوو و، کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتی سەرەڕۆ دا دابەش دەبێت. ئەم ڕاستییانە کوردستان لە هەموو ئەو وڵاتە ژێردەستانەی کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ڕزگار کرد هەڵدەوێرێت. بۆ ڕوونبوونەوەی باسەکە، بە درێژایی ئەم پەرتووکە باس لە دۆزی گەلانی جیاواز دەکەین و، لەگەڵ هی کوردیان بەراوەرد دەکەین. بەڵام لە بەشی ٢ دا، تەنیا لەسەر گەلانی "ئەلجەزایر، ڤییەتنام، هیند و، ئیرلەند" ڕادەوەستین. هەر وەک نیشانی دەدەین، هیچ یەک لەو وڵاتانە لە میانەی شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دا هەڵنەکەوتن، هەتا ببن بە شەڕگەی زلهێزانی سەردەم. کاتێک کە مێژووی ئەو وڵاتانە دەگاتە قۆناخی داگیرکران، هیچیان بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی سەرەڕۆ دا دابەش نەبوون و، هاوشێوەی بزاڤی کورد ڕووبەڕووی ئەوەندە داگیرکەر نەبوونەوە. پتر لەوەش، هەر چواری ئەم وڵاتانە و بەشێکی دیکە لە وڵاتانی ژێردەست، بە پێچەوانەی کوردستان، بە دەریای ئازادەوە لکاون.

لە بەشی ٣ دا، هەوڵ دەدەین بزانین کە کورد چەندە لە دەگمەنبوونی دۆخەکەی تێگەیشتووە و، بە زمانێکی دیکە، چەندەی خۆ ناسیوە. تیشکی شرۆڤەکان لە سەر سێ ڕەهەندی خۆناسین دەبن کە بریتین لە هزر، مێژوو و هێز. هەر وەک شیدەکەینەوە، خۆنەناسینی کورد لەو سێ بوارە دا کێشەکەی لێ دەگمەنتر کردووە. لە بواری مێژووی دا، وەکوو هەر وڵاتێکی دیکە، کوردستان چەند قۆناخی گرینگی هەیە. یەکێک لەوانە، سەرهەڵدانی مادەکانە لە دژی "ئیمپڕاتووری ئاشوور" و دامەزراندنی "ئێمڕاتووری ماد". قۆناخێکی دیکەی چارەنووسساز لە مێژووی کوردستان دا "پەیمانی لۆزان" و دابەشکردنێتی. هەر وەک لەم بەشەدا شیدەکەینەوە، لەمەڕ هەر دوو ڕووداو، خوێندنەوەی هەڵە باڵی

[1] قانون
[2] وحشی

بەسەر وێژەی هەیی[3] دا کێشاوە. لە لایەکی دیکەوە، نەناسینی پەرگالی[4] هزریی "خۆ"، کوردی کرد بە شوێنکەوتەی هزری "ئەوانیدی"، بە بێ گرینگی دان بە گونجاوێتی ئەو هزرانە لەگەڵ ڕاستییەکانی کوردستان. بە پێچەوانەی هزری دیالێکتیکی ئەورووپا، کە لەسەر پێکدادانی دووانەکان و ڕەدکردنەوەی یەکیان لە بەرژەوەندی ئەوەی دیکەیان دامەزراوە، فەلسەفەی ڕۆژهەڵات هەر لە شاخەکانی زاگرۆس هەتا چۆمی ”گەنجی“ لە "هیند" و پانتاوەکانی ”چین“ لەسەر یەکتر تەواوکردنی دووانەکان دامەزراوە. بە باوەڕی چەپەکانی ئەورووپا، مرۆڤ بە ”سروشت“ باشە، بەڵام دەوڵەت خراپی کردووە. بە ڕووخاندنی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگای سروشتی، بە باوەڕی چەپەکان، کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەبن. ڕاستەکانی ئەورووپا، بە پێچەوانە، لەو باوەڕە دان کە مرۆڤ بە ”سروشت“ خراپە و، ئەگەر ترسی دەوڵەتی لەسەر نەبێت، ”شەڕی هەموو دژی هەموو“ ساز دەکات. بەڵام بە باوەڕی زەردەشت، مرۆڤ بە ”سروشت“ هەم باشە و هەمیش خراپ و، هەر لە ڕۆژی ئافرانیەوە هەتا دوا ڕۆژی ژیانی ئەو دوو تایبەتمەندییەی لەگەڵ دەبێت. کەچی نەناسینی هزری خۆ، کوردی پێمل[5] بە کۆپی کردنی فەلسەفەی ڕامیاری ئەورووپا کرد؛ فەلسەفەیەک کە سیاسەت بەسەر دوو بەرەی چەپ و ڕاست دا دابەش دەکات. گوازتنەوەی ئەو چەشنە لە سیاسەت کردن، کە لەگەڵ پەرگالی هزری زاگرۆسی دا ناکۆکە، بزاڤی کوردی تووشی کێشەگەلێک کرد کە هی ئەو نین و، بەو پێیە، دۆزەکەی لێ دەگمەنتر کرد. بۆ وێنە، جێگرتنی تەڤگەڕی کورد لە بەرەی چەپ و سۆسیالیسم، بەگژ بەرەی ڕاست و وڵاتانی کاپیتالیستی دا کرد. ئەو یەکەش، هەر وەک لەو بەشەدا باسی دەکەین، گوزارە لە خۆ نەناسینی کورد دەکات. چونکە ئەگەر تۆ خۆت بناسی و شارەزاییت بەسەر ئاستی هێز و تواناییت دا بێت، خۆت لە قەرەی کارێک نادەی کە بە "یەکێتی سۆڤییەت، چین و، ڤییێتنام" نەکرا.

لە بەشی ٤ دا، دەپەرژێینە سەر ڕۆماڵ کردنی پێوەندییەکانی دۆخ و هزر. هەر وەک نیشانی دەدەین، ئەو دووانە پێوەندییەکی دانەبڕاویان پێکەوە هەیە. ئەوەش وای کردووە کە زۆربەی هزرەکان ڕەنگ و تایبەتمەندی ئەو دۆخەیان پێوە بێت کە تێیدا هەڵگیرساون. لەوەش گرینگتر، هزرێک کە لە دۆخی A دا سەری هەڵدابێت، پەیرەوکردنی لە دۆخی B دا کێشەساز بووە. هەرچەند ئەو کەسانەی کە خوازیاری سەپاندنی هزی شوێنێکن بەسەر شوێنێکی دیکەدا، واتە گەردووناژۆکان،[6] گەردوونی بوونی هزریان ڕەپ[7] کردووەتەوە، بەڵام بەرهەمە هزرییەکانی مێژوو پێچەوانەی ئەو بانگەشەیەمان پێدەڵێن. بۆ وێنە، بە پێی ئەوەی کە کۆیلەداری یەکێک لە کۆڵەکەکانی دەوڵەت شاری ”ئاتێن“ بووە، ”ئەرەستوو“ بە شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو پاساوی پەرگالی کۆیلەداری داوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، پاش ئەوەی کە پێشکەوتنەکانی دەوڵەتی فەڕانسەی پاش شۆڕش دەبینێت و، داگیرکردنی وڵاتەکی لە لایەن سوپای ئاڵمانەوە ئەزموون دەکات، ”هێگێل“، یەکێک لە گەورەترین بیرمەندانی چەپ، بە شێوازێکی نافەلسەفیک دەکەوێتە پەسندانی دەوڵەت و هەتا ئاستی خودابوونی هەڵدەکێشێت. بەڵام بە پێچەوانەی هێگێل، کە بەرهەمی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم و قۆناخی بێ دەوڵەت بوونی ئاڵمان بوو، ”ماڕکس“ بەرهەمی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە و قۆناخی گەشەکردنی کاپیتالیسم لە ئاڵمان و ئەورووپا دا بوو. جا بەو پێیە، بە پێچەوانەی مامۆستاکەی، کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئاڵمانی بە ئەرکی هەر ئاڵمانییەکی پێشکەوتووخواز دەبینی، بە باوەڕی ماڕکس دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی ئەورووپا ببوون بە ئامرازی چینی کاپیتالیست بۆ چەوساندنەوەی کرێکارانی کارگە، واتە چینی پڕۆلێتاریا. بەڵام بە پێی ئەوەی کە

---

[3] ادبیات موجود

[4] سیستم

[5] مجبور

[6] Universalists

[7] برجسته

کورد خۆی باش نەناسیوە و، ئێستاشی پێوە بێت، گرینگی بەو ڕاستییە نەداوە کە کوردستان، بە پێی ئەوەی کە داگیرکراوێکی نێونەتەوەییە، کارگەی نییە وەکوو ''زنجیرە''، هەتا کاپیتالیست و پرۆلێتری هەبێت وەکوو ''چین''. لەوانەیە لە هەندێک شوێنی تایبەت دا داگیرکەرانی کوردستان تەک و تووک کارگەیان دروست کردبێت، کە ئەویش ئامانجی تایبەتی خۆیانی لە پشت بووە، بەڵام وەکوو زنجیرە کوردستان خاوەن کارگە نییە، هەتا چینی خاوەن کارگە و کرێکاری کارگەی هەبێت. ئەگەر ئەو دوو چینەت نەبوو، ئەدی بەچی شەڕ دەکەی و لە دژێ کێ؟ کۆمەڵگای تۆ یەکێک لە هەژارترین کۆمەڵگاکانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستە کە بە گشتی لە چینی جووتیار و بازاڕی پێکهاتووە و، بە پێچەوانەی ئەو گەلە ژێردەستانەی کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ڕزگار کرد، لە لایەن چوار-پێنج دەوڵەتەوە داگیرکراوە. ئەگەر گرینگی بەو دۆخە دەگمەنە نەدەی و، هەست بە قورسی شەڕی چوار دەوڵەتی هەرێمی نەکەی، ئەدی چۆن دەتوانی بیر لە چارەسەری کۆتایی بکەیەوە؟

یەکێک لەو فێرگە هزریانەی کە لەم ساڵانەی دوایی دا ڕووی لە کوردستان کردووە، کە ئەویش ڕەنگی ئەو دۆخەی پێوەیە کە تێیدا سەری هەڵداوە، ئاناڕشیسمە. ئەم فێرگەیە لە سەر چەمکی دەوڵەت هەندێک ئاڵۆزی تیۆریکی دروست کردووە کە پێویستیان بە شیکردنەوەیە. جا بەم هۆیە، لە بەشی ٥ دا دەپەرژێینە سەر ئەم بابەتە. هەر وەک باسی دەکەین، سەرەڕای زیادبوونی هەژماری دەوڵەتەکان لە دوو سەدەی ڕابردوو دا، ئاناڕشیستەکان پێداگریان لەسەر "تیۆری کۆتایی دەوڵەت" کردووە. ئەو پرسیارانەی کە لەم بەشەدا دەیان ورووژێنین ئەمانەن: ئاخۆ دەوڵەت چییە و چۆن سەری هەڵداوە؟ ئەگەر کاتی دەوڵەت بەسەرچووە، ئەدی بۆچی دەوڵەتی نوێ دروست دەبن؟ بۆچی یەکەمین دەوڵەت لە "باشووری ناوچۆمان" سەری هەڵدا، بەڵام ئێستاشی پێوە بێت، کۆمەڵگای "ئیسکیمۆ" لە جەمسەرەکانی زەوی کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەتە؟ ئەگەر ئیسکیمۆکان دەتوانن لە دەرەوەی دەوڵەت خۆیان بەڕێوە ببەن، ئەدی بۆچی کۆمەڵگاکانی دیکە نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن؟ هەر وەک لە دەستپێکی ئەم بەشەدا شیدەکەینەوە، ئەو مێتۆدانەی کە هەتا ئێستا دەوڵەتیان پێ ڕاڤە کراوە، سەرنجی شرۆڤەکانیان یا لەسەر تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت بووە وەکوو باش و خراپ، یا لەسەر کاردا[8] و بەرهەمەکانی دەوڵەت وەکوو دابینکردنی پاراستن. بەڵام بە پێچەوانە، تیشکی شرۆڤەکانی ئێمە لەم بەشەدا لەسەر "خودی" دەوڵەت دەبێت وەکوو "پێکهاتە"، وەکوو "داڕشتە" و وەکوو "ڕێکخراوە". هەر وەک نیشانی دەدەین، یەکێک لە بەسوودترین تایبەتمەندییەکانی ئەم مێتۆدە ئەوەیە کە وڵامی ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە کە لەسەر چەمکی دەوڵەت دروست بوون.

لە بەشی ٦ دا، دەچینە سەر چارەسەی و ئەو هەنگاوانە دەستنیشان دەکەین کە بزاڤی کورد دەتوانێت لەبەر چاویان بگرێت بۆ نزیک کردنەوەی ئازادی. هەر وەک شیدەکەینەوە، لە یەکەمین هەنگاو دا، پێویستە کورد بە باشی خۆی بناسێت. خۆناسین بە واتەی زانینی نێو و هەڵکەوتەی جوگرافیایی نییە. ئەگەر شارەزاییت بە سەر هزر، مێژوو و ئاستی هێزی خۆت دا نەبێت، ناتوانی بڵێی خۆم دەناسم. لە دووهەمین هەنگاو دا، پێویستە کورد بزانێت دژمنی ئەو کێیە و لەو سێ بوارە دا بە باشی بیناسێت. هەندێک پێشنیاری دیکە کە لەم بەشە دا گەڵاڵەیان دەکەین بریتین لە خۆ بەهێز کردن لە بوارەکانی زانستی، ئابووری، سەربازی و، پێشخستنی خەباتی دیپلۆماسی و هەڤاڵبەندی نێونەتەوەیی.

---

[8] Function

# ١. دۆخی دەگمەن چییە؟

دۆخ بە دوو کەرتی جیاواز دا دابەش دەکرێت کە بریتین لە دۆخی ئاسایی و، دۆخی نائاسایی، یا دۆخی دەگمەن. بەڵام، دۆخی دەگمەن چییە و بۆچی دەگمەنە؟ تایبەتمەندییەکانی دۆخی دەگمەن چین و جیاوازییەکانی لەگەڵ دۆخی ئاسایی دا کامانەن؟ ئەدی ئەوەی کە دۆخێک لە ئاسییەوە بەرەو دەگمەنبوون دەبات چییە؟ لەم بەشە دا، هەوڵ دەدەین بپەرژێینە سەر ئەم مژارانە. هەر وەك ڕوونی دەکەینەوە، دۆخی دەگمەن بەو دۆخە دەڵێن کە تێیدا سنووری نێوان دووانەکان ڕووخاوە و واتای خۆی لەدەست داوە. لە ئاکام دا، دووانەکان تێکەڵ بەیەک دەبن و، هەڵاواردنیان بۆ مرۆڤ ئاستەم دەبێت. بۆ وێنە، لە دۆخی دەگمەن دا پەرژینی نێوان سەرما و گەرما ڕووخاوە و، ئەو دوو کەرتە تێکەڵ بەیەک بوون. هەر بەو چەشنە، ڕووخانی سنووری نێوان ژیان و مردن بوار بۆ تێکەڵبوونی ئەو دوو کەرتە دەڕەخسێنێت و، هەڵاواردنیان بۆ مرۆڤی نێو دۆخی ئاسایی ئاستەم دەکات. ئەوەی کە ئەم سنوورانە دەڕووخێنێت نائاسایی بوونی دۆخەکەیە. بۆ وێنە، هۆکاری ڕووخانی سنووری نێوان سەرما و گەرما نەخۆشیی هەڵامەتە و، ڕووخێنەری پەرژینی نێوان ژیان و مردنیش نەخۆشییەکانی لە چەشنی خەمۆکی قووڵە.

هەروەک بە نێوەکەی دا دیارە، دۆخی ئاسایی بەو شوێنە دەڵێن کە تێیدا شتەکان بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی سەر هەڵدەدەن، چەکەرە دەکەن و، پرۆسەی پێگەیشتنیان تەواو دەکەن. یەکێک لەو جومگانەی کە لە میانەی ئەو پرۆسەیە دا دروست دەبێت سنووری نێوان دووانەکانە؛ سنووری نێوان ئێمە و ئێوە، زانین و نەزانین، باش و خراپ، ئاکار و بێئاکاری و، زاگۆن و بێزاگۆنی. پاوەجێبوونی[9] ئەو سنوورانەش، بەو پێیە، ڕێگا بە تێکەڵبوونی ئەو دوو کەرتە نادات. بۆ وێنە، ئێمە نابێتە ئێوە، زانین تێکەڵ بە نەزانین نابێت، باش و خراپ جیاواز دەمێننەوە، ئاکار شوێنی بێئاکاری ناگرێت و، زاگۆن ئاوێرتەی بێزاگۆنی و پاشاگەردانی نابێت.

تێکەڵ نەبوونی ئەو دوو کەرتە، لە ئاکام دا، دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوانە و نۆڕمەکان. بە پێی پێوانەکانیش، هەندێک لە شتەکان بوونیان هەیە و هەندێکی تر نییانە، هەندێک لە شتەکان هی ئێمەن و هەندێکی دیکە هی کەسانی دیکەن، بڕێک لە کردەوەکان زانایانە و بڕێکی تر نازانایانەن، هەندێک لە دیاردەکان باش و هەندێکی دیکە نەباشن، بەشێک لە کارەکان ئاکاری و بەشێکی تریان بێئاکارین. لە بەردەوامی بەکارهێنانی پێوانەکان و گەشەکردنیان لە نێو کۆمەڵگا دا، داب و نەریت سەر هەڵدەدات و،

[9] ثابت

پێشێلکەرانی لە لایەن کۆمەڵگاوە سزا دەدرێن. پاش ئەوەی کە کۆمەڵگا گەورەبووەوە و دەوڵەت سەریهەڵدا، لەسەر بنەمای نەریت و ڕێساکانی کۆمەڵگا، زاگۆن دادەمەزرێنێت و، پێشێلکەرانی زاگۆن سزا دەدات. بە وتەیەکی دیکە، دەتوانین بڵێین لە دۆخی ئاسایی دا شتەکان هەموو لە جێگە و پێگەی خۆیان دان، جیاوازییەکانییان پارێزراوە و، تێکەڵ بەیەک نابن.

بەڵام بە پێچەوانەی دۆخی ئاسایی، لە دۆخی دەگمەن دا، لە نێوان دووانەکان سنوورێک بوونی نییە. ئەگەر بوونیشی هەبێت، ناوەڕۆک و واتای خۆی لە دەست داوە. هۆی ئەوەش بۆ ماکی نائاسایی و دەگمەنبوونی دۆخەکە دەگەڕێتەوە. بۆ وێنە، بڕواننە ئەو شارەی کە تووشی بۆمەلەرزە بووە، باری ئاسایی تێپەڕاندووە و، دەربازی دۆخی دەگمەن بووە. شیانی هەیە هیچ یەک لە پێوانە و ڕێساکانی دۆخی ئاسایی کاروباری ئەو باژاڕەیان پێ بەڕێوە نەچێت. بۆ وێنە، بە پێچەوانەی دۆخی ئاسایی کە تێیدا مرۆڤەکان دەبێت لە کاتێکی دیاریکراو دا لەسەر کار بن، وەها چاوەڕوانییەک لە دانیشتوانی ئەو شارە ناکرێت. هەروەها، ئەگەر هاوشارییەک لە کاتی بۆمەلەرزەکە دا لە حەمام دا بوو‌بێت و لە هەوڵی خۆ دەرباز کردن دا بەرەو پارکی شار ڕای کردبێت، لە وانەیە کەس لۆمەی پۆشتە نەبوونی نەکات. هەر بەو چەشنە، ئەگەر لێخوڕی خۆگەڕێک چرای سووری تێپەڕاندبێت، یا سنووری خێرایی دیاریکراوی بڕیبێت، کەس سزای نەدات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو پێوانە و ڕێسایانە لە دۆخی ئاسایی دا داڕێژاون و، هەر لە دۆخی ئاساییش دا کاریان پێ دەکرێت، نەک لە دۆخی دەگمەن دا و بۆ دۆخی دەگمەن.

ئەگەر چاوێک لە مێژوو بکەین، دەبینین کە لە هەندێک دۆخی نائاسایی دا، وەک سەرهەڵدانی جەماوەری، دەوڵەت زاگۆنی هەڵپەساردووە و، بە مەیلی خۆی هەڵسووکەوتی لەگەڵ نەیارانی دا کردووە. ئەو یەکەش بووتە هۆی ئەوەی کە ئەو تێۆریسییەنانەی کە لەسەر دۆخی دەگمەن کاریان کردووە، "کارڵ شمیت" و "جۆرجۆ ئاگامبین"، بەرفراوانی دۆخی دەگمەن نەبینین و، تیشک بخەنەوە سەر یەک ڕەهەندی دەگمەنبوون، کە ئەویش نەبوونی زاگۆن یا هەڵپەساردنێتی لە لایەن دەسەڵاتەوە. یەکەمین دەوڵەتی مۆدێرن کە زاگۆنی وڵاتی هەڵپەسارد دەوڵەتی فەرانسە بوو. لە میانەی پشێوییەکانی شۆڕش لە ساڵی ١٧٨٩ دا، بە ئامانجی ئەوەی کە هیچ بەستێنێکی[10] زاگۆنی نەبێت کە لەسەر بنەمای ئەو، سەرهەڵداوان و دژبەرانی شۆڕش خۆیانی پێ بپارێزن، دەوڵەتی فەرانسە زاگۆنی بنگەیی هەڵپەسارد.[11] ئەو ئەزموونەش باڵی بەسەر فەلسەفەی شمیت و ئاگامبین دا کێشاوە.

بە گوێرەی ئەم دوو تێۆریسییەنە، دۆخی دەگمەن بەو کاتە دەڵێن، کە بە پێی ئەوەی کە دەوڵەت زاگۆنی هەڵپەساردووە، شتێک بە نێوی زاگۆن بوونی نەماوە، هەتا کاری پێ بکرێت. لەگەڵ ئەوەش دا، شمیت دۆخی دەگمەن لە دۆخی ئاوارتە هەڵدەوێرێت و بە دوو پانتایی جیاوازیان دەزانێت. بە باوەڕی ئەو، هەر دۆخێکی بانئاسایی[12] یان هەر کردەیەکی ئاوارتەی[13] پۆلیس و باڵەکانی تری دەسەڵات بە واتەی دەگمەنبوون نییە. دەگمەن، بۆ شمیت، "تەنیا ئەو کاتە مایەی تێگەیشتنە کە گرێدراوی چەمکێکی گشتی لە تێۆری دەوڵەت بێت".[14] لەو چوارچێوەیە دا، شمیت دەڵێت:

---

[10] زمینە

[11] Agamben, Giorgio. *State of Exception* (Chicago: The University of Chicago Press, 2005) p 11.

[12] Extraordinary. فوق العاده

[13] Emergency. اظطراری

[14] Schmitt, Carl. *Political Theology* (Chicago: The University of Chicago Press, 2005), p 5.

ئەو شتەی کە تایبەتمەندی دەبەخشێتە دەگمەن تەنیا هێزێکی بێسنوورە، کە بە واتای هەڵپەساردنی تەواوی تەکووزی[15] هەییە. لەو بەستێنە دا، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە دەوڵەت دەمێنێتەوە، بەڵام زاگۆن پاشەکشێ دەکات. بە پێی ئەوەی کە دەگمەن جیاوازە لە ئانارشی و پاشاگەردانی، تەکووز لە ڕوانگەی زاگۆنەوانییەوە دەمێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە جۆری ئاسایی نابێت... بڕیارەکان خۆیان لە هەموو چەشنە گرێیەکی پێوانەیی[16] ئازاد دەکەن و بە ڕاستی دەبن بە ڕەها و بێبڕانەوە. لە کاتی دەگمەن دا، لە چوارچێوەی مافی پاراستن دا، دەوڵەت زاگۆن هەڵدەپەسێرێت... بە پێچەوانەی دۆخی ئاسایی کە ساتەوەختی ئازادی بڕیارەکان تا کەمترین ئاستی خۆیان دادەبەزن، لە دۆخی دەگمەن دا پێوانەکان لە نێو دەگمەن دا دەتوێنەوە.[17]

شمیت کەسانی وەکوو "هیتلێر"ی بە ڕێبەری لێهاتوو و ژێهاتی دەزانی، چونکە، بە باوەڕی ئەو، کەسانی وەکوو هیتلێر توانایی بڕیاردانیان لە دۆخی دەگمەن دا هەیە؛ توانایی ئەوەیان هەیە کە شتی ئاسایی لە هی نائاسایی و دەگمەن هەڵوێرن.

فیلەسووفی ئیتالیایی، جۆرجۆ ئاگامبین، شتێکی تایبەتی بە تێۆری شمیت زیاد نەکردووە و، لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەو دا، دەگمەنبوون بۆ نەبوونی زاگۆن دادەبەزێنێت. ئەوەی کە ئاگامبین دەیکات، بەکارهێنانی دۆخی دەگمەنی شمێتە بۆ خوێندنەوەی دووڕگەی "گوانتانامۆ بەی" لە "کووبا". ئاگامبین ئەو دووڕگەیە وەکوو مینایەک[18] دێنێتەوە بۆ دۆخی دەگمەن کە، بە پێی ئەوەی کە دەکەوێتە دەرەوەی زاگۆنی بنگەیی ئامریکا، ڕایەدارانی ئەو وڵاتە بە مەیلی خۆیان هەڵسووکەوت لەگەڵ گیراوانی ئەفغانی دەکەن.[19] ئاگامبین دەڵێت؛ ئەو، دۆخی دەگمەن وەکوو چەمکێکی تێکنیکی بەکار دێنێت بۆ پێناسە کردنی هەندێک دیاردەی زاگۆنی. جا بۆیە، دۆخی دەگمەن وەکوو "بڕیاری ئاوارتە"[20] یا "باری گەمارۆدراو"[21] دەچوێنێت. لەو چوارچێوەیە دا دەبێژێت، دۆخی دەگمەن شێوازێک لە زاگۆنی تایبەت نییە وەکوو زاگۆنی شەڕ؛ بەڵکوو، بە پێی ئەوەی کە خودی دۆخەکە زاگۆن و تەکووزی زاگۆنەوانی هەڵدەوشێنێت، هەر بۆخۆشی ئاست و چوارچێوەی زاگۆن دیاری دەکات. واتە دۆخی دەگمەن ئەو دۆخەیە کە تێیدا زاگۆن واتایی خۆی لەدەست دەدات.[22]

بەڵام ئەو دۆخە دەگمەنی کە ئێمە لەم پەرتووکە دا گەڵاڵەی دەکەین بە هەڵوەشاندنەوەی زاگۆن و تەکووزی زاگۆنەوانی سنووردار نابێت، هەرچەند نەبوونی زاگۆن یا بێواتا بوونی زاگۆن دەتوانێت تەنیا یەک ڕەهەندی بێت. ئەڵبەت لێرەشدا، بێواتا بوونی زاگۆن پێوەندەی بە دەوڵەتەوە نییە، بەڵکوو ئاکامی ڕووخانی سنووری نێوان زاگۆن و بێزاگۆنییە. بۆ وێنە، سەرەڕای ئەوەی کە لەبەر چاو گرتنی "چرای سوور" زاگۆنێکە کە دەوڵەت بۆ خۆگەڕی نێو ڕێگاکان دایناوە، ئەو یەکە لە شاری بۆمەلەرزە لێدراو دا کاری پێ ناکرێت و، شکاندنیشی تەنانەت هەڵگری سزا نییە. چونکە لەو شارە دا جیاوازییەک لە نێوان چرای سوور و سەوز دا بوونی نەماوە. بەڵام ئەوەی کە جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەنگە دەسڕێتەوە، بڕیاری دەوڵەت نییە. لەوانەیە هیچ یەک لە جومگەکانی دەوڵەت لەو کاتەدا لەو شوێنە نەبن هەتا بڕیار بۆ

---

[15] Order.ترتیب

[16] Normative

[17] Ibid, p. 12.

[18] نمونە

[19] Agamben, p 3.

[20] Emergency decrees

[21] State of siege

[22] Agamben, p. 4-6.

لێخوڕی ئەو خۆگەڕانە دەرکەن. هۆکاری سڕینەوەی ئەو جیاوازییە نەمانی سنووری نێوانیانە، کە ئەویش بۆ نائاسایی بوونی دۆخەکە دەگەڕێتەوە.

بۆ ڕوونبوونەوەی باسەکە با سەیری ئەو گوندە بکەین کە بەدرێژایی تەمەنی دەوڵەتی نەبینیوە. پاش ئەوەی کە لافاوێک لێی دەدات، دۆخی ئاسایی تێپەڕ دەکات و، دەربازی دۆخی دەگمەن دەبێت، دانیشتووانی ئەو گوندە لەوانەیە گوێڕایەڵی زۆربەی ئەو ڕێسایانە نەبن کە بۆخۆیان، لە دەرەوەی دەوڵەت، بۆ گوندەکەیان داڕشتووە. بۆ وێنە، بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژنەی کە شەپۆلی لافاو لە سووچی سەربانی مزگەوتی توند کردووە، پیاوێکی نێو دێ، دەشێ هەندێک لەو نەریتانە بشکێنێت کە لە کاتی ئاسایی دا بۆ هەڵسووکەت لەگەڵ ژنان دانراون. هۆکاری بێواتا بوونی ئەو ڕێسایانە ڕووخانی سنووری نێوان ڕێسا و بێ ڕێساییە، نەک هەڵوەشاندنەوەی ڕێسا لە لایەن دەسەڵاتەوە.

لە دۆخی دەگمەن دا، سنووری نێوان گەلێک لە دووانەکان بوونی خۆی لەدەست دەدات. یەکێک لەو دووانانەی کە سنووری نێوانیان نامێنێت، زانین و نەزانینە. بۆ نیشاندانی ئەمە، سەرنجتان بۆ سەر هێرشی جیهادییەکان ڕادەکێشم بۆ سەر "بورجە دووانەکانی“ ئامریکا.  ئەگەر ئەو ڕووداوە وەبیر بێنینەوە، دەبینین کە پێش داڕەمانی تەواوی بورجەکان، هەندێک لە کارمەندانی بورجەکان بە مەبەستی خۆ ڕزگارکردن، لە بەرکازەکانی[23] سەرەوە خۆیان هەڵدەدا. لە وانەیە هەندێک کەس بڵێن ئامانجی ئەم خۆهەڵدەرانە ڕزگاربوون بوو لە مردن، ئیدی بێئاگا لەوەی کە بەرەوپیری مردن دەڕۆن. لەوانەیە هەندێک کەسی دیکە بڵێن نا، ئەو مرۆڤانە دەیانزانی کە بەرەوپیری مردن دەڕۆن و، ئامانجیان لە خۆهەڵدان نزیک کردنەوەی مردن بوو. بەڵام لە ڕاستی دا، ئەو مروڤانە لە دۆخی ئاسایی دا نەبوون، هەتا بتوانن بە شێوازێکی ئاسایی لێکدانەوە و بەڵگاندن[24] بکەن. ئەوان لە دۆخێک دا بوون کە هیچ سنوورێک لە نێوان زانین و نەزانین دا بوونی نەمابوو؛ بە کوێ دا هەڵێن و چۆن خۆ دەرباز بکەن، گرێدراوی هەبوونی جیاوازیی نێوان زانین و نەزانینە. بەڵام کاتێک کە سنووری نێوان ئەو دوو کەرتە دەڕووخێت و هەردووکیان تێکەڵ بەیەک دەبن، داوەری کردن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسانە "دیانزانی" کە خۆهەڵدان بەرەوە ژیانیان دەبات یا مردن، داوەری کردنێکی دروست نییە.

بۆ ڕوونبوونەوەی باشتری چۆنییەتی تێکەڵبوونی دووانەکان، لە دۆخی دەگمەن دا، سەرنجتان بۆ سەر دیاردەیەکی دیکە ڕادەکێشم، کە بە پێچەوانەی ئەو نمۆجەی[25] سەرێ، زۆربەمان ئەزموونمان کردووە. ئەو مرۆڤانەی کە تووشی نەخۆشی "پەتا و نۆبەتێ" یا "هەڵامەت" بوون، ڕاستەوخۆ دۆخی دەگمەنیان ئەزموون کردووە و، هەستیان بە تێکەڵبوونی کەرتی گەرما و سەرما کردووە. ئەو مرۆڤەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێت، هەر لەو کاتەی کە لە سەرما دا لەشی دەلەرزێت، هەموو گیانی ئارەقە دەکات. بە پێچەوانەی دۆخی ئاسایی کە تێیدا ئارەقەی مرۆڤ گەرمە، لەو دۆخە دا ئارەقەی سارد لە لەشی مرۆڤ هەڵدەچۆڕێت. هەر ئەو کاتەی کە لە سەرما دا لەشی دەلەرزێت، نەخۆشەکە گەرماشێتی. هەندێک جار هەست بە سەرما دەکات و هەندێکی دیکە هەست بە گەرما. سەرما و گەرما وا تێکەڵ بەیەک بوون کە نە دەتوانێ بڵێ سەرمامە و نە دەتوانێ بڵێ گەرما. چونکە پاش تووشبوون بەو نەخۆشییە، ئەو مرۆڤە دۆخی ئاسایی تێپەڕ کردووە و پێی ناوەتە نێو دەگمەنەوە، کە تێیدا سنووری نێوان دووانەکان ڕووخاوە. ئەوەی کە بووتە هۆی ڕووخانی ئەو سنوورەش، نەخۆشیی سەرمایە.

لەو ساڵانەی ڕابردوو دا هەژماری ئەو ژنانەی کە لەشی خۆیان دەسووتێنن و کۆتایی بە ژیانیان دێنین، بە شێوازێکی لەبەرچاو زیادی کردووە. لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە لە دۆخی ئەو ژنانە

---

[23] پنجرە

[24] Argument

[25] نمونە

تێنەگەیشتوون، ئەو کردەیە ''خۆکوشتنە''. بەڵام لە ڕوانگەی ئەو ژنانەی کە ئەو کارە دەکەن شتەکە زۆر جیاوازە. ئەوان نە تەنیا ئەو کارە بە خۆکوشتن نازانن، بەڵکوو بە ڕزگاربوونی دەبینن لە دەستی ئەو مردنەی کە ڕۆژانە بە دەستییەوە دەناڵێنن. لە ڕاستی دا، ئەو ژنانە و هەموو ئەو مرۆڤانەی کە پەنا بۆ "خۆکوشتن" دەبەن، لە دۆخێک دا دەژین کە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوان کەرتی ژیان و مردن دا بوونی نەماوە. لەو دۆخە دا هەر دوو کەرتی ژیان و مردن تێکەڵ بەیەک بوون و جیاوازییەکانیان لە دەست داوە. ئەو دۆخەی کە تێیدا دەژین ناوی ژیانە، بەڵام هیچ ڕەنگێکی زیندووبوونی پێوە نییە؛ پەچک و فۆڕمی ژیانی هەیە، بەڵام لە ناوەڕۆک دا زیاتر لە مردن دەچێت؛ پێ دەڵێن ژیان و چاوەڕێی ژینی لێ دەکەن، بەڵام هەر ساتەوەختێکی بە مردنێک دێتە هەژمار.

**کۆتایی**

دۆخی دگمەن بەو دۆخە دەڵێن کە تێیدا سنووری نێوان دووانەکان هەبوون یا واتای خۆی لە دەست داوە. هۆکاری ڕووخانی ئەو سنوورە، نائاسایی بوونە دۆخەکەیە، نەک دەستێوەردانی دەرەکی. سەرەڕای ئەوەی کە دەستێوەردانی دەرکی دەتوانێ دۆخی ئاسایی بەرەو نائاسایی بوون بەرێت و، بەو چەشنە *ناڕاستەوخۆ* سنووری نێوان دووانەکان بسڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە *ڕاستەوخۆ* سنوورەکان دەڕووخێنێت نائاسایی بوونی دۆخەکەیە. بۆ وێنە، هۆکاری ڕووخانی پەرژینی نێوان سەرما و گەرما لە مرۆڤی سەرما لێدراو دا نەخۆشیی سەرمایە، نەک دەستێوەردانی دەرەکی. بەڵام لێرەدا، لە بری ئەوەی کە مرۆڤ بۆخۆی ڕاستەوخۆ تووشی نەخۆشی بووبێت، دەستێوەردانی دەرەکی دەتوانێت، بە مەبەستی نەخۆشخستن، ئەو مرۆڤە وەبەر سەرما بدات و، ناڕاستەوخۆ تووشی هەڵامەتی بکات. پتر لەوەش، هەر وەک شیمان کردەوە، دۆخی دەگمەن لەوە بەرفرەترە کە تەنیا بە نەبوون یا هەڵپەسێراوی زاگۆن سنووردار بێت، هەرچەند بێواتا بوونی زاگۆن، تەنیا یەک ڕەهەندی پێکدێنێت. ئەڵبەت لێرەشدا، بێواتە بوونی زاگۆن ئاکامی ڕووخانی سنووری نێوان کەرتی ڕەواپێدراوی و ڕەواپێنەدراوییە، هەتا بەرهەمی هەرلێپەساردنی زاگۆن بێت لە لایەن دەسەڵاتەوە. لافاوێکی سروشتی، بۆ وێنە، دەتوانێ ئەو گوندەی کە هیچ کات دەوڵەت و زاگۆنی نەبینیوە ئاراستەی دۆخی دەگمەن بکات و، سنووری نێوان گەلێک لەو دووانانە بسڕێتەوە کە پێکهێنەر و واتادەری پێوانە و ڕیساکانی دانیشتوانی ئەو گوندەن.

# ٢. دەگمەنبوونی دۆزی کورد

هەر لە هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان بگرە هەتا دابەشکردنی بە سەر چوار-پێنج دەوڵەتی داگیرکەر و، هەر لە هەڵسووکەوتی داگیرکەرانی کوردستان بگرە هەتا نزیکبوونەوەی وڵاتانی ڕۆژاوایی، دۆزی کورد دۆزێکی دەگمەنە هەتا دانەیەکی ئاسایی. هەڵکەوتنی کوردستان لە نێوان شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دا نە تەنیا کردی بە ڕێڕەوێک بۆ هاتووچۆی نێوان ئەو دووانە، بەڵکوو بە شەڕگەی زلهێزانی سەردەم. لە هەموو هێرەشەکانیان بۆ سەر دونیای ڕۆژهەڵات، سوپاکانی ڕۆم و یونانی کەونارا بە کوردستان دا تێپەڕین. هەر بەو چەشنە، بۆ هێرش کردنە سەر ڕۆژاوا، "چەنگیز خان" و" تەیموورە شەل" لە پێشدا کوردستانیان کاول کرد و پێیدا تێپەڕین. پاش دامەزرانی ئیمپڕاتووری عوسمانی، کوردستان ئەو جار بوو بە شەڕگەی سوپاکانی تورک و ئێران؛ ئەو دوو زلهێزە شەڕانگێزەی کە پاش شەڕی "چاڵدێران" کوردستانیان لە نێو خۆیان دا دابەش کرد. پاش ڕووخانی ئیمپڕاتووری عوسمانی، کوردستان ئەو جار بە سەر چوار-پێنج دەوڵەتی سەرەڕۆ دا دابەش بوو.

لەم بەشەدا، هەوڵ دەدەین چاوێکی کورت بخشێنین بە سەر مێژووی کوردستان دا و، دۆزی کورد لەگەڵ هی ئەو گەلە ژێردەستانە دا بەراوەرد بکەین کە توانیان لە سەدی بیستەم دا خۆیان ڕزگار بکەن. بە پێی ئەوەی کە بریتانیا و فەڕانسە مێژوویەکی تایبەتییان هەیە لە داگیرکەری، بەرخۆدانی گەلانیش لە دژی ئەو دووە تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەو هۆیەی کە ناتوانین دۆزی هەموو گەلانی ژێردەستیان ڕاڤە بکەین، لە هەر یەک لەو دووە چاو لە پرسی دوو نەتەوە دەکەین و، لەگەڵ دۆزی کورد بەراوەردیان دەکەین. هەر وەک نیشانی دەدەین، هیچ یەک لەو وڵاتانە، بە پێچەوانەی کوردستان، نەکەوتنە سەر چەقی ڕێگای نێوان شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا. کاتێک کە دەگاتە قۆناخی داگیرکراوی، هیچ یەک لەو وڵاتانە نەبوون بە ژێردەستی دوو زلهێزی سەردەم؛ دوو زلهێزی شەڕانگێز کە هەر کامیان نوێنەرایەتی باڵێک لە ئایینێک بکات و، نیشتمانی ئەوان بکەن بە شەڕگەی سوپاکانیان. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک لەو وڵاتانە بە دوو بەشی باکوور و باشووردا دابەش بوون، بەڵام هیچیان بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی ناوەنداژۆ[26] دا دابەش نەبوون. ئەگەر هەڵسووکەوتی داگیرکەرانیان و دونیای دەرێ لەتەک ئەو وڵاتانە بەراوەرد بکەین لەگەڵ هەڵسووکەوتی داگیرکەرانی کوردستان و دونیای دەرێ لەتەک کورد، دووفاقییەکی گەورە بەدی دەکەین. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە دۆزی ئەو گەلانە ئاسایی بوو، بەڵام، هەر وەک لە کۆتایی ئەم بەشەدا بۆمان دەردەکەوێت، دۆزی کورد دۆزێکی دەگمەنە، نەک دانەیەکی نائاسایی.

---

[26] Centralist

**پێگەی جوگرافییای کوردستان**

ئەگەر بڕوانینە شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان، دەبینین کە لە نێوان شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا هەڵکەوتووە. ئەمەش کوردستانی کرد بە ڕێڕەوێک بۆ هاتووچۆی نێوان ئەو دوو شارستانییە و گۆڕەپانی شەڕی زلهێزانی سەردەم. پاش ئەوەی کە پارسەکان ئیمپڕاتووری مادیان ڕووخاند، ئیمپڕاتوورییەکی مەزنیان دامەزراند. بەڵام بە پێچەوانەی مادەکان، کە بە هەرێمەکانی خۆیان بەسەندەیان دەکرد، پارسەکان بەردەوام هەوڵی گەورە کردنەوەی ناوچەکانی ژێر ڕکێفی خۆیان دەدا. لێرە بەملاوە قۆناخێک لە مێژوو دەستی پێکرد کە هەتا ئێستاش بەردەوامە: دووبەش بوونی دونیا بەسەر بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا. لە بەرەی ڕۆژهەڵات دا پارسەکان جێیان گرت و، لە بەرەی ڕۆژئاواش دا یونان، مەقدوونی و، پاشان ڕۆمەکان و هتد. لە هەموو هێرشەکانیان بۆ دونیای ڕۆژاوا دا، پارسەکان نەتەنیا لە هێزی سەربازە مادەکان کەڵکیان وەرگرت، بەڵکوو نیشتمانەکەشیان کرد بە ڕێڕەوی هاتووچۆ و گۆڕەپانی شەڕ. زلهێزانی ڕۆژاواش، هەر بەو چەشنە، لە هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵات دا بە کوردستان دا تێپەڕین و، هەندێک لە شەڕەکانیان لە کوردستان کرد. چەند دانە لەو شەڕانەی کە لە کوردستان دا کران و لەوانەی دیکە زیاتر باسیان کراوە ئەمانەن: شەڕی "ئیسووس" لە نێوان "ئەسکەندەری مەقدوونی" و "داریوشی سێهەم"، شەڕی "گاگەمێلا" هەر لە نێوان ئەسکەندەر و داریوشی سێهەم و، شەڕی "هەڕان" لە نێوان "ڕۆستەم" و "مارکۆس کراسۆس".

لە ساڵی ٣٣٣ پێش زایین دا، یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی سوپاکانی ئەسکەندەر و داریوشی سێهەم لە یەکێک لە دەشتەکانی شاری ئیسووس، هەڵکەوتوو لە نزیک "کەنداوی ئەسکەندەروون"، ڕووی دا. لەو شەڕە دا، بە گوێرەی ئامارەکانی "ویل دۆرانت"، سوپای ئێران ٦٠٠ هەزار سەربازی پێ بووە.[27] سەرەڕای ئەمە، داریوش دەشکێت و پێمل[28] بە هەڵاتن دەبێت. ئەسکەندەر بەو سەرکەوتنە ڕانەوەستا و بە ئامانجی داگیرکردنی دونیا، بەرەو ڕۆژهەڵات وەڕێ کەوت. بە هیوای بەربەست کردنی ئەسکەندەر، داریوشی سێهەم سوپایەکی ٥٠٠ هەزار کەسی، بە گوێرەی ئامارەکانی ویل دۆرانت، کۆدەکاتەوە و لە ساڵی ٣٣١ پێش زایین دا، لە دەشتی هەولێر، لە شوێنێک بە نێوی گاگەمێلا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.[29] بەڵام لەو شەڕەش دا، سوپای ئێران کۆڵێکی دیکە دەدات و، زۆربەی سەربازانی بە کوشت دەچن.

شەڕی هەڕان لە شەڕەکانی پێش خۆی سەرنج ڕاکێشترە. چونکە لەو شەڕە دا، ژێنڕاڵێکی ماد بە ناوی "ڕۆستەم" ، کە لە سەرچاوە ئینگلیسییەکان دا بە Suren ناو براوە، ڕووبەڕووی سوپای ڕۆم دەبێتەوە. پاش تێکشانی شەڕی کۆیلەکان لە ڕۆمی کەونارا دا، "مارکۆس کراسۆس"، یەکێک لە بەناوبانگترین ژێنڕاڵەکانی ڕۆم، بە سوپایەکی ٤٠ هەزار کەسییەوە هێرش دەکاتە سەر ئێران، کە لە لایەن "ئەشکانی"یەکانەوە بەڕێوە دەچوو. ڕۆستەم، کە وەکوو ژێنڕاڵێکی گەڕناس و لێهاتووی ماد لە دەرباری ئەشکانییەکان دا کاری دەکرد، بە سوپایەکی ١٠ هەزار کەسییەوە لە ناوچەی هەڕان ڕووبەڕووی مارکۆس کراسۆس بووەوە. وەک "پلووتارک"، مێژوونووسی یونانی کەونارا، دەگێڕێتەوە؛ "ئەردی دووهەم" پادشای سێزدەمی ئەشکانییەکان، بە زانابوون ڕۆستەمی بۆ شەڕی سوپای ڕۆم نارد، چونکە ئەو شەڕە کارێکی زۆر مەترسیدار بووە.[30] بە تایبەت ئەوەی کە قەبارەی سوپای ڕۆم ٤ هێندەی

---

[27] Will, Durant. *The History of Civilization I: Our Oriental Heritage* (New York: Simon and Schuster, 1954) p. 383.

[28] مجبور

[29] Ibid, p. 384.

[30] Plutarch. *The Lives of the Noble Grecians and Romans* (Hertfordshire: Wordsworth, 1998) p. 357.

سوپای ڕۆستەم بووە و، پاش تێکشکاندنی شۆڕشی کۆیلەکان بە سەرۆکایەتی "سپارتاکۆس"، لە بواری ڕووحی و مۆڕاڵییەوە سەربازانی ڕۆم لە ئاستێکی بەرز دا بوون. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، سوپای ڕۆستەم ڕۆمەکان تێک دەشکێنێت و، ناهێڵێت یەک سەربازیشیان بە زیندوویی دەرچێت. پاش شەڕکە، ڕۆستەم سەری مارکۆس بە دیاری بۆ ئەردی دووهەم دەبات. ئەردی دووهەمیش، خۆی کە لە پێش دا کێشەی لەگەڵ ڕۆستەم دا بوو، بەو سەرکەوتنەی ئەوەندەی دیکە لێی بە قین دا دەکەوێت. لە هەمان کات دا، ترسی ئەوەی لێ دەنیشێت کە نەکا ڕۆستم خۆی لە تاج و تەختی پادشا خۆش کردبێت. جا بەو هۆیانە، لە پیلانگێڕییەکی نهێنی دا ڕۆستەم دەکووژێت.[31]

هەرەس هێنانی ئیمپڕاتووری پارس کە لە ساڵی ٦٣٣ی زایینەوە دەستی پێکرد، لەگەڵ خۆیدا سەردەمێکی ئارامی نەهێنا. بە پێچەوانە، ئەو سەردەمە هاوتەریبە لەگەڵ هێرشی عەرەب و سوپای ئیسلام بۆ کوردستان و موسوڵمان کردنی زۆرەملێیانەی کوردان. ئەوەش لە لایەکەوە ڕاپەڕینی کوردانی بە دواوە بووە و، لە لایەکی تریشەوە، زنجیرەیەک لە کۆمەڵکوژیی ئەو کوردانەی کە سووربوون لەسەر ناسنامەی خۆماڵی خۆیان.[32] یەکێک لەو کۆمەڵگا ڕەسەنانەی کە هەتا ئەوڕۆ ٧٣ جار لە پێناو پاراستنی ناسنامەی کوردی دا کۆمەڵکوژ کراوە کۆمەڵگای "یەزییدی"یە. لە سەر هێرشی عەرەب بۆ کوردستان شتگەلێکی زۆر نووسراوە، بەڵام هیچیان بە ڕادەی پارچە هەڵبەستێک، کە ئەو کات لەسەر پێستی مانگا نووسراوە و وەکوو بەڵگەیەکی مێژوویی ماوەتەوە، چۆنییەتی ئەو هێرشانەمان بۆ نانەخشێنێت:

هورموزگان ڕەمان، ئاتران کژان،
ویشیان شارەوە گەورەی گەورەکان.
شنۆ و کنیکان وەدیل بشینا،
مێرئازا ملی و ڕووی هڤینا.
ئەرەب زۆرکار کرنە خاپوور،
گەنای پاڵەی هەتا شارەزوور.
کیش زەرسترە مانەوە بیکەس،
بزیکا نیکا هورموز هیوچ کەس.

وەرگێڕاوی ئەو هەڵبەستە بە کوردی ئەڕۆ دەبێتە: ئاگرگەکانیان ڕووخاند و ئاگرەکانیشیان کووژاندەوە. گەورەی گەورەکان خۆیان شاردەوە. کچ و ژنەکانیان بە دیل گرت و برد. کەڵە پیاوەکانیش لە خوێنی خۆیان دا گەوزان. عەڕەبی زۆرکار هەموو شوێنێکی خاپوور کرد. شار و دێ هەتا شارەزوور. ئایینی زەردەشت بە بێکەسی ماوە. ئەهوورا مەزدا بەزەیی بە هیچ کەس دا نەهات.

---

[31] Ibid, p. 373-5; Axworthy, Michael. *Iran: Empire of the Mind, A History from Zoroaster to the Present Day* (London: Penguin Books, 2008) p. 37-8-9.

[32] بڕوانە کاردۆخ، م. *جنبشهای کرد: از دیرباز تا کنون*، جلد اول (ئووپسالا: ڤارێش، ١٩٩٣) لە لاپەڕەی ٥١ەوە هەتا ٧٢.

ئەگەر بە گوێرەی ئەو پارچە هەڵبەستە هێرشی عەرەب بۆ کوردستان لە مێشکی خۆمان دا بنەخشێنین، جیاوازییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەوە و هەڵسووکەوتی جیهادییەکانی "داعش" (دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق و شام) لەگەڵ کوردەکانی شەنگال و شارەکانی دیکەی کوردستان دا نابینین.

پاش عەرەبەکان، هەر لە سەدەی هەشتەمەوە هەتا یازدەم، کوردستان کەوتە بەر ڕەهێڵەی هێرشی خێڵەکانی "خەوارەزم" و "غووز".[33] نیوەی دووهەمی سەدەی یازدەم هاوتەریبە لەگەڵ یەکەمین هێرشی خێڵە تورکەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین. "سەلجووقی"یەکان یەکەمین خێڵی تورک بوون کە لە ساڵی ۱۰۷۱ دا هێرشیان بۆ کوردستان کرد و، ڕێگەیان بۆ "موغول"ەکانی دیکە خۆش کرد.[34] لە میانەی ئەو هێرشانە دا، تورکەکان زۆربەی شارە کوردەکانیان وێران کرد و، چاند و ناسنامە جیاوازەکانیان لە ناو برد.[35] یەکێک لە مێژوونووسان، "ماریا ئۆشی"، دەڵێت؛ لەو هێرشانە دا "تەنیا یەک کەسیش لە دانیشتوانی دیاربەکەر بە زیندوویی نەما و، ماردین و نوسەیبینیش هەر بەو شێوەیە خاپوور کران".[36] پتر لەوەش، کوردستان بوو بە ڕێڕەوێک کە ئەو خێڵانە پێیدا تێپەڕین و، لە ئاکام دا ئیمپڕاتووری "بیزانتین"یان ڕووخاند و ناوچەکەیان تورکاند.[37] یەکێک لە بێ بەزەییترین سەردارانی تورک "تەیمووره شەل" بوو کە چێژێکی تایبەتی لە مرۆڤ کوشتن وەرگرتووە. پاش داگیرکردنی کوردستان، تەیموور کوڕەکەی، "جەلال الدین میرانشا"، دەکات بە پادشای کوردستان کە لە خۆی باشتر نەبووە. پاش سەرهەڵدانی کوردەکان لە ساڵی ۱٤۰۱ دا، داگیرکەرانی تورک شارەکانی ئامەد، مێردین، توورئەبدین، هەسەنکێف، هەولێر، مووسڵ و، جزیرەیان لەگەڵ خاک دا یەکسان کرد.[38]

### دابەشبوونی کوردستان

پاش ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا جێگەی خۆیان قایم کرد و، بە بەکار هێنانی ئیسلام ئیمپڕاتووری عوسمانییان دامەزراند، تورکەکان ئەو جار کوردستانیان کرد بە شەڕگەی نێوان خۆیان و دەوڵەتی "سەفەوی" ئێران. یەکێک لە گەورەترین شەڕەکانی ئەو دوو زلهێزە شەڕی "چاڵدێران" بوو، کە لە ساڵی ۱٥۱٤ دا ڕووی دا و، ئاکامەکەی دابەشبوونی کوردستان بوو لە نێوانیان دا. پتر لەوەش، هەر وەک مێژوونووسێک، "جووەیدا وەیع"، پێمان دەڵێت؛ ئەو دوو زلهێزە نە تەنیا نیشتمانی کوردانیان کاول کرد، بەڵکوو کوردەکانیشیان خستە خزمەت و ڕاژەی خۆیانەوە.[39] مێژوونووسێکی دیکە، "ماریا ئۆشی"، چاکی بۆ چووە کاتێک کە دەڵێت؛ لە پاش ئەم دابەش کردنە، کوردستان نە تەنیا کەوتە نێوان ڕۆژهەڵات

---

[33] O’Shea, Maria. *Trapped Between the Map and Reality: Geography and Perceptions of Kurdistan* (New York: Routledge, 2004) p. 68.

[34] Beşikçi, Ismail. 2004, p. 26; Van De Mieroop, Marc. 2007, p. 10; Lazariv *et al*., 1999, p. 31-38-39; van Bruinessen, Martin. 1992, p. 136; Lewis, Bernard. 1994, p. 7-13-163; Koivunen, Kristiina. 2002, p. 131.

[35] O’Shea, p. 69; Kardox, p. 213-14-24-27; Lazariv et al., p. 39-41-42.

[36] O’Shea, p. 69.

[37] Izady, Mehrdad. *The Kurds; A Concise Handbook* (Washington: Taylor & Francis, 1992) p. 46.

[38] McDowall, David. *A Modern History of the Kurds* (London: I.B. Tauris, 1997) p. 24.

[39] Jwaideh, Wadie. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (New York: Syracuse University Press, 2006) p. 17.

و ڕۆژاوا، نێوان دونیای عەرەب و دونیای سامی، نێوان ئیمپڕاتووری عوسمانی و ئیمپڕاتووری سەفەوی، بەڵکوو کەوتنە نێوان دوو باڵی دژ بەیەکی ئیسلام: سوننی و شیعە. [40] ئەوەی کە لێرەدا جێی ئاماژە پێکردنە ئەو وتانەیە کە "سوڵتان سەلیم" لە میانەی ئاخافتنێک لەگەڵ دایکی دا لە مەڕ کوردان کوتوویەتی:

> من ئەوانم [کوردەکان] وەکوو قەڵایی شەڕ هەر لە گورجستان هەتا دەگاتە بەغدا بەڕیز کردووە... بە بێ تێپەڕین لەوان، دژمن ناتوانێت هیچ خەسارێک لە حکوومەتی ئیسلامی بدات.[41]

ئەو شیکاریانەی سەرێ دەگمەنبوونی پێگەی جوگرافیایی کوردستانم بۆ دەسەلمێنن. بەڵام دەگمەنبوون تەنیا پێگەی جوگرافیایی لە خۆ ناگرێت و، داگری دابەشبوونی کوردستانیشە. پاش دابەشکردنی بەرایی کوردستان لە ساڵی ١٥١٤ دا، ئیمپڕاتووری عوسمانی و دەوڵەتی سەفەویی، کە بەردەوام لە نێو خۆیان دا ناکۆک بوون، بە دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی، لە ساڵی ١٦١٣ دا، ئەو دابەش کردنەیان فەرمی کرد. هەتا دەستپێکی سەدەی بیستەم، کوردستان داگیرکراوی ئەو دوو زلهێزە ماوە، بەڵام پاش "پەیمانی لۆزان"، لە ساڵی ١٩٢٣ دا، بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی ماریس[42] و سەرەڕۆ دا دابەش بوو: تورکیە، ئێران، ئێراق، سووریە و ئازەربایجان. بەشی ئازەربایجان، کە بە "کوردستانی سوور" ناسراوە، زۆر بە دەگمەن باس دەکرێت و، بە تەواوی پشت گوێ خراوە. ئەگەر ئێمەش لێرەدا باسی نەکەین و، ڕاڤە کردنی بخەینە بەشی ٤، دیسانیش هەر دەتوانین بڵێین کە ئەو دابەشبوونە دابەشبوونێکی ئاسایی نییە. چونکە لەگەڵ هیچ یەک لە پێوانە ئاساییەکان دا ناگونجێت و، مێژووی داگیرکەری دابەشبوونێکی ئاوای نەبینیوە. ئەگەر چاوێک لە مێژووی ئەو وڵاتە ژێردەستانە بکەین کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ئازاد کرد، دەبینین کە هیچیان لە سەر چەقی ڕێگای شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دا هەڵنەکەوتن، هیچیان نەکەوتنە نێوان مەنگەنەی زلهێزانی سەردەم و، هێچیان بە سەر چوار-پێنج دەوڵەتی ماریس دا دابەش نەبوون. لەم دوو پارچەبەشەی خوارێ دا، تەنیا چوار وڵات ڕاڤە دەکەین، بەڵام لە درێژایی ئەم پەرتووکە دا ئاماژە بە وڵاتانی دیکەش دەکەین.

### بەرخۆدان لە دژی بریتانیا

مێژووی "ئێرلەند" و شۆڕشی ئەو وڵاتە گەلێک تایبەتمەندی هەیە کە مژاری تێرامان و لێ فێربوونە. ئێرلەند دوورگەیەکی بچووکە کە لە باکووری ڕۆژاوای ئەورووپا دا هەڵکەوتووە. تەنیا دراوسێی ئێرلەند، کە بە ملی ڕۆژهەڵاتی دا هەڵکەتووە ئینگلیسە؛ وڵاتێک کە بۆ ماوەی ٧٠٠ ساڵ ئەو دوورگەیەی داگیر کرد. پێش هێرشی ئینگلیس لە ساڵی ١١٦٩ دا، ئێرلەند بەسەر چوار میرنشینی خۆجێیی دا دابەش ببوو کە، هاوشێوەی میرەکانی کوردستان، لە نێو یەک دا ناکۆک بوون. میری پارێزگەی "لینستێر" بە نێوی "دیرمەت مەک مۆرا"، پاش ئەوەی کە لە شەڕی نێوان سێ میرەکەی دیکە دا کۆڵی پێ درا، پەنای بۆ پادشای ئەو کاتەی ئینگلیس، "هێنری دووهەم"، برد و بانگهێشتی هێرش کردنە سەر ئێرلەندی لێکرد. دیرمەت بەڵێنی یارمەتی کردنی بە هێنری دا، بەو مەرجەی کە پاش داگیرکردنی ئێرلەند، بیکاتەوە بە میری پارێزگەی لینستێر. پاش ئەم بانگهێشتنە، هێنری هێرشی کردە سەر ئێرلەند، داگیری کرد و، دیرمەتیشی خستەوە سەر پێگەی پێشووی خۆی. دەوڵەتی داگیرکەری ئینگلیس سیاسەتێکی توندی لە

---

[40] O’ Shea, p. 71-72.

[41] باس کراوە لە، لازاریف و هەڤاڵانی، ١٩٩٩، لاپەڕەی ٨٣.

[42] Dictator

ئیرلەند پەیرەو کرد؛ سیاسەتێک کە لە هەندێک ڕووەوە لە سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان دەچێت. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٣٦٦ بەولاوە، بە مەبەستی لەناو بردنی چاند و کولتووری ئیرلەند، قسەکردن بە زمانی ئیرلەندی و لەبەر کردنی جلی ئیرلەندی قەدەغە کرد.[43] لە لایەکی ترەوە، بە پێی ئەوەی کە ئایینزای "کاتۆلیک" بەشێکە لە ناسنامەی گەلی ئیرلەند، لە سەدەی هەفدە بەولاوە، دەوڵەتی ئینگلیس دەستیکرد بە نیشتەجێکردنی جەماوەری "سکاتلەند"ی، کە بە ئایین "پرۆتیستان"ین، لە باکووری ئیرلەند.[44] بە باوەڕی زۆربەی لێکۆلەران، سەرچاوەی کێشەی ئەوڕۆی "ئیرلەندی باکوور"، کە بووتە کێشەی کاتۆلیک و پرۆتیستان، بۆ ئەم نیشتەجێ کردنانە دەگەڕێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە گەلی ئیرلەند بە درێژایی ئەو ٧٠٠ ساڵە بەرخۆدانی کرد، بەڵام هەتا ساڵی ١٩٢٢ نەیتوانی بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانی خۆی وەدەست بخات. کاتێک کە شۆڕش لەو ساڵە دا سەرکەوت، بوو بە سەرچاوەی هیوا و ورە بۆ زۆربەی گەلانی داگیرکراو، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە ژێردەستی بریتانیا بوون. کاتێک کە دوورگەیەکی چکوولەی وەکوو ئیرلەند دەتوانێ مافی چارەنووسی خۆی وەدەست بخات و، زلهێزێکی وەکوو بریتانیا، کە نیوەی دونیای لە ژێردست دا بوو، وڵاتبەدەر بکات، ئەدی وڵاتانی ژێردستی دیکە بۆچی ناتوانن ئەو کارە بکەن. سەرەڕای ئەوەی کە بریتانیا لە ساڵی ١٩٢٢ دا ئیرلەندی باشووری چۆڵ کرد، بەڵام لە ٦ پارێزگەی باکووری ئەو وڵاتە، کە زۆرینەی دانیشتوانی پرۆتیستانین، نەهاتە دەرێ. واتە لەو قۆناخە لە مێژووی دا، ئیرلەند بەسەر دوو بەشی باکوور و باشوور دا دابەش بوو. ئیرلەندی باشوور بەرەو سەربەخۆیی ڕۆیشت و، ئیرلەندی باکوور لە ژێر ڕکێفی بریتانیا دا ماوە. پاش ئەم دووبەش بوونە، پارتی "شین فەین" و "سوپای کۆماریخوازی ئیرلەند" (IRA) گەلێک کێشەیان بۆ دروست بوو و، هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم، تووشی چەندین دابڕدان هاتن، کە گێرانەوەیان مژاری باسەکەمان نییە. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، یەکێک لە باڵەکانی سوپای کۆماریخواز، Real IRA، بە سەرۆکایەتی "جێری ئادامز" و"مارتین مەک گینێز"، توانی لە ساڵی ١٩٩٨ دا بریتانیا پێمل بە پەسەند کردنی حکوومەتی هاوبەش بکات، کە بە مۆدێل یا دێموکراسی "کانسۆسییەیشناڵ" ناسراوە.[45] مۆدێلی ئیرلەندی باکوور سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە و، دەکرا ئێمەش هەندێکی لەسەر بدوێین، بەڵام بە پێی ئەوەی کە مژاری باسەکەمان نییە، لێرەدا ئیرلەند بەجێ دێڵین و، دەچینە سەر یەکێکی دیکە لە وڵاتانی ژێردەستی بریتانیا: هیند.

ئەگەر چاوێک لە نەخشەی جوگرافیا بکەین، دەبینین کە دارشتەی هیند وەکوو لەبزینەیەک[46] وایە. دوو بەری بە زەوی و دووانەکەی دیکەی بە دەریای ئازادەوە لکاون. دراوسێکانی هەنووکەی هیند بریتین لە چین، نێپاڵ، پاکستان و بەنگلادێش. لە میانەی سەدەی نۆزدەم دا، هیند بە تەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی بریتانیاوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئیرلەند، دەوڵەتی بریتانیا سیاسەتی "ناڕاستەوخۆ"، یا "کۆمڕادۆر"ی لەو

---

[43] Mann, Michael. *The Dark Side of Democracy: Explaining Ethnic Cleansing* (Cambridge: Cambridge University Press, 2005) p. 49-50-51-52.

[44] Hechter, Michael. *Internal Colonialism: the Celtic Fringe in British National Development, 1536-1966* (Los Angeles: University of California Press, 1975) p. 76.

[45] بۆ زانیاری لەسەرمۆدێلی کانسۆسییەیشناڵ ئەو دوو پەرووکە بخوێننەوە:

Taylor, Rupert. (Ed.). *Consociational Theory: McGarry and O'Leary and the Northern Ireland Conflict* (London: Routledge, 2009); Lijphart, Arendt. *Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration* (New Haven: Yale University Press, 1977).

[46] لوزی

وڵاته گرته بەر. به گوێرەی ئەوە، ڕایەدارانی بریتانیا خونکارانی[47] خۆجێیی هیندیان، که به "ماهاڕاجا" ناسراون، کرد به وابەسته و چاو له دەستی خۆیان. پاشان دەسەڵاتێکی سنووورداریان پێ دان، بەو مەرجەی که له چوارچێوەی داخوازییەکانی ئەوان دا وڵات بەڕێوه ببەن. له بری ئەمه دا، ماهاڕاجاکان ئاماده بوون هەر جۆره ڕاژه و خزمەتێکی بریتانیا بکەن.[48]

به پێچەوانەی بزاڤی ئازادیخوازی ئیرلەند، که مێتۆدی شەڕی چەکداری هەڵبژارد، هیند نەریتێکی دیکەی له خەباتی ڕزگاریخوازی گرته بەر. له ژێر کاریگەری دوو ئایینی ئاشتیخوازی "هیندوئیسم" و "بوودائیسم" دا، ڕێبەری بزووتنەوەی هیند، "ماهاتما گاندی"، خەباتی بێ-توندوتیژی هەڵبژارد، که به زمانی هیندی پێی دەڵێن "ساتیاگراها". له پێناسەی ساتیاگراها دا، گاندی دەڵێت:

> ساتیاگراها ڕاستەوڕاست به واتەی هەڵگرتنی هەقیقەته. کەوا بوو، یانی هێزی هەقیقەت. هەقیقەت یانی ڕووح یا گیان. ساتیاگراها، دەسا، یانی هێزی ڕووح. ساتیاگراها توندوتیژی له خۆ ناگرێت، چونکه مرۆڤ توانای زانینی هەقیقەتی ڕەهای نییه و، کەوا بوو، ناتوانێ سزای ئەوانیدی بدات... شوێنکەوتنی هەقیقەت هێڵانی[49] بەکارهێنانی توندوتیژی له دژی دەژبەر نادات، بەڵکوو له ڕێگای پشوودرێژی و هاوسۆزییەوه مرۆڤ دەبێت دژبەرەکەی لەو هەڵانەی که تێیکەوتووه بسڕێتەوه... پشوودرێژی یانی خۆ ئازار دان. کەواته ئەم ڕێچکەیه به واتەی سەلماندی هەقیقەته، نه له ڕێی سەپاندی ئازار به سەر دژبەر دا، بەڵکوو له ڕێی سەپاندی ئازار به سەر خۆ دا.[50]

ئەم مێتۆده له خەباتی ئازادیخوازی سەرنجی زۆر کەس و لایەنی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، تەنانەت هەندێک له چالاکوانان و هەڵسووڕاوانی کوردیش. له بەشی ٤ دا زیاتر ئەم بابەته شیدەکەینەوه، بەڵام ئەوەی که له چوارچێوەی ئەم بەشه دا دەگونجێت ئەوەیه که به درێژایی مێژووی داگیرکراویی خۆی، به پێچەوانەی کوردستان، وڵاتی هیند له لایەن یەک داگیرکەرەوه دەستی بەسەردا گیرا و، هیچ کات دابەشبوونی به خۆوه نەبینی. کاتێک که ئازاد بوو و هێزەکانی بریتانیا وڵاتیان چۆڵ کرد، موسوڵمانەکان به سەرۆکایەتی "محەممەد عەلی جێناح" له هیند جیابوونەوه و، وڵاتێکی دیکەیان دروست کرد به نێوی پاکستان. پاش ئەمه، موسوڵمانانی نێو هیند کۆچیان کرد بۆ پاکستان و، هیندییەکانی نێو پاکستانیش بۆ نێو هیند.

### بەرخۆدان له دژی فەڕانسه

بەرخۆدان له دژی دەسەڵاتی فەڕانسه ڕەهەندێکی گرینگ له مێژووی شۆڕشی گەلانی ژێردەست پێکدێنێت. هاوشێوەی شۆڕشی ئیرلەند و هیند، که دیمەنی نەبەزبوونی ئیمپڕاتووری بریتانیایان تێکشکاند، شۆڕشی ''ڤیێتنام'' و''ئەلجەزایر''یش سەلمێنەری بەهێزبوونی ورەی گەلان بوون. بەڵام به پێچەوانەی بریتانیا، که به گشتی وڵاتانی ژێردەستی خۆی به شێوازی ناڕاستەوخۆ، یا "کۆمڕادۆر"، بەڕێوه دەبرد، دەوڵەتی داگیرکەری فەڕانسه سیاسەتی ڕاستەوخۆی گرته بەر، که ئامانجی تواندنەوەی چاند و کولتووری گەلانی ژێردەستی بوو.[51] لەم پاڕچەبەشه دا، دەچینه سەر باسی دۆزی ڤیێتنام و ئەلجەزایر.

---

[47] حاکم

[48] MacQueen, Norrie. *Colonialism* (London: Pearson, 2007) p. 73-4.

[49] اجازه

[50] Gandhi, M. K. *Non-Violence Resistance (Satyagraha)* (New York: Dover Publication, 2001) p. 3-6.

[51] MacQueen, p. 80.

چاوێک لە هەڵکەوتەی جوگرافیایی ڤێتنام ئەوەمان پێدەڵێت کە پەچکی[52] ئەو وڵاتە وەکوو پیتێکی کراوەی S وایە. لای ڕاستی بە دەریای ئازادەوە لکاوە، لای چەپی بە وڵاتانی ''کەمبووجیە'' و''لائۆس''ەوە و، لە لای سەرییەوە دراوسێی وڵاتی ''چین''ە. سەرەڕای ئەوەی کە چین لە هەندێک قۆناخی مێژووی دا وەکوو زلهێزێکی هەرێمی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دا کردووە و، تەنانەت کێشەگەلێکیشی بۆ دروست کردووە، بەڵام بە پێچەوانەی کوردستان، لە هیچ قۆناخێکی ژیانی دا، ڤێتنام نەبوو بە ڕێڕەوەی هاتووچۆی دوو شارستانی سەردەستی دونیا. پتر لەوەش، لە هیچ کاتێک لە مێژووی دا، نەبوو بە گۆڕەپانی پێکدادانی دوو زلهێزی هەرێمی کە هەرکامیان نوێنەرایەتی باڵێک لە ئایینێکی توندڕەوی کردبێت و، لە هەوڵی سەپاندنی ڕوانگەی خۆی دا بووبێت بەسەر ئەوەی دیکە دا.

مێژووی داگیرکرایی ڤێتنام دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەم. پاش ئەوەی کە سوپای فەڕانسە هێزەکانی ڤێتنامی لە ساڵی ١٨٥٩ دا تێکشکاند، توانی لەو وڵاتە جێ پێی خۆی بکاتەوە و، پەل بۆ هەموو شوێنێک بکێشێت. بەو پێیە، هەتا ساڵی ١٨٨٧ سوپای فەڕانسە توانی سەرلەبەری ڤێتنام بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و، تەنانەت نێوێکی نوێشی بەسەر دا بسەپێنێت: "یەکێتی ئیندوچینی فەڕانسە". وەکوو هێزێکی داگیرکەر، فەڕانسە سیاسەتگەلێکی زۆر توند و نامرۆڤانەی لەو وڵاتە گرتە بەر؛ سیاسەتگەلێک کە لە زۆر ڕووەوە لە هی داگیرکەرانی کوردستان دەچن. یەکێک لەو سیاسەتانە، بە گوێرەی "هۆ شیمین" ڕێبەری شۆڕشی ڤێتنام، گیرۆدە کردنی زۆرەملێیانەی تاکەکانی ڤێتنام بوو بە تریاک.[53] ئامانجی ئەو سیاسەتە، کە ڕێژیمی ئێرانیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پەیرەوی دەکات، دەستەمۆ کردنی کۆمەڵگا و ئاسان کردنی بەڕێوە بردنییەتی.

قۆناخی دەستپێکی شۆڕشی ڤێتنام یا "شەڕی یەکەمی ئیندوچین"، کە لە ساڵی ١٩٤٦ دا دەستی پێکرد، زۆر لە سەرەتای ئەزموونی "کۆماری کوردستان" لە مەهاباد دەچێت. هەر وەک دەزانین، پاش ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤١ دا هێزەکانی بریتانیا و ''یەکێتی سۆڤییەت'' هاتنە نێو ئێران، بۆشاییەکی هێز لە کوردستان دا دروست بوو، کە ڕێگای بۆ خەست کردنەوەی خەباتی نەتەوەیی ئاواڵە کرد. چەند ساڵ پاش ئەم ڕووداوە، واتە لە ڕێکەوتی ٢٢ جانیوێری ١٩٤٦ دا، بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند. هەر بەو شێوەیەش، کاتێک کە لە ساڵی ١٩٤٠ دا ئاڵمانی نازی فەڕانسەی داگیر کرد و، هەموو وزەی دەوڵەتی فەڕانسەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بۆشاییەکی هێز لە ڤێتنام دروست بوو. هاوشێوەی کوردستان، ئەو بۆشاییە بوو بە هۆی گەشانەوەی خەباتی ڕزگاریخوازی، کە بەرهەمەکەی "کۆماری دێموکڕاتیکی ڤێتنام" بوو، کە لە ڕێکەوتی ٢ سێپتامبری ١٩٤٥ دا ڕاگەیاندرا. هەروەک چۆن کۆماری کوردستان، وەکوو هەنگاوی دەستپێک، بە پارێزگەی موکریانەوە سنوورەدار بوو، کۆماری ڤێتنامیش نەیتوانی لە پارێزگەی "هانۆیی" زیاتر، کە لە باکووری ئەو وڵاتە هەڵکەوتووە، هیچ شوێنێکی دیکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. پتر لەوەش، هەروەک چۆن پاشەکشەی زلهێزان لە ئێران و بەهێزبوونی دەوڵەتی ناوەندی بوو بە هۆی گەڕانەوەی سوپای ئێران بۆ کوردستان، هەر ئاواش، کاتێک کە ئاڵمان تێکشکا و فەڕانسەی چۆڵ کرد، سۆپای فەڕانسە بە خۆیدا هاتەوە و گەڕاوە بۆ ڤێتنام. بەڵام بە پێچەوانەی کوردستان، کە یەکێتی سۆڤییەت پشتی کۆماری بەردا، لە ڤێتنام سۆڤییەت لە پشت کۆمار ڕاوەستا و، بەردەوام بوو لە یارمەتی سەبازی، ڕامیاری و، ئابووری شۆڕش. هەر وەک ژێنڕاڵ "جیاپ ڤۆ نگویەن"، کەسی دووهەمی شۆڕشی ڤێتنام پاش هۆشیمین، پێمان دەڵێت:

---

[52] شکل

[53] Ho, Chi Minh. *On Revolution: Selected Writings, 1920-66*, Fall, B.B. edition (New York: Praeger, 1967) p. 21.

> ئەگەر شەڕی ئازادی نەتەوەیی گەلی ڤیێتنام سەرکەوتنێکی شکۆمەندانەی تۆمار کرد، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە لەو شەڕە دا بەتەنیا نەبووین؛ بەڵکوو یارمەتی هەموو گەلانی پێشکەوتوو خوازی دونیامان لە پشت بوو، بە تایبەت یارمەتی گەلانی وڵاتانی برا، لە سەروی هەموویان دا یەکێتی سۆڤییەت.[54]

ئەو یارمەتییانە بۆ شۆڕشی ڤیێتنام کارێکی وای کرد کە، بە پێچەوانەی کوردستان، لەگەڵ گەڕانەوەی سوپای فەڕانسە، کۆماری ڤیێتنام بەرخۆ بدات و، سەرۆک کۆماری وڵاتیش، هۆشیمین، وەکوو "قازی محەممەد" و هەڤاڵانی، خۆی ڕادەست نەکات. جا بەو پێیە، پاش گەڕانەوەی هێزەکانی فەڕانسە و داگیرکردنەوەی هەموو شارەکان لە باشوور و ناوەندی ڤیێتنام، "حکوومەتی کاتی ڤیێتنام" بۆ هەرێمە شاخاوییەکانی باکووری وڵات پاشەکشەی کرد و، خۆی بۆ شەڕی گەریلایی ئامادە کرد.[55] پاش ۹ ساڵ خەباتی چەکداری، گەریلاکانی ڤیێتنام توانیان لە ساڵی ١٩٥٤ دا باکووری وڵات ئازاد بکەن، بەڵام هێزەکانی فەڕانسەیان لە باشووری ڤیێتنام پێ دەر نەکرا. واتە لەو ساڵە دا، بە پێچەوانەی کوردستان، ڤیێتنام بەسەر دوو کەرت دا دابەش بوو، نەک چوار-پێنج بەش. بەشی باکووری ئازاد و ئەوەی باشووریشی ژێردەست ماوە. کاتێک کە فەڕانسە لە باشوور تووشی کێشەی ئابووری و سەربازی هات، پەنای بۆ ئامریکا برد و خۆی لەشەڕەکە کێشاوە، هەتا بتوانێت شۆڕشی ئەلجەزایر، کە تازە سەری هەڵدابوو، سەرکوت بکات. ئامریکا هەوڵێکی زۆری دا کە دەوڵەتی سۆسیالیستی باکووری ڤیێتنام بڕووخێنێت و، لەو پێناوە دا شەڕێکی زۆر نامرۆڤانە و قڕێژی دەست پێکرد. بەڵام نەتەنیا بۆی نەلوا، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٧٥ دا شۆڕشی ڤیێتنام لە باشووری وڵاتیش سەرکەوت، هێزەکانی ئامریکای وەردەر نا و، لەگەڵ باکووری وڵات یەکی گرتەوە.

پاش ئەوەی کە هێزەکانی لە ڤیێتنام کێشاوە، فەڕانسە سەرنجی خستە سەر سەرکوت کردنی شۆڕشی ئەلجەزایر، بەڵام لەوێش هەر کوڵی پێ درا و وەدەر نرا. پێداخشانی چاوێک بە سەر شۆڕشی ئەلجەزایر دا جیاوازییەکانی ئەو وڵاتە و کوردستانمان بۆ دەخاتە ڕوو. ئەگەر بڕوانینە پێگەی جوگرافیایی ئەلجەزایر، یەکەم شتێک کە دەیبینین ئاسایی بوونی پێگەیی ئەو وڵاتەیە: لە باکووری ئافریقا دا هەڵکەوتووە و، سێ تەنیشتی بە ویشکانی و ئەوەی تریشی بە دەریاوە لکاوە. لەوەش گرینگتر، کاتێک کە دەگاتە قۆناخی ژێردەستی، بەسەر چوار-پێنج دەوڵەت دا دابەش نەبوو و، بە درێژایی مێژووی خۆی تەنیا ژێردەستی فەڕانسە بووە، کە لە میانەی ساڵەکانی ١٨٣٠ هەتا ١٨٤٧ دا خستییە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ژێردەستی، فەڕانسە سیاسەتی تواندنەوەی چاند و ناسنامەی گەلی ئەلجەزایری بە بنەما گرت؛ سیاسەتێک کە پاش ناودێر کردنی ئەو وڵاتە بە "ئەلجەزایری فەڕانسە" گەیشتە لووتکە. یەکێک لە ئاکامەکانی سیاسەتی زبری فەڕانسە لە دایکبوونی بزووتنەوەیەکی چەکداری بوو، کە زیاتر لە هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ئازادیخوازی پێداگری لەسەر فیشەک و چەک دەکرد. لەم سۆنگەیەوە، تیۆریسیەنی ئەلجەزایری، "فڕانس فانۆن"، پێمان دەڵێت:

> داگیرکەری نە ماشێنێکی بیرکردنەوەیە و، نە پێکهاتەیەکە کە توانای بەڵگاندنی هەبێت. لە حاڵەتی سروشتی خۆی دا، داگیرکەری توندوتیژییە و، تەنیا ئەو کاتە خۆی بە دەستەوە دەدات کە ڕووبەڕووی توندوتیژی بێتەوە... توندوتیژی هەموو شتێک لە نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان دا چارەسەر دەکات... توندوتیژی تەنیا زمانێکە کە داگیرکەر لێی تێدەگات... لە ئاستی تاکەکان دا، توندوتیژی هێزێکی پاککەرەوەیە. مرۆڤی داگیرکراو لە دونیای ئایەخی

---

[54] Giap, Vo Nguyen. *People's War, People's Army: The Viet Cong Insurrection Manual for Underdeveloped Counties* (Hawaii: University Press of the Pacific, 2001 [1961]) p. 36.
[55] Giap, p. 15.

و خۆ بە چکوولە زانین، بێ هیوایی و، ناچالاک بوون ڕزگار دەکات؛ نەترسی دەکات و ڕێزگرتن لە خۆی بۆ دەگەڕێنێتەوە.[56]

بەرخۆدانی گەلی ئەلجەزایر بە سەرۆکایەتی "بەرەی ئازادی نەتەوەیی" (FLN)، کە لە ساڵی ١٩٥٤ دا دەستی پێکرد، دەوڵەتی فەڕانسەی تووشی شڵەژانێکی کاریگەر کرد. لە لایەکەوە کێشەی ئابووری بۆ دروست کرد و، لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتی بە سەر دوو باڵ دا دابەش کرد. باڵێک خوازیاری بەردەوام کردنی شەڕ و، ئەوەی دیکەش خوازیاری چۆڵ کردنی ئەلجەزایر بوو. ئەم کێشانە فەڕانسەیان هەتا لێواری شەڕی نێوخۆیی برد.[57] لە کۆتایی دا، ڕایەدارنی فەڕانسە بەو ئاکامە گەیشتن کە دەبێ ئەلجەزایر چۆڵ بکەن. بەو پێیە، لە ساڵی ١٩٦٢ دا، گەلی ئەلجەزایر بە مافی چارەنووسی خۆی گەیشت.

کۆی ئەو باسانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە هیچ یەک لەو وڵاتانە وەکوو کوردستان لە شوێنێکی دەگمەنی زەوی دا هەڵنەکەوتن. هیچیان نەکەوتنە نێوان شارستانییە سەرەکییەکانی دونیا، ئەو شارستانییانەی کە هەر کامیان لە کاتی خۆی دا خوازیاری داگیرکردنی هەموو جیهان بووە. هەندێک لەو وڵاتانە دراوسێی زلهێزێکی جیهانی یا هەرێمی بوون، وەکوو ئیرلەند کە بریتانیا دراوسێی بووە و ڤێتنام کە لە لایەن چینەوە، ناوبەناو، مڵهوڕی بەسەر دا کراوە. بەڵام هیچ یەک لەو وڵاتانە هاوچەشنی کوردستان نەکەوتنە نێو مەنگەنەی دوو زلهێزی جیهانییەوە، کە هەر یەکیان نوێنەرایەتی باڵێک لە ئایینێکی توندئاژۆ بکات. پتر لەوەش، مێژووی داگیرکراوی هیچ یەک لەو وڵاتانە لە هی کوردستان ناچێت. سەرەڕای ئەوەی کە هەموویان لە لایەن هێزی دەرەکیەوە داگیر کران، بەڵام هیچیان هاوشێوەی کوردستان دابەش نەبوون. هەندێکیان بوون بە دوو بەش؛ بەشێکیان سەربەخۆ و ئەوی تریان ژێردەست، کە ئەویش لە لایەن بەشی سەربەخۆوە هاوکاری کراوە. بەڵام هیچیان نەبوون بە چوار-پێنج بەش. بە کورتی، پێگەی جوگرافیایی کوردستان و شێوازی داگیرکراوی و دابەشبوونی پێوانە ئاساییەکانی تێپەڕ کردووە. بەڵام با لێرە دا، چاوێک بخشێنین بە هەندێک لە هەڵسووکەوتی داگیرکەرانی کوردستان لەتەک کورد دا و، لەگەڵ هەڵسووکەوتی هەندێک لە دەوڵەتانی دیکەی بەراوەر بکەین لەتەک گەلانی ژێردەست دا.

**هەڵسووکەوتی داگیرکەران لەگەڵ کورد**

ئەگەر بڕوانینە هەڵسووکەتی داگیرکەرانی کوردستان لەتەک گەلی کورد دا و، لەگەڵ ئەو هەڵسووکەوتانەی بەراوەرد بکەین کە لەتەک گەلانی دیکە دا دەکرێن، جیاوازی گەورە دەبینین. بۆ وێنە، کاتێک کە لە ساڵی ٢٠١١ دا بوومەلەرزەیەک باژاڕی "وان" لە باکووری کوردستانی هەژاند و بە سەدان هاوڵاتی کوشت، دەوڵەت و جەماوەری تورک چۆنیان هەڵسووکەوت لەگەڵ لێقەوماوانی ئەو کارەساتە دا کرد؟ نە تەنیا ڕایەدارانی تورک و "برا تورکەکان" هەستی مرۆڤانەیان نەبزوا، بەڵکوو بە ڕاشکاوی خۆشحاڵی و دڵئاودانی خۆیان دەردەبڕی. بەڵام ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنج بوو، بەرد و ئاڵای تورکیە بوو کە لە نێو کارتۆنەکانی "هاوکاری مرۆڤی" دا بۆ لێقەوماوانیان دەنارد. لەوەش سەرسووڕهێنەرتر، کەسانی وەکوو "فەتحوڵڵا گولەن" لە خودا دەپاڕانەوە کە نە تەنیا شاری وان، بەڵکوو هەمووی کوردستان

[56] Fanon, Frantz. *The Wretched of the Earth* (New York: Grove Press, 1963) p. 61-72-84-94.
[57] Dunn, John. *Modern Revolutions: An Introduction to the Analysis of a Political Phenomenon* (London: Cambridge University Press, 1972) p. 147-48; Greene, Thomas. *Comparative Revolutionary Movements: Search For Theory and Justice, Third Edition* (New Jersey: Prentice Hall, 1990) p. 74-113.

تووشی کارەساتی لەو چەشنە دەبوو. ئەگەر ئەو هەڵسووکەوتانە لەگەڵ مامڵەی دەوڵەتی "ئەندۆنیزی" لەتەک گەلی "ئاچێ" دا بکەین، جاوازیی گەورە دەبینین.

گەلی ئاچێ، کە وەکوو "کەمینە"یەکی ئێتنیکی لە وڵاتی ئەندۆنیزی دا دەژی، خوازیاری مافی چارەنووس بوو. هەر وەک چۆن گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی گەلانی ئێران دا بەشداری کرد، ئەویش لە شۆڕشی گەلانی ئەندۆنیزی لە دژی داگیرکەرانی "هۆلەند" دا، کە لە ساڵی ١٩٤٩ دا سەرکەوت، بەشداری کرد. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٣ بەولاوە، پاش ئەوەی کە شۆڕشی ئەندۆنیزی لەو ڕێیەی کە گەلی ئاچێ دەیویست لایدا، هاوشێوەی شۆڕشی ئێران، بزووتنەوەی ئاچێ لە دژی کۆماری ئەندۆنیزی کەوتە چالاکی چەکداری.[58] سەرەڕای ئەمە، دەوڵەتی ئەندۆنیزی هەتا ساڵی ٢٠٠٤ نکوڵی لە مافەکانی گەلی ئاچێ دەکرد. بەڵام لەو ساڵە دا، پاش ئەوەی کە لافاو، یا "تسوونامی" بە زمانی خۆیان، وڵاتی ئاچێی هەژاند و، بە هەزاران مرۆڤی لە ناو برد، دەوڵەتی ئەندۆنیزی هەڵوێستی خۆی نەرم کرد و مافی خۆسەری پێدان. ئەم بابەتە مژارێکی سەرنج ڕاکێشە. دەوڵەتێک کە لە ماوەی ژیانی دا نکوڵی لە مافی کۆمێکی ئێتنیکی دەکرد، پاش کارەساتێکی سروشتی، سیاسەتەکانی خۆی دەگۆڕێت، بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئازارەکانی ئەو کارەساتە دان بە مافەکانی دادەنێت و، کێشەکە چارەسەر دەکات.

ئەو پرسیارەی کە لێرە دا دێتە ئاراوە ئەوەیە: بۆچی کارەساتی سروشتی لە ئاچێ دەبێتە هەوێنی چارەسەری کێشە، بەڵام لە کوردستان دا دەبێتە مایەی شادی و ئارۆزیانی دەوڵەت و گەلی تورک؟ وڵامی ئەم پرسیارە لە خوێندنەوەی دۆخ دایە و، بە بێ خوێندنەوەی دۆخ تێگەیشتن لەو جیاوازییە ئاستەمە. ئەو دۆخەی کە ئاچێی تێدابوو دۆخێکی ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی کە کوردی تێدایە دۆخێکی دەگمەنە. هەروەک لە بەشی ١ دا شرۆڤەمان کرد، لە دۆخی دەگمەن دا سنووری نێوان دووانەکان ڕووخاوە. واتە لێرە دا، سنووری نیوان بەزەیی و دڵڕەقی بوونی نەماوە. بەزەیی خۆی بە کەرتی دڵڕەقی دا دەکات و، دڵڕەقیش هەر بەو چەشنە لە کەرتی بەزیی دا سەر دەردێنێت. لە ئاکام دا، ئەو کردەوەی کە لە دۆخی ئاسایی دا دڵۆڤانە دەبیندرێت، لە دۆخی دەگمەن دا وەکوو کردەوەیەکی دڵڕەقانە خۆی ڕۆماڵ دەکات. بە پێچەوانە، ئەو کردەوەی کە لە دۆخی ئاسایی دا دڵڕەقانە دێتە هەژمار، لە دۆخی دەگمەن دا وەکوو کردەوەیەکی دڵۆڤانە خۆی دەنوێنێ. کە واتە، لە دۆخی دەگمەن دا جیاوازیەک لە نێوان بەزەیی و دڵڕەقی دا بوونی نییە، هەتا مرۆڤ چاوەڕێی کردەوەیەکی دڵۆڤانە بێت لە باتی دانەیەکی دڵڕەقانە.

لەوانەیە ئەو تایبەتمەنییە لە "سروشت"ی مرۆڤ دا بێت کە لە کاتی لێقەومانی دراوسێکەی دا، ڕووداوە ناخۆشەکانی ڕابردوو لە بیر بکات و، هەستی مرۆڤانە و یارمەتی کردن لە ناخی دا بیبزوێنێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گریمانە وێنە زۆرە. هەر لە شەڕ و ئاشتبوونەوەی دوو دراوسێوە بگرە هەتا دەگاتە کارەساتی سروشتی لە قەبارەی تسوونامییەکەی ئەندۆنیزی. لەو دۆخە دا، ئەوەی کە سەرنجی سەیرکەر ڕادەکێشێت ئەو کارانە نییە کە لێقەوماو لە ڕابردوو دا کردوونی، بەڵکوو هەستی یارمەتی کردنە و، سەرچاوەی ئەو هەستەی کە مرۆڤیش دەوروژێنێت ئاکارە[59]. بەڵام، ئاکار کاتێک واتای هەیە کە سنوورێک لە نێوان باش و خراپ دا بوونی هەبێت. بەڵام لە دۆخی دەگمەن دا پەرژینێک لە نێوان ئەو دووانە دا بوونی نەماوە، هەتا ترازان و نەترازان لێی پێناسەدەری کردەوەکان بێت.

لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن، بە پێی ئەوەی کە قەبارەکەی گەورەتر بوو، تسوونامییەکەی ئاچێ جیاوازە لە بۆمەلەرزەکەی وان. لە وڵامدا دەڵێین؛ ئەدی جیاوازی نێوان پرۆسەی دەنگدان لە باکووری کوردستان و دوو وڵاتی "تیمۆری ڕۆژهەڵات" و "مۆنتێنێگرۆ" لە چیدایە؟ لە هەڵبژاردنی گشتی لە

[58] Bertrand, Jacques. *Nationalism and Ethnic Conflict in Indonesia* (Cambridge: Cambridge University Press, 2004) p. 163-66.175-77-180.

[59] اخلاق

مانگی جوونی ٢٠١٥ دا، "پارتی دیموکراتیکی گەلان" (HDP) زیاتر لە ٧٥ لە سەدی دەنگەکانی بە دەست هێنا.[60] بەڵام لە وەڵامی ئەم سەرکەوتنە دا، حکوومەتی تورکیە شەڕی دەست پێکردەوە، پارێزبەندی زاگۆنی لەسەر پارڵمانتارانی کورد هەڵگرت و، هەر ئانوساتێک ئەگەری هەیە ڕاپێچی گرتووگەیان بکات. بەڵام بە پێچەوانەی کوردستان، ١٦ ساڵ پێش ئەو ڕوودابوە، کاتێک کە ٧٨ لە سەدی گەلی تیمۆری ڕۆژهەڵات لە گشتپرسییەک دا دەنگیان بە سەربەخۆیی دا،[61] دەوڵەتی ئەندۆنیزی ڕێزی بۆ دەنگدەران دانا، هیچی دیکە نکولی لە مافی چارەنووسیان نەکرد و، لەو وڵاتە چووە دەرێ. سەرنج ڕاکێشتر لەوە گشتپرسییەکی مۆنتینێگرۆ بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بەڕێوە چوو. کاتێک کە تەنیا ٥٦ لە سەدی بەشداربووان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا، دەوڵەتی "سێربستان" ڕێزی لە دەنگدەران گرت و، دژایەتی لەگەڵ سەربەخۆبوونی مۆنتینێگرۆ دا نەکرد.[62]

### یەکگرتنی داگیرکەران لە دژی کورد

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە دۆزی کوردی دەگمەن کردووە یەکگرتوویی داگیرکەرانی کوردستانە لە دژی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد. هەر وەک لە دەستپێکی ئەم بەشە دا باسمان کرد، تورکیە و ئێران دوو ڕکەبر و نەیاری دێرینەی یەکن، کە هەر کامیان نوێنەرایەتی باڵێک لە ئیسلام دەکات. لە لایەکی دیکەوە، هەر یەک لەو دوو دەوڵەتە کێشەی خۆیان هەیە لەگەڵ ئێراق و سووریە، کە شیکردنەوەیان مژاری باسەکەمان نییە. بەڵام سەرەڕای ئەو ناکۆکییانە، کاتێک کە دەگاتە مژاری کورد هەموویان یەک دەگرن. لەو پێناوە دا، هەتا ئێستا چەندین ڕێککەوتنی چەند قۆڵییان پێکهێناوە. یەکەمینیان "ڕێککەوتنی سەعدئاباد" بوو، کە لە ساڵی ١٩٣٧ دا لە کۆشکی سەعدئابادی تاران لە نێوان تورکیە، ئێران، ئێراق و، ئەفغانستان بەسترا. دووهەمینیان "ڕێککەوتنی بەغدا" بوو کە لە ساڵی ١٩٥٥ دا لە نێوان تورکیە، ئێران، ئێراق، پاکستان و، بریتانیا دا بەسترا. پێشگرتن لە تەشەنەکردنی کومونیسم چەندە ئامانجی ڕێککەوتنی بەغدا بووبێت، سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردیش هەر ئەوەندە و، بگرە زیاتریش. چونکە هەر لە دەستپێکی ئەو ڕێککەوتنە دا، وڵاتانی واژۆکەر ئامانجی خۆیان لەو پێکهاتنە "پاراستنی ئاشتی و ئاسایش لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناڤین" دەستنیشان کردووە و، هەر لە خاڵی یەکەم دا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە وڵاتانی دراوسێ "هاوکاری یەکتری بکەن بۆ دابینکردنی تەناهی و پاراستن".[63]

هاوکاری داگیرکەرانی کوردستان، هەندێک جار، لە کردەوەکانیان دا خۆی دەردەخات. بۆ وێنە، پاش ئەوەی کە خەباتی ئازادیخوازی کورد بە پێشەنگی "پارتی کرێکارانی کوردستان" (PKK) هەڵگیرسا، دەوڵەتی ئێراق هێڵانی دا بە سوپای تورک کە سنووری وڵاتەکەی ببەزێنێت و بچێتە قووڵایی باشووری کوردستان. یەکەمین هێرشی نێوسنووری سوپای تورک لە ساڵی ١٩٨٣ دا بوو، ئەو ساڵەی کە PKK بڕیاری دابوو کە شەڕی چەکداری لە دژی تورکیە دەست پێبکات. سوپای تورکیە بەوەش ڕانەوەستا و لە ساڵەکانی ١٩٨٥، ١٩٨٦ ١٩٨٧، ١٩٨٨، ١٩٩١، ١٩٩٥، ١٩٩٧، ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ دا سنووری ئێراقی بەزاند؛ کارێک کە بە بێ ڕەزامەندی ئێراق و گرێبەستی نەنووسراوی نێوان ئەو دووانە، پێکهێنانی ئاستەم بوو. سەرەڕای ئەوەی کە ئامانجی هەر هێرشێک "لە ناوبردنی PKK" ڕاگەیاندرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ بەولاوە، هەروەک چەند توێژەر ئاماژەیان پێکردووە، یەکێک لە ئامانجەکانی

---

60 http://secimsonuclari2015.mynet.com/parti/12
61 http://www.bbc.com/news/world-asia-pacific-14952883
62 https://www.theguardian.com/world/2006/may/22/balkans
63 http://www.iranicaonline.org/articles/baghdad-pact

دەوڵەتی تورک لە ناوبردنی دەستکەوتەکانی کورد بوو لە باشووری کوردستان.[64] پاش دامەزرانی پارلمانی هەرێمی کوردستان لەو ساڵە دا، ١٩٩٢، هاوکاریی نێوان داگیرکەرانی کوردستان لە دژی کورد قووڵتر بووەوە. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٩٤ دا، سەرۆک کۆماری تورکیە سەردانی ئێرانی کرد و، گرێبەستێکی نوێیان واژۆ کرد. زۆری پێ نەچوو، هەر لەو سالە دا، فرۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە سنووری ئاسمانی ئێرانیان بڕی و، هێرشیان کردە سەر ئەو شوێنانەی کە پێیان وابوو گەریلای PKKی لێیە.[65]

لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، پاش ئەوەی کە ڕێژیمی سەدام حوسێن ڕووخا و ”حکوومەتی هەرێمی کوردستان“ دامەزرا، دەوڵەتی تورکیە ئەوەندە بە پەرۆش بوو کە نەتەنیا وڵاتانی سووریە و ئێران، بەڵکوو ئۆردۆن، عەرەبستان و، میسریش کۆکردەوە و، مەترسییەکانی بەهێزبوونی پێگەی کوردی وەبیر هێنانەوە.[66] پتر لەوەش، لەگەڵ دامەزرانی "پارتی ژیانی ئازادی کوردستان" (PJAK) لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، هاوکاریی نێوان تورکیە و ئێران زیاتر لە جاران خۆی دەنواند. بۆ وێنە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بەملاوە، سوپاکانی تورکیە و ئێران چەندین هێرشی دووقۆڵیان کردە سەر گەریلاکانی PKK و PJAK. لە لایەکی دیکەوە، ئەو زانیاریانەی کە سوپای تورکیە لە مانگیلەکانی ئامریکاوە بەدەستی دەگەیشت، دەیدا بە سوپای ئێران بۆ هێرش کردنە سەر گەریلاکانی PJAK. ئەوەی کە جێی سەرسووڕمانە لێرە دا، هەر وەک دوو توێژەری دیکە ئاماژەیان پێکردووە، ئەوەیە کە حکوومەتی "جۆرج بووش" ئێرانی خستبووە نێو "بازنەی شەیتان"ەوە و، بە پاڵپشت و دنەدەری کۆمە تێرۆریستییەکانی ناودێر کردبوو.[67]

### هەڵسووکەوتی دونیای دەرێ لەگەڵ کورد

پاش شەڕی جیهانی دووهەم و دامەزرانی "نەتەوە یەکگرتووەکان" بەملاوە، دونیا هەندێک گۆڕانکاری بە خۆوە بینیوە. بە ئامانجی پێشگرتن لە شەڕێکی دیکە، ناوەند و ڕێکخراوەی نوێ دامەزران کە هەموویان خاوەن بەرنامە و پێڕەوی خۆیان. یەکێک لەو پێڕەوە نوێیانە "بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان" بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەوڵەتانی ئەندام واژۆیان کرد. یەکەمین ڕستەی ئەو بەیاننامەیە دەڵێت؛ ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە نەوەی نوێ لە شەڕێکی دیکەی ماڵوێرانکەر بپارێزێت. لە دووهەمین ڕستە دا باس لە مافەکانی مرۆڤ دەکات و باوەڕمەندبوونی ئەندامانی تێدا ڕەپ دەکاتەوە. ئەو یەکە گوزارە لە قۆناخێکی نوێ لە سەدەی بیستەم دەکات؛ قۆناخێک کە زیاتر لە هەموو کاتەکانی دیکە گرینگی بە مافەکانی مرۆڤ دەدرێت، کە بریتین لە مافەکانی تاک، "کەمینە" و، تەنانەت

[64] Yildiz, Kerim. and Breau, Susan. *The Kurdish Conflict: International Humanitarian Law and Post-Conflict Mechanisms (*London: Routledge, 2010) p. 28; Gürbey, Gulistan. “The Kurdish Nationalist Movement in Turkey Since the 1980s”. In: Olson, Robert. ed. *The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s*: *Its Impact on Turkey and the Middle East* (Kentucky: The University Press of Kentucky, 1996) p. 16-17; Brown, James. “The Turkish Imbroglio: Its Kurds”, *Annals of the American Academy of Political and Social Science,* 541 (1995, Sep) p. 126-27.

[65] Olson, Robert. (Ed.). The *Kurdish Nationalist Movement in the 1990s*: *Its Impact on Turkey and the Middle East* (Kentucky: The University Press of Kentucky, 1996) p. 92.

[66] Tank, Pinar. “Analysis: The Effects of the Iraq War on the Kurdish Issue in Turkey”. *Conflict, Security and Development* 5: 1 (2005), p. 70.

[67] Yildiz and Breau, p. 177.

مافی چارەنووسی گەلان، (لە بەشی ٥ دا بە وردی باس لە مافی چارەنووس دەکەین). پتر لەوە، لە ساڵی ١٩٤٨ دا، نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤی بڵاو کردەوە و، داوای لە دەوڵەتانی ئەندام کرد کە ناوەڕۆکەکەی پێکبێنن. لەوەش زیاتر، لە ساڵی ١٩٥١ دا، "ڕێککەوتن و پرۆتۆکڵی پێگەی پەنابەر" بڵاو کراوە، کە بە پێی وی، ئەو کەسەی کە بە هۆی ڕامیاری لە وڵاتەکەی خۆی دا گیانی کەوتبێتە مەترسییەوە، دەبێت وەکوو پەنابەر هەڵسووکەوتی لەگەڵ دا بکرێت و، مافی مانەوەی لە دەوڵەتانی واژۆکەری ڕێککەوتن نامەکە مسۆگەر بکرێت.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانە، دەوڵەتانیش لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، گۆڕانکاریان لە شێوازی پێوەندییەکانیان دا کرد. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٦١ دا، "ڕێککەوتنی ڤییەن لەمەڕ پێوەندییەکانی دیپلۆماتیک"یان واژۆ کرد، کە بە پێچەوانەی پێشوو، دەوڵەتانی خستە ژێر بەڵێنداریتی دیپلۆماتیکەوە.[68] یەکێک لە بڕگەکانی ئەو ڕیککەوتن نامەیە (خاڵی ٢٢، ١) باس لە پارێزراوی دامودەزگاکانی وڵاتێک دەکات لە وڵاتێکی دیکە. بە گوێرەی ئەم خاڵە، بۆ وێنە، هیچ وڵاتێک مافی ئەوەی نییە کە هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی وڵاتێکی دیکە بکات. وەکوو مینایەک، ئەگەر بڕوانینە دۆزی "ژوولیان ئاسانژ"، دامەزرێنەری ماڵپەڕی "ویکیلیکس"، دەبینین کە ئەم خاڵە پارێزەری ژیانی ئەو بووە.

هەر وەک دەزانرێ، پاش درکاندنی بەڵگە نهێنییەکانی ئەمریکا و هەندێک وڵاتی دیکە، لە ساڵی ٢٠١٠ دا، ئاسانژ ڕووبەڕووی سزای زاگۆنی بووەوە. بۆ ئەوەی ڕایەدارانی بریتانیا ڕادەستی سوید و لەوێشەوە ڕادەستی ئامریکای نەکەن، لە ساڵی ٢٠١٢ دا، ئاسانژ پەنای بۆ باڵوێزخانەی "ئیکوادۆر" لە شاری لەندەن برد و، هەتا ئێستا لەوێ ماوەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە، هەر لەو کاتەوە هەتا ئێستا، پۆلیسی بریتانیا دەوری ئەو باڵوێزخانەی داوە و دەرفەتی هاتنە دەرێی لێ زەوت کردووە، بەڵام نەیتوانیوە بچێتە ژوورێ. واتە نەیتوانیوە خاڵی ٢٢، ١ی ڕێککەوتننامەی ڤییەن لەمەڕ پێوەندییەکانی دیپلۆماتیک بشکێنێت. بەڵام ئەگەر دۆزی ئاسانژ لەگەڵ دۆزی کەسایەتییەکی کورد دا بەراوەر بکەین، جیاوازی لەبەرچاو دەبینین لە مەڕ نزیکبوونەوەی وڵاتانی دەرەکی لە پێوەندی لەگەڵ پیوانە و زاگۆنەکانی خۆیان دا.

کاتێک کە لە ساڵی ١٩٩٨ دا، ڕێبەر و فیلەسووفی کورد، "عەبدوڵڵا ئۆجالان"، لە سووریە دەرکەوت، وەکوو یەکەم وڵات ڕووی لە ڕووسیە کرد. مژاری مانەوەی خرایە پارڵمانی ئەو وڵاتە و بوو بە مژاری بەرهەڤدان.[69] سەرەڕای ئەوەی کە ٩٩ لە سەدی پارڵمانتاران دەنگیان بە مانەوەی دا، دەوڵەتی ڕووسیە نە تەنیا گوێڕایەڵی زاگۆنی خۆی نەبوو، بەڵکوو هەڕەشەی کرد و کوتی؛ ئەگەر ئۆجالان بە ویستی خۆی ئەو وڵاتە چۆڵ نەکات، بە زۆرملێ ئەو کارەی پێدەکات. پاش دەرچوونی لە ڕووسیە، ئۆجالان ڕووی لە ئەورووپای ڕۆژاوا کرد. بە گوێرەی یەکێک لە لێکۆڵەرە ناسراوەکانی سەر کورد، "مارتین ڤان بروونسێن"، هەندێک لە پارڵمانتارانی ئیتالیا ئۆجالانیان بانگهێشتی ئەو وڵاتە کردبوو.[70] سەرەڕای ئەم بانگهێشتنە و ئەوەی کە چەپەکان حکوومەتیان بە دەستەوە بوو، ئەو وڵاتەش، هەروەها، ئامادە نەبوو پەنای ئۆجالان بدات.

---

[68] Berridge, G.R. *Diplomacy: Theory and Practice,* Second Edition (New York: Palgrave McMillan, 2002) p. 112.

[69] Debate. مناظره

[70] Van Bruinessen, Martin. *Transnational Aspects of the Kurdish Question,* (Working Paper, Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute, Florence, 2000) p. 25.

ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئۆجالان بە ڕاشکاوی ئامادەیی خۆی دەبڕی بۆ ئەوەی کە لە "دادگەی نێونەتەوەیی لاهە" *دادگایی* بکرێت و، هەر بەو ئامانجەش ڕووی لە "هۆلەند" کرد.[71] بەڵام وڵاتی هۆلەند تەنانەت هێڵانی بە نیشتنەوەی فرۆکەکەشی نەدا. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئۆجالان بە هۆی ڕامیاری لە تورکیە گیانی کەوتبووە مەترسییەوە و، هەر بەو هۆیەش داوای پەرنابەری ڕامیاری لە وڵاتانی ئەورووپایی کرد. لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن کە "ڕێککەوتن و پرۆتۆکڵی پێگەی پەنابەر"ی ژێنێڤ، کە لە سەرێ باسمان کرد، داگری "تاوانباری شەڕ" ناکات. بەڵام ئەگەر بە هۆی تاوانی شەڕ ئۆجالان شیاوی پەنابەریی ڕامیاری نەبایە، ئەدی بۆچی لە دادگەی لاهە دادگایی نەکرا؟ خۆ ئەو کەسانەی کە تاوانی شەڕیان کردووە، ڕاکێچی هۆلەند دەکرێن، لە دادگەی لاهە دادگایی دەکرێن و، سزایان بەسەر دا دەسەپێندرێت. بۆ وێنە، "سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ"، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێک لە ڕێبەرانی وڵاتانی ئەورووپایی بوو، لە وڵاتەکەی خۆی دەستگیر کرا، بە هێلوکوپتێر برا بۆ لاهە و، بە پێچەوانەی ویستی خۆی، وەکوو تاوانباری شەڕ دادگایی کرا.[72]بەڵام ئۆجالان بە ویستی خۆی و بە ئامانجی دادگایی کردن چوو بۆ هۆلەند و شاری لاهە. ئەدی بۆچی هێڵانی نیشتنەوەی فرۆکەکەشیان پێ نەدا تەنانەت؟

لە ڕاستی دا، ئەوە دووفاقییەکی زەقە لە هەڵوێستی ڕۆژاوا دا لەمەڕ کێشەی کورد، کە هەتا ئێستا بەردەوام بووە. بۆ وێنە، سەرەڕای ئەوەی کە "ڕێکخراوەی تەناهی و هاوکاری ئەورووپا" (OSCE) دەوری باشی لە مەڕ چارەسەری کێشەکانی "ناگۆرنۆ قەرەباغ" و "باڵکان" دا گێڕا، بەڵام هەتا ئێستا هیچ هەڵوێستی لەسەر کێشەی کورد نەبووە. لە لایەکی ترەوە، بە بێ یارمەتی و پشتگیری "یەکێتی ئەورووپا" و ئامریکا، چارەسەرکردنی کێشەی "ئیرلەندی باکوور" ئاستەم بوو.[73] بەڵام بە پێچەوانەی ئیرلەندی باکوور، یەکێتی ئەورووپا هەتا ئێستا بێدەنگ بووە لە مەڕ کێشەی کورد و، ئەو کۆنفرانسەی کە ساڵانە لە پاڕلمانی ئەورووپا دا لەسەر دۆزی کورد دەگیرێت، بە دەستپێشخەری چەند لایەن و دۆستی کورد بووە، نەک بە بڕیاری پاڕلمان یا کۆنسەی ئەورووپا. بە پێچەوانە، بە دابەزاندنی کێشەی کورد بۆ مژاری تێرۆر، یەکێتی ئەورووپا دەورێکی زۆر نەرێنی گێڕاوە. لە ڕاستی دا، ئەم تێرۆریزە کردنە، هاندەری دەوڵەتی تورک بووە بۆ پێداگری کردن لەسەر ڕێبازی چەکداری.

پێش کۆتایی ئەم بەشە، وا باشە کە پەنجە بۆ سەر وێنەیەکی دیکە ڕابکێشین، کە دووفاقی بوونی هەڵوێستی ئامریکا نیشان دەدات سەبارەت بە دۆزی کورد لە باشووری کوردستان، جا ئیدی هەر باسی باکوور مەکەن، چونکە دژایەتی ئەمریکا لەگەڵ بزاڤی ئەو بەشە وەکوو فاکتی بەڵگەنەویستی لێهاتووە.

لە ساڵی ١٩٩١ دا، هەژمارێکی زۆر لەو کوردانەی باشوور کە توانیبوویان خۆیان لەدەست بۆردومانی شیمیایی سەدام ڕزگار بکەن، پەنایان بۆ تورکیە و ئێران برد. بە پێچەوانەی ئێران کە هەموو پەنابەرانی وەرگرت، سوپای تورکیە لەسەر سنوور کۆبووەوە و، بە دەستڕێژی فیشەک پێشی لە پەنابەران گرت و نەیهێشت بچنە نێو باکووری کوردستانەوە. بۆ ئەوەی کە پەنابەرانی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی تورکیە بمێننەوە، دەوڵەتی تورک دەبوو بە شێوازێک هێرشی فرۆکە شەڕکەرەکانی ئێراق

---

[71] Romano, David. *The Kurdish National Movement: Opportunity, Mobilization and Identity* (Cambridge: Cambridge University Press, 2006) p. 146.

[72] https://www.theguardian.com/news/2006/mar/13/guardianobituaries.warcrimes

[73] McGarry, John. and O'Leary, Brendan. "Power Shared After the Deaths of Thousands". In: Taylor, Rupert. ed. *Consociational Theory* (London: Routledge, 2009) p. 38-39-40-41; Wolff, Stefan. *Ethnic Conflict: A global Perspective* (Oxford: Oxford University Press, 2010, [2006]) p. 130-35; O' Brien, Brendan. *A Pocket History of the IRA; From 1916 Onwards* (Dublin: The O'Brien Press, (2000, [1997]) p. 134-41-56.

بۆ سەر پەنابەران بەربەست بکات، هەتا خۆیان بە نێو خاکی تورکیە دا نەکەن. بەو مەبەستە، دەوڵەتی تورکیە زەختێکی زۆری خستە سەر هاوپەیمانانی بۆ خاسکردنی هەرێمێکی دژە-فڕین بەسەر ئاسمانی باشووری کوردستان دا. لە ئاکام دا، ئامریکا ئەو هەرێمەی دامەزراند و نێوی نا "پەسێوی پارێزراو".[74] سەرەڕای ئەوەی کە ئامانجی ئەو پەسێوە پاراستنی هاوڵاتیانی کورد بوو، بەڵام فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیە سنووریان دەبەزاند، هەتا ١٨٠ کیلۆمیتر دەچوونە نێو خاکی ئێراقەوە و، هاوڵاتیانی کوردیان دەکوشت. کەچی ئامریکا نەتەنیا هیچی نەدەکوت، بەڵکوو لە هەندێک کات دا داکۆکیشی لێ دەکرد.[75] هەر وەک ڕۆژنامەوانێکی بریتانیایی، کە لەو کاتانە دا سەردانی ئەو شوێنانەی کردووە و لەگەڵ لێقەوماوان دا وتووێژی کردووە، بۆمان دەگێڕێتەوە:

> هێرشەکان دەکرانە سەر خودی "پەسێوی پارێزراو" و لە ئاکام دا کوردەکانی ئێراقیان دەکوشت، برینداریان دەکردن و، ئەو گوندانەیان لێ خاپوور دەکردن کە تازە دروستیان کردبووەنەوە. بەڵام ئامریکا تورکیەی دۆستی خۆی ئیدانە نەدەکرد. بە پێچەوانە، بێدەنگی ڕایەدارانی ئەمریکا لە ئاست هۆڤێتییەکانی تورکیە بە زوویی خۆی لە ڕوانگەی نوێی ئامریکا دا دەربڕی. ئەو ڕوانگەیەی کە کوردەکانی ئێراقی ("کوردە باشەکان") لە کوردەکانی تورکیە ("کوردە خراپەکان") هەڵدەوارد و، ڕەوایی دەدا بە چەوساندنەوەی بەردەوام کوردەکانی تورکیە.[76]

هەڵوێستی ئامریکا لە باشووری کوردستان تەواو بە پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەیەتی کە لە دژی هێرشی تورکیە بۆ سەر "قیبرس" دا گرتی. کاتێک کە ڕایەدارانی ئامریکا زانیان سوپای تورکیە لەو هێرشانە دا، کە لە ساڵی ١٩٧٤ دا دەستی پێکردن، چەکی ناتۆی لە دژی هاوڵاتیانی سیڤیل بە کار هێناوە، گەمارۆیان خستە تورکیە.[77]

بە کورتی، بۆ خوێندنەوەی ئەو جیاوازییانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دۆخ و لە گرینگییەکانی تێبگەین. گەلانی قیبرس، ئیرلەندی باکوور، باڵکان و، ناگۆڕنۆ قەرەباغ خاوەن کێشەن؛ کێشەگەلێک، بەڵام، کە هەڵقوڵاوی دۆخی ئاسایین. جا بەو پێیە، ڕێکخراوەکانی وەکوو OSCE و یەکێتی ئەورووپا خۆیان لە بەرامبەر، نەک ئەوان، بەڵکوو پێوانە و زاگۆنەکانی خۆیان دا بەرپرس دەبینین و، بەو پێیە، بۆ چارەسەری کێشەکانیان هەوڵ دەدەن. کەسانی وەکوو ژولیان ئاسانژیش، هەر وەها، خاوەن کێشەیەکەن کە لە دۆخی ئاسایی دا بەرهەم هاتووە هەیە؛ ئەو دۆخەی کە زاگۆن واتای خۆی لەدەست نەداوە و پێشێلکردنی دەبێتە هۆی سزادان.

بە پێچەوانەی ئەو گەلانە، کێشەی کورد کێشەیەکی ئاسایی نییە کە مرۆڤ چاوەڕوانی کارتێکەری زاگۆن و، پێکهێنانی پێوانە زاگۆنییەکان بێت. ئەو دۆخە دەگمەنەی کە کورد تێیکەوتووە، دەرفەتی بۆ کارابوونی هیچ یەک لەو پێوانە زاگۆنییانە نەهێشتووەتەوە. چونکە زاگۆن کاتێک واتای هەیە کە سنوورێک لە نێوان ڕێگەپێدراوی و ڕێگەپێنەدراوی دا بوونی هەبێت. بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە دۆخی

---

[74] Safe-haven

[75] Ciment, James. *The Kurds; State and Minority in Turkey, Iraq and Iran* (New York: Facts On File, 1996) p. 198.

[76] Laizer, Sheri. *Martyrs, Traitors and Patriots; Kurdistan after the Gulf War* (London: Zed Books, 1996) p. 37.

[77] Koivunen, Kristiina. *The Invisible War in North Kurdistan* (PhD Dissertation, University of Helsinki, 2002) p. 101.

دەگمەن دا سنووری نیوان ئەو دوو کەرتە ڕووخاوە، زاگۆن بێواتا دەبێت و کاری پێ ناکرێت. جا بەو هۆیە، پێویست ناکات کە گەلی کورد چاوەڕوانی لە وڵاتانی دەرەکی و داگیرکەرانی کوردستان بکات کە بە گوێرەی زاگۆن و پێوانە ئاکارییەکانیش، تەنانەت، هەڵسووکەوتی لەگەڵ دا بکەن. چونکە پێوانە ئاکارییەکان، هەر وەکوو زاگۆن، لە ژینگەیەک دا کارتێکەریان هەیە کە سنووری نێوان باش و خراپ پارێزراو و پاوەجێ بێت و، ئەو دوو کەرتە تێکەڵ بەیەک نەبووبن.

**کۆتایی**

لەم بەشە دا، پێگەی جوگرافیایی کوردستانمان شیکردەوە و نیشانمان دا کە چۆن لەگەڵ پێوانە ئاساییەکان دا ناگونجێت. هەڵکەوتنی کوردستان لەسەر چەقی ڕێگەی شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا دا نە تەنیا کردی بە ڕێڕەوێک بۆ هاتووچۆی زلهێزانی سەردەم، بەڵکوو بە شەڕگەی دوو بلۆکی سەرەکی دونیا. زۆربەی شەڕەکانی نێوان پارسەکان و ڕۆمەکان لە کوردستان دا کراون، کە لە کاولکاری زیاتر هیچیان بۆ گەلی کورد پێ نەبووە. کاتێک کە ئیمپراتووری عوسمانی سەریهەڵدا و لە بەرامبەری فارسەکان دا ڕاوەستا، کوردستان ئەو جار بوو بە شەڕگەی نێوان زلهێزانی شیعە و سوننی، کە لە ئاکام دا کوردستانیان لە نێو خۆیان دا دابەش کرد. هەر وەک باسمان کرد، ئەمە پێگەیەکی ئاسایی نییە و بە پێوانە ئاساییەکان ناخوێندرێتەوە. پێگەی هیچ یەک لەو وڵاتە ژێردەستانەی کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ڕزگار کرد ئاوا نەبوو. بەڵام، سەرەڕای دەگمەنبوونی پێگە، دابەشبوونی کوردستانیش، تەنانەت، دابەشبوونێکی ئاسایی نەبوو. لەوانەیە دابەشبوونی بەرایی لە نێوان عوسمانی و سەفەوی دا دابەشبوونێکی ئاسایی بووبێت، بەڵام کاتێک کە دەگاتە سەدەی بیستەم و بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی سەرەڕۆ دا دابەش دەبێت، ئاسایی بوون تێپەڕ دەکات و پێ دەنێتە نێو پانتای دەگمەنەوە.

بە پێی ئەوەی کە هەر یەک لە داگیرکەرانی کوردستان چەندین دۆستی نێودەوڵەتییان هەیە، بەرژەوەندی کورد لەگەڵ هیچ یەک لە وڵاتانی دەرەکی دا یەک ناگرێتەوە. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لەو وڵاتانە ئامادە نەبن دان بە مافەکانی کورد دا بنێن، جا ئیدی هەر باسی داکۆکیکردن مەکەن. ئەوەش وایکردووە، کاتێک کە دەگاتە پرسی کورد، وڵاتانی ڕۆژاوایی پێوانە و بنەما زاگۆنییەکانی خۆشیان تەنانەت لە بیر بکەن. بۆچی دەبێت پۆلیسی بریتانیا، دوای چەندین ساڵ گەمارۆدانی باڵوێزخانەی ئیکوادۆر لە لەندەن، نەتوانێت ژوولیان ئاسانژ دەست بەسەر بکات؟ ئەگەر بە گوێرەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان توانایی ئەو کارەی نییە، ئەدی بۆچی دەبێت لە ئاست کەسایەتییەکی وەکوو ئۆجالان دا، پەیامننامە نێونەتەوەییەکان بێواتا و کارپێنەکراو بن؟ چونکە پێوانە و زاگۆن بەرهەمی دۆخی ئاسایین و هەر لەو دۆخەش دا کاریان پێ دەکرێت. بەڵام کاتێک کە سنووری نیوان باش و خراپ و، نێوان ڕێگەپێدراوی و ڕێگەپێنەدراوی دەڕووخێن و، ئەو دوو کەرتانە تێکەڵ بە یەک دەبەن، هەر دوو پۆلێنی ئاکار و زاگۆن واتای خۆیان لە دەست دەدەن. بەو هۆیەی کە دۆزی کورد لەم دۆخە دایە، چاوەڕوانی هەڵسووکەوتی ئاکاری و زاگۆنی لە دونیای دەرێ و داگیرکەرانی کوردستان کارێکی دروست نییە. خۆنەناسینی کوردیش، هەر وەک لە بەشەی داهاتوو دا نیشانی دەدەین، ئەوەندەی دیکە ئەم دۆزە دەگمەنەی لێ دەگمەنتر کردووە.

# ٣. خۆنەناسینی کوردی و دەگمەنتربوونی دۆزەکەی

خۆناسین بە واتای زانینینی نێو و هەڵکەوتەی جوگرافیایی نییە. منداڵێکی چەند ساڵانیش نێوی خۆی و شارەکەی دەزانێت. بۆ ناسینی خۆ، هەر سابجێکتێک، لە تاکەوە بگرە هەتا دەگاتە کۆمەڵگا و نەتەوە، پێویستی بە بڕینی چەند مەرجی سەرەکی هەیە. بە پێی ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، مەرجی یەکەم، ناسینی هزری خۆیە، کە ئەویش بریتیە لە دارشتە و پەرگالی هزری، مێژووی هزر و، چۆنییەتی بیرکردنەوە. بە پێی ئەوەی کە مرۆڤ پێکهاتووە لەو شتانەی کە هەتا ئێستا کردوونی، مەرجی دووهەم، ناسینی مێژووی خۆیە، هەر لە دەستپێکەوە هەتا قۆناخی هەیی، بە تایبەت ئەو قۆناخە گرینگانەی کە لە دارشتنی ناسنامەی ئەو دا دەوری بنگەییان گێراوە. بە پێی ئەوەی کە ئەو شتەی کە مرۆڤی لەسەر پێ ڕاگرتووە و، لە نەبوونی دا، بوونی ئەویش ناتوانێت بۆ چرکەساتێک بەردەوامی بە بوونی خۆی بدات، هێزە، سێهەم مەرجی خۆناسین شارەزایی بەسەر ئاستی هێز و تواناییەکانی خۆ دایە. بە لەبەر چاو گرتنی ئەو سێ مەرجە سەرەکییە، با چاوێک لە کورد بکەین و، بزانین چەندەی خۆ ناسیوە.

**هزر و فەلسەفە**

پەرگالی هزری دونیای ڕۆژهەڵات بە گشتی، شاخەکانی زاگرۆسیشی پێوە بێت، تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە فەلسەفەی ڕۆژاوای هەڵدەوێرێت. لە هزری زەردەشتی و ڕۆژهەڵات دا، دووانەکان لە نێو یەک دا دەژین و یەکتری تەواو دەکەن. بۆ وێنە، زەردەشت لەو باوەڕە دا بوو کە باش و خراپ لە نێو یەک دا دەژین و لەگەڵ یەکتری دا دەمێننەوە. گرینگی ئەو پرێنسیپە لەو ئاستە دایە کە هەر لە دەستپێکی پەرتووکی پیرۆز دا، "ئەوێستا"، زەردەشت دەڵێت:

> لە سەرەتا دا، دوو پێکهاتەی ئاواڵدووانە، کە لە هزر و وتار و کردار دا یەکیان باش و ئەوەی تریان خراپ بوو، لەگەڵ یەکتری دا قسەیان کرد.
>
> لەو دووانە، زانایان ڕاستیان هەڵبژارد، نەک نازانایان.
>
> ئەو کاتەی کە ئەو دوو پێکهاتەیە بە یەک گەیشتن، لە دەستپێک دا "ژیان" و "ناژیان"یان دامەزراند و، هەتا کۆتایی بوون هەر ئاوا دەبێت.[78]

---

[78] زەردەشت، *اوستا*، جلد اول، گزارش و پژوهش، دوستخواه، جلیل (تهران: انشارات مروارید، ١٣٧٧) ص. ١٤ـ١٥.

ئەم پرێنسیپە شتێکی ساکار نییە و گرینگی خۆی هەیە. ئەگەر بڵێین کۆڵەکەی سەرەکی پەرگالی هزری کورد و ڕۆژهەڵاتی دونیا پێکدێنێت، زیادمان پێوە نەناوە. گرینگتر لە هەمووی، فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە هی ڕۆژاوا هەڵدەوێرێت. چونکە *ڕێچکەی باڵادەست* لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا دا، دووانەکان لە دژی یەک دادەنێت و یەکیان لە قازانجی ئەوەی دیکە ڕەد دەکاتەوە. "بەرەی چەپ"، بۆ وێنە، لەو باوەڕە دایە کە مرۆڤ بە "سروشت" بوونەوەرێکی باشە و کۆمەڵگای سروشتیش بەهەشتی سەر زەوییە. ئەوەی کە مرۆڤی لە "سروشتی" خۆی لاداوە و کۆمەڵگای سروشتی تێکداوە، بە باوەڕی چەپەکان، دەوڵەتە. وەکوو یەکێک لە باوکەکانی چەپ، "ژان ژاک ڕۆسۆ" دەیکوت؛ نەخۆشییەکانی مرۆڤایەتی ئەو کاتە دەست پێدەکەن کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای سروشتی دەرباز دەبێت و پێ دەنێتە نێو کۆمەڵگای شارستانییەوە.[79] چارەسەری چەپەکان بۆ دەربازبوون لەو دۆخە، ڕووخانی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی مرۆڤە بۆ کۆمەڵگای سروشتی.

بە پێچەوانەوەی چەپەکان، "بەرەی ڕاست" مرۆڤ دەکات بە ئاژەڵێکی هۆڤ[80] و، کۆمەڵگای سروشتیش وەکوو جەهەنەم دەچوێنێت. "تۆماس هابس" وەکوو یەکێک لە باوکەکانی ئەم ڕێچکەیە، لەو باوەڕە دا بوو کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خۆویست و خوداژۆیە[81] و، تەنیا لە بیری زیادکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دایە. ئەگەر دیاردەیەکی وەکوو دەوڵەت نەبێت کە خوداژۆیی مرۆڤ بخاتە ژێر چاودێرییەوە، بە باوەڕی هابس، مرۆڤ کۆمەڵگا بەرەو "شەڕی هەموو دژی هەموو" دەبات. تەواو بە پێچەوانەی چەپەکان، هابس لەو باوەڕە دا بوو کە لە کۆمەڵگای سروشتی دا،

> شوێنێک بۆ پیشەسازی نییە... چاند و کولتوور لەسەر زەوی بوونیان نییە... ماڵ و باڵەخانی خەملێنراو بوونیان نییە... هیچ چەشنە زانستێک لەسەر ڕووی زەوی بوونی نییە، هیچ شوێنێک بۆ کات، بۆ هونەر، بۆ زانین و کۆمەڵگا بوونی نییە. ئەوەی کە لە هەمووشی خراپترە، بوونی ترسێکی بەردەوامە لە مردنێکی توندوتیژانە. ژیانی مرۆڤیش، بە تەنیا، هەژار، خراپ، پڕ لە توندوتیژی و، کورت دەبێت.[82]

بەڵام ئەوەی کە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە هی ڕۆژاوا هەڵدەوێرێت، تەنیا مژاری "سروشتی" شتەکان نییە. بۆ وێنە، هەمووومان دەزانین کە لە وڵاتی "هیند" مردووەکان دەسووتێنن و خەڵوسەکەیان دەخەنە نێو ڕووبارەوە. ئەو کەسانەی کە سەردانی هیندیان کردووە و "چۆمی گەنجی"یان بینیوە، دەڵێن؛ کاتێک کە مرۆڤ بە تەنیشت ئەو چەمە دا تێپەڕ دەبێت، بۆنە گۆشتی سووتاوی مردووەکان هێندە توندە، کە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ لە مرۆڤ تاڵ دەکات. سەرەڕای ئەمە، مرۆڤ لە فەلسەفەی پشت ئەو نەریتە ناکۆڵێتەوە؛ بۆچی سووتاندن و بۆچی تێکەڵکردنی خەڵووسی مردوو بە ئاوی چۆم؟ چونکە لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا دووانەی "ژیان" و "ناژیان" لە نێو یەک دان و تەواوکەری یەکترین، سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووواڵەت دا دژ بەیەکن. لێرە دا، ئاوی ڕووبار نوێنەری ژیان و تەڤگەڕینە و، خەڵووسی مردووش نوێنەری مردن و وێستان، کە تێکەڵ بەیەک بەردەوامی بە بوونی خۆیان دەدەن. یا ئەگەر بڕوانینە هێمای "ئین و یانگ"، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی فەلسەفەی "چین" پێکدێنێت، دەبینین کە دووانەی ڕەش و سپی لە نێو یەکدان، یەکتری تەواو دەکەن و، گرێدراو و وابەستەی یەکترین.

[79] Rousseau, Jean-Jacques. *A Discourse on Inequality* (London: Penguin, 1984) p. 84.

[80] وحشی

[81] Egoist

[82] Hobbes, Thomas. *Leviathan: Cambridge Text in the History of Political Thought* (Cambridge: Cambridge University Press, 1991) p. 89.

سەرەڕای ئەوەی کە "دیالێکتیک" بە هزری ئەوروپا نامۆ نییە و، هەر لە یونانی کەوناراوە بگرە هەتا ئێستا هەنتەشی[83] خۆی پاراستووە و، لە فەلسەفەی "هێگێل" و "مارکس" دا لووتکەی پێگەی خۆی پێکاوە، بەڵام ئەو دیالێکتیکەی کە لە ڕۆژاوا دا پێشکەوتووە قەوارەی "نەفی-نەفی" هەیە. واتە باسکێک باسکەکەی بەرامبەری ڕەد دەکاتەوە، لە بری ئەوەی کە تەواوکەری بێت؛ یا لە بری ئەوەی کە لەگەڵی دا بژی، لە ناوی دەبات.

**Ying u Yang**



ئەو مێتۆدە دووپەکییە[84] لە بەشەکانی دیکەی فەلسەفە و زانستی ئەورووپا دا بەدی دەکرێت. بۆ وێنە، زانستناسی[85] بە دوو کەرتی دژبەیەک دابەش بووە. کەسانی وەکوو "ڕێنە دێکارت" مێشک و ژیرییان بە بنەما دەگرت و، هەستیان ڕەد دەکردەوە. بە باوەڕی دێکارت، کە وەکوو یەکێک لە باوکەکانی ژیراژۆیی[86] ناسراوە، تەنیا ئەو زانینە باوەڕپێکراوە کە لە ڕێی مێشکەوە بە مرۆڤ گەیشتبێت. دێکارت هەر چەشنە زانینێک کە لە ڕێگای هەستەوە بە مرۆڤ گەیشتبێت بە کاڵ و خەیاڵی دەزانێت. لە نکوڵیکردنی ئەم چەشنە زانینە دا، دێکارت دەیکوت؛ "من هیچ لەو شتە زیاتر نیم کە بیر دەکاتەوە؛ واتە مێشکێک یا ڕووحێک، یا تێگەیشتن، یا ژیری؛ ئەو دەستەواژانەی کە هەتا ئێستا گرینگییەکانیان بۆ من نامۆ بوون".[87] دێکارت پێگەی هەست ئەوەندە دادەبەزێنێت کە تەنانەت باوەڕی ئەوەشیان پێ ناکات کە پێی دەڵێن ئەو بوونی هەیە. ئەم بێ باوەڕییە بە هەست دێکارت تا ئەو ئاستە دەبات کە بوونی خۆشی ڕەد دەکاتەوە. بەڵام کاتێک کە تێدەگات "بیر" لە بوون و نەبوونی خۆی دەکاتەوە، ئەو کات دەڵێت؛ مادام بیر دەکەمەوە، دەسا من هەم.

---

[83] حضور

[84] Dichotomy
[85] Epistemology
[86] Rationalism
[87] Descartes, Rene. *Key Philosophical Writings* (London: Wordsworth Classic, 1997) p. 142.

ژیراژۆیی دێکارت لە لایەن "دەیڤید هیووم"، یەکێک لە باوکەکانی ئەزموووناژۆیی،[88] ڕەد دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە ئەوەیە کە هیووم دەبێتە پێچەوانەی دێکارت. واتە هەست بە بنەما دەگرێت و ژیریی دادەبەزێنێت. بە پێچەوانەی دێکارت، هیووم هەر چەشنە زانینێک کە لە ڕێی مێشکەوە بە مرۆڤ بگات بە کاڵ و کرچ ناو دەبات. بە باوەڕی ئەو، "هەر بیرۆکەیەک لەو هەست و سۆزانەی کە لە پێشییەوە هاتوون کۆپی کراوە؛ لەو شوێنانەی کە هەستی لێ نییە، دڵنیا بن کە هیچ بیرۆکەیەکیش بوونی نییە".[89] هاوشێوەی دێکارت، بەڵام بە ئاراستەیەکی دژ دا، هیووم تا ئەو ڕادەیە دەچێ کە ژیری وەکوو کۆیلەی هەست دەچوێنێت. بۆ وێنە، کاتێک کە مرۆڤ برسی دەبێت، بە باوەڕی ئەو، دەچێ لە بابۆڵەفرۆشی سەری گەڕەک بابوەڵەیەک دەکرێت. ئەوەی کە لێرە دا مرۆڤ ڕادەنێت و بڕیاری پێدەدات، "هەست"ی برسی بوونە. ژیری تەنیا مێتۆدێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێیەک بۆ تێرکردنی هەست، کە لێرە دا ڕۆیشتن بۆ بابۆڵەبرۆشی سەری گەڕەکە.

فەلسەفەی ئەورووپا لە سەر زۆربەی مژارەکان شتەکان دووبەش دەکات و، دەوری دژبەری و ڕەدکردنەوەی ئەوەیدی دەدات بە یەکێک لەو دووانە. هەتا دەستپێکی سەدەی بیستەم خودی فەلسەفە مابوو دووبەش نەکرێت، بەڵام لەو کاتە بەملاوە فەلسەفەشیان بەسەر دوو باسکی "شرۆڤەیی"[90] و "قوڕنەیی"[91] دا دابەش کرد. یەکێک لەو فاکتۆرانەی کە فەلسەفەی دابەش کرد، مژاری "ڕۆشنگەری"یە؛ ئەو ڕۆشنگەرییەی کە لە دێکارتەوە دەستی پێکرد و پاش "ئیمانوێل کانت" بە لووتکەی خۆی گەیشت؛[92] ئەو ڕۆشنگەرییەی کە لە دژایەتی هەست دا، ژیری بەرز کردەوە و دەوری زاڵ بوونی پێدا. فەلسەفی شرۆڤەیی باوەڕی بەو ڕۆشنگەرییە هەیە و خۆی بە بەردەوامی ئەو ڕێچکەیە دەزانێت.[93] بەڵام بە پێچەوانە، فەلسەفەی قوڕنەیی ڕەخنەگری ڕۆشنگەری و باڵادەست بوونی ژیریی گەردووناژۆوییە[94] و، گرینگی دەدات بە دۆخ و کولتوور کە بەرهەمهێنەری هزر و ڕوانگەی جیاوازن.[95] فاکتۆری جیاکەرەوەی دووهەم، شێوازی نووسینە. فەلسەفەی شرۆڤەیی باوەڕی بە نووسینی ڕێکوپێک و ڕەوان هەیە. لە کاتێک دا فەلسەفەی قوڕنەیی زۆر گوێ بە ڕەوان بوونی زمان نادات.[96] فاکتۆری سێیەم مێتۆدی شرۆڤە و ئاژەنتی کردنە. فەلسەفەی شرۆڤەیی سەرنج دەخاتە سەر چەند خاڵ و، وەکوو ئەو مەلەوانەی کە بە سەرەوە خۆی هەڵدەداتە نێو گۆم و هەتا سەر گۆی زەوی دەڕوات، ئەویش بەو چەشنە خۆی هەڵدەداتە نێو یەک مژار و قوڵاییەکەی دەپێکێت. پاش ئەوەی کە هاتەوە دەرێ، ئەو جار مژارێکی دیکە هەڵدەبژێرت و وەکوو ئەوەی پێش دەچێتە قوڵایی ناخییەوە. بەڵام فەلسەفەی قوڕنەیی کۆی بابەتەکە، هەر

---

[88] Empiricism

[89] Hume, David. *An Enquiry Concerning Human Understanding* (Cambridge: Hackett, 1977) p. 52.

[90] Analytic

[91] Continental

[92] Kant, Immanuel. *Political Writings: Cambridge Texts in the History of Political Thought*, Edited by Reiss, H.S. (Cambridge: Cambridge University Press, 1991 [1970]) p. 54-55.

[93] Pettit, Philip. "Analytical Philosophy". In: Goodin, Robert., Pettit, Philip. and Pogge, Thomas. Eds. *A Companion to Contemporary Political Philosophy* (Oxford: Wiley-Blackwell, 2012) p. 5.

[94] Universalisal

[95] West, David. "Continental Philosophy". In: Goodin, Robert., Pettit, Philip. and Pogge, Thomas. Eds. *A Companion to Contemporary Political Philosophy* (Oxford: Wiley-Blackwell, 2012) p. 37-39.

[96] West, p. 37.

له دەستپێکەوە هەتا کۆتایی، لە بەر چاو دەگرێت و، وەک ئەوی مەلەوانەی کە بەسەر ڕووبەری ئاوەکە دا مەلە باسکە دەکات، ناچێتە نێو قوڵایی گۆمەکە، بۆ ئەوەی کە دیمەنی کۆی چۆمەکەی لێ ون نەبێت.

بەڵام لێرە دا پرسیارێک دێتە پێشێ: ئەگەر نووسەرێک ڕەخنەگری ڕۆشنگەری و ڕێچکەی گەردووناژۆیی (پێوەرەی فەلسەفەی قورنەیی) بێت، بەڵام لە شرۆڤەکانی دا سەرنج بخاتە سەر چەند مژاری سەرەکی باسەکە (پێوەرەی شرۆڤەیی)، بە گوێرەی ئەم پۆلێنبەندییە، چۆن پێناسە دەکرێت؟ ئەدی ئەگەر نووسەرێک کۆی بابەتەکە بداتە بەر باس (پێوەرەی قورنەیی)، بەڵام تیشکی شرۆڤەکانی لەسەر سەر چەند ڕەهەندی تایبەتی بابەتەکە (پێوەرەی شرۆڤەیی) بێت و، بە زمانێکی ویشک و نارەوان (پێوەرەی قوورنەیی) بنووسێت، دەکەوێتە کام پۆلێنەوە؟

کاتێک کە "خودی" فەلسەفەی ئەورووپا نەیتوانی خۆی لەو دوولەت بوونە بپارێزێت، ئەی سیاسەت چۆن دەتوانێ خۆی بپارێزێت؟ بێگومان نەیتوانی و تەنانەت پێش دووکەرت بوونی فەلسەفە، واتە لە میانەی شۆڕشی فەڕانسە دا، بناغەی دابەشبوونی سیاسەت داڕژا. لە "کۆڕگەی نەتەویی فەڕانسە" لە ساڵی ١٧٨٩ دا، ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە یەکسانی بوو، بە هەڵکەوت، لە دەستی چەپی کۆڕگەکە دا دانیشتبوون و، دژبەرانیشیان لە دەستی ڕاست.[97] هەرچەند لەو کاتەوە هەتا ئێستا، پێوەرەی دیکەش بە کۆی ناسنامەی "چەپ" و "ڕاست" زیاد و کەم بووە، بەڵام یەکسانی وەکوو پێوەرەیەکی سەرەکی پاوەجێیە و، لایەنگرانی ئەو دوو ڕێچکەیە لەیەک هەڵدەوێرێت. بەڵام سۆسیالیسم وەکوو بیردۆزی و بزووتنەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، واتە چەند دەیە پاش شۆڕشی فەڕانسە. بۆ یەکەمجار "پییر لێرۆ"، لە ساڵی ١٨٣٤ دا، وشەی سۆسیالیسمی بەکار هێنا و، لەم سۆنگەیەوە کوتی:

> من یەکەم کەسم کە وشەی سۆسیالیسمم بەکار هێناوە... سۆسیالیسم وشەیەکی نوێیە، وشەیەکی نوێی پێویست. من ئەو وشەیەم خولقاند وەکوو دژبەرێک بۆ "تاکاژۆیی"[98]، کە بە شێوازێکی بەربڵاو خەریک بوو دەکەوتە سەر زار.[99]

شەپۆلی یەکەمی سۆسیالیسم، کە پاشان لە لایەن "فرێدریک ئینگێلس"ەوە بە "سۆسیالیسمی ئۆتۆپیک" ناودێر کرا،[100] زیاتر لە دژی تاکاژۆیی و چەمکی سەپاندنی تاک بە سەر کۆمەڵگا دا خۆی پێناسە دەکرد. یەکێک لە دەمڕاستانی ئەو سۆسیالیسمە، "سانت سیمۆن"، لەو باوەڕە دا بوو کە تاکاژۆیی قووڵترین برینی کۆمەڵگایە؛ ئەو تاکاژۆییەی کە وەکوو بەرهەمی شۆڕشی فەڕانسە و پێشەسازی بناغەکانی کۆمەڵگای نەریتیی ئەو کاتی ئەورووپای کردبووە ئامانج.[101] بەڵام ئەو سۆسیالیسمەی کە لە لایەن "کارڵ مارکس"ەوە تێۆریزە کرا، کە بە "سۆسیالیسمی زانستاژۆ" ناسراوە، سەرەڕای سەپاندنی کۆمەڵگا بەسەر تاک دا، زیاتر لە دژی پەرگالی کاپیتالیسم جومگەبەندی کراوە.

بە گوێرەی ئەو پۆلێنبەندییانەی کە ئێستا لە ئەورووپا دا دەکرێن، چەپ باوەڕی هەیە بە یەکسانی، ئینترناسیۆنالیسم، گۆڕان و نوێبوونەوە، پێشترێتی کۆمەڵگا بەسەر تاک و، کۆنترۆڵی بازاڕ. بە پێچەوانە،

---

[97] Bobbio, Norberto. *Left and Right: The Significance of a Political Distinction* (Cambridge: Polity Press, 1996) p. 33-39.
[98] Individualism
[99] Cited in Beecher, Jonathan. “Early European Socialism”. In: Klosko, George. Ed. *The Oxford Handbook of The History of Political Philosophy* (Oxford: Oxford University Press, 2013) p. 369.
[100] Engels, Fredrick. *Socialism: Utopian and Scientific (*Progress Publishers, 1970 [1880]).

[101] Beecher, p. 372-73.

بەرەی ڕاست باوەڕی هەیە بە ستوونی بوونی کۆمەڵگا و جیاوازی توێژەکان، ناسیۆنالیسم، نەریتاژۆیی،[102] پێشتریێتی تاک بە سەر کۆمەڵگا دا و، بازاڕی ئازاد.

بۆ تاقیکردنەوەی گونجاوێتی ئەو پۆلێنبەندییە ئەم پرسیارانە دەکەین: ئەدی ئەو کەسەی کە باوەڕی بە یەکسانی (پێوەرەی چەپ)، ناسیۆنالیسم (پێوەرەی ڕاست)، لە هەندێک کات دا گۆڕان (پێوەرەی چەپ) و لە هەندێک شوێن دا نەریتاژۆیی (پێگەی ڕاست) هەبێ، لە کوێ دا جێ دەگرێت؟ ئەی ئەو کەسەی کە باوەڕی بە یەکسانی، ئینترناسیۆنالیسم و، بازاڕی ئازاد هەیە چی؟ ئەدی ئەو کەسەی کە باوەڕی بەوە هەیە کە نە تاک و نە کۆمەڵگا لە پێش ئەوەی دیکەوە نین و، ئەو پرسیارانەی کە لەمەڕ پێشتریێتی یەکیان دەکرێن ئامانجیان تەنیا سەپاندنی ئەو یەکەیە بەسەر ئەوەی دیکە دا، چۆن پێناسە دەکرێت، بە گوێرەی ئەم پۆلێنبەندییە؟

هەر ئەو دیاردەیەی کە زۆر کەس خۆی بە چەپ دەزانێت، بەڵام چەپ بوونی لە لایەن زۆر کەسەوە پەسەند ناکرێت، گوزارە لە بێکەڵک بوونی ئەو پۆلێنبەندییە دەکات. با چاو لە چەند وێنەی ئەو کەسانە بکەین. "بێرنی ساندێرز"، ڕکەبری "هیلاری کلینتۆن" لە "پارتی دێموکراتی ئامریکا"، خۆی بە چەپ دەزانێ، چونکە باوەڕی بە یەکسانی هەیە. بەڵام بە پێی ئەوەی کە باوەڕی نییە بە سەپاندنی کۆمەڵگا بەسەر تاک و دامەزراندنی ''دیکتاتۆری پرۆلیتاریا''، چەپ بوونی لە لایەن زۆر کەسەوە پەسەند ناکرێت. "فەڕانسوا ئۆلان" سەرۆکی ''پارتی سۆسیالیست''ی فەڕانسە هەتا ساڵی ٢٠٠٨ و، لەو ساڵە بەملاوە سەرۆک کۆماری فەڕانسە، ئەوەیش کێشەکانی بێرنی سەندێرزی هەیە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە "ئێرنێستۆ چێگێڤارا"، یەکێک لە ڕێبەرانی شۆڕشی کووبایە، کە بە گشتی بە کەسایەتییەکی چەپ و پێشەنگی بزاڤی سۆسیالیستی ناسراوە. هەن ئەو کەسانەی کە چەپ بوونی چێگێڤارا دەخەنە ژێر پرسیارەوە، چونکە یارمەتی گەلانی ''کۆنگۆ'' و ''بوولیوی'' داوە بۆ دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پۆلێنبەندییە بێکەڵکە هەڵقولاوی هزری ئەورووپایە، بەڵام لە لایەن هەندێک لە فیلەسووفان و کۆمەڵناسانی ئەو دەڤەرە خراوەتە ژێر ڕەخنەوە. بۆ وێنە، "ژان پۆل سارتر"، فیلەسووفی فەڕانسەوی، باوەڕی بەم چەشنە دابەشکردنەی سیاسەت نەبووە و بە شتێکی بێکەڵکی زانیوە.[103] لە پێناو تێپەڕاندی چەپ و ڕاست، "ئانتۆنی گیدێنز"، کۆمەڵناسی بریتانیایی، ڕێچکەیەکی دیکەی تێۆریزە کردووە بە نێوی "ڕێگەی سێهەم"؛ بیرۆکەیەک کە، بە باوەڕی گیدێنز، لە ساڵی ١٩٥١ دا لە کۆنفرانسی ئافراندنەوەی "سۆسیالیستی ئینترناسیۆناڵ" پێشنیار کراوە.[104] بەڵام سەرەڕای ئەمانە، "نۆربێرتۆ بۆبیۆ"، تێۆریسییەنی ئیتالیایی، لەو باوەڕە دایە کە سیاسەتی ئەورووپا ناتوانێ خۆی لە دووانەی چەپ و ڕاست دەرباز بکات. ئەڵبەت، بۆبیۆ هەر دوو باڵی چەپ و ڕاستی بە دوو نیمچە-باسکی ڕادیکاڵ و مامناوەند دابەش کردووە.[105]

لەمەڕ ئەوەی کە پێکدادانی دووانەکان لە فەلسەفە و زانست دا کاریگەری باشی بووە یا خراپ، من هەتا ئێستا دڵنیا نیم. بەڵام لەو باوەڕەدام کە دوولەت کردنی سیاسەت بەسەر چەپ و ڕاست و، پێکدادانیان، هەم لە بواری نێونەتەوەیی و، هەم لە بواری نەتەوەیی دا خەساری گەورەی لە مرۆڤایەتی داوە. لە شەڕی جیهانی دووهەم دا، "هیتلێر" نوێنەرایەتی ڕاستی توندڕاژۆی دەکرد، کە چاوی بینی هیچ سۆسیالیستێکی نەبوو و، "ستالین"یش وەکوو نوێنەری چەپ، لە هەوڵی لەناو بردنی بەرەی ڕاست و

---

[102] Traditionalism.سنتگرایی
[103] Bobbio, p. 3.
[104] Giddens, Anthony. *The Third Way: The Renewal of Social Democracy* (Oxford: Polity Press, 1998) p. 25.
[105] Bobbio, p. 78-79.

چێکردنی ”دیکتاتۆری پڕۆلێتاریای“ جیهانی دا بوو. لە ئاستی نەتەوەیی دا، دوولەت کردنی سیاسەت خەساری لە هەندێک گەلی ژێردەست و سەربەخۆ دا. بۆ وێنە، وڵاتێکی وەکوو ”کۆریا“ی بە دوو بەشی باکووری چەپ و باشووری ڕاست دا دابەش کرد. ئەوە لە کاتێک دایە کە دابەش نەبوونی ئەو وڵاتە و تێکهەڵکێشانی ئابووری پێشکەوتووی کۆریای باشوور و سوپای بەهێزی کۆریای باکوور دەیتوانی پێگەیەکی بەهێز بدات بەوڵاتە، تەنانەت لە ئاستی دونیا دا. لە نێو نەتەوە ژێردەستەکان دا، کێشەی چەپ و ڕاست خەساری گەورەی لە نەتەوەی کورد داوە، کە لە خوارەوە باسی دەکەین. بەڵام پێش ئەوەی کە بچینە سەر باسەکە با ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەین.

"کارڵ مارکس"، کە یەکێک لە باوکەکانی بەرەی چەپە، تەنانەت کۆمەڵگاشی بەسەر دوو بەشی سەرەکی دا دابەش کردووە: "پڕۆلێتاریا" واتە کرێکارانی کارگە و، کاپیتالیست یا خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. لە هەمان کات دا، مارکس داوای لە پڕۆلێتاریا دەکرد کە لە میانەی شۆڕشێکی خوێنین دا پەرگالی کاپیتالیسم بڕووخێنێت و دیکتاتۆری خۆی دامەزرێنێت.[106] بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیە، کۆمەڵگا زۆر لەوە ئاڵۆزتر و فرە-ڕەهەندترە کە بەسەر دوو بەشی پڕۆلێتاریا و کاپیتالیست دا دابەش بکرێت. ئەو ڕەخنەیە هەر لە دەستپێکی سەدەی بیستەم دا لە لایەن کەسانی وەکوو "ژۆزێف شوومپیتێر" ئاراستەی مارکس کراون.[107] بەڵام ئەگەر ئەو گریمانە ڕاستیش بێت، ئەدی بۆچی دەبێت ئەو دوو بەشەی کۆمەڵگا، هاوشێوەی دووانەکانی دیکە، لە بری تەواوکردنی یەک، بەگژ یەکدا بکرێن و ئەرکی باڵێک خۆسەپاندن بەسەر ئەوەی دیکە دا بێت؟ کەسانی وەکوو "ڤلادیمیر لینین" هەر چەشنە هەوڵێک بۆ پێکەوە کارکردنی ئەو دوو باڵەی بە هەلپەرەستی ناو دەبرد و، بە توندی هێرشی دەکردە سەر دەمڕاستانی ئەم ڕێچکەیە: "ئێدوارد بێرنێشتاین" و "کارڵ کائۆتسکی".[108]

### کورد و خۆ تێوەگلاندن لە شەڕی چەپ و ڕاست

بێئاگا لەو ڕاستییەی کە دوولەت کردنی سیاسەت بەسەر چەپ و ڕاست دا هەڵقوڵاوی فەلسەفەی ئەورووپایە و، لەتەک ناوەڕۆکی هزری زاگرۆسی دا ناکۆکە؛ بێئاگا لەو ڕاستییەی کە ئەو چەشنە سیاسەت کردنە هەڵقوڵاوی دۆخێکە جیاواز لە دۆخی دەگمەنی کوردستان، زۆرینەی بزاڤی کورد لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا خۆی خستە نێو شەڕی چەپ و ڕاستەوە. سەرەڕای ئەوەی کە لەو شەڕە دا لە بەرەی چەپ دا جێی گرت، بەڵام هەتا ئێستا هیچ وڵاتێکی چەپ هەڵوێستی لەسەر دۆزی کورد نەبووە، هەتا وەکوو وڵاتانی دیکەی ”دونیای سێهەم“ یارمەتی بزاڤی کوردی بکەن. من باس لە وڵاتانی چین، ڕووسیە، کووبا، کۆریای باکوو، ئاڵبانی و ئەو وڵاتانەی دیکە ناکەم کە خۆیان بە چەپ دەناسێنن، یا وەکوو چەپ ناسراون. هیچ ڕەخنەی بێ هەڵوێست بوونیشیان ناکەم. چونکە سۆسیالیست بوونی ئەو وڵاتانە وەکوو "چەمکە مشتوومڕاوی"یەکانی لێهاتووە؛ لە کاتێک دا کە کەس بە چەپیان نازانێت، هەموو کەس وەکوو چەپ ناودێریان دەکەن. ئەوەش، هەر وەک باسمان کرد، گوزارە لە بێکەڵک بوونی ئەو پۆلێنبەندییە دەکات. بەڵام با لێرە دا چاوێک لە سەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبری ١٩١٧ڕووسیە بکەین؛ ئەو کاتەی کە

---

106 Marx, Karl. and Engels, Friedrich. *The Communist Manifesto* (Oxford: Oxford University Press, 1992) p. 17.

107 Schumpeter, Joseph. *Capitalism, Socialism and Democracy* (New York: Harper Perennial Modern Thought, 2008 [1942]) p. 18-19.

108 Lenin, Vladimir. *State and Revolution* (New York: Regnery, 2009) p. 45.

لێنین بۆخۆی هاوساری بەرەی سۆسیالیسمی لە دەست دا بوو. وا بزانم زۆربەی سۆسیالیستەکان گومانیان لە چەپ بوونی لێنین دا نییە. (ئەڵبەت لێرەش دا، هەندێک لە سۆسیالیستەکان کاتێک کە ڕووی ڕاستینەی لێنینیان بۆ دەردەکەوێت، لە باسەکانی پێشووی خۆیان پاشگەز دەبنەوە و دەڵێن؛ لێنینیش هەر سۆسیالیستی ڕاستەقینە نەبوو).

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩١٧، یەکێک لە بەرنامەکانی "یەکێتی سۆڤییەت" هالیکاری شۆڕشی گەلانی"دونیای سێهەم" بوو. هۆی ئەمەش ئەوەیە: مارکس دەیکوت بە پێی ئەوەی کە وڵاتانی کاپیتالیستی وەکوو بریتانیا خاوەن چینی پڕۆلێتاریان، شۆڕشی سۆسیالیستی لەوێ هەڵدەگیرسێت. بەڵام بە پێچەوانە، شۆڕش لە وڵاتێکی وەکوو ڕووسیە دا سەریهەڵدا، کە ئەوکات قۆناخی دەرەبەگایەتی تێپەڕ نەکردبوو. لە وڵامی ئەم چمامە[109] دا، لێنین کوتی؛ دەوڵەتانی کاپیتالیستی وەکوو بریتانیا، کە بەشێکی زۆر لە ئافریقا و ئاسیای لە ژێر دەست دا بوو، سامانە سروشتییەکانی ئەو وڵاتانەی تاڵان کردووە و دەرخواردی پڕۆلێتاریای بریتانیایی داوە. بەو شێوەیە هەستی شۆڕشگێڕی لە ناخیان دا کوشتووە و، نەیهێشتووە لە دژی پەرگالی ڕامیاری ئەو وڵاتە سەرهەڵبدەن. بە باوەڕی لێنین، بۆ ئەوەی شۆڕشی پڕۆلێتاریا بخرێتە نێو شارەکانی بریتانیاوە، پێویست بوو سۆڤییەت یارمەتی ئەو وڵاتە ژێردەستانە بدات. کاتێک کە خۆیان ئازاد کرد و دەستیان گرت بەسەر سامانە سروشتییەکانیان دا، هێڵانی بریتانیا نادەن کە سەرچاوکانیان لێ تاڵان بکات و دەرخواردی پڕۆلێتاریای خۆی بدات. لە ئاکام دا، بە باوەڕی لێنین و ڕێبەرانی دیکەی پارتی کومونیست، پڕۆلێتاریای بریتانیا سەرهەڵدەدات و پاش تێکشکانی دەوڵەت، هاوشێوەی ڕووسیە، "دیکتاتۆری پڕۆلێتاریا " دادەمزرێنێت. پتر لەوەش، "لێۆن ترۆتێسکی" دەیکوت؛ ئەگەر شۆڕشی پڕۆلێتاریا لە بریتانیا و وڵاتانی دیکە هەڵنەگیرسێت، شۆڕشی سۆسیالیستی ڕووسیەش، لە دوا ڕۆژ دا، سەرناکەوێت.[110]

یەکەم هەنگاوی سۆڤییەت لەو پێناو هەڵگیرسانی شۆڕش لە دژی کاپیتالیسمی جیهانی، سازدانی "کۆنگرەی یەکەمی گەلانی ڕۆژهەڵات" بوو، کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە شاری "باکو"ی "ئازەربایجان" بەڕێوە چوو. لەو کۆنگرەیە دا هەندێک لە چالاکوانانی تورک لە ئێرانیشەوە بەشدار بوون. بۆ وێنە، "ژێنراڵ لاهووتی" کە لە چەپەکانی تەورێز بوو.[111] "هۆ شیمین" ڕێبەری شۆڕشی ڤییێتنام کە لەو کۆنگرەیە دا بەشدار بووە، دەڵێت:

> پاش ئەم کۆنگرە مێژووییە، سەرەڕای هەبوونی کێشەگەلێکی زۆری ناوخۆیی و دەرەکی، ڕووسیەی شۆڕشگێڕ هیچ کات دوودڵی نەکرد لە یارمەتی کردنی ئەو گەلانەی کە لە ئاکامی شۆڕشە مێژووییەکەیی خۆی دا وریا ببوونەوە. یەکێک لە گرینگترین بڕیارەکانی ئەو کۆنگرەیە کردنەوەی زانینگەی ڕۆژهەڵات بوو.[112]

---

[109] معما

[110] DeFronzo, James. *Revolutions and Revolutionary Movements* (Oxford: Westview, 1996) p.43-44-47.

[111] Abrahamian, Ervand. *Iran Between Two Revolutions* (Princeton: Princeton University Press, 1982) p. 119.

[112] Minh, Ho Chi. *On Revolution: Selected Writings, 1920-66*, Fall, B.B. edition (New York: Praeger, 1967) p. 44.

یەکێتی سۆڤییەت ئەو زانینگەیەی بۆ پەروەردە کردنی شۆڕشگێڕانی ئاسیایی و ئافریقایی دروست کرد، کە بە وتەی هۆشیمین ١٥٠ وانەوێژ و ١٠٢٢ خوێندکاری لە ٦٢ وڵاتی جیاواز هەبووە.[113] یەکێک لەو وڵاتانە ئێران بووە. بۆ وێنە، سێ کەس لە پێشەنگانی پارتی کومونیستی ئێران بە نێوەکانی ''حوسێن شەرقی، کەریم نیکبین و، ئەردەشیر ئۆڤاسیان'' لەو زانینگەیە دا پەروەردەیان بینیوە.[114] لە هەڵسەنگاندنی ئەم زانینگەیە دا هۆشیمین دەڵێت؛ "بە بێ زیاد پێوەنان، دەشێ بگوترێ کە لە ژێر میچی ئەم زانینگەیە دا داهاتووی گەلانی داگیرکراو شاراوەیە".[115] ئەوەمان لە بیر نەچێت کە پێش بەشداری کردن لەو زانینگەیە دا، هۆشیمین لە خواردنگەکانی شاری پاریس دا کاری دەکرد. سەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤێکی وڵاتپەروەر بووە، بەڵام لەوە ناچێت کە توانای بەڕێوە بردنی شۆڕشێکی مەزنی وەکوو ڤییێتنامی بووبێت. سەرەڕای ئەمانە، لەو زانینگەیە دا پەروەردەی پێویستی هزری، بیردۆزی و، ڕێکخستنی بینیوە و، بە ئامانجی هەڵگیرسانی شۆڕش بەڕێی ڤییێتنام کراوەتەوە. شایانی ئاماژەیە کە یارمەتییەکانی سۆڤییەت تەنیا لەو ئاستە دا نەبووە و، هەموو ڕەهەندەکانی سەربازی، ئابووری و، دیپلۆماسی لەخۆ گرتووە و، هەتا سەرکەوتنی کۆتایی شۆڕش بەردەوام بووە.

یارمەتییەکانی سۆڤییەت بۆ گەلانی ژێردەستی ئەو کات، سەرنجی شۆڕشگێڕانی ئاسیا و ئافریقای بۆ لای خۆی ڕاکێشا و، لە ئاکام دا، بەشێکی زۆریان سۆسیالیسمیان هەڵبژارد بۆ دەربازبوون لە دۆخی ژێردەستی. بۆ وێنە، کەسێکی وەکوو هۆشیمین مرۆڤێکی نەتەوەیی بووە و مشووری ئازاد کردنی وڵاتەکی خۆی خواردووە. لە یەکێک لە نامەکانی بۆ گەلی ڤییێتنام، کە ساڵی ١٩٤١ نووسیویەتی، دەڵێت:

> لە کاتی ئێستا دا ئازادی نەتەوەیی گرینگترین کێشەیە. با یەک بگرین! ئەو کاتەی کە لە هزر و هێز دا بووین بە یەک، دەتوانین کۆڵ بە ژاپۆنی و فەڕانسەوی و چەقەڵەکانیان بدەین و، گەلی خۆمان ڕزگار بکەین لەو دۆخەی کە ئێستا تێیدایە؛ دۆخێک کە لە نێوان ئاوی کوڵاتوو و گەرمای سووتێنەرە.[116]

کاتێک کە جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ویلسۆن"، سەرۆک کۆماری ئامریکا، دەخوێنێتەوە، هۆشیمین پەنای بۆ دەبات و، داوای لێدەکات کە داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلی ڤییێتنامیش بکات. بەڵام کاتێک کە ویلسۆن ئەو داواکارییە پشتگوێ دەخات و، لە هەمان کات دا لێنین و پاڵپشتییەکانی بلۆکی سۆسیالیسم دەبینێت، هۆشیمین سۆسیالیسم هەڵدەبژێرێت، بە بێ ئەوەی کە بکەوێتە خزمەت و ڕاژە کردنی.

بەڵام بە پێچەوانەی ڤییێتنام و بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەستی ئەو کات، بەشێکی زۆر لە بزاڤی کورد کەوتە بەرەی سۆسیالیسم، بە بێ ئەوەی کە ئەو بەرەیە هێچ گرینگییەک بە دۆزی کورد بدات. هەر وەک لەم بەشە دا نیشانی دەدەین، لە ژێر سەرۆکایەتی خودی لێنین دا بلۆکی سۆسیالیستی دەستی بووە لە دابەشبوونی کوردستان و تێکشکانی سەرهەڵدانی ''شێخ سەعیدی پیران''. هەر لەو کاتەوە بگرە هەتا ساڵەکانی پێش ڕووخانی، سۆڤییەت یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانی داوە. بۆ وێنە، لە میانی ''سەرهەڵدانی ئاگری'' دا، لە لایەکەوە ڕووباری ''ئاراس''ی بەسەر شۆڕشگێڕانی کورد دا دەبەست و، لە لایەکی دیکەوە، هێڵی قەتاری دەخستە بەردەستی سوپای تورک بۆ ڕەوانە کردنی هێزی پێویست بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە.[117] پتر لەوەش، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە لەسەر ئەو سەرهەڵدانە

[113] Minh, p. 46.
[114] Abrahamian, p. 130-32.
[115] Minh, p. 46.
[116] Minh, p. 134.
[117] McDowall, David. *A Modern History of the Kurds* (London: I.B. Tauris, 1997) p. 205.

کەوتبووە نێوان تورکیە و ئێران، وەک ''برا گەورە'' کەوتە نێوان ئەو دوو داگیرکەرە و ناوبژیوانی کرد.[118] لەم سۆنگەیەوە، کۆمەڵناسی تورک، ''ئیسماعیل بێشکچی''، دەڵێت:

> بۆچی وڵاتانی وەکوو چین، یەکێتی سۆڤییەت، ئاڵبانی و، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات یارمەتی نەتەوەی کورد نادەن لە تێکۆشانی دا بۆ دیاریکردنی چارەنووس؟ بە پێی ئەوەی کە دابەشکردنی کوردستان لە بەرژەوەندی ئیمپریالیسم دا بووە، بۆچی ئەو وڵاتانە وای نیشان دەدەن کە ئاگایان لەو کێشەیە نییە؟ بۆچی ئەو وڵاتە سۆسیالیستییانە تا ئەو ڕادەیە چوون کە چەک و تەقەمەنی بدەن بە دەوڵەتێکی داگیرکەر، پاشڤەڕۆ، فاشیست و، ڕاسیستی وەکوو ئێراق، لە کاتێک دا کە بۆخۆیان دەزانن کە ئەو چەکانە لە کوردستان دا بەکار دێن؟ پتر لەوە، ئەوە فاکتێکی زانراوە کە لانی کەم ٣٠ پسپۆری سۆڤییەت لە ئێراقن و، لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی سوپای ئەو وڵاتە پەروەردە دەکەن.[119]

لەوانەیە وڵاتانی سۆسیالیستی بزاڤی کورد لە باشووری کوردستان بە چەپ نەزانن و، هەر بەو هۆیەش سۆڤییەت پاساوی یارمەتی کردنی ڕێژمی "بەعس" بداتەوە. بەڵام ئەدی بزاڤی کورد لە باکووری کوردستان چی؟ ئەگەر یارمەتی PKK ناکەن، ئەدی بۆچی یارمەتی دەوڵەتی تورکیە دەکەن؟ بۆچی سۆڤییەت لە ساڵانی ١٩٨٠ دا چەکی لە جۆری می-١، هیپ-م، هێلوکوپتێری "سکۆرسکی" و نەفەربەری ئاسنینی بۆ دەوڵەتی تورکیە ڕەوانە دەکرد، کە هەمووی لە دژی گەریلاکانی PKK و جەماوەری سەر شەقام بەکار دەهاتن.[120] ئێستاشی پێوە بێت، سوپای تورکیە بە هێلوکوپتێری سکۆرسکی هێرش دەکاتە سەر گەریلاکانی کوردستان.

جێگیربوونی بزاڤی کورد لە بەرەی سۆسیالیسم دا نەتەنیا یارمەتی وڵاتانی سۆسیالیستی مسۆگەر نەکرد، بەڵکوو لەگەڵ وڵاتانی کاپیتالیستی دا ڕووبەڕووی کردووەتەوە. وڵاتانێک کە، بە وتەی خۆیان، "بوار بە دروستبوونی کووبایەکی دیکە لە هەستیارترین شوێنی دونیا نادەن". ئەگەر بڕوانینە بزاڤی ئازادیخوازی کورد لە باکووری کوردستان، دەبینین کە یارمەتییەکانی ئامریکا بۆ دەوڵەتی تورکیە کاریگەری زۆر خراپی بووە لەسەر درێژبوونەوەی شەڕ. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٩٢ دا، PKK دەستی سەرەوەی بووە لە شەڕ دا و، پێگەی خۆی لە شارەکانی وەکوو جۆلەمێرگ، وان، ئێلیح، سێرت، شێرنەخ، ئێرووح، ئامەد، چەولیگ، و مووش دا سەقامگیر کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە نەیدەتوانی لەو شارانە دا هەنتەشی بەردەوامی هەبێت، بەڵام هێڵانی سوپای تورکیشی نەدەدا کە بچێتە نێویانەوە، یا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیان دا بمێنێتەوە.[121] پتر لەوەش، لە ساڵی ١٩٩٣ دا، PKK "پاڕلمانی کاتی کوردستانی" لە هەرێمی بۆتان دامەزراند کە شارەکانی شێرنەخ، جۆلەمێرگ، وان و، سێرتی لە خۆ دەگرت. لە هەمان کات دا، "حکوومەتی هاوتەریبی" لەو هەرێمە دامەزراند و، دەوڵەتی تورکی بە کرداری وەدەرنا.[122] ئەو

---

[118] Wadie, Jwaideh. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development* (New York: Syracuse University Press, 2006) p. 123.

[119] Beşikçi, Ismail. *International Colony Kurdistan* (London: Parvana, 2004) p. 140.

[120] Laizer, Sheri. *Martyrs, Traitors and Patriots; Kurdistan after the Gulf War* (London: Zed Books, 1996) p. 83.

[121] Jongerden, Joost. *The Settlement Issue in Turkey and the Kurds: An Analysis of Spatial Policies, Modernity and War* (Leiden: Brill) p. 62.

[122] Kirişci, Kemal. and Winrow, Gareth. *The Kurdish Question and Turkey* (London: Frank Cass) p. 127.

کەسانەی کە لەو دەڤەرە ژیاون دەڵێین؛ PKK وەکوو دەوڵەت هەڵسووکەوتی لەگەڵ دا کردوون.[123] بۆ وێنە، خوێندنگەی بۆ منداڵان دروست کردووە کە شەوانە وانەیان لەسەر زمان، مێژوو و، چاندی کوردی تێدا داوەتەوە. لەوەش زیاتر، دامودەزگای وەکوو پۆلیس، هەواڵگری و، تەنانەت دادگەی خۆجێییان دروست کردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگا.[124]

"حکوومەتی هاوتەریبی" PKK هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٤ و دەستپێکی ساڵی ١٩٩٥ بەردەوامی بە کاری خۆی داوە. بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەو ئەزموونە یارمەتییەکانی ئامریکا بوو بۆ دەوڵەتی تورکیە. بۆ وێنە، تەنیا لە ساڵەکانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ دا، بە وتەی "فەرمانگەری تۆمارکردنی چەکی نەتەوە یەکگرتووەکان" ئامریکا ١٥٠٩ تانک، ٥٤ فرۆکەی شەرکەر و، ٢٨ هێلوکوپتێری هێرشبەری بۆ سوپای تورک ڕەوانە کردووە.[125] بە یارمەتی ئەم چەکانە سوپای تورک بە خۆیدا دەچێتەوە و، لە ئاکام دا، دەتوانێ پاشەکشە بکات بە گەریلاکانی کورد. گرینگتر لەوە، لە ئەگەری ئازادبوونی کوردستان و تاراندنی داگیرکەرانیش، تەنانەت، پێدەچێت کە هاوشێوەی وڵاتی کووبا، دونیای کاپیتالیسم گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر کوردستان.

سەرەڕای ئەو کێشانەی کە لە دونیای دەرێ بۆ تەڤگەری کوردی دروست کردووە، خۆتێوەگلاندن لە شەڕی چەپ و ڕاست، لە نێوخۆی وڵاتیش دا گیروگرفتی چێکردووە. یەکێک لەو کێشانە قەبووڵ نەکردنی هەر چەشنە هزرێکە کە بۆنی "ڕاست"ی لێوە بێت لە لایەن ئەو کەسانەی کە خۆیان بە "چەپ" ناودێر دەکەن و، پێچەوانەکەشی هەروا. بە پێی ئەوەی کە زۆرینەی چەپەکان باوەڕیان بە "دیکتاتۆری پرۆلێتار" هەیە، لەو پێناوە دا ئامادەی سەرکوت کردنی هەر بیرۆکەیەکن کە بۆنی پرۆلێتاریای لێ نەیەت. لە هەندێک کات دا ئەو یەکتر قەبووڵ نەکردنە هەتا ئاستی شەڕی نێوخۆش چووە. بۆ وێنە، شەڕی کۆمەڵە و حیزبی دێموکڕات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پتر لەوەش، بە پێی ئەوەی کە زۆرینەی کۆمەڵگاکانی کوردستان موسوڵمانن، خۆ بە کۆمونیست و سۆسیالیست ناساندن، کوردانێکی زۆری لە بەرەی نەتەوەیی تەریک کردووەتەوە. دیارە هیچ هۆکارێک ناتوانێ پاساوی پەنابردن بۆ پارتە ئیسلامییەکان بدات، بەڵام ئەو کوردانەی کە نە موسوڵمانن و نە سۆسیالیست، مافی خۆیانە کە لە بزاڤێک دا خۆیان نەبیننەوە کە خۆی بەو دووانەوە سنووردار کردووەتەوە.

هەر وەک دەزانین، یەکێک لە کۆڵەکەکانی هزری چەپ ئینترناسیۆنالیسم و تێپەڕاندنی هزری نەتەوەییە. بەم هۆیە، سۆسیالیسم کاریگەرییەکی نەرێنەی لەسەر ڕەوتی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان داناوە. ئەگەر چاوێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، بۆ وێنە، دەبینین کە لە بری ئەوەی کە هێزی خۆیان لە بەرەیەکی نیشتمانی دا کۆکەنەوە، بەشێکی زۆر لە چالاکوانانی کورد بوون بە ئەندامی پارتە چەپەکانی ئێران وەکوو "حیزبی توودە "، "چریکی فیدایی"، "حیزبی کومونیستی ئێران" و، "حیزبی

123 Geerse, Mariam. *The Everyday Violence Force Displacement: Community, Memory and Identity Politics Among Kurdish Internal Forced Migrants in Turkey* (Utrecht: PhD dissertation, 2010) p. 67.

124 Barkey, Henry. and Fuller, Graham. *Turkey's Kurdish Question* (New York: Rowman and Littlefield Publishers, 1998) p. 29; Ismet, Ismet. *The PKK: Freedom Fighters or Terrorists*? http://kurdistan.org/the-pkk-freedom-fighters-or-terrorists/

125 McKiernan, Kevin. *The Kurds: A People in Search of Their Homeland* (New York: St. Martin's Press, 2006) p. 121; Skutnabb-Kangas, Tove. and Fernandes, Desmond. "Kurds in Turkey and in (Iraqi) Kurdistan: A Comparison of Kurdish Educational Language Policy in Two Situations of Occupation", *Genocide Studies and Prevention: An International Journal: 3, 1 (April 2008)* p. 60.

کومونیستی کرێکاری ئێران". خراپتر لەوە، هزری دژە کاپیتالیستی، حیزبی توودە و چریکی فیدایی خستە بەرەی "خومەینی"ەوە؛ ئەو کەسەی کە لە دژی گەلانی کوردستان جیهادی ڕاگەیاند و، سیاسەتی کۆمەڵکوژی گرتە بەر. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک لەو کوردانە، پاش ئەوەی کە زانیان ئاڤاڕێ[126] بوون، خۆیان ڕاست کردەوە، بەڵام بەشێکی تریان، ئێستاشی پێوە بێت، هەر لەسەر ئەو ڕێچکەیەن و، تێکۆشان لە ڕێی نەتەوەکەیان بە کردەیەکی "ناسیۆنالیستی" و نەرێنی دەزانن.

بە کورتی، خۆ تێوەگلاندن لە شەڕی سۆسیالیسم و کاپیتالیسم کێشەی کوردی دەگمەنتر کردووە. بێ گومان، بیردۆزییەکی وەکوو سۆسیالیسم دەتوانێ لە ئافراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادوەر دا یارمەتی مرۆڤ بکات. بەڵام ئەگەر کورد مێژووی هزری خۆی باش زانیبێت، چۆن دەتوانێ نکوڵی لە بوونی کەسێکی وەکوو زەردەشت بکات؛ ئەو فیلەسووفەی کە دوو هەزار و چەند سەد ساڵ پێش مارکس و لێنین و مائۆ داکۆکی لە کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادوەر دەکرد. پاش زەردەشت، کەسانی وەکوو "مانی" و "مەزدەک" تەنانەت گیانی خۆشیان لە پێناو ئەو ئامانجانە دا پێشکەش کردووە. بۆ ئێمەی کورد کە خاوەن بەستێنێکی ئاواین لە هزر و تێکۆشانی یەکسانیخوازی، جێگای سەرسووڕمانە کە دەستەوداوێنی ڕۆژاوا بین و، لەوێوە هزری یەکسانیخوازی هاوەردەی کوردستان بکەین و، بەو شێوەیە، خۆمان بخەینە کێشەیەکەوە کە نە تەنیا هی ئێمە نییە، بەڵکوو کێشەکەمان لێ دەگمەنتر دەکات.

دیارە ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە وانەکانی زەردەشت و کەسانی پاش ئەو وشە-بە-وشە زیندوو بکەینەوە. کۆمەڵگای ئەوڕۆی کوردستانیش بوار بەوە نادات. بەڵام کاتێک کە پێوەرە و ئامانجی سەرەکی سۆسیالیسم ئافراندی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دادپەروەرە، کە ئامانجگەلێکی پیرۆزن و هەر مرۆڤێکی پێشکەوتوو-خواز پێویستە لە پێناویان دا تێبکۆشێت، ئەدی "یەکسانی" و "دادپەروەری" ئێمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ "یەکسانی" و "دادپەروەری" ئەوانیدی دا هەیە؟ بۆچی کاتێک کە بە ڕەنگی ئەورووپایی و بە پاشگرێکی ئینگلیسییەوە ــ ئیسم ــ هاوەردەی کوردستان دکرێ، سەردەمییانە و بایەخدارە و، بەهەر نرخێک بووبێت، تەنانەت بە دەگمەنتر کردنی دۆزەکەمان، دەبێت بە شوێنی بکەوین؛ بەڵام کاتێک کە بۆنی خۆماڵیبوونی لێدێت و نیوێکی کوردی بەسەرەوەیە، کۆن و بێ بایەخ و"ناسیۆنالیست"یە؟

لەوانەیە هەندێک کەس بڵێن؛ ئەگەر یەکسانی و دادخوازی جیاوازی نییە، بۆچی تۆ پێداگری لەسەر هاوەردە نەکردنی سۆسیالیسم دەکەی. لە وڵام دا دەڵێین؛ یەکەم، هەر وەک لەسەرەوە شیمان کردەوە، سۆسیالیسم هەڵقوڵاوی هزری ئەورووپایە کە لە گەڵ هزری زاگرۆسی و فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا ناکۆکە. دووهەم، کاتێک کە خۆت خستە بەرەی سۆسیالیسم، بە شێوازێکی خۆمەش[127] دەکەوییە ژێر ڕەهێڵەی هێرشەکانی کاپیتالیسم. لەو بەرەنگار بوونەوەیە دا، ئەگەر وڵاتانی سۆسیالیسیتی هاوکاریت نەکەن، هەروەک کە هەتا ئێستا نەیان کردووە، بە تەنیا دەمێنییەوە. ئینجا، ئەگەر دەتوانی بەتەنیا شەڕی کاپیتالیسم بکەی و ئەو کارەی کە بە سۆڤییەت و چین و ڤییێتنام نەکرا، تۆ دەتوانی بیکەی، فەرموو ڕێگە ئاواڵەیە. بەڵام ئەگەر خۆت دەناسی و دەزانی چەندەت هێز هەیە و چیت پێ دەکرێ، ئەوکات پێویستە پێداچوونەوەیەکی بنگەیی بەو ڕێبازە دا بکەی کە هەتا ئێستا لەبرت گرتووە.

---

[126] گمراە

[127] Automatic

**دەوری لینین لە دابەشکردنی کوردستان دا**

بە گوێرەی ڕوانگەی باو لەسەر "پەیمانی لۆزان" و دابەشکردنی کوردستان، لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەم دا، هاوپەیمانان ''خۆشیان لە چارەی کورد نەهاتووە'' و کوردستانیان دابەش کرد. بەڵام هەندێک قووڵبوونەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستان بە درێژایی ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢٣ پێچەوانەی ئەم تێۆرییەمان بۆ دەسەلمێنێت. لەم پارچەبەشە دا، چاوێکی کورت بەو ساڵانە دا دەخشێنین و دەوری بلۆکی سۆسیالیسم بە سەرۆکایەتی لینین لە دابەشکردنی کوردستان دا نیشان دەدەین.

مێژووی کوردستان لە ساڵەکانی ١٩١٩ هەتا ١٩٢١ ئەوەمان پێدەڵێت کە زۆربەی هۆکارەکان بۆ سەرکەوتنی بزاڤی ئازادیخوازی کورد لە ئارادە بووە. هەر بۆیە هەندێک لە مێژوونووسان ئەو ماوەیە بە "دەرفەتی زێڕین" بۆ ئازادی کوردستان و سەربەخۆیی نەتەوەیی ناودێر دەکەن.[128]

لەو ماوەیە دا، دەیان سەرهەڵدان لە سەراسەری کوردستان کراون، کە بریتین لە ''سەرهەڵدانی شێخ مەحموود'' لە پارێزگەی سلێمانی لە ساڵی ١٩١٩ دا، ''سەرهەڵدانی کۆچگری'' لە هەرێمەکانی دێرسیم لە ساڵی ١٩٢٠ دا، ''سەرهەڵدانی سمکۆی شکاک'' لە ناوچەی ورمێ لە ساڵی ١٩٢٠ دا، ''سەرهەڵدانی شێخ سەعیدی پیران'' لە ساڵی ١٩٢٣ دا، ''سەرهەڵدانی ئاگری'' لە ساڵی ١٩٢٧ و ''سەرهەڵدانی دێرسیم'' لە ساڵی ١٩٣٨ دا. بوونی ئەم زنجیرە سەرهەڵدانە گوزارە لە خواستی کۆمەڵگای کوردستان دەکات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکە.

هۆکاری دووهەم، واتە بوونی پارت و ڕێکخراوەی ڕامیاری، لە گۆڕێدا بووە. ڕێکخراوە کوردییەکان توانیویانە هەتا ئاستێک کۆمەڵگا بە ڕێکخستن بکەن و، لە شوێنی خۆیان دا بەرخۆدانی باشیان کردووە. تەنانەت لە هەندێک شوێن دا بەرخۆدان ئەوەندە بەهێز بووە کە دەوڵەتانی داگیرکەر دەستەوداوێنی فێڵ و کەڵەک بوون بۆ تێکشکانی. بۆ وێنە، لە سەرهەڵدانی دێرسیم دا، کاتێک کە سوپای تورکیە بەرخۆدانی کوردانی پێ ناشکێت، ''سەید ڕەزا'' بانگ دەکات بۆ دانووستان لەسەر مافی کورد. کاتێک کە سەید ڕەزا بە مەبەستی وتووێژ دەچێت بۆ لای کەمالیستەکان، هەر لەوێ دەیگرن و لە داری دەدەن.[129] سەرهەڵدانی سمائیل ئاغای سمکۆش هەر بەو چەشنە تێکشکا.

هۆکاری سێهەم بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، واتە ناکۆکی نێو ڕیزەکانی دژمن، لە ئارادا بووە. باڵەکانی دەوڵەتی تورک لە نێو خۆیان دا پرشوبڵاو بوون. ئیمپراتووری عوسمانی لە حاڵی ڕووخان دا بووە و، ڕایەدارانی تورک بەسەر دوو باڵی ''سوڵتان عەبدولحەمید'' و ''مستەفا کەماڵ ئاتاتورک'' دا دابەش ببون. باڵی سوڵتان کە ناوەندەکەی لە ''ئەستەنبووڵ'' بوو خوازیاری بەردەوامی پەرگالی پاشایەتی بوو، کەچی ئاتاتورک حکوومەتێکی نوێی لە ''ئانکارا'' دروست کردبوو و، لە هەوڵی گەورە کردنەوە و قایمکردنی دا بوو.

---

[128] Izady, Mehrdad. *The Kurds: A Concise Handbook* (Washington: Taylor & Francis, 1992) p. 58; Kendal, Nizan. "Kurdistan in Turkey". In: Chaliand, Gerard. ed. *A People Without A Country: The Kurds and Kurdistan* (New York: Olive Branch, 1993, [1980]) p. 30.

[129] دەرسیمی، ن. *دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا* (هەولێر: موکریانی، ٢٠٠١ [١٩٥٢]) لاپەڕەی ٣٢١؛ لازارف، م.س— محوی، ش.خ—ڤاسیلییەوا، ی.ای—حسرتیان، م.آ—ژیگالینا، *تاریخ کردستان*، ترجمه منصور صدقی—کامران امین آواره (مسکو: فروغ، ١٩٩٩)، لاپەڕەی ٢٠٣.

هۆکاری چوارەم، واتە قەیرانی تۆخی گشتگیر کە بتوانێ کۆی پەرگالی دەوڵەت بلەرزێنێ، لە ئارا دا بوو. پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی و شکانی دەوڵەتی عوسمانی لەو شەڕە دا، هاوپەیمانان ئەو وڵاتەیان داگیر کرد و ''پەیمانی سێڤرەس''یان بەسەر دا سەپاند. ئاتاتورک ئەوەندە لاواز ببوو کە لە تاوان پەنایی بۆ کوردەکان برد و، تەنانەت لە ژێر ناوی "برایەتی گەلان" دا هەندێک سەرۆک خێڵیشی خاپاند،[130] کە پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیە، بەشێکی لە دار دان و بەشێکی تریشی بە زۆرەملێ کۆچبەری ئاناتۆلیا کرد.[131] لەو دۆخە دژوارە دا دەوڵەتی عوسمانی توانای سەرکوتکردنی تەڤگەڕی کوردی نەبوو و، لەو لاشەوە، دەوڵەتی ئێرانیش لە دۆخێکی باشتر دا نەبووە.

هۆکاری چوارەم بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، واتە یەکێتی نەتەوەیی و بوونی وتارێکی ڕامیاریی گشتگیر کە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت، لە ئارا دا نەبووە. هیچ بەڵگەیەک نییە کە گوزارە لە هاوکاری و یەکێتی نێو ڕێکخراوەکانی کورد بکات. هەندێک جار لە نێو بزووتنەوەی یەک بەشی کوردستانیش دا، تەنانەت، یەکرێزی نەبووە. بۆ وێنە، ئەگەر چاو لە بزاڤی باکوور بکەین، دەبینین کە ئەو کاتەی کە بەدرخانییەکان باسیان لە سەربەخۆیی کوردستان دەکرد و دیانکوت کات کاتی سەربەخۆییە، ''سەید عەبدولقادری نەهری'' و قەوارە پارێزەکان پێداگریان لە خۆسەری و مانەوە لەگەڵ "برا تورکەکان" دا دەکرد.[132]

هۆکاری پێنجەم بۆ سەرکەوتنی شۆڕش، واتە ڕێگەپێدراوی نێودەوڵەتی و یارمەتی دەرەکی لە بواری "دیپلۆماسی" دا هەبووە. بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە دونیای ڕۆژاوا و هاوپەیمانان لایەنگرییان لە خاسکردنی کوردستانی ئازاد کردووە. بەڵگەی یەکەم جاڕنامەی ١٤ خاڵی "وودرۆ ویلسۆن"، سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئامریکایە، کە لە خاڵی ١٢ دا بە ڕاشکاوی باس لە مافی کورد دەکات و، دەڵێت؛ کوردان دەبێ "بە تەواوی دەرفەتی دەست تێوەرنەدراویان هەبێت بۆ پێشخستنی پێکهاتەی خۆبەڕێوەبەری".[133] بەڵگەی دووهەم پەیمانی سێڤرەسە، کە ئەویش لە خاڵی ٦٢ و ٦٤ دا، داکۆکی لە مافی کورد و دامەزرانی کوردستانێکی ئازاد دەکات؛ بەو مەرجەی کە کوردان ویستی سەربەخۆییان هەبێت و توانایی بەڕێوە بردنی کوردستان لە خۆیان نیشان بدەن.[134] بەڵام یارمەتی هاوپەیمانان تەنیا لە ئاستی "دیپلۆماسی" دا بووە و، هیچ بەڵگەیەک لەسەر یارمەتی ماڵی یا سەربازی بزاڤی کورد لە دەست دا نییە. ئەو لایەنەی کە یارمەتی دیپلۆماسی، ئابووری و، سەربازی پێگەیشت کەماڵیستەکان بوون، نەک کورد. بەڵام ئەو یارمەتیانە لە کوێوە هاتوون و کێ ناردوونی، ئێستا دێینە سەر ئەو باسە.

بەڵگە مێژووییەکان هەموو باس لەوە دەکەن کە لە ساڵی ١٩١٩ بەملاوە، یەکێتی سۆڤییەت بە سەرۆکایەتی لێنین یەکەمین یارمەتیدەری کەماڵیستەکان بووە و، ئەو یارمەتیانەش هەموو ڕەهەندەکانی سەربازی، ئابووری و، دیپلۆماسی لە خۆ گرتووە. بۆ وێنە، یەکەم وڵاتێک کە پەیمانی دۆستایەتی لەگەڵ

---

[130] Kendal, Nizan. "Kurdistan in Turkey". In: Chaliand, Gerard. ed. *A People Without A Country: The Kurds and Kurdistan* (New York: Olive Branch, 1993, [1980]) p. 48.

[131] Beşikçi, Ismail. *International Colony Kurdistan* (London: Parvana, 2004) p. 136-37-38.

[132] دەرسیمی، لاپەڕەی ١٤٥-١٤٦؛ کەنداڵ، لاپەڕەی ٣٢.

[133] http://www.ourdocuments.gov/doc.php?doc=62#

[134] http://treaties.fco.gov.uk/docs/pdf/1920/TS0011.pdf

کەمالیستەکان واژۆ کرد و دەوڵەتی ئانکارای لەساڵی ١٩٢١ دا بە فەرمی ناسی یەکێتی سۆڤییەت بوو.[135] ئەم پەیمانە لەگەڵ خۆی دا بوو بە هۆی ئەوەی کە لێنین دابینکەری سەرەکی چەک و تەقەمەنی کەماڵیستەکان بێت، نەتەنیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی تورک و وەدەرنانی هاوپەیمانان لە تورکیە، بەڵکوو بۆ لەناو بردنی سەر هەڵدانەکانی کورد.[136] لێنین بە باشی ئاگای لە ڕاپەڕینی کوردەکان و سەرکوت کردنیان بووە. تەنانەت کاتێک کە کەماڵیستەکان ڕاپەڕینی شێخ سەعیدیان لە خوێن دا گەوزاند، "ئینتەرناسیۆناڵی سێهەم" کە لە ژێر کاریگەری لێنین و بۆلشۆڤیکەکان دا بوو، ڕاپەڕینەکەی سەرکۆنە کرد و بە ئامراز و کرێگرتەی "ئیمپریالیسم"ی ناودێر کرد.[137] لێنین هەنگاوێک لەوەش زیاتر ڕۆیشت و لە ژێر داوای ئاتاتورک دا ئەو خۆسەرییەی کە بە هەرێمی "کوردستانی سوور"ی دابوو، وەریگرتەوە و لە ساڵی ١٩٢٣ دا هەرێمەکەی خستە سەر "کۆماری ئازەربایجان".[138]

بە کورتی، ئەو هۆکارانەی کە بوون بە هۆی هەڵوەشانەوەی پەیمانی سێڤرەس و سەپاندنی پەیمانی لۆزان، لە پلەی یەکەم دا، نەبوونی یەکێتی نەتەوەی بوو و، لە پلەی دووهەم دا، هالیکاری لێنین بۆ کەماڵیستەکان. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و یەکێتی سۆڤییەت لەو ئاستە دا یارمەتی کەماڵیستەکانی نەکردایە، شیانی هەیە کە کورد لەو قۆناخە هەستیارە دا سەرکەوتوو بایە. بەڵام، پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی گەلی کوردیان وا تێگەیاندووە کە دونیای کاپیتالیسم کوردستانی دابەش کرد. بە باوەڕی من، ئەمە دوو هۆی سەرەکی هەیە: یەکەم، جێگیربوونی کورد لە بەرەی چەپ دا؛ دووهەم خۆ نەناسین. چونکە ئەگەر کورد خۆی ناسیبایە، ئاوا مێژووی خۆی بە پێچەوانە نەدەبینی، بینینێک کە دەشێ بۆ تیژکردنی کورد لە شەڕی سەرمایەداری دا بەکار هاتبێت. بەڵام چۆنییەتی دابەشبوونی کوردستان تەنیا بەڵگەیەک نییە بۆ ناشارەزایی کورد بەسەر مێژووی خۆی دا. هەر وەک دەزانین، یەکەمین جەژنی نەتەوەیی کورد نەورۆزە، کە لە داڕشتەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. بەڵام ئایا بەڕاستی کورد مێژووی نەورۆزی زانیووە؟

## نەورۆز و تینۆی[139] کاوەی ئاسنگەر

بە گوێرەی ڕوانگەی باو، مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەر لە دژی لەتم[140] و ستەمی زوحاک. بەڵام لە ڕاستی دا، ئەوە تەنیا ئەفسانەیەکە کە لە لایەن هەڵبەستوانێکی فارسەوە، فردەوسی، داڕێژراوە و هیچ پێوەندییەکی بە مێژووی نەورۆزەوە نییە. هەر وەک لەم پاڕچەبەشە دا شیدەکەینەوە، پاش تێکشکانی دەوڵەتی ”ئاشوور“ و دامەزراندنی ئیمپڕاتووری ”ماد“، زاگرۆسنشینان بە

---

[135] McDowall, David. *A Modern History of the Kurds* (London: I.B. Tauris, 1997) p. 138; Romano, David. *The Kurdish Nationalist Movement*: *Opportunity, Mobilization and Identity (*Cambridge: Cambridge University Press, 2006) p. 36.

[136] Jwaideh, p. 122; Dunn, p. 193-5; Dêrsimî, p. 290; Olson, p. 480-92; Bedirxan, p. 16-18-19; Vanly, p. 158; Harris, p. 118-9; Kendal, p. 49.

[137] Van Bruinessen, Martin. *Agha, Shaik and State: The Social and Political Structures of Kurdistan* (London: Zed Books, 1992) p. 292; Bozarslan, Hamit. “Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion 1919-1925”. In: Vali, A. ed. *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism* (California: Mazda, 2003) p. 29.

[138] Vanly, p. 158-59.

[139] حماسه

[140] ظلم

ئاگر کردنەوە ئەو سەرکەوتنەیان پیرۆز کردووە. لەو شەڕە دا، "کیاکسار" ڕێبەری مادەکان بووە، نەک کاوەی ئاسنگەر. پتر لەوەش، کیاکسار هاوپەیمانی لەگەڵ پادشای بابل "نابۆ پۆلاسار" بەستووە و، بە دوو قۆڵی هێرشیان کردووەتە سەر شاری نینەوا، پێتەختی ئاشوور. واتە لەو شەڕە دا کەسێکی فارسی تێدا نەبووە بە نێوی "فەرەیدوون" کە فەرماندار و باڵادەستی مادەکان بووبێت.

بە گوێرەی باوکی مێژوو، "هیرۆدۆت"، ئاشوورەکان بۆ ماوەی ٥٢٥ ساڵ بە سەر هەموو ئاسیای باکوور دا خونکار و حاکم بوون. خونکارێتییەک کە، بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان، بەر ڕێبازی ئاگروئاسن و کۆمەڵکوژی ساڵانە بەرێوە چووە.[141] پاش شۆڕشی مادەکان لە دژی ئەو دەسەڵاتە زیناتکارە،[142] گەلانی دیکەی ژێردەستی ئیمپراتووریش ڕاپەڕیون و خۆیان ڕزگار کردووە.[143] سەرەڕای ئەوەی کە پاش ئەم ڕاپەڕینانە، دەسەڵاتی ئاشوور بە دەورووبەری شاری نینەوا سنووردار بووەتەوە، وێدەچێت کە دەوڵەتی ئاشوور بەردەوام کێشەی بۆ دراوسێکانی دروست کردبێت. جا بەو هۆیە، لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایین دا، کیاکسار، یەکێک لە سەردارانی ماد، کە بە "هووەخشەترە"ش ناو براوە، لە گەڵ پادشای بابل، نابۆ پۆلاسار، ڕێککەوتووە و بە دوو قۆڵی هێرشیان کردووەتە سەر شاری نینەوا، پێتەختی ئاشوور. لەو هێرشە دا، سوپاکانی ماد و بابل بۆ هەمیشە کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئاشوور هێنا و، پادشای ئاشووریان بە نێوی "سین شار ئیشکوون" کوشت. (هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن، پێش ئەوەی کە سوپاکانی ماد و بابل بگەنە سەری، سینشار ئیشکوون خۆی کوشتووە).

بە باوەڕی مێژوونووسی ڕووسی، "دیاکۆنۆڤ"، ئەوە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مادەکان دا. چونکە لەوە پێش، هەتا سوپای هێرشبەری ئاشوور لێیان نزیک دەبووەوە، گوندەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت و بەرەو بەرزاییەکان پاشەکشەیان دەکرد. بەڵام لەو ساڵە دا، پاش ئەوەی کە کیاکسار مادەکانی بووژاندبووەوە و سوپایەکی بەهێزی لێ سازکردبوون، هێرشێکی یەکلاییکەرەوەی کردە سەر دژمن و، لە نێو قەڵاکانیان دا لە ناوی بردن.[144] پاش ئەو سەرکەوتنە، کە دەگوترێت لە ڕێکەوتی ٢١ی مارسی ٦١٢ دا بووە، مادەکان ئێمپراتووری خۆیان دامەزراند و، هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژیان پیرۆز کرد.

کۆتایی هێنان بە ئێمپراتووریی تاپازی[145] ئاشوور، کە بۆ زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ بەسەر ئاسیا دا خونکاری کردووە، وێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر بووبێت بە هێمای قارەمانێتی و هەوێنی شۆڕشی گەلانی ژێردەست. بۆ وێنە، پاش هێرشی عەرەبەکان بۆ هەرێمی "ناوچۆمان"[146] و تێکشکاندنی دەوڵەتی ئێران، کە لەگەڵ خۆیدا شەپۆلێک لە بەعەرەباندنی گەلانی ناوچەکەی هێنا، هەستی نەتەویی کەسانێکی بزواندووە. یەکێک لەو کەسانە هەڵبەستوانی بە توانای فارس، فردەوسی، بووە. لەگەڵ بینینی تواندنەوەی چاند و کولتووری فارس، فردەوسی هەوڵی داوە مێژوویێک لە قارەمانێتی و بەرخۆدانی گەلانی ناوچەکە لە دژی دەسەڵاتی دەرەکی وەبیر خوێنەرانی بێنێتەوە و، هەستی ڕاپەڕین لە ناخیان دا ببزوێنێت. بەو ئامانجە، هەڵبەستوانی فارس دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی مادەکان لە دژی ئیمپراتووریی ئاشوور کە، بە

[141] See Mann, Michael. *The Dark Sides of Democracy: Explaining Ethnic Cleansing* (Cambridge: Cambridge University Press, 2005) p. 40. Also, Van De Mieroop Marc. *A History of the Ancient Near East* (Oxford: Blackwell, 2004) p. 230-31-33.

[142] ستمکار

[143] Herodotus. *Histories* (Hertfordshire: Wordsworth, 1996) p. 46.

[144] دیاکۆنۆڤ، ایگور. میخائیلوویچ. تاریخ ماد (تهران: انتشارات علمی و فرنهنگی، ١٣٨٨) ص ٢٤٨.

[145] زبلاح

[146] بین النهرین

گوێرەی هیرۆدۆت، هێمای سەرهەڵدانی گەلانی ژێردەست بووە لەدژی لەتم و ستەمی دەسەڵاتی دەرەکی.[147] بەڵام بە هۆی ئەوەی کە فردەوسی، لە لایەکەوە، هەڵبەستوان بووە نەک مێژوونووس و، لە لایەکی ترەوە، نەتەواژۆیەکی فارس بووە، دیمەنێکی تەواو جیاوازمان لەو ڕاپەڕینە و جەژنی نەورۆز بۆ *دادەڕێژێت*.

یەکەم، سەرداری مادەکان و دامەزرێنەری ئیمپراتووری ماد، کیاکسار، دەکات بە کاوەی ئاسنگەر. بەو پەڕی ڕێزەوە بۆ پیشەی ئاسنگەری، بەڵام ئەم کارەی فردەوسی شێوزاێکە لە "دابەزاندنی مێتۆدیک"، کە لە خۆی دا کێشەیە. بەڵام کاتێک کە دەبێت بە دابەزاندنی "ئەوانیدی" لە پێناو هەڵکێشانی "خۆ" دا، ئەو جار دەبێتە شێواندان و چەواشە کردنی مێژوو. بەڵام بۆچی دابەزاندنی ئەوانیدی لە پێناو هەڵکێشانی خۆ دا؟ چونکە لەو ڕاپەڕینە دا کەسێکی فارسی تێدا نەبووە بە نێوی فەرەیدوون؛ فەرەیدوونێکیش کە وەکوو فەرمانداری کاوەی ئاسنگەر دەوری گێڕابێت.

دووهەم، فردەوسی پادشای ئاشوور، سینشار ئیشکوون، دەکات بە زوحاک و دوو هەژدیهای سەرزلی مرۆڤخۆریش دەخاتە سەرشانی. ئەوە لە کاتێک دایە کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لە مەڕ هەژدیهاکانی سەر شانی سینشار ئیشکوون لە بەر دەست دا نییە. ئەڵبەت لێرە دا، شیانی هەیە فردەوسی ویستبێتی دیمەنێک لە لەتمی پادشاکانی ئاشوور بخاتە بەر دەستی خوێنەر. چونکە، هەر وەک باسمان کرد، فردەوسی مێژوونووس یا تێۆریسییەنێکی ڕامیاری نەبووە. هەڵبەستوانێک بووە کە بە مێتۆدی خۆی و لە ڕوانگەی نەتەوەیی خۆیەوە ڕووداوە مێژووییەکانی داڕشتووەتەوە. جا بۆیە، لەم سۆنگەیەوە زۆر جێگای ڕەخنە نییە.

سێهەم، کاتێک کە سوپاکانی ماد و بابل شاری نینەوایان داگیرکرد، مادەکان ئەو شارەیان بۆ سوپای بابل "بە جێ هێشت" و، بەرەو هەرێمە شاخاوییەکان گەڕانەوە. بەڵام کاتێک کە فردەوسی ئەو ڕووداوە دادەڕێژێتەوە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە کاوەی ئاسنگەر، واتە کیاکسار، دوودەستی تاج و تەختی پادشایەتی "پێشکەش" بە فەرەیدوون، واتە نابۆ پۆلاسار، کردبێت. ئەم شێوازە لە داڕشتنەوەی ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چەواشەکاریی پەتی نییە. چونکە هەموو بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە هەتا ساڵی ٥٣٩ی پێش زایین، واتە ٧٣ ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، بابل دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و هیچ ڕەنگێکی فارسبوونی پێوە نەبووە. (لە ساڵی ٥٣٩ی پێش زایین دا، "کوروش" شاری بابلی گرت، بەڵام بە پێچەوانەی مادەکان کە لە نینەوا پاشەکشێیان کرد، ئەو پاشەکشێی نەکرد و شارەکەی خستە سەر ئیمپراتووری پارس).

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە چۆن ئەم نەزیلەیە[148] کەوتە نێو مێژوو و وتاری نەتەوەیی کوردەوە؟ یەکەم کەسێک کە تینۆی کاوەی گوازتەوە نێو وێژەی ئێمە "شەرەفخانی بیدلیسی"، میری بیدلیس بوو. لەوەش گرینگتر، شەرەفخان ڕەگەزی کوردی بۆ ئەو لاوانە گێڕاوەتەوە کە چێشتکەری زوحاک لە باتی مێشکی ئەوان، هی مەڕی داوە بە هەژدیهاکان و، ئەو لاوانەش خۆیان لە شاخەکان دا شاردووەتەوە و پاشان نەتەوەی کوردیان پێکهیناوە.[149] واتە بە گوێرەی ئەم نەزیلەیە، مێژووی ئەو کەسانەی کە ئێستا بە "گەلی کورد" ناسراون هەمووی ٢٦٣٨ ساڵە. ئەوە لە کاتێک دایە کە لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان

[147] Herodotus, p. 46.

[148] حکایت

[149] بیدلیسی شەرەفخان. *شەرەفنامە: مێژووی ماڵە میرانی کوردستان*، چاپی سێهەم، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار (هەولێر: ئاراس، ٢٠٠٦) لاپەڕی ١٩-٢٠-٢١.

هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کە زاگرۆسنشینانی باکووری ناوچۆمان ۱۱۰۰۰ ساڵ پێش ئێستا، بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، شۆڕشی کشتوکاڵیان کردووە.[150]

شەڕەفخان لە سەدەی شازدەی زایین دا ژیاوە و، سەرەڕای ئەوەی کە لە دەرباری پادشای ئێران و سوڵتانی عوسمانی دا کاری کردووە، بەڵام وێدەچێت دەستی بە سەرچاوەی پێویست نەگەیشتبێت هەتا ڕاستییەکان دەربخات. بەڵام ئەوەی کە جێگای ڕەخنە و سەرسووڕمانە ئەوەیە کە بۆچی دەبێت لە سەدەی بیست و یەکەم دا، کە بە سەدەی زانست و تێکنیک ناسراوە، هیچ هەوڵدانێکی قایم نەکرابێت بۆ ڕاست کردنەوەی ئەم چەواشەکارییە؟ یان دەنا، بۆچی قارەمانێکی وەکوو "مەزلووم دۆغان"، کە بە لەشی پاکی خۆی ئاگری نەورۆزی ۲۶۸۲ی لە گرتووگەی "ئامەد" دا هەڵکرد، بۆ هێمایەکی داڕێژراو دابەزێنرێت؟ ئەگەر ئەم ئەفسانەیە لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دا مژارێکی خۆ لێ لانەدەرە، وەکوو ئەفسانەی "ویلیام تێل" لە ناسنامەی نەتەوەیی گەلانی "سویس" دا، مرۆڤ دەتوانێت بیرێکی لێ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر نا، ئەو کات مانەوەی ئەم چیرۆکە لە نێو وتاری نەتەوەیی کورد دا پاشقول لە خۆ دانە و بەس.

ئەگەر چاوێک لە کۆمەڵگاکانی سویس بکەین، دەبینین کە ئەفسانەی ویلیام تێلی ئەوان زۆر لەوەی کاوە دەچێت. ئەڵبەت بە پێچەوانەی کاوە، کە لە لایەن "ئەوانیدی"یەوە بۆ کورد داڕێژراوە، سویسییەکان بەدەستی خۆیان ئەو ئەفسانەیان داڕشت.[151] هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هیچ شتێکی هاوبەشیان لەسەر پانتای ڕاستەقینە نەبوو کە تێیدا یەک بگرن. نە زمانی هاوبەشیان هەبوو، نە چاندی هاوبەش و، نە مێژووی هاوبەش. چونکە بەسەر زمانەکانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی، ئیتالیایی و، ڕۆمانسک دا دابەش بوون و، ئاخافتوانانی هەریەک لەو زمانانەش پێکهاتوون لە ئایینەکانی کاتۆلیک و پرۆتێستان. لە لایەکی ترەوە، نیشتمانی سویس بەسەر ۲٦ کانتۆنی جیاواز دا دابەشە، کە هەر یەک لەو کانتۆنانە نەریت و زاگۆنی خۆی هەیە. بەو چەشنە، نەبوونی جومگەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی لە سەر پانتای ڕاستەقینە، سویسییەکانی پێمل کرد بە پەنابردن بۆ دونیای ئەفسانە و هێماکان، کە لەوێ دا پێکهاتەیەکی هاوبەش داڕێژن: تینۆی ویلیام تێل.

لە ڕاستی دا، ئەوە گرینگی هێما و سیمبول دەردەخات. نیشانی دەدات کە چۆن لە هەندێک شوێن دا، پێکهاتە هێمایی و داڕێژراوەکان لە فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزترن. هۆیەکەشی لەبەرچاوە: پێکهاتە داڕێژراوەکان بوونێکی بابەتییان نییە. یا بە وتەیەکی تر، چونکە "سەربەخۆ لە کات و شوێن" هەن، بە درێژایی مێژوو، لە دەرەوەی کات و شوێن دا، مرۆڤەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە. بەڵام بە پێچەوانە، چونکە فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بوونی بابەتییان هەیە و هەن، کەسانێک دەبن کە لە هەندێک شوێن دا پەسەندی ناکەن و، لە هەندێک کات دا، نکوڵیشیان لێ دەکەن تەنانەت. بەڵام ئەگەر ڕووناکبیر شتە ڕاستەقینەکان نەبینێت و بۆ کۆمەڵگای ڕۆماڵ نەکات، ئەدی ئەرک و تەوزیمی ئەو چییە؟

لێرە دا، پێویستە ئاماژە بە جیاوازییەکی تری نێوان ئەفسانەی ویلیام و کاوە بکەین؛ بێجگە لەو جیاوازییەی کە ئەوەی یەکەم لە لایەن خۆ و ئەوەی دووهەم لە لایەن ئەوانیدیەوە داڕێژران. کاتێک کە دەڕوانینە مێژووی سویس، دەبینین کە پاش ئەوەی کە کۆمەڵگاکانی ئەو وڵاتە خۆیان ناسی، زانیان کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە لەسەر پانتای ڕاستەقینە؛ ویلیام تێلیان داڕشت هەتا لە دەوری ئەو کۆببنەوە و، لە هەمبەر هێزی دەرەکی دا یەک بگرن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە کورد خاوەن نیشتمان، زمان، چاندی هاوبەش و، تەنانەت ڕووداوی ڕاستەقینەی نەورۆزە، بەڵام ئەفسانەیەک گەورە دەکاتەوە کە

[150] Ucko and Dimbleby 1969; Berg and Protsch 1973; Wright 1969; cited in Izady, Mehrdad. *The Kurds: A Concise Handbook* (Washington: Taylor & Francis, 1992). p. 23-4.
[151] Linder Wolf. *Swiss Democracy: Possible Solutions to Conflict in Multicultural Societies*, Third Edition (New York: Palgrave McMillan, 2010) p. 20.

ئەوانیدی بۆی دارشتووە و، تێیدا خۆی وەکوو باڵادەست و فەرماندە تێخستووە و، ئەویشی وەکوو ژێردەست و سەرباز بچووک کردووەتەوە. جا سەیرەکەی لەوە دایە؛ کاتێک کە کورد بە شانازییەوە نەزیلەی کاوە دەگێڕێتەوە، بەشەکەی فەرەیدوونی لێ دەقرتێنێت. کاتێکیش کە فارسەکان بە ڕووداوەکە دا دەچنەوە، فەرەیدوون گەورە دەکەنەوە و ڕەخنەی کورد دەکەن لە مەڕ خۆ لادان لە فەرەیدوون و دەوری فارمانداری فارسەکان.

بە بۆچوونی من، ئەوە یەکێکی دیکە لەو بەڵگانەیە کە گوزارە لە خۆ نەناسینی کورد دەکات وەکوو نەتەوە. چونکە ئەگەر کورد خۆی ناسیبایە و شارەزایی بەسەر مێژووی خۆی دا هەبایە، لە بری ڕەپ کردنەوەی جومگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، بۆ چوارچێوەیەک نەدەگەڕا کە خۆی تێدا پێناسە بکاتەوە، ئەویش چوارچێوەیەک کە نەتەواژۆیەکی فارس بۆی دارشتووە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەدی هەتا خۆت نەناسی چۆن دەتوانی لە شەڕی دژمن دا سەرکەوەی؟ بە باوەڕی من، ئەگەر خۆت و دژمنت و ئەو شەڕەی دیکەی باش بناسی، پێویست ناکات لە هیچ شەڕێک بترسێ، چونکە شیانی هەیە لە هەموویان دا سەرکەوی. بەڵام، ئەگەر لەو سێیە تەنیا یەکیان نەناسی، لە وانەیە لە هەر سێ شەڕ یەکیان بدۆڕێنی. خراپترە لەوە، ئەگەر لەو سێیە هیچیان نەناسی، دەشێ تەواوی شەڕەکان بدۆڕێنی، نەک هەر سێیان.

**کۆتایی**

هەڵسووکەتی کورد نیشانی دەدات کە لەگەڵ پەرگالی هزری خۆی نامۆیە. فەلسەفەی ڕۆژهەڵات هەر لە شاخەکانی زاگرۆس هەتا پانتاوەکانی چین لە سەر پێکەوەبوونی دووانەکان و یەکتری تەواو کردنیان دامەزراوە. هەر وەک باسمان کرد، بە باوەڕی زەردەشت، هەر لە دەستپێکی بوون دا، ''ژیان'' و ''ناژیان'' ئاوێرتەی یەکن و، هەتا ڕۆژی دوایی لە نێو یەک دا دەبن. هەر بەو چەشنە، لە فەلسەفەی زەردەشت دا، شتەکان بە ''سروشت'' هەم باشن و هەمیش خراپ. ئەم پرینسیپە بنگەییە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە هی ڕۆژاوا هەڵدوێرێت. بۆ وێنە، چەپەکانی ئەورووپا پێیان وایە کە شتەکان بە ''سروشت'' باشن، بەڵام دەوڵەت خراپی کردوون. بە ڕووخاندنی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگای سروشتی، بە باوەڕی ئەوان، کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەبن. ڕاستەکانی ئەورووپا، بە پێچەوانە، دەڵێن؛ مرۆڤ بە ''سروشت'' خراپە و ئەگەر ترسی دەسەڵاتی لەسەر نەبێت، ''شەڕی هەموو دژی هەموو'' ساز دەکات.

دووبەش کردنی سیاسەت بەسەر ئەو دوو ڕێچکەیە دا لە گەڵ ناوەڕۆکی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا ناکۆکە. بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە چەند سەدەی ڕابردوو دا ئەورووپا گەلێک پێشکەوتنی بەدەست خست و، هەندێک لە شتەکانی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵات دا سەپاند و هەندێکی تریشی لە لایەن ڕۆژهەڵاتییەکانەوە کۆپی کران، مۆدێلی سیاسەتی ئەورووپایی بوو بە تووشی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە. ئەوەش لە هەندێک شوێن، وەکوو کۆریا، وڵاتی دووبەش کرد و، لە هەندێک شوێنی تر، وەکوو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی نێوخۆی دروست کرد. پتر لەوەش، جێگرتنی بزافی کورد لە بەرەی چەپ و بێ هەڵوێستی وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر دۆزی کورد، دژمنی زیاتر و گەورەتری بۆ کورد دروست کرد و، کێشەکەی لێ دەگمەنتر کرد.

سەرەڕای ئەوەی کە کورد خۆی بە باشی نەناسیوە، هەڵسووکەوتەکانی وای نیشان دەدەن کە دژمنی خۆشی باش نەناسیوە. دژمنی کورد داگیرکەرانی کوردستانن کە بۆ تواندنەوە و لەناو بردنی کورد هەموو ڕێیەکیان گرتووەتە بەر، نەک دونیای ڕۆژاوا و بەرەی کاپیتالیستی. ئەو ڕوانگەیەی کە دەڵێت کاپیتالیسم کوردستانی دابەش کرد هەڵەیە و هیچ بەڵگەیەکی مێژووی بۆ سەلماندی نییە. جاڕنامە ١٤

خاڵییەکەی سەرۆک کۆماری ئامریکا و پەیمانی سێڤرەس پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەمان پێ دەڵێن؛ ڕوانگەیەک کە دەشێ بۆ تیژکردنی کورد لە دژی کاپیتالیسم بەکار هاتبێت. ئەڵبەت، ئەگەر کورد کاپیتالیسمی باش ناسیوە و، پێی وایە دەتوانێ شەڕێک بکات کە بە یەکێتی سۆڤییەت، چین و، ڤیێتنام نەکرا، ئەو کات مانەوەی بزاڤی کورد لە بەرەی سۆسیالیسم دا کێشە نییە. بەڵام بە پێچەوانە، ئەگەر کورد خۆی و کاپیتالیسمی باش ناسیوە، شارەزای ئاستی هێز و تواناییەکانی هەر دوو لایە و، دەزانێت کە ئەو دووە چیان پێ دەکرێت و چیان پێ ناکرێت، ئەو دەم پێویستە خۆی لە شەڕی کاپیتالیسم و سۆسیالیسم ببوێرێت و، "ڕێگەیەکی سێهەم" هەڵبژێرێت.

# ٤. پێوەندی نێوان هزر و دۆخ

هزر و دۆخ پێوەندییەکی دانەبڕاویان پێکەوە هەیە. هزر هەڵقوڵاوی دۆخە و بە بێ بوونی دۆخ، هزریش دەرفەتی لە دایکبوونی نییە. ئەو ڕاستییە وای کردووە کە زۆربەی هزرەکان ڕەنگ و تایبەتمەندی ئەو دۆخەیان پێوە بێت کە تێیدا سەریان هەڵداوە. لەوەش گرینگر، هزرێک کە لە دۆخی A دا لە دایک بووبێت، پەیرەوکردنی لە دۆخی B دا کێشەساز بووە. هەرچەند ئەو کەسانەی کە خوازیاری سەپاندنی هزی شوێنێکن بەسەر شوێنێکی دیکە دا، گەردوونی بوونی هزریان ڕەپ کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر چاوێک لە بەر هەمە هزرییەکانی مێژوو بکەین، پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەمان بۆ دەردەکەوێت. بەو پێیە، لەم بەشە دا فەلسەفەی هەندێک لە فیلەسووفە دیارەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە. سەرەتا بە "ئەرەستوو" و پەرگالی کۆیلەداری یۆنان دەست پێدەکەین. پاشان دەچینە سەر "هێگێل" و ئەو پرسیارە دەکەین: بۆچی یەکێک لە باوکەکانی چەپ پێگەی خوداوەندی بە دەوڵەتی مۆدێرن داوە؟ دوا بە دوای هێگێل، دەچینە سەر "مارکس" و پێوەندییەکانی مارکسیسم لەگەڵ دۆخی ئەورووپای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەم دەخەینە بەر باس.

یەکێک لە کەسایەتییە گەورەکانی سەدەی بیستەم، بێ گومان، "ماهاتما گاندی"ە؛ ڕێبەرێک کە لە میانەی شەڕی جیهانی دووهەم و سەردەمی چەکی ناوەکی و برەوگرتنی هزری ڕاسیستی، باسی لە ئاشتی، بێ-توندوتیژی و خۆشەویستی دەکرد. بەڵام ئەوەی کە مژاری توێژینەوەی ئێمەیە لێرە دا پێوەندی نێوان هزی گاندی و کۆمەڵگای هیندە. لە دوای ئەم باسە، دەچینە سەر ئانارشیسم و پرسیارێک دەورووژێنین کە هەتا ئێستا نەکراوە و، لە یەکەم خوێندنەوە دا لەگەڵ ماکی ئەو بیردۆزییە ناکۆک دەنوێنێت. لە کۆتایی ئەم بەشە دا، دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان و بۆشاییە هزرییەکان دەستنیشان دەکەین و، دەڵێین؛ هزرێک کە هەڵقوڵاوی دۆخی دەگمەنی کوردستان نەبێت، یا دەگمەنبوونی دۆزی کورد لەبەر چاو نەگرێت، شانسی چارەسەرکردنی کێشەکەی کەمە.

### ئەرەستوو و کۆیلەداری

هەر چەند لە شۆڕشی "ڕۆنێسانس" بەولاوە، بەشێکی زۆر لە فەلسەفەی ئەرەستوو کەوتووەتە ژێر تەوژمی ڕەخنە و ڕەدبوونەوە، بەڵام ئەگەر وەکوو گەورەترین فیلەسووفی مێژووی ناودێر بکەین، زیادمان پێوە نەناوە. ئەڵبەت لە بیرمان نەچێت، هەر ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە کارەکانی ئەرەستوو ڕەدبوونەتەوە، گوزارە لە پێوەندی هزر لەگەڵ شوێن و کات دەکات. یەکێک لەو مژارە سەرەکییانەی کە بووەتەوە هۆی ڕەخنەگەلێکی زۆر و، هەندێک جاریش خودی پێکهاتەی هزری ئەرەستوو دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ڕەوایەتی دان بە پەرگالی کۆیلەدارییە؛ پەرگالێک کە کۆڵەکەی سەرەکی ئابووری یونانی

کەونارا بووە. هەر لە دەستپێکی پەرتووکی "سیاسەت" دا، ئەرەستوو دەڵێت؛ ئەو کەسەی کە لە ئاکامی بەکارهێنانی مێشکی دا شتەکان دەبینێت، بە سروشت باڵادەست و لۆردە. بە پێچەوانە، هەر کەس لە ڕێگای لەشیەوە شتەکان پێک بێنێت، بە سروشت کۆیلەیە.[152] لە شوێنێکی تر دا دەڵێت؛ هەندێک مرۆڤ بە سروشت ئازاد و، هەندێکی دیکە بە سروشت کۆیلەن. هەر بەو پێیە، بە باوەڕی ئەرەستوو، پەرگالی کۆیلەداری نەتەنیا بە قازانجە، بەڵکوو ڕەوا و ڕاستیشە.[153]

پرسیارێک لێرە دا دێتە ئاراوە: بۆچی گەورە بیرمەندێکی وەکوو ئەرەستوو کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ باڵی بەسەر فەلسەفەی دونیا دا کێشا، بەو چەشنە مرۆڤەکان بە دوو دەستەی ئازاد و کۆیلە دا دابەش دەکات و، ڕەوایەتی بە پەرگالی کۆیلەداری دەدات. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە چاوێک لە دۆخی ئەو کاتی دەوڵەت شاری "ئاتێن" بکەین؛ ئەو شوێنەی کە ئەرەستوو تێیدا دەژیا. ئاتێنی ئەو کات لەگەڵ دەوڵەت-شاری "سپارتا" لەشەڕی بەردەوام دا بووە و، کۆیلەداری یەکێک لە کۆڵەکەکانی پەرگالی ئابووری ئەوی پێکهێناوە. بە هۆی ئەوەی کە ئەرەستوو خوازیاری پاراستن و سەرکەوتنی نیشتمانی خۆی بووە، نیشتمانێک کە پێویستی بە پەرگالی کۆیلەداری بووە، هەوڵی داوە بناغەیەکی تیۆریک بۆ کۆیلەداری داڕێژێت. بەڵام، تۆ بڵێی ئەگەر ئابووری دەوڵەت-شاری ئاتێن پێویستی بە کۆیلەکان نەبایە، یا نیشتمانی ئەرەستوو لە لایەن دەوڵەت-شاری توندئاژۆی سپارتاوە مەترسی لەسەر نەبایە، ئەرەستوو هەر بەو شێوەیە ڕەوایەتی بە کۆیلەداری دەدا؟ بەڵام ئەدی تیۆرییەکی ڕامیاری کە بەرهەمی دۆخی کۆیلەداری بێت، هەتا چە ڕادەیەک دەکرێ لە کۆمەڵگایەک دا پەیرەو بکرێت کە نامۆیە بە کۆیلەداری؟

**هێگێل و دەوڵەت**

هەروەک دەزانرێت، یەکێک لە باوکەکانی پێگەهزری چەپ "فریدریک هێگێل"ە. سەرەڕای ئەوەی کە بەرەی چەپ بە گشتی ڕەخنەگری دەوڵەت بووە، بەڵام هێگێل پەسندانێکی سەیری دەوڵەتی داوەتەوە. بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو تیۆریسییەنانەی کە لەسەر دەوڵەت کاریان کردووە، هێگێل دەوڵەتی نەک وەکوو ئامراز، بەڵکوو بە ئامانج زانیوە، ئەویش ئامانجێکی ڕەها[154]. بۆ وێنە، بڕواننە ئەم دێڕانە:

> دەوڵەت ڕاستەقینێتی[155] بیرۆکەی ئاکارییە،—رووحێکی ئاکاری هاوشێوەی ورەی هەبووندار[156]، کە ڕوونە بۆ خۆی و، گوزارە لە خۆی دەکات. بیر دەکاتەوە و خۆی دەناسێت. ئەو شتەی کە دەیزانێ، هەتا ئەو جێیەی کە دیزانێ پێکی دێنێت... دەوڵەت ڕاستەقینێتی ورەی هەبووندارە، ڕاستەقینێتییەک کە لە خۆبەئاگایی دا و ئەو کاتە بەدی دەکرێت کە هەتا ئاستی گەردوونی بەرز بووبێتەوە؛ بەو پێیە، دەوڵەت هەم لە خۆی دا ژیارە و هەمیش بۆ خۆی ژیارە. ئەم پێکهاتە یەکگرتووە لەبەر چاوە و، ئامانجێکی ڕەها و نەبزووتە لە خۆی دا. لە نێوی دا، ئازادی لە بەرزترین ئاست دا تێکەڵ بە ڕاستی دەبێت، هەروەک چۆن ئەم ئامانجە

152 Aristotle. *The Basic Works* (New York: Modern Library, 2001 [1941]) p. 1128.
153 Aristotle, p. 1133.
154 مطلق
155 Actuality
156 Substantial

> ڕەهایە بەرزترین ڕاستی لە خۆ دەگرێت لە پێوەندی لەگەڵ تاکەکان دا، ئەو تاکانەی کە بەرزترین ئەرکیان بە ئەندام بوونی دەوڵەتە.[157]

بە باوەڕی هێگێل، دەوڵەت رووحێکی بابەتییە. هەر بەم هۆیە، مرۆڤەکان تەنیا لە ڕێگای دامەزرانی دەوڵەت و ئەندامبوون لە کۆمەڵگایەکی دەوڵەتی دا دەتوانن ژیانی ئاکاری پێک بێنین.[158] لە شوێنێکی دیکە دا، دەڵێت:

> هەم لە خۆی دا و هەمیش بۆ خۆی، دەوڵەت کۆیەکی ئاکارییە و، بەکرداربوونی ئازادییە. ئەوەش ئامانجی ڕەهای ژیرییە کە ئازادی دەبێت ڕاستەقینە بێت. دەوڵەت ئەو ڕووحەیە کە لە دونیا دا هەیە و، تێیدا بە شێوازێکی بەئاگایانە خۆی دەئافرێنێت. کەچی لە سروشت دا، خۆی وەکوو ئەوانیدیی "خۆ"، وەکوو ڕوحی باڵادەست، دەئافرێنێت.[159]

گرینگی دەوڵەت بۆ هێگێل لەوە دایە کە تەنیا لە پانتاییەکی دەوڵەتی دا تاک و کۆمەڵگا دەتوانن یەک بگرن و بوونێکی بابەتی بئافرێنن. ئەوەی کە دەوڵەتی کلاسیک لە هی مۆدێرن هەڵدەوێرێت، بە باوەڕی هێگێل، شێوازی بە یەک گەیاندنی تاک و کۆمەڵگایە. لە دەوڵەتە کلاسیکەکان دا، تاک لە نێو کۆمەڵگا دا توابووەوە، بەڵام گرینگی دەوڵەتی مۆدێرن ئەوەیە کە لە نێو ئەو دا تاک و کۆمەڵگا بە یەک دەگەن، بە بێ ئەوەی کە ئازادی هیچیان ئاستەنگ بکرێت. پتر لەوەش، بە پێچەوانەی دەوڵەتی کلاسیک، دەوڵەتی مۆدێرن بوار بۆ بوونی بابەتی تاک دەرەخسێنێت. چونکە لە سێبەری ئەو دا تاک دەتوانێت ویست، وەرە و، ڕامانی خۆی دەربڕێت.[160] لە شوێنێکی تر دا، هێگێل تا ئاستی خودابوون دەوڵەت هەڵدەکێشێت و دەڵێت؛ ڕووح چەندە لە سەرووی ژیانی جەستەییە، دەوڵەتیش ئەوەندە لە سەرووی سروشتە. کە واتە، دەبێ وەکوو خودای سەر زەوی بڕوانینە دەوڵەت و ڕێزی بۆ دابنێین. لە هەمان کاتیش دا، دەبێ ئەوە بزانین کە تێگەیشتن لە سروشت چەندە ئاریشە،[161] تێگەیشتن لە دەوڵەت ئاریشەترە.[162]

ئەم چەشنە لە پیرۆزکردنی دەوڵەت لە لایەن یەکێک لە باوکەکانی چەپ بۆ هەندێک کەس بووەتە چمام و هەوێنی سەرسووڕمان. بەڵام ئەگەر لە گرینگی دۆخ تێبگەین و پێوەندییەکانی لەگەڵ هزر دا ببینین، کردنەوەی ئەو چمامە کارێکی ئاسانە.

وەک مرۆڤێکی ئاڵمانی، هێگێل بەرهەمی قۆناخی ئەورووپای پاش شۆڕشی فەڕانسە بوو. لە ساڵی ١٧٨٩ەوە، فەڕانسە مۆدێلێکی نوێی لە پەرگالی ڕامیاری پێشکەش بە دونیا کرد بە نێوی دەوڵەت-نەتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم مۆدێلە ناوەندییە خەسارگەلێکی زۆری لە ڕەنگە جیاوازەکانی فەڕانسە دا، بەڵام بوو بە هۆی پێشکەوتن و بەهێزبوونی ئەو وڵاتە. پاش بە دەسەڵات گەیشتنی "ناپێلئۆن" لە ساڵی ١٨٠٤ دا، ئەو وڵاتە ئەوندەی تر بەهێز بوو. لە ئاکام دا، لە ساڵەکانی ١٨٠٦ و ١٨٠٧ دا، هێرشی کردە سەر ئاڵمان، ئیتالیا و، ئیسپانیا و، پۆرتۆگال و، هەموویانی داگیرکرد و، "ئیمپراتووری یەکەمی فەڕانسەی" دامەزراند. داگیرکردنی ئاڵمان، بە تایبەت لە لایەن نەیاری دێرینەیەوە، نەتەنیا کاروباری ئەو زانینگەیەی پەک خست کە هێگێل وانەی تێدا دەکوتەوە،[163] بەڵکوو کۆی ژینگەی هزری ئاڵمانی هەژاند. لە ئەنجام

---

[157] Hegel, G.W.F. *Elements of the Philosophy of Rights*; *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Wood A.W. (Cambridge: Cambridge University Press, 1996) p 275.
[158] Ibid, p. 276.
[159] Ibid, p. 279.
[160] Ibid, p. 282-83-85-302.
[161] زحمت
[162] Ibid, p. 307.
[163] Ibid, p. xxxiii.

دا، ئەو شڵەژانە بواری بۆ سەرهەڵدانی بیردۆزییەکی نوێ ڕەخساند بە نێوی "نەتەواژۆیی ڕۆمانتیک". هەندێک لە مێژوونووسان لەو باوەڕە دان کە دیاردەی نەتەواژۆیی، بۆ یەکەم جار، بە دەستی چینی دەستەبژێری ئاڵمانی ئەم سەردەمە خولقێندراوە.[164]

دۆخی ئاڵمانی پێش ساڵی ١٨٠٧ لە یەک ڕووەوە لە هی کوردستان دەچێت. هاوشێوەی کوردستانی سەدەی نۆزدەم کە بەسەر چەندین میرنشین دا دابەش ببوو، ئاڵمانیش بەسەر چەند دەسەڵاتی هەرێمی دا پارچە کرابوو. پتر لەوەش، هەروەک چۆن میرەکانی کوردستان لە نێو یەک دا ناکۆک و ناتەبا بوون، "میر"ەکانی ئاڵمانیش بەو شێوەیە توانای یەکگرتن و خاسکردنی دەسەڵاتێکی ناوەندیان نەبوو؛ دەسەڵاتێک کە توانایی ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ فەڕانسە دا هەبایەت. بەڵام، بە پێچەوانەی ئاڵمان و کوردستان، کاتێک کە لە فەڕانسە شۆڕش دەکرێت و دەوڵەتی مۆدێرن دادەمەزرێت، ئەو وڵاتە ئەوندە بەهێز دەبێت کە هەموو دراوسێکانی دەخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە. کاتێک کە مرۆڤ ڕەوتی ئەو ڕووداوانە دەخوێنێتەوە و، گرینگی بە پێوەندی نێوان هزر و دۆخ دەدات، باش دەزانێت کە بۆچی هێگێل بەو چەشنە نافەلسەفییە پەسنی دەوڵەتی دەداوە و، وەکوو خودای سەر زەوی پیرۆزی دەکرد. بەڵام، تۆ بڵێی ئەگەر ئاڵمانی ئەو کات خاوەن دەوڵەت خۆی بایەت و، لە لایەن فەڕانسەوە داگیر نەکرایەت، هێگێل ڕوانگەیەکی دیکەی لەسەر دەوڵەت نەدەبوو؟

**مارکس و پرۆلێتاریا**

دۆخی ئاڵمان و ئەورووپای سەردەمی "کارڵ مارکس" جیاواز بوو لە هی کاتی هێگێل. جا بۆیە، ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی مارکس بوونەوە جیاواز بوون لەوانەی مامۆستاکەی. بە پێچەوانەی دەستپێکی سەدەی نۆزدەم، هێرشی فەڕانسە و داگیرکردنی ئاڵمان مژاری ژینگەی هزری و ئاکادەمی ئەو دۆخە نەبوو کە تێیدا مارکس لە دایک بوو و پێگەیشت. چونکە پاش بەرخۆدانی گەلانی ژێردەستی فەڕانسە و پێشکەوتنی شەڕی گەریلایی، کە لە دەستپێک دا لە ئیسپانیا و ڕووسیە دەستیان پێکرد، هەتا ساڵی ١٨١٥، هەموو ئەو وڵاتانە، بە ئاڵمانیشەوە، خۆیان ئازاد کرد و پاشان دەوڵەتی خۆیان دامەزراند. بە گشتی، یا بە زمانێکی تر، کێشەی ئاڵمان و ئەورووپای ساڵەکانی ١٨٤٠ کێشەی کۆمەڵایەتی بوو، نەک هی نەتەوەیی. شۆڕشی پیشەسازی و گەشەکردنی کاپیتالیسم گەلێک کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خولقاندبوو، کە مرۆڤ نەیدەتوانی خۆی لێ لادات. یەکێک لەو کەسانەی کە زیاتر لەوانەی دیکە هزر و کاتی خۆی بۆ شرۆڤەی ئەو کێشانە تەرخان کرد مارکس بوو.

لە پەرتووکی "مانیفێستی کومونیست" دا کە لە ساڵی ١٨٤٨ دا چاپ کراوە، مارکس کۆمەڵگای ئەو کاتی ئەورووپای بە سەر دوو چینی سەرەکی دا دابەش کردووە: کرێکاری کارگە، یا پرۆلێتاریا؛ خاوەن کارگە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، یا کاپیتالیست. هەر لە دەستپێکی ئەو پەرتووکە دا، مارکس تیشک دەخاتە سەر بەستێنی ئەو کاتی ئەورووپا و دەڵێت:

> سەردەمی ئێمە، سەردەمی بوورژوازی، جیاوازە [لە قۆناغەکانی پێشوو] بە پێی ئەو ڕاستییەی کە ئەم سەردەمە کێشەی چینایەتی ئاسان کردووەتەوە. ئاراستەی کۆمەڵگا بە گشتی

[164] See Breuilly, John. *Nationalism and the State,* Second Edition (Manchester: Manchester University Press, 1993) p. 97-98.

بەرەو دابەشبوون بە سەر دوو کەمپی نەیار دا دەڕوات، دوو چینی گەورە کە هەر کامیان ڕاستەوخۆ دژی ئەوە دیکەیە: بوورژوازی و پڕۆلێتاریا.[165]

ڕێگە چارەی مارکس بۆ دەربازبوون لەو کێشانە شۆڕشی پڕۆلێتاریایە لە دژی کاپیتالیسم.[166] ئەم ڕوانگە دژە-کاپیتالیستییە بوو بە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ئاڵمان مارکس لە خۆ نەگرێت و، وڵاتبەدەری بکات. پاش ئەوەی کە دەوڵەتانی بێلژیک و فەڕانسەش مافی مانەوەیان پێ نەدا، ڕووی کردە بریتانیا و لەوێ نیشتەجێ بوو. بەڵام بە پێچەوانەی هێگێل کە لە زانینگەکانی ئاڵمان دا وانەی دەکوتەوە، مارکس ژیانێکی زۆر هەژار و بێ پەسێوی لە لەندەن پێکهێنا. تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە هەژاری و برسێتی هۆی مردنی منداڵەکانی بووە.

هەتا ئێرە باسمان لە دوو مژار کرد کە هێگێل لە مارکس هەڵدەوێرێت: یەکەم، ژینگەی ڕامیاری ئاڵمان و ئەورووپا بە گشتی؛ دووهەم، ژیانی تایبەت و خۆکەسی. بەڵام پێویستە باس لە مژارێکی دیکەش بکەین، کە ئەویش مژاری دەوڵەتە. بە پێچەوانەی هێگێل کە پێی وابوو چێکردنی دەوڵەت ئاڵمانییەکان لە ژێر ڕکێفی فەڕانسە ڕزگار دەکات و، لە ئەورووپا دا دەیان کات بە خاوەن پێگەی تایبەت، مارکس لەو باوەڕە دا بوو کە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکان ئامرازی دەستی کاپیتالیستەکان بوون، بۆ چەوساندنەوەی پڕۆلێتاریا.[167] لەوەش زیاتر، مارکس پێی وابوو کە لە ڕێگای بەکارهێنانی بازاڕی جیهانی، کاپیتالیسم بەرهەمهێنان و فرۆشتنی کردووەتە دیاردەیەکی جیهانی و، سنووری وڵاتانی سڕیوەتەوە.[168] دەسا، بە پێچەوانەی هێگێل، مارکس نەتەنیا ڕێزی بۆ ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوانە نەبوو، کە هیچیان مافی مانەوەیان پێ نەدا، بەڵکوو لە دژی ئەو سنوورانەش ڕاوەستا کە ئەو دوڵەتانە دایانڕشتبوو. جا بۆیە لەم ڕووەوە، مارکس پێی وابوو کە پڕۆلێتاریا چینێکی بێ نەتەوە و نیشتمانە و، لە زنجیرەکانی دەست و پێی زیاتر هیچی دیکەی نییە بۆ لە دەست دان.[169]

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستیانە، لێرە دا، دوو پرسیار گەڵاڵە دەکەین:

١). ئەگەر لە بری دوو چینی خاوەن-کارگە و پڕۆلێتاریا، کۆمەڵگاکانی ئەو کاتی ئەورووپا بەسەر خاوەن-زەوی و جووتیاران دا دابەش بایەن، وەکوو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی دونیا، ئایا ئەو کاتەش مارکس ئەرکی شۆڕشی دەخستە سەر شانی کرێکارانی کارگە؟ بەڵام خۆ زۆربەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات، بە کوردستانیشەوە، خاوەن کارگە نین هەتا پڕۆلێتر یا کرێکاری کارگەیان هەبێت. ئەدی ئەو کات چی؟ هەر ئەم ڕاستییە ناکۆکی خستە نێوان یەکێتی سۆڤییەت و چین، کە لە ئاکام دا بوو بە دروستبوونی دوو ڕێچکەی جیاواز لە سۆسیالیسم. سۆسیالیستەکانی سۆڤییەت، کە لە کاتی لێنینەوە پاڵپشتی شۆڕشگێرانی چین بوون، دەیانکوت؛ ئەو چینەی کە پێویستە ڕێک بخرێت و شۆڕشی پێ بکرێت چینی پڕۆلێتاریایە. بەڵام، بە پێی ئەوەی کە زیاتر لە ٨٠ لە سەدی دانیشتوانی چین جووتیار بوون، سۆسیالیستەکانی چین جووتیارانیان ڕێکخست و شۆڕشیان پێ سەرخست.

---

[165] Marx, Karl. *Later Political Writings*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Carver, T. (Cambridge: Cambridge University Press, 2000) p. 2.
[166] Ibid, p. 11.
[167] Ibid, p. 3.
[168] Ibid, p. 4-5.
[169] Ibid, p. 17-30.

٢). ئەگەر هاوشێوەی هێگڵ، مارکس مافی مانەوە لە ئاڵمانی هەبایە و، ئاڵمان لەلایەن یەکێک لە دراوسێکانییەوە، ڕووسیە بۆ وێنە، داگیر کرابایەت، ئاخۆ ئەو کات نێرینی مارکس لەسەر دەوڵەت چی دەبوو؟ تۆ بڵێی ئەو کاتیش هەر جیاواز لە مامۆستاکەی بیری دەکردەوە؟

**گاندی و ساتیاگڕاها**

لە میانەی شەڕی جیهانی دووهەم دا، "ماهاتما گاندی" ڕێبەری شۆڕشی هیند بە خەباتی بێ-توندوتیژی، یا "ساتیاگڕاها" بە زمانی هیندی، سەرنجی دونیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا. پاش ڕزگاری هیند لە ساڵی ١٩٤٧ دا، ئەم مێتۆدە لە خەبات وەکوو بژارێک بۆ تێکۆشان لە دژی داگیرکەری خۆی خستە بەر دەستی بەشێک لە ئازادیخوازانی دونیا. کوردستانیش وەکوو هەندێک لە وڵاتانی داگیرکراو لەم یەکە بێبەری نەبوو و، ئێستاشی پێوە بێت، هەندێک لە ڕێبەران و شرۆڤەکارانی کورد پەنجە بۆ سەر گاندی و ڕێبازی بێ-توندوتیژی ڕادەکێشن، بە بێ گرینگی دان بەو بەستێنەی کە ئافرێنەری گاندی و هزری وی بوو.

بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠١١ی هیند، نزیکەی ٨٠ لە سەد لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە هیندوون.[170] یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئایینی هیندوویسم چەمکێکە بە نێوی "ئاهیمسا"، کە بە واتەی "بریندار ی مەکە"، "لێی مەدە"، یا "بێ توندوتیژییە". ئاهیمسا، کە لە ئایینی "بوودا"شدا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، کوشتن و ئازاردانی هەر گیانلەبەرێک بە نارەوا دەزانێت. بەم هۆیە، باوەڕمەندانی ئەم دوو ئایینە خۆیان لە کوشتنی مێروولەش دەبوێرن تەنانەت، چ بگات بە کوشتنی مرۆڤ. بە وتەی "ئۆلیڤێر لیمان" سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ئایینانە نەیانتوانیوە کۆتایی بە شەڕ و کوشتن بێنن، بەڵام یارمەتییەکی لە بەرچاویان بە گەشەکردنی نەریتی گیاخۆری کردووە.[171] کاتێک کە باس لە گاندی و خەباتی ساتیاگڕاها دەکەین، پێویستە ئەم بەستێنە هزری، کۆمەڵایەتی و، کولتووریە لە شرۆڤەکانمان هەڵنەوێرین.

ماهاتما گاندی وەکوو هیندوویەکی باوەڕمەند، کە شوێنکەوتەگەلێکی زۆری هەبووە، لەو باوەڕە دایە کە بە بێ پەرەپێدانی چاندی خۆ-نەویستنی ڕەها، گەشە کردنی ئاهیمسا ئاستەمە. چونکە ئاهیمسا یانی خۆشویستنی کۆی مرۆڤایەتی، کە "خۆ" وەکوو تاک تەنیا یەک کەس لەو کۆیە پێکدێنێت. پتر لەوەش، ئەو خۆشەویستییەی کە گاندی وەکوو مەرجی سەرخستنی ساتیاگڕاها باسی دەکات، تەنیا ئاراستەی دۆست و کەسانی نزیک ناکرێت، بەڵکوو پێشکەش بە داگیرکەریش دەکرێت، بە مەبەستی چاک کردنەوەی. بۆ وێنە، هەڵسووکەوتی تۆ لەگەڵ کەسێک کە بە ئامانجی دزیکردن خۆی بە ماڵەکەت دا کردووە دەبێ بەو شێوازە بێت:

> لە بری ئەوەی کە لێی توورە بی، بەزەییت پێدا بێت. بیر لەوە بکەوە کە خووی دزیکردن نەخۆشی ئەو کەسەیە. ئەوکات دەرگە و بەرکازی ماڵەکەتی بۆ بکەوە، شوێنی خەوتنەکەت بگۆڕە، شتەکانت لە شوێنێک دابنێ کە لە هەموو شوێنێک ئاسانتر دەستی پێی بگات. کاتێک کە دزەکە خۆی بە ژوور دا دەکات، بە بینینی ئەو دیمەنە نوێیە سەری سووڕ دەمێنێت؛ سەرەڕای ئەمەش، شتەکانی تۆ هەڵدەگرێت. بەڵام مێشکی دەکەوێتە شڵەژانەوە. لە سەر تۆ

---

170 http://www.census2011.co.in/religion.php

171 Leaman, Oliver. *Key Concepts in Eastern Philosophy* (London: Routledge, 1999) p. 14.

پرسیار لە دانیشتوانی گوند دەکات، دڵی بەرین و دڵۆڤانی تۆ دەناسێت، پاشگەز دەبێتەوە، داوای لێبووردنت لێ دەکات، شتەکانت بۆ دێنێتەوە و، واز لە خووی دزیکردن دێنێت.[172]

لە درێژایی نووسینەکانی دا گاندی پێداگری لە سەر هێزی ئەوین دەکات و، لەو باوەڕە دایە کە کاریگەری لە هێزی توندوتیژی زیاترە. بە باوەڕی گاندی، چونکە ئەوین خودی مرۆڤ دەسووتێنێ هەتا ئەوانیدی، چالاکوانی ساتیاگڕاها دەبێت ئازارەکان لە ئەستۆی خۆی بگرێت، نەک لە هی دژبەر و دژمنی، تەنانەت ئەگەر ئەو ئازارانە هەتا ئاستی مردنیشی ببەن.[173] بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئازار دان خراپە، بۆچی مرۆڤ دەبێ شانی خۆی بداتە بەر، نەک هی دژمنەکەی؟ چونکە گاندی لەو باوەڕە دا بوو کە بە ئازاردانی خۆ، چالاکوان لە ناخەوە دەروونی دژمن دەشڵەژێنێ و هەستی مرۆڤانەی دەبزوێنێ. جا بۆیە گاندی دەیکوت؛ هەتا ئاستی ئەو ئازارانەی کە چالاکوان دەیچێژێت زیاتر بێت، پێشکەوتنیش زیاترە.[174]

ئەڵبەت لە بیرمان نەچێ کە ئەوین بۆ گاندی جیاوازە لە شەهوەت و، نزیکایەتی ژن و مێردیش کاتێک ڕەوایە کە لە پێناو خولقاندنی منداڵ و زارۆک دا بێت. لەم ڕووەوە گاندی دەیکوت؛ ئەگەر پیاوێک خۆشەویستی خۆی بدات بە ژنێک، یان ژنێک بە پیاوێک، ئەدی چی بۆ دونیای تەنیشتیان دەمێنێتەوە؟ ئەم دوو کەسە هیچ کات ناتوانن کۆی مرۆڤایەتییان خۆش بوێت و، وەکوو بنەماڵەی خۆیان سەیری بکەن. چونکە پەرژینێک بە دەوری خۆیان دا دەکێشن و خۆیان لە دونیا هەڵدەوێرن. بەو پێیە، یەکەمین مەرجی سەرەکی بۆ پەیرەوکردنی ساتیاگڕاها پێکنەهێنانی ژیانی هاوبەشە. لەو ڕووەوە گاندی دەیکوت:

> ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی زاگۆنی ئاهیمسایە، بۆی نییە زەماوەند بکات، جا ئیدی هەر باسی تێربوون لە دەرەوەی بازنەی خێزان مەکەن. ئەی ئەو کەسانەی کە لە پێش دا زەماوەندیان کردووە چی؟ ... ئەوان دەتوانن وا هەڵسووکەوت بکەن کە زەماوەندیان نەکردووە... ئەگەر ژن و مێرد وەکوو خوشک و برا سەیری یەکتری بکەن، ئەو کات ئازاد دەبن بۆ ڕاژەی[175] جەهانگیرانە... ئەوینەکەیان لە هەموو ناپاکییەکانی شەهوەت ئازاد و بە هێزتر دەبێت.[176]

دووهەمین مەرجی ساتیاگڕاها نەبوونی مڵک و ماڵە. بە باوەڕی گاندی، کەسێک کە شوێنکەوتەی ئەوین و ڕاستی بێت ناتوانێت هیچ شتێک کۆکاتەوە. چونکە خودا هیچ شتێک کۆناکاتەوە، گاندی دەیکوت، ئێمەش ئەگەر باوەڕیمان بەو هەبێت، نابێ هیچ شتێک کۆکەینەوە. چونکە ئەو هەموو شتێکمان بۆ دابین دەکات.[177] باوەڕی بە خودا ئەوەندە گرینگە بۆ گاندی کە وەکوو سێهەمین مەرجی سەرەکی ساتیاگڕاها دەستنیشانی دەکات. هەر لەم سۆنگەیەوە دەیکوت؛ "تەنیا چەکی ساتیاگڕاهی [واتە چالاکوانی ساتیاگڕاها] خوادیە، بە هەر نێوێک بێتو بناسرێت. بە بێ ئەو ساتیاگڕاهی هێزی ئەوەی نییە لە بەرامبەر دژمنێک دا ڕاوەستێت کە خۆی بە چەکی تۆقێنەر تەیار کردووە".[178] مەرجەکانی دیکەی ئەم ڕێبازە بریتین لە نەخواردنەوەی ئەڵکۆڵ، نەترسین و، ڕێککاری.

---

[172] Gandhi, M. K. *Non-Violence Resistance (Satyagraha)* (New York: Dover Publication, 2001) p. 12-13.
[173] Ibid, p. 78.
[174] Ibid, p. 113-14.
[175] خدمت
[176] Ibid, p. 43.
[177] Ibid, p. 45-46.
[178] Ibid, p. 95.

ئەو کەسانەی کە باس لە گاندی و بەکارهێنانی مێتۆدەکەی دەکەن، پێویستە ئەم ڕاستییانە لەبەر چاو بگرن و، ساتیاگڕاها لەو بەستێنەی کە تێیدا سەریهەڵداوە هەڵنەوێرن؛ جا ئیدی هەر باسی ئەو مەرجانە ناکەین کە خەباتکاری ساتیاگڕاها دەبێت پێکیان بێنێت، چونکە لەو باوەڕە دا نیم بەو چالاکوانە کوردانە بکرێت کە باس لەو مێتۆدە دەکەن. هەر وەک بە نووسینەکانی دا دیارە، کاریگەرییەکی قوڵی هیندووئیسم لەسەر هزر و کەسایەتی گاندی بەدی دەکرێت. پتر لەوەش، زیاتر لە ٨٠ لە سەدی دانیشتوانی هیند باوەڕمەندی ئەو ئایینەن و، هەندێکیان نە تەنیا گۆشتی هیچ پەلەوەرێک ناخۆن، بەڵکوو ئازاریان بە هیچ گیانلەبەرێکیش ناگات، هەتا بە مرۆڤ. چاوەڕوان نەکراو نییە کە لە بەستێنێکی هزری و کۆمەڵایەتی لەو چەشنە دا مێتۆدی ساتیاگڕاها لە دایک بێت؛ چاوەڕوان نەکراو نییە کە لە بەستێنێکی ئاوا ئاشتیخواز دا خەباتی بێ-توندوتیژی شانسی سەرکەوتنی زۆر بێت.

**باکوونین، ئانارشیسم و ئیمپریالیسم**

پێویست نەبوونی دەوڵەت و ڕەد کردنەوەی هەر چەشنە پێکهاتەیەکی دەوڵەتی، ناوەڕۆکی ئانارشیسم پێکدێنێت. "میکائیل باکوونین"، یەکێك لە باوکەکانی ئەم فێرگەیە کە تێۆرییەکانی ڕووی لە کوردستانیش کردووە، لەو باوەڕە دا بوو کە دەوڵەت "سەرچاوەی هەموو خراپییەکانی کۆمەڵگایە". بە باوەڕی باکوونین، هەتا دەوڵەت هەبێ و سێبەری لەسەر کۆمەڵگا بێت، مرۆڤایەتی ڕۆژێکی ئازاد بە خۆوە نابینێت.[179] لە فەلسەفەی باکوونین دا، دەوڵەت هەر ناوێکی هەبێت و بە هەر ئاوالناوێکەوە بەکار بێت، جیاوازی نییە و، ئامرازێکە بۆ خۆسەپاندنی چینێک بەسەر کۆمەڵگا دا.[180] باکوونین، لە لایەکەوە، پێی وابوو کە بناغەکانی دەوڵەت شلەژاون و هەر سات شیانی ڕووخانی هەیە و،[181] لە لایەکی دیکەوە، داوای لە چینی پرۆلیتاریا دەکرد کە لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕن و لە ناوی ببەن.[182]

وەکوو دیاردەیەکی دەوڵەتی، کە بۆ جێبەجێکردنی، مرۆڤ پێویستی بە بوونی دەسەڵاتە، ئانارشیستەکان زاگۆن ڕەد دەکەنەوە. بە باوەڕی ئەوان، چینی سەردەست بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی زاگۆنی داڕشتووە و، هەر بەو پێیە، ئەرک و تەوزیمی چینی ژێردەستیش هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتە زاگۆنەوانییەکانە. "پیتێر کرۆپاتکین"، یەکێک لە باوکەکانی تری ئانارشیسم، لەم سۆنگەیەوە دەڵێت:

> هاوشێوەی سەرمایە، کە لە نێو دەستبڕین و توندوتیژی دا لە دایک بووە و، لە ژێر چاوەدێری دەسەڵات دا گەشەی سەندووە، زاگۆن ڕێزی لە مرۆڤایەتی نەناوە. بە پێی ئەوەی کە لە نێو توندوتیژی و بیر و باوەڕی پووچ دا لە دایک بووە و، بۆ بەرژەوەندی کڕیار، قەشە و، چەوسێنەر دروست کراوە، هەر ئەو ڕۆژەی کە گەڵ زنجیرەکانی خۆی دەبڕێتەوە دەبێت زاگۆنیش بە تەواوی تێک بشکێنێت.[183]

---

179 Bookchin, Murray. *Remaking Society* (New York: Black Rose Books, 1989) p 161.

180 Bakunin, Michael. *Statism and Anarchy: Cambridge Texts in the History of Political Thought* (Cambridge: Cambridge University Press, 2005 [1990]) p. 24-34.

181 Ibid., p. 23-41-46.

182 Ibid., p. 49.

183 Kropotkin, Peter. *Anarchism: A Collection of Revolutionary Writings* (New York: DOVER, 2002) p. 206.

وەکوو جێگرەوەی زاگۆن، کرۆپاتکین پێی وایە کە گرێبەستی ئازادی نێوان مرۆڤەکان دەتوانێ بەکارتر بێت. لە بری حکوومەتیش، کرۆپاتکین پێکەوە کارکردنی ئازادی مرۆڤەکان بە باشتر دەزانێت. خووی پێکهێنانی بەڵێنی و ترسی نەشکاندنی، بە باوەڕی کرۆپاتکین، لە زۆربەی هەرە زۆری دۆزەکان دا بەسە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکان.[184] پتر لەوەش، کرۆپاتکین پێداگری لەسەر ئەو پرێنسیپە دەکات: دەتهەوێ چۆنت هەڵسووکەوت لەگەڵ دا بکرێ، ئاواش هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەوانیدی دا بکە.[185] یەکێکی تر لە باوکەکانی ئانارشیسم، "ژۆزێف پرۆدۆن"، هاوشێوەی کرۆپاتکین دەڵێت؛ لە بری میلیۆنان زاگۆن، تەنیا یەک زاگۆن بەسە: لەگەڵ کەس دا ئەو کارە مەکە، کە بۆخۆت ناتهەوێ لەگەڵت دا بکرێت؛ ئەو کارە بۆ ئەوانیدی بکە کە بۆخۆت دەتهەوێ ئەوان بۆت بکەن.[186] ئەڵبەت کرۆپاتکین دان بەوە دا دەنێت کە وانەی ئاکاری تەنیا ئەو کۆمەڵگایەی پێ بەڕێوە دەچێت کە وانەی بێئاکاری تێیدا سەردەست نەبووبێت.[187]

سەرەڕای ئەوەی کە باکوونین دژی دەوڵەتە و لەو باوەڕە دایە کە وانەی ئاکاری و دۆستایەتی گەلان، کە ئەو پێی دەڵێت "برایەتی گەلان"، کۆمەڵگایان پێ بەڕێوە دەچێت، بەڵام بە درێژایی پەرتووکی "دەوڵەتاژۆیی و ئانارشی"، دژە-ئاڵمانی بوون و دژە-جوولەکە بوونی خۆی ناشارێتەوە و، لە هەندێک شوێن دا ئەو دژایەتییە هەتا ئاستی ڕاسیستی دەڕوات. بۆ وێنە، لە شوێنێک دا دەڵێت:

> لەو باوەڕە داین کە تەنیا چەند کەسی ڕووسی ئاگای لەوە نییە کە ئاڵمانییەکان چەندەیان ڕق لە ڕووسیەیە—هەموو ئاڵمانەکان، بەڵام بوورژوای ئاڵمانی بەتایبەت و، لە ژێر کاریگەری ئەوان دا، بە داخەوە، هەموو گەلی ئاڵمان.[188]

بە درێژایی ئەو پەرتووکە دا، باکوونین بە زمانێکی زبر و ناشیرین باس لە گەلی ئاڵمانی دەکات و، ترسی گەورەبوونەوە و بەهێزبوونی دەوڵەتی ئاڵمان وەبیر ڕایەدارانی دەوڵەتی ڕووسیە دێنێتەوە. لە هەندێک شوێن دا، باکوونین زیاتر لە ستراتێژیستێکی دەوڵەتی ڕووسیە دەچێت هەتا لە ئانارشیستێکی دژە-دەوڵەت. بۆ وێنە، لە شوێنێک دا دەنووسێت:

> ئیمپراتووریەکی نوێی ئاڵمانی سەری بەرزکردووەتەوە. مەزن و ترسناکە و بە دژمنان و ڕژدانی خۆی پێدەکەنێت. هێزە لاوازەکانی ڕووسیە توانای ئەوەیان نییە کۆڵ بەو ئیمپراتووریە بدەن، تەنیا شۆڕش دەتوانێ ئەو کارە بکات. تا ئەو کاتەی کە شۆڕش لە ڕووسیە و ئەورووپا دا سەرنەکەوێت، ئاڵمانی دەوڵەتاژۆ سەردەکەوێت و هەموومان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.[189]

لە شوێنێکی دیکە باکوونین گەلانی ''سلاڤ'' وریا دەکاتەوە و پێیان دەڵێت؛ ئەگەر ئاڵمانەکان بەربەست نەکرێن، لە ماوەیەکی کورت دا هەموو هەرێمی ''باڵتیک'' داگیر دەکەن و کۆتایی بە هێژەمۆنی ڕووسیە دێنن.[190] پاشان، ڕوو لە ڕووسەکان دەڵێت:

---

[184] Ibid, p. 63.

[185] Ibid, p. 97-98-99.
[186] Proudhon, Joseph. *General Idea of the Revolution in the Nineteenth Century*, (New York: Cosimo, 2007) p. 134.
[187] Ibid, 138.
[188] Bakunin, p. 63.
[189] Ibid, p. 102-3.
[190] Ibid, p. 93.

> ماڵاوا باڵادەستی [ڕووسیە] لە دەڤەری باڵتیک! ماڵاوا ئەو هێز و گرینگبوونە ڕامیارییەی کە پیتێری مەزن [پادشای ڕووسیە] لە زەلکاوی فینلەند بۆ پێتەختی باکووری دروست کرد... پاشان، دەڤەری باڵتیک لە ماوەیەکی کورت دا دەبێت بە دەریای ئاڵمانی و، پیتێرسبۆرگ هیچ گرینگییەکی ڕامیاری نامێنێت.[191]

لە هەندێک شوێن دا، باکوونین خۆی وەکوو دەمڕاستی گەلانی سلاڤ، کە بریتین لە ڕووسی، پۆڵۆنی، چێکی، سلۆڤاکی، بولغاری، سێربی، ئۆکرانی، کرۆواتی، مەقدوونی و، کۆزڤۆیی، نیشان دەدات و پێی وایە کە لە لایەن گەلانی تورک و تاتار و، بە تایبەتی ئاڵمانییەکانەوە چەوساونەتەوە.[192] بە باوەڕی باکوونین، چارەسەری گەلانی سلاڤ لە ئافراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دا نییە. بەڵکوو سلاڤەکان دەبێ لە تەک گەلانی لاتین، وەکوو یۆنانی و ئیتالیایی، یەک بگرن و لە دژی دەوڵەتی ئاڵمان ڕاپەڕن.[193]

سەرەڕای ئەوەی کە باکوونین داوای ڕووخانی هەموو دەوڵەتان دەکات، بەڵام لە هەندێک شوێن دا ناڕاستەوخۆ و لە هەندێک شوێنی تر دا ڕاستەوخۆ باس لە پێویست بوونی دەوڵەتێکی مەزنی ڕووسی دەکات. بۆ وێنە، لەو نامەیەی کە لە ژێر ناوی "دان پێدانان" بۆ پادشای ڕووسیە "نیکۆلاسی یەکەم" نووسیویەتی، بە ڕاشکاوی باس لە پێویست بوونی دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بە پێشەنگایەتی ڕووسیە دەکات، بۆ ئەوەی کە گەلانی سلاڤ هەتا ئەو ڕادەیە پێش بخات کە پێویستیان بە دەوڵەت نەبێت.[194]

بەڵام بە ڕاستی، ئەگەر دەوڵەت سەرچاوەی هەموو کێشەکانە و، مرۆڤایەتی پێویستی بە خۆ دەرباز کردن لێیەتی، ئەدی بۆچی پێویستی بە خۆ دەرباز کردن لە دەوڵەتی دیکتاتۆری ڕووسیە نییە؟ چۆن دەکرێ تۆ لە لایەکەوە دژی دەوڵەت بی و خوازیاری ڕووخانی هەموویان، بەڵام نەک ڕووخانی دەوڵەتی "خۆ"، بەڵکوو ڕووخانی دەوڵەتی "ئەوانیدی"، بە تایبەت ئەو گەلەی کە تۆ ڕق و کینەی خۆتیانی لێ ناشارییەوە؟ ئەوە وەکوو ئەوە وایە کە ئاناڕشیستێکی تورک بە من بڵێت:

> با کورد دەوڵەتی نەبێت، چونکە دەوڵەت سەرچاوەی کێشەکانە. بەڵام با دەوڵەتی تورک هەتا ئاستی دیکتاتۆری خۆی قایم بکات، بۆ ئەوەی کە بتوانێت گەلانی تورکیە هەتا ئەو ڕادیە پێشبخات کە پێویستیان بە دەوڵەت نەبێت!

سەرەڕای ئەوەی کە ئاناڕشیستەکانی دیکە وەکوو باکوونین خۆیان بە دەستەوە نەداوە، بەڵام ئەگەر چاویان لێ بکەین، دەبینین کە هەموویان، هەر لە کرۆپاتکینەوە بگرە هەتا دەگاتە "مووررای ڕاتبارد" و "مووررای بووکچین"، یا ڕووسی بوون یا ئامریکایی. تەنیا یەکیان، "ژۆزێف پرۆدۆن"، فەڕانسەوی بووە. ئەڵبەت لە بیرمان نەچێت، فەڕانسەی نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەم، هاوشێوەی ڕووسیەی ئەو کات و ئامریکای ئەمڕۆ، یەکێک لە زلهێزەکان بووە و خوازیاری داگیرکردنی هەموو دونیا.

**کورد و هزر**

یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرنەکەوتنی کورد نەبوونی هزر و فەلسەفەیە؛ فەلسەفەیەک کە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی کۆمەڵگاکانی کوردستان بێت و، گرینگی بە دەگمەنبوونی دۆزەکە بدات. دوو

[191] Ibid, p. 94.
[192] Ibid, p. 39.
[193] Ibid, p. 76.
[194] Ibid, p. xxi.

هزری سەرەکی، کە هەتا ئێستا گۆڕەپانی کوردستانیان داگیر کردووە، ئیسلام و مارکسیسمن. هەر وەک لە بەشی دوو دا باسمان کرد، ئیسلام بە زۆری شمشیر و لە میانەی زنجیرەیەک کۆمەڵکوژی بەسەر گەلی کورد دا سەپا. بەڵام ئەوەی کە لێرە دا جێگای باسە ئەوەیە کە ئیسلامیش ڕەنگی دۆخی کۆمەڵگای ئەو کاتی عەرەبستانی پێوەیە، کە نە تەنیا لەگەڵ دۆخی کوردستان نامۆیە، بەڵکوو لەگەڵ هەلومەرجی ئەوڕۆی عەرەبستانیش، لەوانەیە، ناکۆک بێت. بۆ وێنە، لە "سوورەی نوور" دا هاتووە:

> ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە، لەو ماڵانەی کە هی ئێوە نیین مەچنە ژووریّ هەتا هێڵان وەرنەگرن و، سڵاو لە کەسانی ئەو ماڵانە بکەن، ئاوا بۆ ئێوە باشترە، بەشکوو ئامۆژکاری وەربگرن. ئەگەر کەستان لەویّ دەست نەکەوت، مەچنە ژووریّ هەتا هێڵانی ئێوە دەدەن و، ئەگەر پێیان کوتن بگەڕێنەوە، بگەڕێنەوە، ئەوە بۆ ئێوە گونجاوترە و، خودا ئاگای لەو شتانە هەیە کە ئێوە دەیکەن.[195]

وا دیارە عەرەبەکانی ئەو کات لە دەرگە دانیان نەزانیوە و، ئامانجی ئەم ئایەتانە پەروەردە کردنیان بووە لەسەر ئەم مژارە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: تۆ بڵێی ئەگەر عەرەبەکان زانیبایان بە بێ هێڵان خۆ بە ماڵی کەس دا نەکەن، ئەو کاتەش هەر پێویستی بە بوونی ئەم ئایەتانە دەبوو لە قورئان دا؟ بەڵام ئەدی ئەو مرۆڤانەی کە کێشەی لە دەرگە دانیان نییە، دەبێت چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەم ئایەتانە دا بکەن؟ ئەی بۆ دونیای مۆدێرنی ئەوڕۆ کە سەردەمی ئینتێرنێت و فەیسبووک و ئەو ئامرازانەی ترە، ئەم ئایەتانە لە کویّ ڕادەوستن و هەڵگری چ پەیامێکن؟

لە لایەکی دیکەوە، ئیسلام هەندێک ڕێسای داناوە کە ئەوندەی لە بەرژەوەندی عەرەب دایە، ئەوندەش خەساری لە گەلانی ناعەرەبی ناوچەکە داوە. بۆ وێنە، حەرام کردنی گۆشتی بەراز. هەموومان دەزانین کە عەرەبستان وڵاتێکی گەرمە و بەرازی تێدا بەرهەم نایەت. بەو پێیە، مادام کەس ئەم ئاژەڵە بەرهەم ناهێنێت، نەکڕینی بەراز و نەخواردنی گۆشتەکەی، خەساری لە ئابووری عەرەبستان نەداوە. بەڵکوو بە پێچەوانە، قازانجێکی زۆری پێ گەیاندووە. چونکە لەو وڵاتانەی کە دۆخی جوگرافیان لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی بەراز، وەکوو کوردستان، گۆشتی ئەم ئاژەڵە هەناردەی عەرەبستان ناکرێت و، سەرمایەی عەرەبەکان ناچێتە دەریّ. بە پێی ئەوەی کە شاخەکانی کوردستان کانگای بەرازە و، بە پێی ئەوەی کە ئەم ئاژەڵە لە ساڵ دا چەند جار دەزێت و هەر جاریّ چەندین بێچوو دەنێتەوە، حەرام کردنی گۆشتی بەراز خەساری گەوری لە کەرتی کشتوکاڵی کوردستان داوە. وەکوو هەوڵێک بۆ پاساودانەوەی ئەمە، بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە گۆشتی بەراز پاک نییە و مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات. بەڵام ئەگەر ئەوە ڕاست بایە، گۆشتی بەراز لە ئەورووپا و هەموو دونیای ڕۆژاوا دا نەدەخورا. سەر باقی ئەمانە، کوردە موسوڵمانەکان، وەکوو هەموو موسوڵمانانی دونیا، سەفەری "حەج"یان لەسەر ئەرکە و، بەشێک لە پاشکەوتەکەیان لە زیارەتی "مەککە" و"مەدینە " دا خەرج دەکەن و، بەو چەشنە، سەرمایەی کوردستان ئاراستەی عەرەبەکان دەکەن. واتە، لە لایەکەوە کوردەکان بۆیان نییە کە ئاژەڵێک پەروەردە بکەن کە لە بەرژەوەندی ئابووری عەرەبەکان دا نییە و، لە لایەکی دیکەوە، دەبێت ئەو پاشکەوتەی کە هەیانە دەرخواردی عەرەبەکان بدەن.

پتر لەوانە، ئیسلام وەکوو هەر هزرێکی نێونەتەوەیی هەوڵی خاسکردنی دونیایەکی نوێی داوە بە نێوی "ئوممەت". ئەوە ئوممەتەش، لە لایەکەوە لەسەر بنەمای چاندی عەرەب داڕێژراوە و، لە لایەکی ترەوە، چاندی گەلانی دیکەی موسوڵمانی دابەزاندووە و، لە هەندێک کات و شوێن دا خەساریشی لێداون.

[195] http://quran.roshd.ir/portal/File/ShowFile.aspx?ID=d43af2b5-d49f-4317-bd69-4b7a458912a6

بۆ وێنە، لە میانەی ڕووخانی ئیمپراتووری عوسمانی دا کە دەرفەتی باش بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان ڕەخسا، ڕەوتی ئایینی کوردستان بە سەرۆکایەتی کەسانی وەکوو "شێخ تەها نەهری" و "سەیدی نوورسی" لە دژی جیابوونە لە "برا تورکەکان" بوون و، بە گوێرەی هەندێک لە سەرچاوەکان ئەگەر یارمەتی کوردەکان نەبایە، ئاتاتورک نەیدەتوانی پاشەکشە بە هێزە دەرەکییەکان بکات. وەکوو مینایەکی دیکە، لە میانەی "بەهاری عەرەبی" و دەرکەوتنی "دەوڵەتی ئیسلامی لە ئێراق و شام" (داعش)، چەمکی ئوممەتی ئیسلامی توانی هەژمارێکی زۆر لە لاوانی کورد بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. بە گوێرەی "وەزارەتی ئەوقافی کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان"، بۆ وێنە، هەر لە باشووری کوردستان، ٥٠٠ لاوی کورد بەشداری ڕیزەکانی داعش بوون.[196]

بە پێچەوانەی ئیسلام، کە بەسەر کورد دا سەپا، هزری مارکسیسم لە لایەن بزاڤی ئازادیخوازی کورد هاوەردەی کوردستان کرا، بە بێ گرینگی دان بەو دۆخەی کە ئافرێنەری ئەو هزرە بوو و، بە بێ گرینگی دان بە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان. ئەگەر بە چاوێکی ڕاستگۆیانە سەیری کوردستان بکەین، دەبینین کە بە پێی ئەوەی کە داگیرکراوێکی نێودەوڵەتییە، چەند شوێنی تایبەتی لێ دەرکەین، کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن، کوردستان خاوەن کارگە نییە وەکوو زنجیرە. وڵاتێک کە خاوەن زنجیرەی کارگەکان نەبێت، ئەدی چینی کرێکاری کارگە و چینی داگیرکەری کارگەکانی لە کوێ بوو؟ واتە کوردستان نە کاپیتالیستی هەیە و نە پرۆلێتاریا، وەکوو چین و توێژ. لێرە دا وتەی یەکێک لە ڕێبەرانی بە ئەزموونی کوردم وەبیر کەوتەوە، کە بە ڕادەی یەک پەرتووک گوزارە لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان دەکات:

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تەنیا یەک کارگە هەیە، ئەویش کارگەی سوپای پاسدارانە.

بەڵام لە وڵاتێک کە نە پیشەسازی هەیە، نە کارگە و، نە کرێکاری کارگە؛ هزری مارکسیسم لە کوێ ڕادەوەستێت؟ بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگەیەی کە مارکسیسمی کرد بە ئایینی نەگۆڕی هەموو کات و شوێن، نووسینەکانی مارکس ئەوەمان پێ دەڵێن کە تیشکی شرۆڤەکانی لەسەر کرێکارانی کارگە و، ڕێکخستنی ئەو چینەیە لە دژی ئەو توێژەی کە دەستی گرتووە بە سەر کارگەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان. بۆ وێنە، لە پەرتووکی "مانیفێستی کومونیست" دا مارکس دەڵێت:

> کرێکاران، کە بە شێوازێکی کۆگایی لە نێو کارگەکان دا تێکتەنیون، وەکوو سوپایەک ڕێکخراون. لە ژێر فەرمانی ستوونێک لە ڕایەداران و فەرماندارن دا بوون بە سەربازە گشتییەکانی پیشەسازی. کرێکاران تەنیا ڕاژەکاری[197] چینی بوورژوازی نین، بەڵکوو هەر ڕۆژ و هەر کات لە لایەن ماشێن، سەرپەرژکار و، لە سەری دا، لە لایەن تاکی بوورژوای پیشەسازەوە کراون بە کۆیلە.[198]

لە ڕاستی دا، مارکس باوەڕی بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەبووە و، لەم سۆنگەیەوە دەیکوت:

> چینەکانی ناوەند، پیشەسازی ورد، دوکاندار، پیشەوەر، جووتیار، هەمووی لە دژی بوورژوا بەرخۆدان دەکەن، بەڵام بە ئامانجی ئەوەی کە بوونی خۆیان وەکوو چینەکانی ناوەند مسۆگەر بکەن، لە ترسی ئەوەی کە نەکا لە بواری ئابووری دا لە ناو بچن. بەو پێیە، ئەم چینانە شۆڕشگێڕ نین، بەڵکوو قەوارەپارێزن. پتر لەوەش، ئەم چینانە کۆنەپارێزن، چونکە لەوە دەگەڕێن کە ڕەوتی مێژوو بەرەو پاش بگەڕێننەوە... تەنیا پرۆلێتەرەکان هێزی ئەوەیان هەیە

[196] http://www.awene.com/2016/06/15/13415/

[197] خدمتكار

[198] Marx, p. 8.

> که پەلاماری ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بدەن و ئامێرەکانی پێشووی چەوساندنەوەی خۆیان هەڵوەشێنەوە...[199]

ئەوەی کە لێرە دا ڕووناکایی زیاتر دەخاتە سەر باسەکەمان، وڵامی مارکسە بۆ نامەی یەکێک لە سۆسیالیستەکانی ڕووس، بە نێوی "ڤێرا زاسوولیچ". پاش ئەوەی کە لەسەر کۆمۆنەکانی ڕووسیە جیاوازی نێرین[200] کەوتە نێوان سۆسیالیستەکانی ئەو وڵاتە، لە ساڵی ۱۸۸۱ دا، ڤێرا زاسوولیچ نامەیەکی بۆ مارکس نارد و، لەسەر ئەوە مژارە داوای ڕوانگەی ئەوی کرد. لە وڵام دا، مارکس دەنووسێت؛ ئەو بەڵگاندنانەی کە لە بەرگی یەکەمی پەرتووکی "سەرمایە" دا کردوونی "بە ڕوونی دیارە کە سنووردارن بە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاواوە".[201] لە لایەکی دیکەوە، مارکس لەو باوەڕە دا بوو کە شۆڕشی پڕۆلێتاریا لە بریتانیای پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازی دا سەر هەڵدەدات. بە مێشکیشی دا نەهات کە لە وڵاتێکی "دواکەوتووی" وەکوو ڕووسیەی تێزاری دا شۆڕش بکرێت.

هەر وەک لە بەشی ۳ دا ڕاڤەمان کرد، "ڤلادیمیر لێنین" هۆی هەڵنەگیرسانی شۆڕشی لە بریتانیا بۆ ئەوە دەگێڕاوە کە بریتانیا گەلێک لە وڵاتانی "دونیای سێهەمی" داگیرکردووە و، داهاتەکەیانی دەرخواردی پڕۆلێتاریای بریتانیا داوە و، بەو چەشنە، هەستی شۆڕشگێڕی لە ناخیان دا سڕیوەتەوە. بە ئامانجی هەڵگیرسانی شۆڕشی کرێکاری لەو وڵاتانە، لێنین داکۆکیکردن لە مافی چارەنووسی گەلانی کردە سیاسەتی فەرمی یەکێتی سۆڤییەت و، یەکێک لە کۆڵەکەکانی مارکسیسمی لێنینیسم. لە ڕاستی دا، ئەوەی کە مارکسیسم لە مارکسیسمی لێنینیسم هەڵدەوێرێت مافی چارەنووسی گەلانە. بە پێچەوانەی مارکسیسم، کە تەنیا داکۆکی لە مافی پڕۆلێتاریا دەکات، مارکسیسمی لێنینیسم داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلانیش دەکات. جا بۆیە، من لەو باوەڕە دام کە مارکسیسمی لێنینیسم دەیتوانی بۆ کوردستان گونجاوتر بێت لە مارکسیسم. بەڵام هەر وەک لە بەشی ۳ دا ڕوونمان کردەوە، هەر لە کاتی لێنینەوە یارمەتی تورکیەی کردووە و، هیچ کات بیری لە چارەنووسی کورد نەکردەوە. بەم هۆیە و، بە پێی ئەوەی کە کوردستان وڵاتێکی پێشەسازی نییە، بە باوەڕی من، لە مارکسیسمی لێنینیسم زیاتر، مارکسیسمی مائۆئیسم دەیتوانی گونجاوتر بێت بۆ کوردستان، چونکە مارکسیسمی مائۆئیسم لە بری پڕۆلێتاریا چینی جووتیار بە بنەما دەگرێت.

بەڵام لێرە دا یەک پرسیار دێتە ئاراوە: لە بری شوێنکەوتن و کۆپی کردنی ئەو ئیسمە جیاوازانە، کە هەمووی هەڵقوڵاوی دۆخێکی تایبەتن، ئەدی کاتی ئەوە نەهاتووە کە گەلی کورد لە هەوڵی گەڵاڵە کردن و تیۆریزە کردنی هزری خۆی دا بێت؛ هزرێک کە گرینگی بدات بە دەگمەنبوونی دۆخەکەی و، گونجاو بێت لەگەڵ ڕاستییە کۆمەڵایەتی، چاندی، ڕامیاری و، ئەولەکارییەکانی کوردستان؟ ئەو کاتەی کە مارکس زانینگەی تەواو کرد و دەستیکرد بە شرۆڤەی کۆمەڵگاکانی ئەورووپا، ئاستی نەخوێندەواری ئەوندە بەرز بووە لە کوردستان، کە بڕوا ناکەم لە هەزار کەس یەک کەسیش، تەنانەت، خوێندەوار بووبێت. جا بۆیە، ئەگەر ئەو کات گەلی کورد بوار و توانایی پەروەردە کردنی بیرمەند و بیردۆزی خۆی نەبووبێت، ئەدی ئێستا چی؟ ئێستایەک کە هیچ بنەماڵەیەکی کورد نییە کە خوێنکار یا دەرچووی زانینگەی نەبێت. پتر لەوەش، هەر ئەو زانینگانەی کە کەسانی وەکوو مارکس و هێگێلیان پەروەردە کرد، ئەوڕۆ خوێنکار و مامۆستای کوردیان هەیە. من لەو باوەڕە دام نەتەوەیەک کە کەسانی وەکوو خانی، هێمن و، ئاپۆی پەروەردە کردبێت، دەتوانێ ئافرێنەری هزری خۆشی بێت. لەو بوارە دا، هەتا ئاستێک کار کراوە،

---

[199] Ibid, p. 10-11.

[200] ڕوانگە

[201] Cited in Beecher, Jonathan. "Early European Socialism". In: Klosko, George. ed. *The Oxford Handbook of The History of Political Philosophy* (Oxford: Oxford University Press, 2013) p. 385.

وەکوو "ژنۆلۆژی"، کە ئێستا دەچینەی سەر ئازەنتی کردنی، بەڵام تێری پێداویستییەکانی کوردستان ناکات.

## ئاپۆ و ژنۆلۆژی

هەر لە هەرتی تازەلاوی دا، ئەو کاتەی کە خوشکێکی بە نێوی ’’هەووا‘‘ دەدرێت بە پیاوێک کە خۆشی نەویستووە، ئاپۆ هەستی بە ئازاری ژنانی کورد کرد، کە ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ پێوەندی نێوان هزر و دۆخ. لە پەرتووکی "سۆسیۆلۆژیای ئازادی" دا، ئاپۆ ژن بە یەکەمین و دواترین کۆڵۆنی ناودێر دەکات و، پێی وایە کە ئەم کۆڵۆنییە لە هەستیارترین ساتەکانی مێژووی خۆی دا دەژی.[202] لە درێژایی نووسینەکانی دا، پێداگری لەسەر ئازادبوونی بنگەیی ژنان دەکات و، ڕەخنەی بزووتنەوەکانی فێمینیستی دەکات لەمەڕ نەپێکانی ئەو ئامانجە. بە باوەڕی ئاپۆ، فێمینیسم، نە وەک بیردۆزی و نە وەک بزاڤ، وەڵامدەری داخوازییەکانی ژن نەبووە و، نەیتوانیوە کێشەکانی چارەسەر بکات. لە ئاکام دا، بیردۆزییەکی نوێی تێۆریزە کردووە بە نێوی ژنۆلۆژی، واتە زانستی ژن یا ژنناسین.[203] بە پێچەوانەی بەشێک لە باڵەکانی فێمینیسم کە تەنیا لە چوارچێوەی هزر دا مانەوە و نەیانتوانی لە کردار دا گۆڕانکارییەکی هەستپێکراو لە ژیانی ژنان دا پێکبێنن، ژنۆلۆژی گۆڕانکاری بنگەیی لە ژیانی ژنانی کوردستان دا پێکهێناوە، کە هەتا شۆڕشی ڕۆژئاوا و "بەرخۆدانی کۆبانی" بە تایبەت، دونیای دەری نەیدەویست ببینێ. بەڵام لەو کاتە بەملاوە، شۆڕشی ژنۆلۆژی ئەوندە گەورە بووەتەوە کە دونیای پێمل کرد بە کردنەوەی چاوەکانی و بینینی ڕاستییەکانی شۆڕشی کوردستان.

ژنۆلۆژی وەکوو هزرەکانی دیکە هەڵقوڵاوی دۆخێکە کە تایبەتمەندییەکانی ئەوی پێوەیە. بەو هۆیە، سەرەڕای ئەوەی کە نیشانی دا کە دەتوانێ پێشەنگی بزووتنەوەی فێمینیستی دونیا بێت، بەڵام کۆپیکردن و پەیرەوکردنی کوێرکوێرانەی لە شوێنەکانی دیکەی دونیا، لەوانەیە وەڵامدەر نەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ژنۆلۆژی، کە گوزارە لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەکات، ڕیکخستنی چەکداریی ژنانە. ئەگەر ژنان نەتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و دەستکەوتەکانی "خۆ"یان بپارێزن، ئەدی چۆن دەتوانن دڵنیا بن لەوەی کە "ئەوانیدی" ئەو کارەیان بۆ دەکەن؟ لە لایەکی دیکەوە، لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، ئەو ڕۆژهەڵاتەی کە ژنان لە سەرەکیترین مافەکانیان بێبەشن و بە نیوەی پێاو هەژماریان بۆ دەکرێت، ئەگەر لە بواری سەربازی دا ژنان پشتیان ڕاست نەکەنەوە و هەڵنەستنەوە، چ ڕێکارێکی دیکە هەیە بۆ چێکردنی هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاو دا؟ هەندێک لە فێمینیستەکان ڕەخنەی چەکداربوونی ژن دەکەن و، پێیان وایە کە ژن نابێت چەک هەڵگرێت. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کە تێیدا تاقمگەلێکی وەکوو داعش سەر هەڵدەدەن و بە شانازییەوە ژنان وەکوو کۆیلە لە بازاڕ دا دەفرۆشن، ڕێکاری ئەو فێمینیستانە بۆ پاراستنی ژن چییە؟

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر بڕوانینە مێژووی شۆڕشی گەلان، دەبینین کە لە زۆر شوێن دا ژنان بەشداری ڕیزەکانی خەباتیان کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە بەشی زۆریان کاری لاوەکی وەکوو ئامادەکاری بۆ شەڕیان کردووە، بەڵام بەشێکیان لە بەرەکانی شەڕ دا بەشداری چالاکیان هەبووە. لە هەندێک شوێن دا، وەکوو فەڕانسە و "ژان دارک"، ژنان تەنانەت بوون بە هێمای بەرخۆدان. کەچی،

---

[202] ئۆجالان، عەبدوڵڵا، *سۆسیۆلۆژیای ئازادی: مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتی، پەرتووکی سێیەم* (چاپخانەی ئازادی، ۲۰۱۰) لاپەڕی ۱٤۸.
[203] ئۆجالان، لاپەڕەی ۱٥۰.

کاتێک کە شۆڕش سەرکەوتووە، دیسان خراونەتە سووچی ماڵەکان.[204] بەڵام، ئەگەر لەو شۆڕشانە دا ئاستی ڕێکخستن و بەشداری ژنان ئەوندە بایە کە، وەکوو بزاڤی ئاپۆیی، بیان توانیبایە هێزی چەکداری خۆیان دروستکەن، ئەدی ئەو کاتیش پاش سەرکەوتنی شۆڕش هەر سووچی ماڵەکان جێیان دەبوو؟ ئەی چ مسۆگرییەک هەیە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستان، جێگای ژنانی بەشداربوو لە شۆڕش دا کونجی ماڵەکان نابێت؟

ئەگەر ژنۆلۆژی بۆ ڕەهەندی سەربازی دابەزێنین، بێ گۆمان لە هەڵە داین. ڕێکخستنی ژنان لە بزاڤی ئاپۆیی دا مێژووی خۆی هەیە. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٩٣ دا، واتە پازدە ساڵ پاش دامەزرانی "پارتی کرێکارانی کوردستان" (PKK)، ژنان یەک لە سێی ئەندامانی ئەو تەڤگەرەیان پێکهێناوە. لەگەڵ پەرەسەندنی کار و خەباتی PKK، ڕێژەی بەشداربووانی ژن بەردەوام لە زیادبوون دا بووە. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا، ڕێکخستنی ژنان بەو ئاستە گەیشتووە کە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان، بۆ یەکەم جار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا، پەرگالی "هاوسەرۆکی" خستە واری کرار. لە دۆخی هەیی دا، هەموو ڕێکخستنەکانی تەڤگەری ئاپۆیی، تەنانەت بەڕێوەبەری PKK، لە لایەن ژنێک و پیاوێکەوە، بە دوو قۆڵی، بەڕێوە دەچن. هەر بۆیە لێکۆلەرێکی "نۆروێژ"ی لە نامەی دوکتوراکەی دا، کە لەسەر مژاری پەروەردە لە ناو PKK دا نووسیویەتی، دەڵێت؛ "ڕێکخستنی ژنان لە نێو PKK دا بووەتە بزووتنەوەیەک لە نێو بزووتنەوەیەکی دیکە دا".[205]

**کۆتایی**

مێژووی فەلسەفە ئەوەمان پێدەڵێت کە هزر ڕەنگی ئەو دۆخەی پێوەیە کە تێیدا چەکەرەی کردووە. ئەرەستوو پاساوی کۆیلەداری دەداوە و هەوڵی دەدا بناغەیەکی تیۆریک داڕێژێت بۆ پەرگالی کۆیلەداری، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئابووری یونانی کەونارا بوو. هێگێل پێگەی خوداوەند بوونی بە دەوڵەت داوە و لە باوەڕە دا بوو کە تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت دا مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی ئازاد پێک بێنێت. ئەوەی کە بۆ من جێگای سەرسووڕمانە شێوازی پێدا هەڵدانی دەوڵەتە لە لایەن هێگێلەوە، بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەو کەسانەی کە گرینگی بە دۆخ نادەن جێگای سەرسووڕمانە، ئەوەیە کە چۆن، بە پێچەوانەی هەموو بیرمەندانی چەپ، هێگێل ئاوا هەڵوەدای پێکهاتەی دەوڵەت بووە.

تایبەتمەندییەکانی دۆخی ئەورووپای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدم لە فەلسەفەی مارکس دا بەدی دەکرێن. لە میانەی شۆڕشی پێشەسازی دا کە کارگەکان وەکوو کارگ لە پانتایی ئەورووپا دا هەڵدەتۆقین، کرێکارانی کارگە بە نرخێکی زۆر کەم کاریان دەکرد و، بەشێکی زۆر لە نرخی کارەکەیان دەچووە نێو هەگبەی خاوەن کارگەکان. واتە پرۆلێتاریا دەچەوساوە و کاپیتالیست دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەبوو. پاش شیکردنەوەی ئەو ڕاستییانە، مارکس بەو ئاکامە گەیشت کە پارتی کومونیست دەبێت چینی پرۆلێتاریا ڕێکخات و پەرگالی کاپیتالیسمی پێ بڕووخێنێت. بە پێی ئەوەی کە کوردستان نە چینی کاپیتالیستی هەیە و نە چینی پرۆلێتاریا، فەلسەفەی مارکس گونجاوی کۆمەڵگاکانی کوردستان نییە.

---

[204] See Coakley, John. *Nationalism, Ethnicity, and the State: Making and Breaking Nations* (London: SAGE, 2012) p. 46-47.

[205] Westrheim, Kariane. *Education in Political Context*; *A Study of Knowledge Process and Learning Sites in the PKK,* PhD Dissertation (Bergen: University of Bergen Norway, 2009) p. 28.

لە لایەکی دیکەوە، مارکسیسم چەندە ناکۆک و ناگونجاو بێت لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری و، ئابووری کوردستان، ساتیاگڕاهاش ئەوندە ناکۆک و ناگونجاوە بۆ مێتۆدی خەباتی ئازادیخوازی کورد. ساتیاگڕاها هەڵقوڵاوی دۆخێکە کە تێیدا ئایینی ٨٠ لە سەدی دانیشتوان هیندووئیسمە؛ ئایینێک کە "جیهاد" چەندە بۆ ئیسلام گرینگ بێت، "ئاهیمسا" یا بێ-توندوتیژیش ئەوندە بۆ ئەو گرینگە. بەشێک لە هیندووەکان ئەوندە گرێدراوی ئاهیمسان کە گۆشتی ئاژەڵ ناخۆن و ئازاریان بە مێرووولەش ناگات تەنانەت، هەتا لە بیری بریندار کردنی مرۆڤ دا بن. بێ گومان، لە دۆخێکی ئاوا ئاشتیخواز و بە دوور لە توندوتیژی دا کەسانی وەکوو گاندی هەڵدەکەون و ساتیاگڕاهاش شانسی سەرکەوتنی زۆرە.

لە بری شوێنکەوتنی کەسانی وەکوو گاندی، مارکس و، باکوونین، پێویستە کورد لە بواری هزری دا خۆی پێشخات و ببێت بە ئافرێنەری فەلسەفەی خۆی؛ فەلسەفەیەک کە گرینگی بە دەگمەنبوونی دۆزەکەی بدات و، ڕۆشنایی بخاتە سەر ڕێگای ئەو خەباتەی کە لە پێناو ئازادی دا دەیکات. کورد نیشانی داوە کە دەتوانێ لەو کارە دا سەرکەوتوو بێت. ژنۆلۆژی مینایەکە لەو فەلسەفەیە کە کورد بە دەستی خۆی و لە ڕۆانگەی خۆیەوە تێۆریزەی کردووە و خستوویەتە واری کردار. بەڵام، سەرەڕای ئەمە، لەو ساڵانەی دوایی دا، وتاری ڕامیاری بزاڤی کورد کەوتووەتە ژێر کاریگەری فەلسەفەی باکوونین و هزری ئانارشیستی، کە خۆی هەڵقوڵاوی دۆخێکی تایبەتە و، دەشێ ئامانجی تایبەتی لە پشتەوە بێت. بە پێی ئەوەی کە ئانارشیسم لە دژی دەوڵەتە و، لەسەر ئەم بابەتە هەندێک پرسیاری لە نێو ڕای گشتی کوردستان ورووژاندووە، لە بەشی داهاتوو دا دەچینە سەر شرۆڤەی ئەم بابەتە.

# ٥. کورد و دەسەڵات

لە دوو سەدەی ڕابردوو دا، چەپەکان بەگشتی و ئاناڕشیستەکان بە تایبەت، باسیان لە پێویست نەبوونی دەوڵەت کردووە و، سەرەڕای زیادبوونی هەژماری دەوڵەتەکان، مزگێنی دوا ڕۆژەکانی ئەم دیاردەیەیان داوە. ئەم وتارە لەو ساڵانەی دوایی دا ڕووی لە کوردستانیش کردووە و کاریگەری لەسەر وتاری بزاڤی ئازادیخوازی ئێمە دا داناوە. لە لایەکی دیکەوە، سەر لێ شێواوی خستووەتە نێو ڕای گشتی و گەلێک پرسیاری دروست کردووە: ئاخۆ دەوڵەت چییە و چۆن سەری هەڵداوە؟ ئەگەر کاتی دەوڵەت بەسەرچووە، ئەدی بۆچی دەوڵەتی نوێ دروست دەبن؟ بۆچی یەکەمین دەوڵەت لە "ناوچۆمانی باشوور" سەری هەڵدا، بەڵام ئێستاشی پێوە بێت کۆمەڵگای "ئیسکیمۆ" کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەتە؟ ئەگەر ئیسکیمۆکان دەتوانن لە دەرەوەی دەوڵەت دا خۆیان بەڕێوە ببەن، بۆچی کۆمەڵگاکانی دیکە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن؟

لەم بەشە دا، دەپەرژێینە سەر ئەو پرسیارانە و، بە بەکارهێنانی مێتۆدێکی جیاوازی شرۆڤەیی، هەوڵ دەدەین هەندێک وڵام دەرهێنجین. هەر وەک لە دەستپێک دا شیدەکەینەوە، ئەو مێتۆدانەی کە هەتا ئێستا دەوڵەتیان پێ ڕاڤە کراوە، سەرنجی شرۆڤەکانیان یا لەسەر تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت بووە وەکوو باش و خراپ، یا لەسەر کاردا[206] و بەرهەمەکانی وەکوو دابینکردنی پاراستن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەم مێتۆدە، تیشکی شرۆڤەکانی ئێمە لەسەر "خودی" دەوڵەت دەبێت وەکوو "پێکهاتە"، وەکوو "داڕشتە" و، وەکوو "ڕێکخراوە". هەر وەک نیشانی دەدەین، یەکێک لە بەسوودترین تایبەتمەندییەکانی ئەم مێتۆدە ئەوەیە کە وڵامی گەلێک لەو پرسیارانە دەداتەوە کە لەسەر ئەم دیاردەیە وروژاون.

**پێناسە و مێتۆد**

هەر دیاردەیەک هەندێ ڕەهەندی جیاوازی هەیە کە تێکەڵکردنیان دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لێی و، دەرکەوتنی کۆمەڵێک کێشەی دیکە. مەبەست لە ڕەهەندە جیاوازەکانی دیاردە "خودی" دیاردە، "ناو"ی دیاردە، "ئاواڵناو"ی دیاردە و تایبەتمەندییەکانێتی. بۆ تێگەیشتن لەهەر دیاردەیەک، پێویستە ئەو ڕەهەندە جیاوازانە ببیندرێن و تێکەڵ بەیەک نەکرێن. بە پێچەوانەی ئەوە، شیانی هەیە مرۆڤ خۆی بخاتە نێو ئەو شتەی کە من وەکوو "گێژاوی ناوەکان" ناوی دەبەم. ئەوەش لە ئاکام دا، ڕێگا بۆ تێنەگەیشتن لە دیاردەکە خۆش دەکات.

---

206 Function

یەکێک لەو دیاردانەی کە گێژاوی ناوەکان بواری بە تێگەیشتنی نەداوە چەمکی دەوڵەتە. زۆربەی ئەو شرۆڤانەی کە لەسەر دەوڵەت کراون سەرنجیان لەسەر ئاوڵناو و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت بووە. بۆ وێنە، هەر وەک لە بەشی ٤ دا باسمان کرد، "فرێدریک هێگێل" دەوڵەت بە ترۆپکی پێگەیشتوویی و شارستانیبوونی مرۆڤ دەزانێت و، پێی وایە کە تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت دا مرۆڤ دەتوانێت ژیانێکی ئازاد و ئاکاری پێکبێنێت. واتە سەرنجی شرۆڤەکانی لەسەر ئاوڵناو و تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتە، کە بە باوەڕی ئەو باش و ئەرێنین. تەنیا لە یەک شوێن دا، ئەویش زۆر بە کورتی، هێگێل باس لە داڕشتەی دەوڵەت دەکات و، بە سەر سێ بەشی جیاواز دا دابەشی دەکات: باڵی یاسادانان، باڵی جێبەجێ کردن و، "هێزی سەروەر" کە لە نێویدا هێزە جیاوازەکان یەک دەگرن.[207]

سەرەڕای ئەوەی کە "کارڵ مارکس" خوێنکاری هێگێل بوو، بەڵام ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازی لەسەر دەوڵەت هەیە. هەرچەند بە ئاراستەیەکی دیکە دا، بەڵام مارکسیش هەڵەی مامۆستاکەی دووپات دەکاتەوە و، سەرنجی ڕاڤەکانی دەخاتە سەر تایبەتمەندی و بەرهەمەکانی دەوڵەت. ئەڵبەت بە پێچەوانەی هێگێل کە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی بە باش و ئەرێنی دەبینی، مارکس ئەو تایبەتمەندییانە ڕەش و نەرێنی دێنێتە هەژمار. بە باوەڕی مارکس، دەوڵەت ئامرازێکی سەرکوتکەر و چەوسێنەری چینی سەرمایەدارە کە لە دژی چینی پڕۆلیتاریا بە کار دێت.[208]

بە پێچەوانەی هێگێل و مارکس کە وەکوو باوکەکانی پێگەهزری چەپ ناسراون، "تۆماس هابس" وەکوو یەکێک لە بیرمەندە سەرەکییەکانی پێگەهزری ڕاست، دەوڵەت بە ئاژەڵێکی تاپازی دەریای دەچوێنێ بە نێوی "لێڤیاتان"، کە پێویستی سەرەکی هەر کۆمەڵگایەکی شارستانییە. لە فەلسەفەی هابس دا، مرۆڤ بوونەوەرێکی خودئاژۆیە و زیاتر لە بیری ئامانجەکانی خۆی دایە، هەتا لە بیری باشبژێوی کومەڵگا دا بێت. لە نەبوونی دەوڵەت دا، بە باوەڕی هابس، هەستی خودئاژۆیی مرۆڤ کۆمەڵگا بەرەو "شەڕی هەموو دژی هەموو" دەبات و، ژیانی مرۆڤیش "گۆشەنشین، هەژار، نگریس، بێ بەزەیی و، کورت" دەبێت.[209] ئەوەی کە لێرە دا خۆی دەردەخات ئەوەیە کە تیشکی شرۆڤەکانی هابس لەسەر کاردا و بەرهەمەکانی دەوڵەتە، هەتا لەسەر خودی دەوڵەت بێت. کاتێک کە باسی خودی داڕشتەی دەسەڵات، یا بە وتەی ئەو لێڤیاتان، دەکات، بەو شێوەیە دەینگارێنێت: کاتێک کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان لە "یەک کەس" دا کۆدەکەنەوە و وزەی خۆیانی پێ دەسپێرن، ئەوە دەستپێکی خاسکردنی لێڤیاتانە، یا بە وتەیەکی دیکە "خوداوەندی فانی"، ئەو کەسەی کە دابینکەری ئارامی و پاراستنی ئێمەیە.[210]

"میکائیل باکوونین" وەکوو یەكێك لە باوکەکانی ئانارشیسم، دەوڵەت بە سەرچاوەی هەموو خراپییەکانی کۆمەڵگا دەزانێت. بە بۆچوونی ئەو، هەتا دەوڵەت هەبێ و سێبەری لەسەر کۆمەڵگا بێت، مرۆڤایەتی ڕۆژێکی ئازاد بە خۆوە نابینێ.[211] یەکێک لە ئانارشیستەکانی دیکە بە ناوی "موورای ڕاتبارد"، لەوە زیاتر دەڕوات و دەڵێت؛ دەوڵەت ڕێکخراوەیەکی جەنابییە و داهاتی خۆی لە ڕێگای ئەو

---

[207] Hegel, G.W.F. *Elements of the Philosophy of Rights*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Wood A.W. (Cambridge: Cambridge University Press, 1996) p. 308.

[208] Marx, Karl. *Later Political Writings*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Carver, T. (Cambridge: Cambridge University Press, 2000) p. 3.

[209] Hobbes, Thomas. *Leviathan*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited Tuck, R. (Cambridge: Cambridge University Press, 2006) p. 89.

[210] Hobbes, p. 120.

[211] Bookchin, Murray. *Remaking Society* (New York: Black Rose Books, 1989) p. 161.

جەنایەتەوە بەدەست دێنێ کە پێی دەڵێت پیتاک[212]. بە باوەڕی ڕاتبارد، دزیکردن لە دەوڵەت "دزی" نییە، بەڵکوو گەڕاندنەوەی ئەو شتەیە کە دەوڵەت بە ناوی پیتاک لە کۆمەڵگای دزیوە.[213] ئانارشیستێکی تر بە ناوی "ڕابێرت پۆڵ وۆلف" دەڵێت؛ بەو پێیەی کە ئازادی مرۆڤ لەتەک بوونی دەسەڵات دا ناگونجێت، بوونی دەوڵەت بە واتای نەبوونی ئازادیە. تەنیا ڕێکارێک بۆ بەدەست هێنانەوەی ئازادی، بە بۆچوونی ئەو، گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەت و ئانارشیستییە.[214] ڕەخنەی وۆلف لەسەر دەوڵەت لە لایەن "ژۆزێف پرۆدۆن"ەوە ئاراستەی دیاردەی ڕێکخراوەش کراوە. وەکوو یەکێک لە باوکەکانی ئانارشیسم و یەکەم کەسێک کە خۆی وەکوو ئانارشیست ناودێر کردووە، پرۆدۆن لەو باوەڕە دا بوو کە نەتەنیا دەوڵەت، بەڵکوو ڕێکخراوەش ئازادی مرۆڤ سنووردار دەکاتەوە. چونکە ڕێکخراوە ئامرازێکە بۆ خۆسەپاندی تاقمێک بەسەر کۆمەڵگا دا و، بۆ وەپاش خستنی شۆڕشی ڕاستەقینەی "گەل".[215] بەو پێیە، پرۆدۆن لەو باوەڕە دا بوو کە ئەرکی کۆمەڵگای ئانارشیستی تەنیا لەناو بردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو سڕینەوەی هەر چەشنە پێکهاتەیەکیشە بە ناوی ڕێکخراوە.[216]

پێناسەکەی "ماکس وێبێر" لەسەر دەوڵەت زیاتر لە هەموو پێناسەکانی دیکە ڕاگوازراوە و، لە لایەن زۆربەی خوێنکاران و لێکۆڵەرانی دەوڵەت بەکار هاتووە. بە باوەڕی وێبێر، دەوڵەت ڕێکخراوەیەکی ڕامیارییە کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی زاگۆن و ڕاگرتنی تەکووزی[217] کۆمەڵایەتی پاوانی بەکارهێنانی توندوتیژی لە دەست دایە. لە دەرەوەی دەوڵەت، بە باوەڕی وی، هیچ ڕێکخراوەیەکی دیکە مافی بەکار هێنانی توندوتیژی نییە.[218]

بە کورتی، ئەو شرۆڤانەی کە لە لایەن تێۆریسییەنانی چەپ و ڕاست لەسەر دەوڵەت کراون سەرنجیان لەسەر ئاوالناو، تایبەتمەندی، کاردا و، بەرهەمەکانی دەوڵەت بووە. هەندێکیان بە ئەرێنی و هەندێکیشیان بە نەرێنیان بینیوە. یا وەکوو هێگێل و هابس تیشکیان خستووتە سەر کارە باشەکانی دەوڵەت، یا وەکوو چەپەکان باسیان لە خراپییەکان و کارە نگریسەکانی دەوڵەت کردووە. بەڵام سەرنجی شرۆڤەی هیچیان لەسەر "خودی" دەوڵەت نەبووە وەکوو "پێکهاتە"، وەکوو "دارشتە" و، وەکوو "ڕێکخراوە".

بە باوەڕی من، بۆ ئەوەی کە لە دیاردەکان تێبگەین پێویستە لە پێش دا بزانین "خودی" دیاردەکە چییە وەکوو "پێکهاتە" و، جومگە و دانە پێکهێنەرەکانی دەستنیشان بکەین. پاشان، دەتوانین بچینە نێو ڕاڤەکردنی ئاوالناو، تایبەتمەندیی و بەرهەمەکانی. لەم چوارچێوەیە دا، ئەگەر بڕوانینە دەوڵەت، دەتوانین جومگەکانی دەوڵەت بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

---

[212] مالیات

[213] Rothbard, Murray. *The Ethnic of Liberty* (New York: New York University Press, 2012) p. 183.

[214] Wolf, Robert. *In Defence of Anarchism* (California: University of California Press, 1970) p. 8-9-10-15.

[215] Proudhon, Joseph. *General Idea of the Revolution in the Nineteenth Century* (New York: Cosimo, Inc, 2007) p. 99.

[216] Proudhon, p. 79-80-83.

[217] Order

[218] Hay, Collin *et al.* (Eds.). *The State: Theories and Issues* (Hampshire: Palgrave McMillan, 2006) p. 8.

پارلمان یا باڵی زاگۆن دانان، حکوومەت یا باڵی جێبەجێ کردن، دادگەکان یا باڵی چاودێری کردن، سوپا یا باڵی پاراستن، پۆلیس، ڕێکخراوەی هەواڵگری و گرتووخانەکان.

بۆ ئەوەی خۆمان لە گێژاوی ناوەکان بپارێزین، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هیچ یەک لەو ناوانە ڕەها نین و، لە بری هەر کامیان دەکرێ وشەی دیکە بەکار ببرێت. بۆ وێنە، لە بری پارلمان، دەکرێت کۆنگرەی نەتەوەیی، کۆڕگەی نەتەوەیی، جڤینگەی گشتی، مەجلیس یا هەر ناوێکی دیکە بەکار بێت. هەروەها، لە بری دەستەواژەی حکوومەت، واتە ئەو دیاردەی کە هەر چوار ساڵ جارێک دەگۆڕێت،[219] دەشێ ناوێکی دیکە بەکار ببرێت. بەڵام ئەگەر بۆ ئاسان بوونەوەی بەڵگاندنەکە، ئێمەش هەر ناوە باوەکان بەکار ببەین، دەتوانین بەو شێوازەی خوارەوە دەوڵەت پێناسە بکەین:

دەوڵەت یانی "پارلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان".

هەر چەندە بە کارهێنانی دێڕێک لەبری یەک چەمک خۆش نییە، بەڵام لە گەلێک ڕووەوە ئاسانکاریمان بۆ دەکات. لەوەش گرینگتر، وڵامی ئەو پرسیارانەمان دەداتەوە کە لەسەر دەوڵەت ساز بوون. هەروەک لە دەستپێک دا ئاماژەمان پێکرد، سەرەڕای زیادبوونی هەژماری دەوڵەتەکان لەو ١٥٠ ساڵەی دوایی دا، چەپەکان بە گشتی و ئانارشیستەکان بە تایبەت سوور بوون لەسەر "تیۆری کۆتایی دەوڵەت". بۆ وێنە، لە پەرتووکی "دەوڵەتاژۆیی و ئانارشی" دا، کە لە ساڵی ١٨٧٣ دا چاپ بووە، باکوونین دەڵێت؛ دەوڵەت "زیاتر لە کاتی خۆی ژیاوە. ڕۆژەکانی بە ژوومارە گەیشتوون و، هەموو گەلان چاوەڕێی ڕزگاری یەکجاری و ڕووخانی دەکەن".[220] بەڵام گەلۆ، تا چە ئاستێک ئەو بانگەشەیە ڕاستە؟ ئەگەر ڕاست نییە، بۆچی کۆمەڵگای ئیسکیمۆ، ئێستاشی پێوە بێت، توانیویەتی لە دەرەوەی دەوڵەت دا خۆی بەڕێوە ببات، بەڵام کۆمەڵگاکانی دیکە نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن؟

بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، لە یەکەم هەنگاو دا، هەر وەک کوتمان، پێویستە خۆمان لە "گێژاوی ناوەکان" بپارێزین و لە بری چەمکی دەوڵەت وەکوو وشە، سەرنجمان بخەینە سەر "خودی" دەوڵەت وەکوو "پێکهاتە" و، جومگەکانی دەستنیشان بکەین. پاشان، سەرلەنوێ پرسیارەکە داڕێژینەوە، کە بەو پەچکە خۆی دەخاتە ڕوو:

ئاخۆ کاتی "پارلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان" بەسەر چووە و کۆمەڵگا بە بێ ئەم ڕێکخراوانە دەتوانێ خۆی بەڕێوە ببات؟

وڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە تێگەیشتن لەو بەستێنە مێژووییە هەیە کە بواری بۆ سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانە ڕەخساند. بەو پێیە، لەو پارچەبەشەی خوارێ دا ئاوڕێک لە دوو شۆڕشی مێژوویی دەدەینەوە، کە بە بێ شرۆڤە کردنیان تێگەیشتن لە دەوڵەت کارێکی سەخت و ئاریشە. بەڵام پێش ئەوە، پێویستە ئاماژەیەک بکەین بە چەمکی دەوڵەت وەکوو "وشە". هەر چەند دوڵەت لە "باشووری ناوچۆمان" سەریهەڵداوە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی تۆکمە لەبەر دەست دا نییە لە مەڕ ئەو ناوەی کە لەو دەڤەرە لەسەری دانراوە. ئەوی کە ئێستا لەبەر دەستە "دەوڵەت"ە کە وشەیەکی عەرەبییە. ناوە ئینگلیسییەکەی state ە و

---

[219] لە ئێران چەمکی حکوومەتیان لەگەڵ چەمکی دەوڵەت تێکەڵ کردووە. واتە بەو دیاردەی کە هەر ٤ ساڵ جارێک دەگۆڕێت دەڵێن دەوڵەت و بە کۆی پەرگالی کۆماری ئیسلامی، کە دەبێتە دەوڵەت، دەڵێن حکوومەتی ئیسلامی. ئەو یەکە، گوزارە لەوە دەکات کە چۆن ناوەکان دەتوانن دیاردەکانمان لێ تەمووومژاوی بکەن.

[220] Bakunin, Michael. *Statism and Anarchy: Cambridge Texts in the History of Political Thought* (Cambridge: Cambridge University Press, 2005 [1990]) p. 41.

ئیتالیاییەکەشی stato یە، کە هەر دووکیان لە چاوگی[221] لاتینی status ەوە هاتوون. وشەی status بە واتای پێگەیە و، بۆ پێگەی ئەو حاکم و خونکارانە دەگەڕێتەوە، کە لە دەوری دا ئەو ڕێکخراوانەی سەرێ سەریانهەڵداوە.[222] دەسا، ئەگەر لەسەر چاوگی status ئێمەش بمانهەوێت وشەیەکی کوردی بۆ دەوڵەت داتاشین، دەتوانین بڵێین "پێگەژە"؛ واتە شوێنی پێگە، یا ئەو پانتاییەی کە تێیدا پێگە یا پەرگالی ڕامیاری سەر هەڵدەدات.

**شۆڕشی کشتوکاڵ و شارسازی**

دوو شۆڕشی گەورەی مێژوو، کە هەر دووکیان لە دەڤەری "ناوچۆمان"[223] کراون، لەسەر ڕەوتی دروستبوونی دەوڵەت کاریگەری ڕاستەوخۆیان بووە. یەکەمیان "شۆڕشی کشتوکاڵ" بوو کە ١١ هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە "باکووری ناوچۆمان"، واتە کوردستان، کراوە. شۆڕشی دووهەم "شۆڕشی شارسازی"یە کە ٥ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە "باشووری ناوچۆمان"، واتە ئێراقی ئەوڕۆ دا، کراوە. پێش شۆڕشی یەکەم، ژیانی مرۆڤ لەسەر پەرگالی "ڕاوکردن و کۆکردنەوە" بووە. بەڵام لە میانەی ئەو شۆڕشە دا، مرۆڤایەتی توانی کشتوکاڵ بئافرێنێت، ئاژەڵەکان ماڵی بکات، گوندەکان دامەزرێنێ و تێیاندا نیشتەجێ بێت.[224] ئەڵبەت بە پێی ئەوەی کە گوندەکان بچووک بوون و هەژماری دانیشتوانیان کەم بووە، ئەو کۆمەڵگایانە توانیویانە پێکهاتەگەلێکی خۆبژێو و بەشخۆکەر بن. واتە پێداویستییەکانی خۆیان لە بوارەکانی ئابووری، بەڕێوەبردن و پاراستن دا جێبەجێ بکەن و، پێویستییان بە جومگەکانی وەکوو "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان" نەبێت. بەڵام لە بەردەوامی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی گوندەکان، شارەکان دامەزران و لەگەڵ دامەزرانی خۆیان دا پێداویستی نوێ و مەترسی نوێیان هێنا ئاراوە.[225]

کۆمەڵگای شاری جیاواز بووە لە کۆمەڵگای گوندی پێش خۆی و، پێداویستی و مەترسییەکانیشی هەر جیاواز بوون. بە پێچەوانەی کۆمەڵگای ساکاری گوندی، کە پەرگالە ئابوورییەکەی لەسەر کشتوکاڵ بووە و، هەموو ئەندامانی دەرفەرت و توانای بە جووتیاربوونیان هەبووە؛ دانیشتوانی شار نەیانتوانیوە هەم جووتیار بن، هەم سەرباز، هەم بازەرگان و، هەمیش مامۆستا. بەو هۆیە، "بەشکردنی کار" هاتووەتە ئاراوە و، ئەو یەکەش ڕێگەی بۆ کۆمەڵگای چینایەتی خۆش کردووە. هەر یەک لەو چینانە ئەرک و تەوزیمی جیاوازیان خستووەتە سەر شانیان و، بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان کۆڕ و کۆڕگەی گرێدراو بەو کەرتەیان دروست کردووە. لەو نێوە دا، ڕێکخراوەیەکی نوێ لە دەوری پێگە یا (status)ی خونکاری[226]

---

[221] مصدر

[222] Hay *et al.*, p. 6-7; Skinner, Quentin. “The State”. In: Goodin, Robert. and Pettit, Philip. eds. *Contemporary Political Philosophy: An Anthology* (Oxford: Blackwell, 1997) p.6.

[223] بین النهرین

[224] Service, Elman. *Origins of the State and Civilisation: The Process of Cultural Evolution*, (New York: W.W. Norton & Company, 1975) p 204; Izady, Mehrdad. *The Kurds: A Concise Handbook* (Washington: Taylor & Francis, 1992) p. 18.

[225] Childe, Gordon. *Man Makes Himself* (Nottingham: Spokesman, 2003) p. 141-42.

[226] حاکم

شار سەریهەڵداوە و، ئەرکی ناوبژیکردن لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی شاری خستووەتە سەر شانی خۆی: دەوڵەت.[227]

لێرە دا پرسیارێک دێتە ئاراوە: بۆچی یەکەم دەوڵەت لە باشووری ناوچۆمان سەریهەڵدا، کەچی ئێستاشی پێوە بێت کۆمەڵگای ئیسکیمۆ بواری بە دروستبوونی دەوڵەت نەداوە. ئەو ڕاستییەش وای کردووە کە زۆربەی ئانارشیستەکان وەکوو مۆدێلێک باس لە کۆمەڵگای بێ دەوڵەتی ئیسکیمۆ بکەن.[228]

وڵامی ئەوە لە هەڵکەوتەی جوگرافیایی و پێکهاتەی ژینگەیی ئەو دوو هەرێمە دایە. بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئیسکیمۆ لە جەمسەری زەوی هەڵکەوتووە، تیشکی پێویستی ڕۆژی پێ ناگات و بە درێژایی ساڵ بەفر دایپۆشیوە. ئەوەش وای کردووە کە نە تەنیا شۆڕشی شارسازی، بەڵکوو شۆڕشی کشتوکاڵیش تەنانەت، لەو دەڤەرە نەکرێت. واتە هەڵکەوتەی جوگرافیایی وڵاتی ئیسکیمۆ نە تەنیا بواری بە دامەزرانی شارەکان نەدا، بەڵکوو دەرفەتی بە سەرهەڵدانی گوندەکانیش نەدا. ئێستاشی پێوە بێت، کۆمەڵگای ئیسکیمۆ خۆی لە قۆناخی "ڕاوکردن و کۆکردنەوە" تێپەر نەکردووە، چ بگات بە دەربازبوون بۆ شۆڕشی شارسازی و ئاواکردنی باژاڕەکان. جا بەم هۆیە، هەتا ئیسکیمۆکان ئەو قۆناخە تێپەڕ نەکەن و قەبارەی کۆمەڵگاکەیان لەو ئاستە بچووکە دا بمێنێتەوە، دیاردەی دەوڵەت لەو دەڤەرە سەر هەڵ نادات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەوڵەت، یا پێگەژە، لە شارەکان دا ساز دەبێت و پاشان پەل دەهاوێژێتە نێو گوندەکان.

ڕێژیمی کومونیستی "کەمبووجیە" بە سەرۆکایەتی "پۆل پۆت" ئەو ڕاستییەی باش دەزانی. هەر بۆیە لە پێناو لە ناوبردنی دەوڵەت، یا "تێپەڕکردنی" ئەو دیاردەیە، پۆل پۆت تێۆری سڕینەوەی شارەکانی گەڵاڵە کرد. بۆ جێبەجێکردنی ئەو تێۆرییە، سوپای کەمبووجیە دەستی کرد بە چۆڵکردنی زۆرەملێیانەی شارەکان و گەڕاندنەوەی باژارنشینان بۆ دێهاتەکان. ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە میانەی ئەو "شۆڕش"ەدا، ١ تا ٣ میلیۆن مرۆڤ گیانیان لەدەست داوە، کە ٤٠٠ تا ٦٠٠ هەزاریان "ئێعدامی شۆڕشگێرانە" کراون، لە کاتێک دا کە سەرژومێری ئەو کاتی کەمبووجیە ٧ میلیۆن کەس بووە.[229]

کێشەی سەرەکی ئەو تێۆریانە لەوە دایە کە گرینگی نادەن بە دۆخ و، ئەو بەستێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی کە بواری بە سەرهەڵدانی دەوڵەت داوە پشتگوێ دەخەن. با وای دانێین کە "شۆڕش"ی پۆل پۆت نە تەنیا لە کەمبووجیە، بەڵکوو لە هەموو دونیا دا سەری گرتایە. واتە هاوشێوەی قۆناخی پێش "شۆڕشی شارسازی" کۆمەڵگای ئەوڕۆش دەوڵەتی نەبایە و مرۆڤەکان هەموو نیشتەجێی گوندەکان بایەن. ئەدی پاشان، ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی بە چ ئاراستەیەک دا دەڕۆیشت؟ لە دوو حاڵەت بەدەر نییە. لە حاڵەتی یەکەم دا، هاوشێوەی ئیسکیمۆکان، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش گەورە نەدەبووەوە و لەو قۆناخە دا دەماوە، کە بواری بە دروستکردنی دەوڵەت نەدەدا.

لە حاڵەتی دووهەم دا، گوندەکان گەورە دەبنەوە و، شارەکان هەڵسوون دێننەوە. کاتێک کە چەندین شار لە دەوری یەک کۆبوونەوە، ئەو دیاردەیە دروست دەبێت کە پێی دەڵێن وڵات. لەگەڵ دروست بوونی وڵات، هەست بە پێویست بوونی شوێنێک دەکرێت بۆ دەرکردنی بڕیارە گشتییەکان؛ واتە کۆڕگە یا جڤینگە. لەگەڵ ئەمەش دا، هێزێکی سەربازی پێویستە بۆ پاراستنی وڵات؛ واتە سوپا، یا هەر ناوێکی

---

[227] Childe, Gordon. *What Happened in History* (London: Penguin, 1942) p. 89-90.

[228] Casey, Gerard. *Libertarian Anarchy; Against the State* (London: Continuum, 2012) p. 103-104.

[229] Mann, Michael. *The Dark Side of Democracy: Explaining Ethnic Cleansing* (Cambridge: Cambridge University Press, 2009) p. 339.

دیکە. بە پێی ئەوەی کە هاوشێوەی گوندەکان، هەموو دانیشتوانی وڵات دەرفەتی بەشداربوون لە هەموو بڕیارە گشتییەکانیان نییە، هەندێک نوێنەر هەڵدەبژێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە؛ واتە ئەو ڕێکخراوەیە دادەمەزرێنن کە لە ژینگەی ڕامیاری ئەوڕۆ دا پێی دەڵێن حکوومەت و، هەر چوار ساڵ جارێک دەگۆڕێت. ئەوسا، وڵات پێویستی بە کەسانێک هەیە کە تەکووزی نێو شارەکان بپارێزن؛ واتە پۆلیس یا دەزگای ئاسایش. پاش گرتنی گومان لێکراوان، پێویستی بە ناوەندێک هەیە بۆ دانێرکردنیان[230]؛ واتە دادگە. پاش ئەوەی هەندێک لە گومان لێکراوان تاوانبار دەرچوون، شوێنێک پێویستە بۆ ڕاگرتنیان؛ واتە گرتووخانە. پتر لەمانە، یەکێکی تر لەو دەزگایانەی کە پێویستی خۆی بەسەر کۆمەڵگا دا دەسەپێنێت ناوەندێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر وڵاتانی دۆست و دژمن؛ واتە دەزگای هەواڵگری.

سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوانەی سەرێ، جا بە هەر ناوێکەوە، دەبێتە هۆی دروست بوونی پێکهاتەیەکی گشتی، یا ڕێکخراوەیەکی چەترین، کە لەوانەیە هەندێک کەس پێی بڵێن "دەوڵەت" و، هەندێکی تر ناوی "کۆمار"ی لەسەر دانێن؛ یا دەنا کەسانێک پێی بڵێن "ڕێژیم" و کەسانێکی تریش، کە لەو دەستەواژانە بێزارن، بە "خۆبەڕێوەبەری" یا "پێگەژە" ناودێری بکەن. بەڵام گرینگ ناودێرکردنی پێکهاتەکە نییە و پێویست بە شەڕی ناوەکان ناکات. گرینگ ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوە چەترینە وەکوو "پێکهاتە" هەیە و، بوونی خۆی لە تاکەکانی کۆمەڵگاوە وەردەگرێت و، گۆڕینی ناوەکەی هیچ جیاوازییەک بە حاڵی ناکات. "تێپەڕ کردن" یا پێویست نەبوونی ئەو ڕێکخراوە چەترینە، یا چکوولە بوونەوەی کۆمەڵگا دەخوازێت، وەکوو کۆمەڵگای ئیسکیمۆ؛ یا گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ قۆناخی گوندی پێش شۆڕشی شارسازی. ''کرۆپاتکین''، یەکێک لە باوکەکانی ئانارشیسم، ئەو ڕاستییەی بە باشی زانیوە. بۆیە سکاڵای دەکرد و دەیکوت؛ پاش سەرکەوتنی هەر شۆڕشێک و لەناو بردنی هەر دەوڵەتێک، دەوڵەتێکی دیکە جێگەی گرتەوە. "هیچ کات نەبوو کە ساتەکانی ئازادی زیاتر لە ڕۆژێکیش بخایەنن، چونکە پاش ئەوەی کە پیاو ئازادی ڕاگەیاند، ڕۆژێک دواتر خۆی خستەوە ژێر ڕکێفی زاکۆن و دەسەڵات".[231] هەر لەم سۆنگەیەوە، باکوونین ڕەخنەی لە گەلی "سێرب" دەگرت و دەیکوت؛ تەواو خۆی لە ژێر ڕکێفی ئیمپڕاتووری عوسمانی ڕزگار نەکرد، کە لەگەڵ دەوڵەتێکی نوێ دا ڕووبەڕوو بووەوە بە نێوی "ماڵەمیری سێربیا".[232]

ئەڵبەت ئەو نەتەوانەی کە نەیانتوانی ئەو پێکهاتە چەترینە دامەزرێنن، یا بوون بە ژێردەستی ئەو نەتەوانەی کە لەو کارە دا سەرکەوتوو بوون، یا تووشی کۆمەڵکوژی و جێنۆساید هاتن. وێنەی سەرەکی ئەوە گەلانی ئەرمەنی، جوولەکە و، کوردە. تا ئەو کاتەی کە گەلانی ئەرمەنی و جوولەکە خاوەن ئەو پێکهاتە چەترینە نەبوون، ژێردەستی ئەو گەلانە بوون کە خاوەن ئەو ڕێکخراوە بوون و، لە ئاکام دا تووشی جێنۆساید هاتن. بەڵام کاتێک کە ئەو پێکهاتەیان دامەزراند، کۆتاییان بە کۆمەڵکوژی هێنا. کەچی سەرنەکەوتوویی کورد لە دامەزرانی پێگەژە بە واتەی کۆمەڵکوژبوونی بەردەوامی بوو. لە شیکردنەوەی ''هۆلۆکۆست'' دا، یەکێک لە ناسراوترین کۆمەڵناسانی جوولەکە، "زیگمۆند باومن"، پێمان دەڵێت؛ لە دونیایەک دا کە تەکووزی ڕامیاری نێونەتەوەیی لەسەر پەرگالی دەوڵەت-نەتەوە دامەزرابوو، جێنەگرتنی جوولەکە لەو تەکووزە دا تووشی هۆلۆکۆستی کرد.[233]

---

[230] محاکمە

[231] Kropotkin, Peter. *Anarchism; A Collection of Revolutionary Writings* (New York: DOVER Publications, 2002) p. 197.

[232] Bakunin, p. 51.

[233] Bauman, Zygmund. *Modernity and the Holocaust* (Cambridge: Polity Press, 2013) p. 52-53.

به باوەڕی من، ئەگەر گەلی کورد پاش ٢٠٠ ساڵ شەڕی نەتەوەیی و تووشبوون بە دەیان کۆمەڵکوژی جیاواز، لە گرینگی هەبوونی "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان"ی خۆی تێنەگەیشتبێت و، شوێنکەوتەی دروشمی ئاناڕشیستەکان و چەمکی "برایەتی گەلان"[234] بێت، داهاتوویەکی باشی بۆ نابینم؛ داهاتوویەک کە وێنەی دەرسیمەکان، هەڵەبجەکان و شەنگالەکانی لێ نابڕێتەوە.

**شۆڕشی ڕۆئاوای کوردستان**

هەروەک لە دەستپێکی ئەم بەشە دا ئاماژەمان پێکرد، لەو ساڵانەی دوایی دا، هزری ئاناڕشیستی باڵی بەسەر وتاری بزاڤی کورد دا کێشاوە. پتر لەوەش، سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەت-نەتەوە جیاوازە لە سەربەخۆیی نەتەوەیی، بەڵام ئەم دووە تێکەڵ بەیەک کراون و، لەگەڵ "تێۆری کۆتایی دەوڵەت" تێکهەڵکێش کراون. لە لایەکی دیکەوە، بە پێداگری لە سەر ئەم تێۆرییە، مرۆڤ وا تێدەگات کە سەربەخۆیی نەتەوەیی کاتی بەسەر چووە. بێ گومان، ئەمە لە بەرژەوەندی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد دا نییە و، لەو پارچەبەشەی خوارێ دا هۆیەکەی دەستنیشان دەکەین. بەڵام، هەر وەک لێرە دا ڕاڤەی دەکەین، ئاناڕشیسم کاریگەری تەنیا لەسەر وتاری بزاڤی ئێمە داناوە و، نەیتوانیوە لە کردار دا کاریگەری هەبێت. ئەوەش گوزارە لە بەهێزبوونی ئەو تێۆرییە دەکات کە لێرە دا گەڵاڵەمان کردووە.

ئەگەر بڕوانینە ڕۆژئاوای کوردستان، دەبینین کە لە گەلێک ڕووەوە سەرنجی دونیای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بە پێچەوانەی دەوڵەتانی هەرێمی کە هەموویان لەسەر نکوڵی کردن لە ناسنامەی ئەوانیدی دامەزراون، شۆڕشی ڕۆژئاوا جیاوازییەکانی کۆمەڵگای لە باوش گرت و، بە گوێرەی ئەوان پێکهاتەیەکی دێموکڕات و ناناوەندی دروست کرد، کە دەتوانێ مۆدێلێک بێت بۆ هەموو ناوچەکە. لە لایەکی دیکەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر ئاوا نەکردنی دەوڵەت سوور بووە (وتاری ئاناڕشیستی)، بەڵام بە پێی ئەوەی کە کۆمەڵگای ٣ میلیۆن کەسی ڕۆژئاوا بە بێ دەزگاکانی وەکوو "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان" بەڕێوە ناچێت، هەنگاوی باشی هەڵێناوە لەو پێناو چێکردنی ئەو پێکهاتانە، بەڵام بە ناوی دیکەوە. هەر بەو هۆیەش، تۆمەتی خاسکردنی دەوڵەت و "جیابوونەوە" لە سووریەی لێ دراوە.

لە سەر ئەو باسوخواسانەی کە لە سەر شۆڕشی ڕۆژئاوا کراون سێ بەڵگاندن[235] هەیە: یەکەم، پەرگالی ڕۆژئاوا دەوڵەت یا نیوچە-دەوڵەت نییە، بەڵکوو خۆبەڕێوەبەری دێموکڕاتیکە؛ دووهەم، پەرگالی ڕۆژئاوا پێکهاتەیەکی گەلییە نەک هی دەوڵەتی؛ سێهەم، پەرگالی ڕۆژئاوا پێکهاتەیەکی دێموکڕاتیکە کەچی هی دەوڵەت نادێموکڕاتیک و چەوسێنەرە. بەڵام لە ڕاستی دا، هەر سێی ئەم بەڵگاندنانە خۆیان خستووەتە نێو گێژاوی ناوەکانەوە. بەڵگاندنی یەکەم سەرنج دەخاتە سەر "ناو"ی پەرگالەکە، ئەوەی دووهەم لە ناو زیاتر دەڕوات و "ئاوالّناو"یش لەخۆ دەگرێت و، ئەوەی سێهەمیش تەنیا تیشک دەخاتە سەر "ئاوالّناو" و تایبەتمەندییەکانی پەرگال.

---

[234] "برایەتی گەلان" چەمکێکی پیاوسالارانەیە کە نوێنەرایەتی بزاڤی کوردی پێ ناکرێت؛ بزاڤێک کە خوڵقێنەری ژنئۆلۆژییە و هەموو ڕێکخستنەکانی لە لایەن ژنێک و پیاوێکەوە بەڕێوە دەچن. ئەگەر خوازیاری یەکسانی و وەکهەوی گەلانی ناوچەکەین، دەتوانین لە چەمکی دۆستایەتی گەلان کەڵک وەربگرین. چونکە کورد دەتوانێ دۆستی تورک، عەرەب و فارس بێت، نەک برا. ئەڵبەت، بە پێی ئەوەی کە دۆستایەتی بە گرێبەستێکی دڵخوازی دوولایەنە دەکوترێت، دۆستایەتی گەلانیش تەنانەت، بە بێ ویستی ئەوانیدی جێبەجێ نابێت.

[235] Argument

لە وڵامی یەکەم بەڵگاندن دا دەکرێ بکوترێ؛ گرینگ ئەوە نییە کە چ ناوێک لە سەر دیاردەیەک دادەنرێ و هەر ناوێکی لەسەر دابنێین دەستمان کراوەیە. گرینگ "خودی" دیاردەکەیە کە وەکوو "پێکهاتە"، وەکوو "دارِشتە" و، وەکوو "رێکخراوە" بوونی هەیە، کە بریتییە لە "تەڤگەڕی جڤاتی دێموکڕاتیک، یەکینەکانی پاراستنی گەل، یەکینەکانی پاراستنی ژن، دادگەکان، ئاسایش، گرتووخانەکان و هتد".

لە وەڵامی دووهەم بەڵگاندن دا دەشێ بکوترێ؛ پێش ئەوەی ئاوەڵناوی "گەل" لەسەر پەرگالێکی رامیاری دانێین، پێویستیمان بە پێناسە کردنی "گەل" هەیە. چونکە زۆر پەرگال هەن کە ئەو ئاوەڵناوە لەسەر خۆیان دەنێن لە کاتێک دا کە گەلی نین، وەکوو "کۆریای باکوور" کە بە خۆی دەڵێت "کۆماری دێموکڕاتیکی گەلی کۆریا". ئەگەر "گەل" بە واتەی کۆی کۆمەڵگای ۳ میلیۆنی رۆژئاوا بێت، پێناسە کردنی ئەو پێکهاتەیە وەکوو "پەرگالی گەل" پێناسە کردنێکی بابەتی نییە. چونکە ئەگەر نیوەی ئەو ۳ میلیۆن کوردەش تەنانەت، لەو پەرگالە دا بەشدارییان بکردایە و، یەک لە پێنجی بەشداربووان چەکی لە شان بکردایە، ئەو کات هەژماری هێزەکانی پاراستن ۳۰۰ هەزار کەس دەبوو. لە لایەکی دیکەوە، لەبیر نەکەین کە لە کاتی هێرشی داعش بۆ شاری کۆبانی، بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان، نزیکەی ۳۰۰ هەزار کەس لە دانیشتوانی کۆبانی و گوندەکانی دەردۆری نیشتمانی خۆیان بەجێهێشت و، روویان لە باکووری کوردستان کرد.[236] ئەوەی کە ماوە و بەرخۆدانی کرد شەرڤانانی "یەکینەکانی پاراستنی گەل" (YPG) و "یەکینەکانی پاراستنی ژن" (YPJ) بوون، نەک "گەڵ".

لە وڵامی بەڵگاندنی سێهەم دا، دێموکرات بوون یان نەبوون "ئاوەڵناو" یا تایبەتمەندی دیاردەیە، کە گرێدراوی کاردای دیاردەکەیە. واتە ئەگەر کاردای دیاردە باش بوو، دیاردەکەش باش دەردەچێت. بە پێچەوانە، ئەگەر کاردا خراپ بوو، دیاردەکەش خراپ دەردەچێت. بە زمانێکی دیکە دەتوانین بڵێین؛ ئاوەڵناو و تایبەتمەندی هەم بەدەست دەخرێن و هەمیش لەدەست دەدرێن. واتە پێکهاتەیەک دەتوانێت لە کاتێک دا تایبەتمەندی دێموکڕاتبوون بگرێت و دێموکرات بێت، بەڵام لە کاتێکی دیکە دا ئەو تایبەتمەندییە لەدەست بدات و نادێموکرات بێت. بۆ وێنە، ئەگەر بڕوانینە دەوڵەتی ''بریتانیا''، دەبینین کە سەردەمانێک یەکێک لە نادێموکڕاتترین دەوڵەتانی دونیا بووە لە پێوەندی لەتەک گەلانی نائینگلیسی نێو ئیمپراتوورییەکەی دا. بەڵام ئێستا وای لێهاتووە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە گەلی ''سکاتلەند'' بدات. چەند رۆژ بەر لە گشتپرسی سکاتلەند لە ساڵی ۲۰۱۵ دا، "دەیڤید کامێرۆن"، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، وەکوو پاڕانەوە داوای لە گەلی سکاتلەند دەکرد کە لە بریتانیا جیا نەبنەوە. دەسا، بریتانیای چەوسێنەر لە درێژەی کات دا تایبەتمەندی چەوسێنەرانەی لە دەست داوە و تایبەتمەندی نوێی گرتووە، کە ئەویش پێدانی مافی بەشداری لە پێڤاژۆی رامیاری و دیاریکردنی چارەنووسە.

هەروەک چۆن پەرگالێک دەتوانێت تایبەتمەندی نەرێنی لە دەست بدات و هی ئەرێنی بگرێت، پێچەوانەکەشی راستە. واتە، توانای ئەوەی هەیە کە تایبەتمەندی ئەرێنی لەدەست بدات و هی نەرێنی بگرێت. بۆ وێنە، لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە دا، ئەو کاتەی کە گەلی جوولەکە لە گشت ئەورووپا دا راو دەنرا و کۆمەڵکوژ دەکرا، لە وڵاتی "ئاڵمان" هەموو مافەکانی پارێزراو بووە. هەر بۆیە جوولەکەکان ئاڵمانیان وەکوو بەهەشتی یەکسانی ئایینی و نەتەوەیی سەیر کردووە.[237] بەڵام پاش بە دەسەڵات گەیشتنی نازییەکان لە ساڵی ۱۹۳۳ دا، هەر ئەو پەرگالە "دێموکڕاتیک"ەی رابردوو رووی هەموو کۆمەڵکوژییەکانی دیکەی سپی کرد و هۆلۆکۆستی خولقاند.

---

[236] http://www.independent.co.uk/voices/comment/syrias-kurds-have-little-choice-but-to-flee-amid-the-desolution-ruins-and-danger-they-face-10485357.html
[237] Bauman, p. 31.

ئەو دوو وێنەیە دەیسەلمێنن کە "تایبەتمەندی" دەگیرێ و لە دەستیش دەدرێت. جا بۆیە، من لەو باوەڕە دام کە ئەگەر بزاڤی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان وریا نەبێت و قایمکاری پێویست نەگرێتە بەر، ئەو پەرگالەی کە ئێستا بووەتە مۆدێلێک بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین، دەتوانێ تایبەتمەندی ئەرێنی لە دەست بدات و هی نەرێنی بگرێت.

## سەربەخۆیی نەتەوەیی جیاوازە لە دەوڵەتی نەتەوەیی

هەروەک باسمان کرد، یەکێک لە کێشەکانی ئەو وتارە ئانارشیستییەی کە ڕووی لە کوردستان کردووە ئەوەیە کە چەمکی دەوڵەت و پەرگالی دەوڵەت-نەتەوەی لەگەڵ سەربەخۆیی نەتەوەیی تێکەڵ کردووە. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەم سێ چەمکە جیاوازن و تێکەڵ کردنیان ناشارەزایی تێۆریک دەگەیەنێ. لە ڕاستی دا، سەربەخۆیی نەتەوەیی ئەو ٣ حاڵەتەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت، کە تەنیا لە یەکیان دا دەکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوە:

١). وڵاتێک دەتوانێ سەربەخۆ بێت و هەموو بڕیارە نەتەوەییەکانی بە دەستی خۆی بدرێن، بەڵام پەرگالێکی کۆنفێدڕاڵ و بڵاوی هەبێت. وێنەی لەبەرچاوی ئەم مۆدێلە وڵاتی "سویس"ە، کە لە ساڵی ١٢٩١ەوە هەتا ساڵی ١٨٤٨ بە شێوازی کۆنفێدڕاڵ و سەربەخۆ بەڕێوە چووە. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە، هەرێمە خۆسەرەکان، کە بە زمانی سویسی پێیان دەڵێن "کانتۆن"، هەندێك لە ئازادییە خۆجێییەکانیان لەدەست دا و، پەرگالی وڵات بەرەو پێکهاتەیەکی نیوچە-بڵاو و فێدڕاڵ ڕۆیشت. نمۆجەکانی دیکەی کۆنفێدڕاڵی سەربەخۆ بریتین لە "هەرێمە یەکگرتووەکانی نێدرلەند"، کە لە ساڵی ١٥٧٩ هەتا ساڵی ١٧٩٥ ژیانی کردووە و، هەروەها "کۆنفێدڕاسیۆنی هەرێمەکانی ئامریکا"، کە ساڵی ١٧٨١ دامەزرا و هەتا ساڵی ١٧٨٩ تەمەنی کردووە.

ئەوەی کە کۆنفێدڕاسیۆنی سویسی لەوانەی دیکە هەڵدەوارد تەنیا ماوەی تەمەنی نەبوو، بەڵکوو گێڕانی پێتەخت لە نێوان چەند شاری سەرەکی دا بوو. بەو ئامانجەی کە هێز لە یەک شار دا کۆنەبێتەوە، کۆنفێدڕاسیۆنی سویس ٣ پێتەختی جیاوازی هەبوو. واتە، پێتەختی وڵات لە نێو سێ شاری "زووریخ"، "بێرن" و، "لووسێرن" دا گێڕانی پێکراوە و، هەر یەک لەو شارانە بۆ ماوەی دوو ساڵ پێتەختی کۆنفێدڕاسیۆن بووە.[238] بەڵام سەرەڕای ئەوانە، سویس سەربەخۆیی نەتەوەیی لە دەست نەداوە و، ئێستاشی پێوەبێت، هیچ تایبەتمەندییەکی ناسەربەخۆی نییە. دەکرێ بەم حاڵەتە لە سەربەخۆیی نەتەوەیی بکوترێ "دەوڵەتی کۆنفێدڕاڵ".

٢). لە حالەتی دووهەم دا، کە دەتوانین "دەوڵەتی فێدڕاڵ"یشی پێ بڵێین، وڵاتێک دەتوانێ سەربەخۆ بێت، بەڵام داڕشتەیەکی نیوچە-بڵاوی هەبێت، وەکوو وڵاتانی ئیسپانیا، کانادا، بێلژیک و، تەنانەت سویسی پاش ساڵی ١٨٤٨. یەکێک لە جیاوازییەکانی فێدڕاسیۆن لەتەک کۆنفێدڕاسیۆن لەوە دایە کە لە کۆنفێدڕاسیۆن دا هەرێمە خۆسەرەکان مافگەلێکی زیاتریان هەیە، وەکوو مافی هەبوونی پۆلیسی خۆجێیی و هێزی پاراستن. لەوەش گرینگتر، مافی جیابوونەوە لە کۆنفێدڕاسیۆن و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ؛ مافێک کە لە فێدڕاسیۆن دا بوونی نییە. یەکێک لە نمۆجەکانی ئەم حاڵەتە لە جیابوونەوە "چێکۆسلاڤاکی" پێشوو بوو، کە پێکهاتبوو لە دوو وڵاتی "چێک" و "سلۆڤاکی". کاتێک کە ڕێبەرانی سلۆڤاک لەوە تێگەیشتن کە ژێرخانێکی تۆکمەی ڕامیاری و کارگێڕییان نییە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، لە

---

[238] Forsyth, Murray. *Unions of States: The Theory and Practice of Confederation,* (New York: Leicester University Press, 1981) p. 18-24-28-52.

ساڵی ١٩١٨ دا، لەگەڵ وڵاتی چێک یەکیان گرتوو و چێکۆسلاڤاکییان دروست کرد.[239] بەڵام هەر لە ساڵەکانی دەستپێک دا، دەسەڵاتدارانی چێکۆسلاڤاکی دەستیان کرد بە سەپاندنی ناسنامەی چێک بە سەر گەلی سلۆڤاکی دا. ئەوەش لەگەڵ بەرخۆدانی گەلی سلۆڤاکی ڕووبەڕوو بووەوە و، لە ساڵی ١٩٩٣ دا، هەڵوەشانەوەی چێکۆسلاڤاکی و دامەزرانی دوو کۆماری جیاوازی لێکەوتەوە.[240]

٣. لەحاڵەتی سێهەم دا، وڵاتێک دەتوانێ سەربەخۆ بێت، بەڵام دارشتەیەکی ناوەندی هەبێت، هەموو بڕیارەکان لە ناوەند دا بگیرێن و، ورە و ویستی هەرێمەکان پێشێل بکرێن. لەوەش نەرێنی تر ئەوەیە کە لەم مۆدێلە دا کۆمەڵگا بە گوێرەی چاندی ناوەند یەکدەست دەکرێت و، چاند و زمانی گەلانی دیکە دەتوێندرێتەوە. ئەم مۆدێلە لە سەربەخۆیی نەتەوەیی بە دەوڵەت-نەتەوە ناسراوە، کە مێژوویەکی دێرینی نییە و، بە باوەڕی زۆربەی تێۆریسییەن و مێژوونووسان، بۆ شۆڕشی فەرانسە دەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کە ئەم مۆدێلە لە فەڕانسە چەکەرەی کرد، بۆ زۆر شوێنی دیکەی دونیا ڕاگوازرا، کە لە هەندێک شوێن دا، ئێستاشی پێوە بێت، سەری نەگرتووە. ئەڵبەت، ئەو وڵاتانەی کە خاوەن یەک نەتەوە بوون، وەکوو ئێرلەند، ئیسلەند و، یونان، گۆڕینی پەرگالی ڕامیاری بۆ دەوڵەتی ناوەندی بەرهەڵستیی ئەوتۆی لەگەڵ دا نەکرا. بەڵام لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وڵاتانەی کە فرە-نەتەوە بوون، لەتەک بەرخۆدانی ئەو گەلانە دا ڕووبەڕوو بووەوە کە خرابوونە پەراوێزەوە. بۆ وێنە، هەر چەند فەڕانسە ئافرێنەری ئەو مۆدێلەیە و هەر لە پاش شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ بەملاوە، بە وتەی "یوگن وێبێر"، خەریکی داتاشینی "فەڕانسەویە لە جووتیاران"،[241] بەڵام ئێستاشی پێوەبێت، بە تەواوی نەیتوانیوە فەڕانسە بکات بە دەوڵەت-نەتەوە. هۆیەکەشی دیارە: دەوڵەت-نەتەوە بە واتەی "یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک زمان"ە. بەڵام ئایا، ئێستاشی پێوە بێت، دانیشتوانی وڵاتی "باسک"ی باکوور و دوورگەی "کۆرسیکا" خۆیان بە فەڕانسەوی دەزانن یان نا؟

ئەوەی کە لێرە دا پێویستی بە ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە هەموو ئەو ١٩٣ دەوڵەتەی کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکانن، بە *هەڵە* دەخرێنە نێو یەک پۆلێن و ناوی دەوڵەت-نەتەوەیان لەسەر دا دەنرێت. ئەوە لە کاتێک دایە کە تەنیا ١٠ لە سەدیان دەوڵەت-نەتەوەن و، هیچ یەک لەوانەی دیکە پێوەرەکانی دەوڵەت-نەتەوەیان نییە. بۆ وێنە، سەرەڕای ئەوەی کە هەر لە ساڵی ١٩٢٣ەوە، کەماڵیستەکانی تورکیە لە هەوڵی داتاشینی نەتەوەی تورکن لە دانیشتوانی ئەو وڵاتە، بەڵام نەیانتوانیوە ئەو مۆدێلەی کە دیانهەوێت دروستی بکەن: "یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە و یەک ئاڵا". واتە، ئێستاشی پێوە بێت، نەیانتوانیوە دەوڵەت-نەتەوە یا دەوڵەتێکی ناوەندی لەسەر ناسنامەی تورک دروست بکەن. بە باوەڕی من، ناودێرکردنی تورکیە و، داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بە دەوڵەت-نەتەوە یەکسانە لەگەڵ نکوڵیکردن لەو بەرخۆدانەی کە کورد لە دژی تواندنەوەی دا کردوویەتی. *ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان لە هەوڵی دروست کردنی دەوڵەت-نەتەوە دان شتێکە و، دەوڵەت-نەتەوە بوونیشیان شتێکی دیکە.*

بەڵام، ئەو باسە ئانارشیستییەی کە ڕووی لە کوردستان کردووە گرینگی بەو وردمانە[242] تێۆریکیانە نەداوە. پتر لەوەش، ئەو سێ حاڵەتەی سەرەوەی تێکەڵ بە "تێۆری کۆتایی دەوڵەت" کردووە؛

---

[239] Kirschbaum, Stanislav. “Czechoslovakia: The Creation, Federalization and Dissolution of a Nation-State”. In: Coakley, John. ed. *The Territorial Management of Ethnic Conflict* (London: FRANK CASS, 1993) p. 71.

[240] Ibid, p. 73-4-5-9-80-2-3-5-6-8.

[241] Weber, Eugen. *Presents into Frenchmen: The Modernization of Rural France, 1870-1914* (Stanford: Stanford University Press, 1976).

[242] Detail.جزئیات

ئەو تیۆرییەی کە لە ''تیۆری کۆتایی مێژوو'' دەچێت و، قازانجی بە بزاڤی کورد نەگەیاندووە. بۆ وێنە، بەشێک لە سەربەخۆخوازانی کوردستانی وا تێگەیاندووە کە مەبەست لە "کۆتایی دەوڵەت" بەسەرچوونی کاتی سەربەخۆیی نەتەوەییە. بەڵام لە ڕاستی دا، سەربەخۆیی نەتەوەیی و یەکسانی نەتەوەیی دوو ڕووی یەک مەدالیان و، بە بێ مسۆگر کردنی ئەوەی یەکەم، ئەوەی دووهەمیش بێ واتایە. بە پێی ئەوەی کە هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە قەبارەی گەلی کوردن، سەربەخۆن و بڕیارەکانیان بە دەستی خۆیان دەدرێت، چۆن دەتوانی بڵێی یەکسانم لەتەک ئەو گەلانە دا، ئەگەر بڕیارەکانت بە دەستی خۆت نەدرێن؟ مادام ئەوان خاوەن "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانە"کانی خۆیانن، چۆن دەتوانی بانگەشی یەکسانی بکەی، ئەگەر ئەو مافە بە کوردیش نەدەی کە ئەو ڕێکخراوانە دامەزرێنێت؟

بە پێی ئەوەی کە کوردستان وڵاتێکی فرە ڕەنگە، بە باوەڕی من، پێکهاتەی ناوەندی یا دەوڵەتی نەتەوەیی، واتە حاڵەتی سێهەم، ڕێگە چارە نییە. دەوڵەتی ناوەندی کوردستان، یا بە زمانێکی دیکە، داتاشینی نەتەوەی کورد لە کورمانج و سۆران، بە واتەی سڕینەوەی چاند و کولتووری گۆران، زازا، هەورامان، لوڕ و، ناسنامە جیاوازەکانی دیکەی کوردستانە. هەروەک لە ڕۆژئاوای کوردستان پێکهاتەی ڕامیاری و کارگێڕی بەسەر سێ ناوچەی خۆسەر دا دابەش بووە، با لە کوردستانی گەورەش دا، هەر بەو چەشنە، هێز بەسەر ناوچەکان دا دابەش بێت و، پارێزگەکان بە شێوازێکی دیموکڕاتیک، ژینگە پارێز و، یەکسانی ڕەگەزی خۆیان بەڕێوە ببەن. بەڵام من لەگەڵ ئەوە دا نیم کە ناوچە خۆسەرەکانی کوردستان بە ''کانتۆن'' ناودێر بکرێن و، تیۆریزە کردنی کۆی پەرگالی کوردستانیش بە ''کۆنفێدڕالیسمی دیموکڕاتیک'' لە بەرژەوەندی تەڤگەڕی کورد دا نابینم. چونکە هەتا باسی ئەوەی یەکەم دەکەی، کانتۆنەکانی سویس وەبیر مرۆڤ دەکەون و، ناوچە خۆسەرەکانی کوردستان وەکوو کۆپییەک لەوان دەنوێنن؛ چونکە هەتا باسی ئەوەی دووهەم دەکەی، چالاکوانی ئانارشیستی ئامریکایی، ''موورای بووکچین ''، لە بەر چاوی مرۆڤ هەڵدەتۆقێت. لەوانەیە زۆر کەس گرینگی بەم وردەکارییانە نەدەن، بەڵام لەبەر چاو گرتنیان لە بواری تیۆریک دا زۆر گرینگە. بۆ وێنە، ئەگەر چاو لە شۆڕشی ڕۆژئاوا بکەین، دەبینین کە ئەوە ئێمە ڕۆژانە خوێن دەدەین و شارەکانمان خاپوور دەبن ، بەڵام لە بواری تیۆریک دا بەرهەمەکەی دەچێتە نێو هەگبەی ئەوانیدی و، کەس باسی ئێمە ناکات. پێش شۆڕشی ڕۆژئاوا، کەس موورای بووکچینی نەدەناسی، بەڵام پاش شەڕی کۆبانی بە هەموو دونیامان ناساند و، لەو لاشەوە، کەس باس لە فیلەسووفی کورد، ''عەبدوڵڵا ئۆجالان''، وەکوو تیۆریسییەنی مۆدێلی ڕۆژاوا ناکات.

ئەڵبەت ئەگەر چاوێک لە مێژووی فەلسەفە بکەین، دەبینین کە هەر تیۆریسییەنێک لە کارەکانی پێش خۆیەوە دەستی پێکردووە. بۆ وێنە، مارکس لە فەلسەفەی هێگێلەوە دەستی پێکردووە، ڕەخنەی کردووە و، پاشان ڕوانگەکانی خۆی تیۆریزە کردوون. ئێمەش، کاتێک کە مێژووی ئەوانە دەخوێنینەوە، شتەکان هەموو لەسەر جێگە و پێگەی خۆیان دا دەبینین. بۆ وێنە، ئەو مژارانەی کە لە فەلسەفەی هێگێل دا مارکس قەبووڵی نین و جێگرەوەی بۆ داناون دیارن و، ئەو بابەتانەی کە لە هێگێلی وەرگرتوون لە بەر چاون. لە ئاکام دا، مافی هیچ یەک لەو دووە نەخوراوە و کەس نکوڵی لە هیچیان ناکات. بەڵام بەو پێیەی کە کورد لە دۆخی دەگمەن دایە، نەک لە هی ئاسایی، ئەم نەریتە فەلسەفییە داگری ئەو نابێت و، چەندە مافی ئۆجالان دەخورێت ئەوندەش پێگەی بووکچین بەرز دەکرێتەوە. ئەگەر کورد هەستی بە دەگمەن بوونی دۆخەکەی کردبایە، بە گوێرەی نەریتێکی فەلسەفی هەڵسووکەوتی نەدەکرد کە لە دۆخی ئاسایی دا گەڵاڵە کراوە و، هەر لە دۆخی ئاساییش دا کاری پێدەکرێت. بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە پاش ناساندنی بووکچین بە دونیا، ئەو جار ناوی مۆدێلەکەمان لە ''کۆنفێدڕاسیۆنی دێموکڕاتیک''ەوە بۆ

"فیدراسیۆنی دێموکراتیک" گۆڕی. ئەوە لە کاتێک دایە کە هەر لە دەستپێکەوە دەمانتوانی ئەو کارە بکەین.[243]

لە وانەیە هۆی ئەمە بۆ ئەو تێگەیشتنە بگەڕێتەوە کە لەسەر جیاوازییەکانی کۆنفێدڕالیسم و فێدرالیسم باڵی بەسەر وتاری ڕامیاری تەڤگەری کورد دا کێشاوە. دەکوترێت کە لە کۆنفێدڕالیسمی دێموکراتیک دا پێویست بە دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی کوردستان لەگەڵ دراوسێکانی ناکات. بەڵام بە پێچەوانە، لە فێدرالیسم دا ئەو سنوورانە پێویستییان بە دیاریکردن هەیە و، بە پێی ئەوەی کە دیاری نەکراون، پێڤاژۆی دیاریکردنیان ڕووداوێکی قەیراناوی دەبێت. بەڵام لە ڕاستی دا دیاریکردن و نەکردنی سنوور، پێوەرەی هەڵاواردنی کۆنفێدڕالیسم لە فێدرالیسم نییە. هەر دوو مۆدێل دەتوانن لە یەک حاڵەت دا پێویستیان بە دیاریکردنی سنوور هەبێت. ئەگەر ئەو دووە بەو سێ کەرتە دا پۆلێنبەندی بکەین، باسەکەمان ساکار دەبێت:

١). کۆفێدرالیسمی نیشتمانی؛ فێدرالیسمی نیشتمانی.[244]

٢). کۆنفێدرالیسمی چاندی؛ فێدرالیسمی چاندی.[245]

٣). کۆنفێدرالیسمی کارگێری؛ فێدرالیسمی کارگێری.[246]

تەنیا لە حاڵەتی یەکەم دا مژاری سنووری جوگرافیایی و دیاریکردنی دێتە گۆڕێ، کە هەم فێدرالیسم و هەمیش کۆنفێدرالیسم لە خۆ دەگرێت. واتە، چەندە سنووری جوگرافیایی بۆ فێدرالیسمی نیشتمانی گرینگ بێت، ئەوندەش بۆ کۆنفێدرالیسمی نیشتمانی گرینگە. پتر لەوەش، لە هەر دوو حاڵەتی دیکە دا، پێویست بە دیاریکردنی سنووری جوگرافیایی نییە و، دەسەڵات بە گوێرەی چاند و ویستی خۆبەرێوە بردنی گەلان دابەش دەکرێت، نەک بە گوێرەی هەڵکەوتەی جوگرافیایی. بەڵام لە کۆنفێدراسیۆن دا، هەر وەک لەوە پێش ئاماژەمان پێکرد، ناوچەکان دەسەڵاتیان زیاترە لە ناوەند. بۆ وێنە، مافی هەبوونی هێزی پاراستنیان هەیە، کەچی لە فێدراسیۆن دا ئەو مافەیان نییە. ئەڵبەت، ئەو پێوەرەیەش ڕەها و سەد لە سەد نییە. بۆ وێنە، سەرەڕای ئەوەی کە مۆدێلی ئێراق فێدرالییە، بەڵام هەرێمی کوردستان هێزی پێژمەرگە و ئاسایشی هەیە. کەچی، لە کۆنفێدراسیۆنی سویس دا کانتۆنەکان ئەو مافەیان نەبوو.

کوردستانی ئازاد، کۆنفێدرالیسمی دێموکراتیک بێت یان فێدرالیسمی دێموکراتیک، لە ڕاستی دا، دەوڵەتانی ناوەندی و نادێموکراتیکی هەرێمەکە لەمپەری سەرەکین لە سەر ڕێگای دامەزرانی. هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە تەنیا دوو ڕێگە دەبینم بۆ گەیشتن بەو ئامانجە: یەکەم، دیموکراتیزە کردن و ناناوەندی کردنی کۆی دارشتەی دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان، کە ئەویش یەکسانە لەگەڵ سەر لە نوێ دارشتنەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە؛ دووهەم، "جیابوونەوەی" کوردستان لەو دەوڵەتە ناوەندیانە و سەربەخۆیی نەتەوەیی. بە پێی ئەوەی کە هەڵوەشانی پێکهاتەی دەوڵەتانی ناوچەکە و دامەزرانی "کۆنفێدرالیسمی ڕۆژ هەڵاتی ناڤین" بە دوور دەزانم، تەنیا ڕێگایەک، لە ئێستا دا، بۆ کوردستانی ناناوەندی

[243] وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێت: "کورد ژێنراڵی پاش شەڕە"؛ واتە لە میانەی شەڕ دا سەربازیش نییە، بەڵام کاتێک کە شەڕ تەواو بوو، ئەو جار دەبێت بە ژێنراڵ و دەست دەکات بە وەرپاتە کردنەوەی "دەبوو ئاوامان کرابا و، دەبوو ئاوامان نەکردبا". وێدەچێت سەرەڕای ئەوەی کە کورد نیشانی دا کە لە بواری سەربازی دا لە هەموو ژێنراڵێک ژێنراڵترە، بەڵام لە بواری هزری دا هێشتاش هەر ماویەتی.

[244] Territorial confederalism; Territorial federalism

[245] Cultural confederalism; Cultural federation

[246] Administerational confederalism; Administerational federalism

و دیموکڕاتیک سەربەخۆیی نەتەوەییە. هۆیەکەشی دیارە: چۆن لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ناوەندی و نادیموکراتیک دا، هەرێمێکی ناناوەندی و دیموکڕاتیک جێی دەبێتەوە؟

ئەگەر چاوێک لە ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دا بکەین، ئەم گریمانەمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. بۆچی کۆماری ئیسلامی ئێران ملکەچی داواکانی بزاڤی ئازادیخوازی کورد نەبوو؟ ئەو ملکەچ نەبوونە چەندین هۆی هەیە، کە شرۆڤە کردنیان ناکەوێتە چوارچێوەی باسەکەمان، بەڵام یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان ئەوەیە: لە "کۆ"یەکی ئیسلامی و نادیموکراتیک دا، جێگە بۆ "بەش"ێکی سێکۆلار و دیموکڕاتیک نابێتەوە. بە باوەڕی من، ''ئایەتوڵڵا خومەینی''، وەکوو کەسایەتییەکی ئایینی کە هەوڵی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی دەدا بۆ وڵاتانی دەرێ، زیاتر لە سێکۆلاربوونی بزاڤی کورد دەترسا، هەتا لە ئۆتۆنۆمی-خواز بوونی دا. ئەگەر لە چوارچێوەی کوردستان بچینە دەرێ و چاوێک لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە بکەین، ڕاست بوونی ئەو گریمانەمان باشتر بۆ دەردەکەوێت.

### "فالانکس" و کۆمۆنەکانی دیکە چییان بەسەر هات؟

بە مەبەستی ئافراندن کۆمۆنە خۆسەرەکان، دوو کەس لە پێشەنگانی "سۆسیالیسمی ئۆتۆپیایی" بە نێوی "ڕابێرت ئۆوێن" و "چارلێز فورییەر" هەوڵدانی ڕژدیان کردووە. بۆ وێنە، لایەنگرانی ڕابێرت ئۆوێن، کە بە "ئۆوێنییەکان" دەناسران، لە میانەی سالەکانی ١٨٢٥ هەتا ١٨٤٧، چەندین ڕیزە کۆمۆنیان لە بریتانیا و ئامریکا ساز کرد، کە تێیان دا مڵکی تایبەت نەبووە، هەموو شتەکان هاوبەش بوون و، کارەکان بە شێوازی هەرەوەرزی[247] بەڕێوە دەچوون.[248] شوێنکەوتووانی چارلێز فورییەر، بە هەمان شێوە، گەلێک کۆمۆنیان لە بریتانیا، فەرانسە و، ئامریکا دروست کرد کە پێیان دەکوتن "فالانکس". هەر یەک لەو فالانکسانە لە ١٦٢٠ ژن و پیاوی جیاواز لە تەمەن و پێگەی کۆمەلایەتی پێکهاتبوون. کار بە شێوازی هەرەوەرزی بەڕێوە دەچوو، کەس مافی پاوان کردنی هیچ شتێکی نەبوو و، لە هەمووی گرینگتر، گەورە کردنی منداڵ بە شێوازی هەرەوەرزی و هاوبەشی بوو.[249] بەڵام ئاکامی ئەو ئەزموونە چیی بوو و فالانکسەکان چییان بەسەر هات؟ ئەگەر تەنیا یەک فالانکسیش توانیبایەتی هەتا ئەورۆ ژیانی خۆی بەو چەشنە بەدەوام بکات و، تێکەڵ بەو ژیانە نەبێت کە دونیای مۆدێرن بەڕێوەی دەبات، ئەو کات دەکرا وەکوو بەڵگاندنێک بۆ گونجاوبوونی ئەو مۆدێلە لەگەڵ دونیای مۆدێرن دا پێشکەش بکرێت.

لە میانەی هێرشی ئاڵمان بۆ سەر فەرانسە لە ساڵی ١٨٧٠ دا، "میخائیل باکوونین"، یەکێک لە باوکەکانی ئانارشیسم، هاواری لە گەلی فەرانسە دەکرد کە دەرفەتەکە بقۆزنەوە، دەوڵەتی فەرانسە تێکشکێنن و، کۆمۆنە خۆسەرەکان دامەزرێنن.[250] پاش ئەوەی کە دەوڵەتی فەرانسە لە بەرامبەر سوپای ئاڵمان دا خۆ پێ نەگیرا و کۆڵی دا، بەشێک لە دانیشتوانی کۆڵنەدەری پاریس کە ملکەچی ڕادەست کردنی وڵاتەکەیان بە دژمنی دێرینیان نەبوون، لە دژی دەوڵەت ڕاپەڕین و ''کۆمۆنی پاریس''یان دروست کرد. لەسەر ئەو ئەزموونە بێژومار پەرتووک و نووسین بەرهەم هاتووە، کە پێداچوونەوەیان کاری ئێمە نییە.

---

[247] Cooperative. تعاونی

[248] Beecher, Jonathan. “Early European Socialism”. In: Klosko, George. ed. *The Oxford Handbook of The History of Political Philosophy* (Oxford: Oxford University Press, 2013) p. 374-75.

[249] Ibid, p. 375.

[250] Bakunin, p. XXVI.

بەڵام ئەوەی کە وەکوو پرسیار گەڵاڵەی دەکەین ئاکامی ئەو ئەزموونەیە: چی بە سەر هات؟ بۆچی نەیتوانی دونیای دەورووبەری بێنێتە سەر ڕێگەی خۆی؟ ئەگەر ئەوەی پێ نەکرا، ئەدی بۆچی نەیتوانی ئەو ژیانە جیاوازەی خۆی بەردەوام بکات؟

نزیکەی ٩٠ ساڵ پاش کۆمۆنی پاریس، ئەو ئەزموونە لە ئامریکا، دیسان، تاقی کراوە. لە ساڵەکانی ١٩٦٠ دا، ئانارشیستەکانی ئەو وڵاتە گەلێک کۆمۆنی خۆسەریان ئاوا کرد و، تێیان دا ژیانی هاوبەشیان سەر لە نوێ ئافراندەوە. بەڵام لە ئاکام دا، ئەوانیش هەر سەریان نەگرت. هۆیەکەشی ئەوەیە: لە دونیایەک دا کە لە هەموو کاتێک زیاتر بەرەو "گوندبوونی گەردوون" ئاراستەگیر بووین، زۆر ئاستەمە بتوانی خۆت لە ڕەوتی ڕووداوەکانی تەرە بکەی و، نەهێڵی کاریگەریت لەسەر دانێن. لە ڕاستی دا، لە پێوەندی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دونیا دا، سێ ڕێگەت لەبەر دەست دایە:

١). تێکەڵ بە دونیا دەبی و، ئەوانیدی دێنییە سەر ڕێی خۆت.

٢). تێکەڵ بە دونیا دەبی، بەڵام دەچییە سەر ڕێی ئەوانیدی.

٣). خۆت لە دونیا دادەبڕی و وەکوو "ڕابینسۆن کرۆزۆ" ژیانی دوورەپەرێزی هەڵدەبژێری.

ئەزموونی فالانکس و کۆمۆنە خۆسەرەکان ئاستەمبوونی ڕێگەی یەکەمیان دەرخست. موورای بووکچین، هەر چەند بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام هۆی سەرنەکەوتنی کۆمۆنەکانی ئامریکا بۆ ئەو ڕاستییە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

> بە گوێرەی ئەزموونی ئەم نووسەرە لەمەڕ مژاری خۆسەری خۆجێیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، دەتوانم بڵێم؛ هیچ داواکارییەک، کاتێک کە دەکرێت، بە ڕادەی ئەوە لە لایەن هێزی دەوڵەتەوە بەرخۆدانی لەگەڵ دا ناکرێت. دەوڵەت-نەتەوەکان زۆر باشتر لە دژبەرانی خۆیان، کە لە بزاڤە بنگەییەکان دا خەبات دەکەن، ئەوە دەزانن کە تا چ ئاستێک خۆسەری خۆجێیی دەتوانێت دەسەڵاتی ئەوان ناجێگیر بکات.[251]

ئەزموونی کانتۆنەکانی سویس ئاستەمبوونی بژاری سێهەمیشیان دەرخست. هەر وەک ئاماژەمان پێ کرد، کۆنفێدڕالیسمی سویس لە ساڵی ١٢٩١ دامەزرا و، لە چوارچێوەی دێموکڕاسی ڕاستەخۆ دا، کانتۆنەکان خۆیان بەڕێوە دەبرد. پاش شەڕێکی نێوخۆیی لە نێوان کاتۆلیک و پرۆتێستان، لە ساڵی ١٨٤٨ دا، کانتۆنەکان هەندێک لە دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دا و، ڕادەستی ناوەندیان کرد. واتە، پەرگالی وڵات لە کۆنفێدڕالییەوە وەرگەڕێندرایە فێدڕالی.[252] هەر لەو کاتەوە هەتا ساڵەکانی ١٩٩٠، کانتۆنەکان بە دوو قۆڵی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دا وڵاتیان بەڕێوە برد. بەڵام لەو ساڵانە دا و لە پاش هەندێک ئاکامی نەرێنی دێموکڕاسی ڕاستەوخۆ، کە ئەگەر بە کارەسات ناوی ببەین زیادمان پێوە نەناوە، کانتۆنەکان هەندێکی دیکەش لە دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دا و، وڵات بەرەو نیمچە-فێدڕالی ڕۆیشت. واتە هەر لە ساڵی ١٨٤٨ بەملاوە، بە پێچەوانەی ئەوەی کە بتوانێت دونیا بێنێتە سەر ڕێی خۆی، هێدی هێدی خەریکە دەچێتە سەر ئەو ڕێیەی کە دونیا پێیدا دەڕوات. واتە لە کۆنفێدڕالییەوە بەرەو فێدڕالی و، پاشان بەرەوە نیمچە-فێدڕالی و، لە دێموکڕاسی ڕاستەوخۆوە بەرەو دێموکڕاسی نوێنەرایەتی دەڕوات.[253] لەوانەیە زۆر

---

[251] Bookchin, p. 184.
[252] Forsyth, p. 28-52.

[253] بۆ خزانی کۆنفێدڕالیزمی سویس بۆ فێدڕالیزم و نیوچە-فێدڕالیزم، بڕواننە ئەم پەرتووکە:

کەس بەوە سەرسام بن کە هەتا ساڵی ١٩٧١، ژنانی سویس مافی دەنگدانیان نەبووە. لەوە سەرسوورڕ هێنەر تر ئەوەیە کە کانتۆنی "ئاپانزێل" هەتا ساڵی ١٩٩٠ مافی دەنگدانی بە ژنان نەداوە.[254] هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە دێموکڕاسی ڕاستەوخۆ دا، بڕیارەکان بە دەستی گەل دەگیرێن، نەک بە دەستی چینی دەستەبژێر[255]، هەر چەند ئەگەر ئەو بڕیارانە، بە باوەڕی دەستەبژێر، لە بەرژەوەندی گەل دا نەبن.[256]

ئاکام، وا دیارە لە دونیای ئەمڕۆ دا ڕێگای دووهەم، واتە تێکەڵبوون بە دونیا و چوونە سەر ئەو ڕێیەی کە دونیا پێی دا دەڕوات، گونجاوترین بژارە، ئەگەر نەڵێین تەنیا بژارە. ئەڵبەت ئەوە بە واتای خۆ بەدەستەوەدان و مڵکەچ بوون بۆ دونیای دەرێ نییە. تۆ دەتوانی تێکەڵ بە دونیا بی، بەڵام بە ڕەنگ و تایبەتمەندییەکانی خۆتەوە. گرینگ ئەوەیە کە خۆت ون نەکەی؛ ئەو مەرجەی کە پێویستی بە خۆناسین هەیە، ئەو خۆناسینەی کە لە بەشی ٣ دا باسمان کرد.

**کۆتایی**

پێویستە کورد لە هەوڵی خاسکردنی "خودی" ئەو پەرگالە دا بێت کە نییەتی، نەک خەریکی گۆڕینی "تایبەتمەندی" پەرگالی گەلانی دیکە. ئەگەر لە ئەنجامی خەباتی دێموکڕاسی-خوازانەی خۆیدا ئەو پەرگالانەی هەیی بشگۆڕێت و تایبەتمەندی باشیان پێ زیاد بکات، لە درێژخایەن دا شیانی لە دەستدانی ئەو تایبەتمەندیە باشانە و جێگرتنەوەیان بە هی خراپ هەیە. چونکە هەر وەک باسمان کرد، تایبەتمەندی هەم وەدەست دەخرێت و هەمیش لەدەست دەدرێت. بۆ وێنە، ئەو ئاڵمانەی کە سەردەمانێک بەهەشتی ئایینی و نەتەوەیی گەلی جوولەکە بووە، لە درێژەی کات دا ئەو تایبەتمەندییە باشانەی لە دەست دا، جێگەکەی بە هی خراپ پڕکردنەوە و، لە ئاکام دا هۆلۆکۆستی خولقاند. جا بۆیە، لە بری گۆڕینی تایبەتمەندی پەرگالی وڵاتانەی هەرێم، واتە دێموکڕاتیزە کردنیان، پێویستە کورد لە هەوڵی دامەزرانی "پارلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکانی" خۆی دا بێت.

گەلی کورد پێویستی بە پارڵمانی نەتەوەیی خۆی هەیە، جا بە هەر ناوێکەوە بێت گرینگ نییە، بۆ کۆکردنەوەی هەموو پارتە ڕامیارییەکان. پێویستی بە پێکهاتەیەکی ڕامیاری هەیە بۆ جێبەجێکردنی هەندێک لە بڕیارە گشتییەکان. پێویستی بە پێکهاتەگەلێک هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر تاوانباران، نەک چالاکوانان و تێکۆشەرانی نەتەوەیی. پێویستی بە هێزێکی نەتەوەیی یەک میلیۆن کەسی هەیە بۆ پاراستنی خۆی. پێویستی بە پێکهاتەیەکی چەکداری تر هەیە بۆ ڕاگرتنی تەکووزی کۆمەڵگا و، بۆ گرتنی تاوانباران، نەک تێکۆشەرانی نەتەوەیی و ڕۆشنبیران. پێویستی بە دەزگایەک هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژمنان. پێویستی بە گرتووخانەکان هەیە بۆ ڕاگرتنی تاوانباران، نەک شۆڕشگێڕان. جا هەر ناوێک لەسەر ئەو دەزگا و ڕێکخراوانە دا دەنێت کێشە نییە، کێشە لە نەبوونیان دایە. لە بەشی

---

Barber, Benjamin. *The Death of Communal Liberty: A History of Freedom in a Swiss Mountain Canton* (Princeton: Princeton University Press, 1974).

254 Linder Wolf. *Swiss Democracy: Possible Solutions to Conflict in Multicultural Societies*, Third Edition (New York: Palgrave McMillan, 2010) p. 77-8-9.
255 Elite. نخبە

256 ئەوە یەکێک لە کەماسییە بنچینەییەکانی دیموکڕاسی ڕاستەوخۆیە، کە بزاڤی کورد، سەرەڕای ئەوەی کە پێداگری لە سەر دێموکڕاسی ڕاستەوخۆ و لایەنە باشەکانی دەکات، بەڵام هەتا ئێستا باسی نەکردووە. ڕووداوێکی دیکە کە ئەم کەماسییەی نیشان دا، چوونە دەرێی بریتانیا بوو لە یەکێتی ئەورووپا. سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کارناسان لەو باوەڕە دا بوون کە چوونە دەرێی لەو یەکێتییە لە بەرژەوەندی ئەو وڵاتە دا نییە، بەڵام گەلی ئینگلیس دەنگی بە هاتنە دەرێ دا.

داهاتوو دا دەچینە سەر ڕێگە چارەو، هەندێک لەو هەنگاوانەی کە شیانی هەیە رێگەی ئازادی کوردستان کورت بکەنەوە دەستنیشان دەکەین.

# ٦. چارەسەری

ئەگەر کەس نەزانێت، ئەو لێکۆڵەرانەی کێشەی ئێتنیکی-نەتەوەیی کە شارەزای دۆزی کوردیشن دەزانن کە زیاتر لە هەموو گەلانی ژێردەست، ئەو گەلانەی کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ئازاد کرد، گەلی کورد تێکۆشانی کردووە و، لە زۆربەی هەرە زۆریان زیاتر قوربانی داوە. پاش گەلی جوولەکە، کە لە سەدەی بیستەم دا تووشی هۆلۆکۆست هات، هیچ گەلێکی دیکە نییە بڵێت لە کورد زیاتر قوربانیم داوە. ڕاستە گەلی ئەرمەنی یەکەمین نەتەوە بوو کە لە سەدەی بیستەم دا تووشی جێنۆساید هات، بەڵام پاش دامەزراندی دەوڵەتی خۆی لە ساڵی ١٩١٨ دا، کۆمەڵکوژی دیکەی بە خۆوە نەبینی. بەڵام گەلی کورد هەر لە ساڵی ١٨٠٦ەوە لە تێکۆشان دایە و ٢٨ سەرهەڵدانی گەورە و بە دەیان ڕاپەڕینی دیکەی کردووە، کە لە پاش هەر کامیان تووشی کۆمەڵکوژکردن بووە. ئەو خاڵەی کە سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە پاش ئەو هەمووە کارەساتە، گەلی کورد کۆڵی نەداوە و لە خەباتی ئازادیخوازی بەردەوام بووە. بێ گومان گەلێکی ئاوا خۆڕاگر و بەرخۆدێر شیاوی ئازادی و سەربەخۆییە و ئەگەر ئەورۆش پێی نەگات، سبەینێ دەستەبەری دەکات.

لەم بەشە دا، دەپەرژێینە سەر ڕێگە چارە و، ئەو هەنگاوانەی کە گەیشتنی کورد بە ئازادی نزیک دەکەنەوە دەخەینە بەر باس. لە دەستپێک دا، دەچینە سەر شرۆڤە کردنی دوو ڕوانگەی سەرەکی، کە باڵیان بەسەر ئەو وێژە ڕامیارییەی کە لەسەر کورد بەرهەم هاتووە کێشاوە. هەر وەک نیشانی دەدەین، هەڵەی ئەو دوو ڕوانگەیە ئەوەیە کە گرینگیان بە دەگمەنبوونی دۆزی کورد نەداوە و، بەو هۆیە، پرسی کوردیان تێکەڵ بە پرسی گەلانی ژێردەستی دیکە کردووە کە کێشەی هەموویان ئاسایی بووە. پاش ئەوەی کە چارەسەرکردنی دۆزی کوردمان بە سێ قۆناخی سەرەکی دا دابەش کرد، دەچینە سەر ڕاڤە کردنی ئەو هەنگاوانەی کە بۆ پێوانی ئەو سێ قۆناخە بە پێویستیان دەزانین. لە ئاکام دا، دەپەرژێینە سەر مژاری دیاریکردنی چارەنووس و دوو ڕەهەندی فەلسەفی و مێژوویی ئەم بابەتە دەخەینە بەر باس.

### شرۆڤەی ئاسایی بۆ دۆخی نائاسایی

سەرەڕای ئەوەی کە دەرفەت و کەرەستەی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە و نووسین لەسەر دۆزی کورد کەم بووە، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوو دا شەپۆلێک لە توێژینەوە دەستی پێکردووە. لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لە سەرهەڵدان، هەر چەند بە شێوازێکی ئاکادەمی ڕاڤە نەکراوە، بەڵام وەکوو نووسراوە بوونی هەیە و پێداچوونەوەی پێدا دەکرێت. لەگەڵ ئەوانەش دا، پاش شۆڕشی پێوەندییەکان و ڕاگەیاند، دەرفەتی ئەوە بۆ تاکەکانی کومەڵگا ڕەخساوە کە لەسەر دۆزی کورد دانووساندن

و بەرهەڤدان[257] بکەن. کۆی ئەمانە بووەتە هۆی بەرهەمهاتنی کۆگایەک لە ڕوانگە و نێرینی جیاواز کە، ئەگەر بمانەوێت پۆلێنبەندی بکەین، بە سەر دوو دەستەی سەرەکی دا دابەش دەبن:

١). دەستەی یەکەم گرینگی بە "دۆخ" و کاریگەرییەکانی نادات و، هەموو خوێندنەوەکانی لە بان-دۆخ کراون. ئەوەش ڕێگای بۆ گەڵاڵە کردنی چارەسەرییەکی باندۆخانە کردووەتەوە، کە ناکۆکی بنگەیی لەگەڵ ڕاستینە و ماکی کێشەی کورد دا هەیە.

٢). دەستەی دووهەم هەستی بە گرینگی دۆخ کردووە، بەڵام جیاوازی نێوان دۆخی ئاسایی و هی دەگمەنی نەبینیوە. هەر بۆیە، وەکوو کێشەیەکی ئاسایی هەڵسووکەوتی لەگەڵ دۆزی کورد دا کردووە.

کێشەی سەرەکی بەشی یەکەمی شرۆڤەکان لەوە دایە کە مێتۆدی شرۆڤەکانیان "دابەزێنەرانە"ییە. واتە کێشەی نەتەوەیی بۆ کێشەی دێموکڕاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و هتد دادەبەزێنن. دەبێژن ئەگەر دێموکڕاسی ڕێچکە بگرێت و گەشە بستێنێت، کێشەی نەتەوەیش چارەسەر دەبێت. یا دەڵێن؛ کلیلی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە پەرەسەندنی زانست و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا دا شاراوەیە. یا دەنا، ئەگەر باری ئابووری نەتەوەی ژێردەست باش بکرێت و هەڵسووکەوتی دووچاوەگی[258] لەتەک دا نەکرێت، کێشە نەتەوەییەکەشی نامێنێت. بە زمانێکی دیکە، تیشکی شرۆڤەکانی ئەم دەستەیە لە دەرەوەی "دۆخ" دایە، کە لێرە دا دۆخی نەتەوەییە. جا بەو هۆیە، مرۆڤ دەتوانێ وەکوو خوێندنەوەیەکی باندۆخانە ناودێری بکات.

بە پێچەوانەی ئەم خوێندنەوەیە، کێشەی نەتەوەیی زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بۆ ئەو ڕەهەندانەی سەرەوە دابەزێنرێت. هۆیەکەشی لەوە دایە کە، سەرەڕای ئەوەی کە پرسی نەتەوەیی دەتوانێت سەرجەم ئەو ڕەهەندانە لە خۆ بگرێت، بەڵام بۆ هێچ کامیان دانابەزێنرێت. جا بۆیە، چارەسەرکردنی هەر یەک لەو کێشانە دەتوانێت یارمەتیدەری چارەسەری پرسی نەتەوەیی بێت. بۆ وێنە، هەبوونی دێموکڕاسی یا گەشەکردنی زانست و ڕۆشنبیری دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی. هەر بەم چەشنە، نەبوونی کێشەی ئابووری و باشبژێویی کۆمەڵگا دنەدەر و هێڤۆژەی[259] چارەسەری پرسی نەتەوەییە. بەڵام چارەسەرکردنی هیچ یەک لەو کێشانە بەواتەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی نییە.

ئەگەر بڕوانینە وڵاتی "کۆبێک"، بۆ وێنە، دەبینین کە بە گوێرەی پەرگالی فێدڕالی کانادا، کۆبێک بەرپرسی گەلێک لە کاروباری نێوخۆیی خۆیەتی کە هەمووی گرینگن بۆ پاراستنی چاند و کولتوورەکەی. بۆ وێنە، پەروەردە و خوێندن بە زمانی فەڕانسەوی و، دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە لە دانیشتوانی ئینگلیسی زمان کە لە پارێزگەکانی دیکەی کاناداوە دەچن بۆ هەرێمی کۆبێک.[260] بەڵام سەرەڕای ئەوانە، کێشەی نەتەوەیی گەلی کۆبێک بەردەوام بووە و، هەر وەک چەند توێژەر وەبیرمان دێننەوە، ئەو بەرهەڵستییەی کە بزاڤی نەتەوەیی کۆبێک لە دژی دەوڵەتی کانادا دەیکات، لە دونیای ڕۆژاوا دا بێ وێنەیە.[261]

---

[257] Debate

[258] Discriminatory

[259] محرك

[260] Kymlicka, Will. *Multicultural Citizenship: A Liberal Theory of Minority Rights* (Oxford: Oxford University Press, 1995) p. 28.

[261] Rocher, F., Rouillard, C. and Lecours, A. “Recognition Claims, Partisan Politics and Institutional Constraints: Belgium, Spain and Canada in Comparative Perspective”. In: Gagnon, Alain. and Tully, James. eds. *Multinational Democracies* (Cambridge: Cambridge University Press, 2001) p. 191.

دیموکراسی "بێلژیک"یش نەیتوانیوە کێشەی نەتەوەیی گەلی "فلامان"، کە بە زمانی ئاڵمانی قسە دەکەن و، گەلی "والوون"، کە زمانی دایکییان فەرانسەوییە، چارەسەر بکات. هەروەک دەزانرێت، لە ساڵی ١٩٩٣ بەملاوە، دەوڵەتی فیدرالی بێلژیک بەسەر سێ هەرێمی والوون، فلامان و شاری "برووکسێل"، کە پێکهاتووە لە دانیشتوانی هەر دوو نەتەوە، دابەش بووە. هاوشێوەی پارێزگای کۆبێک لە کانادا، حکوومەتە خۆجێییەکانی بێلژیک بەرپرسی ئەو کاروبارانەن کە بۆ پاراستنی ناسنامەی گەلانی والوون و فلامان گرینگن، وەکوو پەروەردە و ڕاهێنان بە زمانی دایک، بەڕێوەبردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەکوو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، نەخۆشخانەکان و، ڕاژەکاری[262] کۆمەڵایەتی.[263] سەرەڕای هەبوونی ئەو مافانە، کەچی گەلانی والوون و فلامان داوای دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەن.

ئەگەر باشبژێوی کۆمەڵگا هەتوانی پرسی نەتەوەیی بایە، ئەدی بۆچی وڵاتی "باسک"، یا "ئوسکادی" بە زمانی خۆیان و، گەلی "کاتالۆن" داوای دیاریکردنی چارەنووس دەکەن؟ شارەزایانی ئەو دوو نەتەوەیە دەزانن کە باری ئابووری هەر دووکیان لە بەشەکانی دیکەی ئیسپانیا باشترە و، وەکوو گەلانی کۆبێک، فلامان و، والوون کاروباری خۆیان بەڕێوە دەبەن و، بەشێکی لەبەرچاو لە داهاتی ئەو دوو هەرێمە دەگەڕێتەوە دەستیان.[264] پتر لەوەش، هەر وەک "مۆنسێرات گۆبێرنۆ"، وەبیرمان دێنێتەوە، ئەو دوو هەرێمە لە گەلێک ڕووەوە وەکوو دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵسووکەوت دەکەن، بۆ وێنە، خاوەن پۆلیسی خۆجێی خۆیانن.[265] بەڵام، سەرەڕای ئەمانە، لە دۆخی هەیی نارازین و، دیانەوێت لە ئیسپانیا جیا ببنەوە. هەر بۆیە لە گشتپرسی پاییزی ساڵی ٢٠١٤ دا، زیاتر لە ٨٠ لە سەدی دەنگدەرانی کاتالۆنیا دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.[266]

ئەگەر کێشەی نەتەوەیی بۆ کێشەی زانست و ڕۆشنبیری دابەزێنرێت، دەبوو گەلی جوولەکە هیچ کێشەیەکی نەبایەت. چونکە جوولەکە نەتەنیا لە بواری ڕۆشنبیری دا، بەڵکوو لە بواری ئابووریش دا یەکێک لە گەلە پێشکەوتووەکانی جیهانە. ئەگەر بڵێین مێژوویی مرۆڤایەتی هیچ کۆمەڵگایەکی بە ڕادەی گەلی جوولەکە ڕۆشنبیر و بەدراو[267] بە خۆوە نەبینیوە، شتێکی دوور لە ڕاستیمان نەکوتووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، ئەگەر بڵێین هیچ گەلێک لە دیرۆکی مرۆڤایەتی دا بە ڕادەی گەلی جوولەکە ئازار و دەربەدەری نەچێشتووە، ئەوکاتەش هەر شتێکی ناڕاستمان نەکوتووە. واتە نە هێزی ڕۆشنبیری و نە هێزی ئابووری جوولەکە بڕستی کۆتایی هێنان بە دەربەدەری ئەو گەلەی نەبوو. بەڵام کاتێک کە لە "یەکەمین کۆنگرەی زایۆنیسم"، لە ساڵی ١٨٩٦ دا، چالاکوانانی جوولەکە بڕیاری خەباتی دیپلۆماسی دەگرن و، بە دامەزراندنی "هاگانا" لە ساڵی ١٩٢١ دا خەباتی چەکداریشی پێ زیاد دەکەن، مێژووی جوولەکە گۆڕانکارییەکی بنگەیی بە خۆوە دەبینێت.[268] ئەوەی کە کۆتایی بە دەربەدەری گەلی جوولەکە هێنا

---

[262] خدمتگذاری

[263] Rocher, *et al.,* p. 181.

[264] Hannum, Hurst. *Autonomy, Sovereignty, and Self-Determination: The Accommodation of Conflicting Rights* (Philadelphia: University Of Pennsylvania Press, 1990) p. 270-1-2-3-4.

[265] Guibernau, Montserrat. *Nations Without States: Political Communities in a Global Age* (Cambridge: Polity, 1990) p. 42.

[266] http://www.bbc.com/news/world-europe-29982960

[267] پولدار

[268] See Cohn-Sherbok, Dan. & El-Alami, Dawoud. *The Palestine-Israel Conflict*, New Edition (Oxford: Oneworld Book, 2008 [2001]) p. 14-25-6-34-41-7-9-52-3-4-5.

ئاواکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو لە ساڵی ١٩٤٨ دا؛ پێکهاتەیەک کە بەرهەمی تێکەڵکردنی هێزی چەکداری و دیپلۆماسی بوو بە هێزی زانست و ڕۆشنبیری. ئەگەر هێزی ئەتۆمی ئیسرائیل نەبێت، ئێستاشی پێوە بێت، نە هێزی ئابووری و نە هێزی زانستنی جوولەکە بەشی پاراستنی پێگەی ڕامیاری ئەو نەتەوەیە ناکات.

بەشی دووهەمی شرۆڤەکانی سەر کورد، بە پێچەوانەی بەشی یەکەم، گرینگی بە "دۆخ" دەدەن و لە چوارچێوەی دۆخ دا کێشەکە ئازەنتی و شرۆڤە دەکەن، بەڵام لە دۆخی ئاسایی دا، نەک لە هی دەگمەن. لە ئاکام دا، ڕێبازێک دەگرنە پێش کە ئەویش شانسی چارەسەری کەمە، مەگەر ئەوەی کە هەموو دونیا دۆخی ئاسایی دەربازکات و، وەکوو کوردستان، ئاراستەی دۆخی دەگمەن بێت. بۆ وێنە، پرسی کورد وەکوو هی گەلانی ڤێتنام، ئەلجەزایر، هیند و، ئیرلەند دەچوێنن، بە بێ ئەوەی کە جیاوازی نێوان دۆخی ئەو گەلانە و هی کورد لە بەر چاو بگرن. لە لایەکی دیکەوە، هەندێک جار باس لە مێتودی "ماهاتما گاندی" و گوازتنەوەی خەباتی بێ-توندوتیژی "ساتیاگراها" دەکەن بۆ کوردستان.

هەروەک لە بەشی ٢ دا شرۆڤەمان کرد، بە پێچەوانەی دۆخی کورد، کێشەی ئەو گەلانە کێشەگەلێکی ئاسایی بوون. واتە، وڵاتی هیچیان وەکوو کوردستان پارچە پارچە نەببوو و هیچیان بە ڕادەی گەلی کورد دژمن و نەیاریان نەبوو. پتر لەوەش، خەباتی ساتیاگراهای گاندی هەڵقوڵاوی بەستێنێکی بیردۆزی و کۆمەڵایەتییە کە تەواو جیاوازە لەوەی کوردستان. بۆ وێنە، لە سەدا ٨٠ی دانیشتوانی هیند باوەڕمەندی ئایینی هیندوون، کەچی لە سەدا ٦٥ هەتا ٧٥ لە دانیشتوانی کوردستان موسوڵمانن.[269] گرینگتر لەوەش، یەکێک لە کۆڵەکەکانی هیندووئیسم "ئاهیمسا"، واتە ڕەوانەدانی توندوتیژیە، بەڵام یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئیسلام کوشتنی ئەو کەسانەیە کە نایەنە سەر ئایینی ئیسلام: جیهاد. سەرەڕای ئەوەی کە لە قورئان دا ٩٢ جار باس لە نوێژ و ڕۆژوو کراوە، بەڵام ١٧٤ جار باس لە کوشتن و بڕینی بێباوەڕان کراوە. لە لایەکی دیکەوە، بە پێچەوانەی هیند، بە درێژایی مێژوو کوردستان لە شەڕ و بەربەرەکانێ دا بووە. ئەو ڕاستیەش کارتێکەری لەسەر تاکی کورد و چۆنییەتی هەڵسووکەوت و بیرکردنەوەی داناوە. (بۆ ئەو باسانە بڕوانە بەشی ٢). جا بۆیە، ئەو کەسانەی کە باسی گوازتنەوەی مێتۆدی گاندی دەکەن، یا ئاگایان لەو ڕاستییانە نییە، کە ئەگەریشی زۆرە، یا ئەوەی کە خۆی لێ لادەدەن. بەڵام بە هەر جۆرێک بێت، من ئەم مێتۆدە بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد بە گونجاو نابینم، سەرەڕای ئەوەی کە بە تەواوی لەگەڵ بایکۆت کردنی شتومەکی داگیرکەرانم. سەیرەکەی لەوە دایە، ئەو کەسانەی کە باسی مێتۆدی گاندی دەکەن، سەرنجیان تەنیا لەسەر بێ-توندوتیژ بوونە، بە بێ ئەوەی کە باس بکەن لە ڕەهەندەکانی دیکە و ئەو مەرجانەی کە گاندی دایناوە بۆ بەڕێوەبردن و سەرخستنی ساتیاگراها.

**پێڤاژۆیی ئازادی**

پرۆسەی ئازادی کوردستان و هەر کێشەیەکی نەتەوەیی دەگمەن بەسەر سێ قۆناخی سەرەکی دا دابەش دەبێت:

١). قۆناخی داگیرکراوی لە دۆخی دەگمەن دا.

٢). قۆناخی داگیرکراوی لە دۆخی ئاسایی دا.

---

[269] نەبەز، جەماڵ، *ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا*، چاپی دووهەم، (هەولێر: سۆران، ٢٠٠٧، [٢٠٠٢]) لاپەرەکانی ١١٩-١٢٠.

٣). قۆناخی ئازادی و دیاریکردنی مافی چارەنووسن.

پێش ئەوەی کە بیر لە قۆناخی ٣ و سەربەخۆیی یەکجاری بکەینەوە، پێویستە سەرنجمان بخەینە سەر دەربازبوون بۆ قۆناخی ٢. واتە، چۆن کوردستانی داگیرکراو لە دۆخی دەگمەن دا دەربازی قۆناخی داگیرکراویی لە دۆخی ئاسایی دا بکەین. مەبەست لە داگیرکراویی دۆخی ئاسایی ئەوەیە کە کوردستانیش وەکوو وڵاتانی ئەلجەزایر، هیند، ئێریترە و، تیمۆری ڕۆژهەڵات یەک داگیرکەری هەبێت و، تەنیا لەگەڵ یەک دەوڵەت دا ڕووبەروو بێتەوە. بۆ وێنە، ئەگەر سێ پارچەی کوردستان ئازاد بکرێن و بە فەرمی دانیان پێدا بنرێت، ئەو یەک پارچەیەی کە ژێردەست دەمێنێتەوە داگیرکراوێکی ئاسایی دەبێت. لەو حاڵەتە دا، هەم بەراوەرد کردنی دۆزی کورد لەگەڵ دۆزەکانی دیکە دا لە جێ دایە و، هەمیش بزاڤی کورد دەتوانێت وەکوو تەڤگەڕی گەلانی دیکە هەڵسووکەوت بکات. بەڵام مادام ئەو سێ پارچەیەی کوردستان هێشتا ئازاد نەبوون و دۆزی کورد لە دۆخی دەگمەن دا ماوەتەوە، پێویستە بزاڤی کورد ئەو خاڵانەی خوارەوە بەهێند وەربگرێت.

**یەکەم:** لە یەکەم هەنگاو دا، پێویستە کورد خۆی بە باشی بناسێت. خۆناسین بە واتەی زانین نێو و هەڵکەوتەی جوگرافیایی نییە. لەو پێناوە دا، کورد پێویستی بە ناسینی پەرگالی هزری خۆی هەیە؛ پەرگالێک کە، بە پێچەوانەی هزری سەردەست لە ئەورووپا، پێکەوەبوونی دووانەکان بە بنەما دەگرێت. بۆ پێکانی ئەو مەبەستە، پێویستە کورد لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر هزر و مێژووی خۆی بکات و، خوێندنەوەی بابەتی لە سەر مژارەکان پێش بخات. لەگەڵ ئەوانەش دا، پێویستە کورد شارەزای ئاستی هێزی خۆی بێت و، بزانێت چی پێ دەکرێت و چی پێ ناکرێت. لە بیرمان نەچێت، ئەوەی کە گیانلەبەر لە مردوو هەڵدەوێرێت هێزە، دەسا هێز یانی ژیان. پتر لەوەش، ئەوەی کە کاریگەری یەکلاییکەرەوەی لە پێوەندی تۆ لەگەڵ "ئەوانیدی" دا هەیە هێزە. هەر بۆیە، بە بێ شارەزایی بەسەر ئاستی هێز "خۆ" دا، هیچ سابجێکتێک، هەر لە تاکەوە بگرە هەتا کۆمەڵگا و نەتەوە، ناتوانێ بانگەشەی خۆناسین بکات.

**دووهەم:** هەر بەو شێوەی کە کورد پێویستی بە خۆناسینە، پێویستی بە ناسینی دژمنیشە. دژمنی کورد داگیرکەرانی کوردستانن کە هەموو ڕێیەکیان تاقی کردووەتەوە بۆ لەناو بردنی. ئەو ڕوانگەیەی کە دەڵێت دونیای کاپیتالیسم کوردستانی دابەشکرد، کە گوزارە لە نەزانینی مێژووی خۆ دەکات، خوێندنەوەیەکی هەڵەیە. هەروەک لە بەشی ٣ دا نیشانمان دا، دونیای کاپیتالیسم لە "بواری دیپلۆماسی" دا یارمەتی بزاڤی کوردی کرد. بۆ وێنە، لە جاڕنامەی ١٤ خاڵی دا، سەرۆک کۆماری ئامریکا، ’’وودرۆ ویلسۆن‘‘، بە ڕاشکاوی داکۆکی لە مافی کورد کردووە. پتر لەوەش، خاڵەکانی ٦٢ و ٦٤ "پەیمانی سێڤرەس"، هەر بەو چەشنە، داکۆکیان لە ئاوابوونی کوردستانی سەربەخۆ کردووە. بەڵام کوردەکان لە نێوخۆ دا تەبا نەبوون و، گرینگتر لەوەش، کەماڵیستەکان لە بواری ئابووری، دیپلۆماسی و، سەربازی دا یارمەتی بەردەوامی یەکێتی سۆڤییەت بە سەرۆکایەتی "لێنین"یان پێگەیشتووە. ئەگەر کوردەکان یەکگرتوو بایەن و بلۆکی سۆسیالیستی هەتا ئەو ڕادەیە یارمەتی ئاتاتورکی نەکردایە، شیانی زۆری هەبوو کوردستان پارچە پارچە نەبووبایەت. بەڵام سەرەڕای ئەمانە، کوردیان وا تێگەیاندووە کە پارچەکەری کوردستان کاپیتالیسم بوو، نەک ناتەبایی نێوخۆیی و بلۆکی سۆسیالیسم. ئەگەر لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم ڕووداوانە بکرێت، ڕاستییەکان باشتر دەردەکەون.[270]

لە دەرەوەی ناسینی خۆ و دژمنی خۆ، ئازادی کوردستان ئاستەمە. من لەو باوەڕە دام کە ئەگەر خۆت و، دژمنت و، ئەو ئەرکەی کە دەیخەیە سەر شانت باش بناسی، پێویست ناکات لە هیچ شەڕێک بترسی، چونکە شیانی هەیە لە هەموویان دا سەرکەوی؛ بەڵام، ئەگەر لەو سێیە تەنیا یەکیان نەناسی،

[270] بۆ ئەو باسانە بڕواننە بەشی ٣.

لەوانەیە لە هەر سێ شەڕ یەکیان بدۆڕێنی. خراپتر لەوەش، ئەگەر لەو سێیە هیچیان نەناسی، شیانی هەیە تەوای شەڕەکان بدۆڕێنی، نەک تەنیا هەر سێیان.

**سێیەم:** ئەگەر کوردی خۆی و دژمنی خۆی باش بناسێت، بە شێوازێکی خۆمەش خۆی لە کێشەی نێوان سۆسیالیسم و کاپیتالیسم دەرباز دەکات. چونکە لەو ڕاستییە تێدەگات کە ئەو کێشەیە، کە هەڵقوڵاوی فەلسەفەی ئەورووپایە و لەگەڵ ماکی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا ناکۆکە، کێشەی ئەو نییە. کێشەی ئەو لەگەڵ چوار دژمنی سەرەکییە کە، سەرەڕای ناکۆکی نێوانیان، لە دژی ئەو هەردەم یەکریز و یەکگرتوو بوون. تۆ ئەگەر چوار دژمنی ئاوا سەرەڕۆت هەبێ، چ پێویست دەکات دژمنی دیکە بۆ خۆت داتاشی، ئەویش پەرگالی کاپیتالیسم کە هەر لە ئامریکا و کاناداوە بگرە هەتا ئەورووپا و ئوستوڕالیا لە خۆ دەگرێت. مادام دۆزی کورد دۆزێکی ئاوا دەگمەنە و، وڵاتانی سۆسیالیستی هەتا ئێستا هیچ پاڵپشتییەکی کوردیان نەکردووە، خۆ خستنە نێو شەڕی سۆسیالیسم و کاپیتالیسم کێشەی کوردی دەگمەنتر کردووە، چونکە دژمن و دژبەری زیاتری بۆ تەفگەری کورد داتاشیوە.

لەم ڕووەوە، بزاڤی کورد دەتوانێ باشترین وانە لە شۆڕشی "ئێریترە" وەربگرێت. کاتێک کە "بەرەی ئازادیخوازی گەلی ئێریترە" (EPLF) لە ساڵی ١٩٧٣ دا لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری "ئێتیۆپی" دەستی بە خەبات کرد، وەکوو بەشێک لە بزاڤی ئازادیخوازی گەلانی ژێردەست، ڕووی لە هزری چەپ، بە تایبەت مارکسیسمی لێنینیسم، کرد. بەڵام کاتێک کە یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵی ١٩٧٨ بەملاوە پشتی لە شۆڕشی ئێریترە کرد و، لە هەمان کات دا، چەپ بوونی EPLF ببووە هۆی پەراوێز بوونی لە ئاستی دونیا دا و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی لێ ئاستەنگ کردبوو، EPLF پێداچوونەوەیەکی بنگەیی بە ستراتێژی خۆی دا کرد. لە ئاکام دا، وازی لە شەڕی کاپیتالیسم و ئیمپریالیسم هێنا و، سەرنجی خستە سەر باری نەتەوەیی کێشەکەی. ئەوەش لە خۆیدا بوو بە هۆی کرانەوەی دونیای ڕۆژاوا بە ڕووی شۆڕشی ئێریترە دا و، دەستپێکی خەباتێکی چڕوپڕی دیپلۆماسی EPLF.[271] هەرچەند هۆی سەرکەوتنی شۆڕش لە ساڵی ١٩٩١ دا زۆرن، کە شرۆڤە کردنیان مژاری باسەکەمان نییە، بەڵام یەکێک لە هۆیەکان وازهێنان لە شەڕی کاپیتالیسم و، پێشخستنی دیپلۆماسی بوو لەگەڵ دونیای ڕۆژاوا دا؛ خەباتێک کە لە ئاکام دا، نە تەنیا EPLFی لە پەراوێزی دەرباز کرد، بەڵکوو بە پێچەوانە، دەوڵەتی ئێتیۆپی خستە پەراوێزەوە.

**چوارەم:** پێویستە کورد لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی بەهێز بکات. مەبەست لە هێز لێرە دا هەموو باڵەکانی هێزە: هێزی زانستی، ئابووری، ڕامیاری و دیپلۆماسی. یەکێک لەو سێ پێشنیارەی کە دۆستی دێرینی کورد، ''ئیسماعیل بێشکچی''، کردوونی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەسەر کورد،[272] کە دەکەوێتە چوارچێوەی هێزی زانستی. بە پێی ئەوەی کە مێژووی کوردستان بە دەستی دژبەران و نەیارانی کورد نووسراوەتەوە، پێویستە کورد بۆخۆی توێژینەوەی زانستی لەسەر مێژووی خۆی بکات و ئەو چەواشەکاریانەی کە لە سەری کراون، وەکوو ڕووداوی نەورۆز و سەرهەڵدانی مادەکان، ڕاست بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بزاڤی کورد بە پێشەنگی PKK خەباتێکی باشی ئابووری پێش خستووە، بەڵام ئەوە بەس نییە. ئەڵبەت، ئەگەر خەباتی دیپلۆماسی گەشە بکات و PKK لە ڕیزی ڕێکخراوە "تیرۆریست"ییەکان بچێتە دەرێ، ئەو یەکە یارمەتییەکی باشی خەباتی ئابووری ئەو تەڤگەرە دەکات. پتر لەوە، کوردانی تاراوگە، بە پێی ئەوەی کە دەستیان ئاواڵەترە، پێویستە ئاسۆی هزری ئابووریان بەرفرە بکەن و، لە بیری پرۆژەی مەزن دا بن، نەک هەر کردنەوەی بابۆڵە-فرۆشی و خواردنگە. بزاڤی

---

[271] Iyob, Ruth. *The Eritrean Struggle for Independence: Domination, Resistance, Nationalism 1941-1993* (Cambridge: Cambridge University Press, 1995) p. 124-31-32-35.
[272] Beşikçi, Ismail. *International Colony Kurdistan* (London: Parvana, 2004) p. 140.

کوردیش، پێویستە لەو پێناوە دا یارمەتی ئەو کوردانە بکات، لە دەوری یەک کۆیان بکاتەوە و، سەرمایەکەیان بخاتە خزمەت و ڕاژەی شۆڕشەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ئەم باڵانەی هێز گرینگی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەموویان گرینگتر هێزی سەربازی و پاراستنە. چونکە هێزی سەربازی پاڵپشتی ڕەهەندەکانی دیکەی هێزە و، لە نەبوونی دا نە تەنیا هەموو ڕەهەندەکانی هێز کوردستانیان پێ ئازاد ناکرێت، بەڵکوو کوردستانی ئازاد کراویشیان پێ ناپارێزرێت. بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشەیە، دۆزی گەلی جوولەکە باشترین نموجە.

مێژووی جوولەکە و فەلسەفەی یەکێک لە فیلەسووفانی ئەم گەلە، "مۆسیس مایمۆنیدس" (١١٣٥-١٢٠٤) گەلێک وانەی باش و بەسودیان تێدایە بۆ کورد. مایمۆنیدس هەم ڕوانگەی نەریتیی جوولەکە و هەمیش کەسایەتی جوولەکەی خستە ژێر ڕەهێڵەی ڕەخنەکانی. ڕوانگەی نەریتیی ئەوکات پێی وابوو کە هۆکاری دەربەدەری جوولەکە و ئەو ئازارانەی کە دەیچێشت تاوانباربوونی بوو. لەوەش زیاتر، ئەم ڕوانگەیە پێی وابوو کە تێپەڕکردنی ئەو دۆخە نالەبارە لە دەست گەلی جوولەکە دا نییە، بەڵکوو لە دەست ڕزگاریدەر، یا "مەسیح"ێکی ئاسمانی، دایە. بە پێچەوانەی ئەم ڕوانگەیە، مایمۆنیدس دەیکوت؛ هۆی دەربەدەری جوولەکە تێنەگەیشتن و گرینگی نەدان بە هێزی سەربازی و سوپایەکی تۆکمە بوو. بە باوەڕی مایمۆنیدس، لە باتی خوێندنی زانست و تێکنیکی شەڕ و چێکردنی سوپایەکی پارێزوان، گەلی جوولەکە سەرقاڵی خوێندنی ئەستێرەناسی بوو. لە ئاکام دا، کاتێک کە سوپای ڕۆم هێرشی بۆ سەر ئیسرائیل کرد و داگیری کرد، زانستی ئەستێرەناسی بە فریای جوولەکە نەکەوت. پتر لەوەش، ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەو ڕزگاریدەرەیە کە مایمۆنیدس لە مێشکی دا بوو. بە پێچەوانەی ئەو ڕزگاریدەرە ئایینیەی کە لە "تەوڕات" دا وەکوو پەیامبەرێکی ڕووحانی و ئاشتیخواز نەخشێندراوە، ئەو ڕزگاریدەرەی کە مایمۆنیدس گەڵاڵەی کرد ژێنراڵێکی گەڕناس و بە زراوی شەڕە، کە بە هێزی چەک گەلی جوولەکە ئازاد دەکات.[273]

واتە زیاتر لە ٧٠٠ پێش لە "هۆلۆکۆست"، مایمۆنیدس هەوڵی دەدا کە گەلەکەی لە گرینگی هێزی سەربازی تێبگەیەنێت، بەڵام پێشنیارەکانی بە هێند وەرنەگیران. چونکە هەتا دامەزرانی "کۆنگرەی یەکەمی زایۆنیسم" و دەستپێکی سەدەی بیستەم، جوولەکە هیچ هەوڵێکی ڕژدی لە پێناو دامەزرانی پێکهاتەیەکی سەربازی نەداوە. تەنانەت لەو سەردەمەش دا، بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکانی جوولەکە دڵیان بە دراوی زۆر و کۆمپانیاکانیان خۆش بوو. واتە هەروەک چۆن لە سەردەمی کەونارا دا دڵیان بە ئەستێرەناسی خۆش بوو و پێیان وابوو کە زانستنی سەردەم دەیان پارێزێت، لە بەرەبەری شەڕەکانی جیهانیش دا، دڵیان بە کۆمپانیاکانی وەکوو "ماڵی ڕۆتشیلد" خۆش بوو و، پێیان وابوو مادام دونیا بە دراوی ئەوان هەڵدەسووڕێت، پێویستیان بە هێزی سەربازی نییە. ئەڵبەت، لە بیرمان نەچێت، دراوی جوولەکە ئەوندە زۆر بووە، کە هەندێک لە مێژوونووسانی باوەڕپێکراوی وەکوو "جی. ئەی. هۆبسۆن"یشی تووشی هەڵەفامین کرد. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٠٥ دا، هۆبسۆن دەیکوت:

> بەڕاستی کەس هەیە بە ڕژدی گومانی لەوە دا بێت کە دەوڵەتانی ئەورووپایی، یا هەر دەوڵەتێکی گەورەی دیکە، خۆی لە قەرەی شەڕێکی گەورە بدات، ئەگەر ماڵی ڕۆتشیلد و باڵەکانی لە دژی ئەو شەڕە بن؟[274]

[273] Lerner, Ralph. “Moses Maimonides”. In: Strauss, Leo. and Cropsey, Joseph. Eds. *History of Political Philosophy*, Third Edition (Chicago: The University of Chicago Press, 1987) p. 242-43.
[274] Cited in Arendt, Hannah. *The Origins of Totalitarianism* (San Diego: Harvest Book, 1979 [1948]) p. 24.

بەڵام نە تەنیا شەڕی گەورە بە بێ هێڵانی دراوی جوولەکە دەستی پێکرد، بەڵکوو گەورەترین قوربانی ئەو شەڕانەش هەر جوولەکە بوو. لە لایەکی دیکەوە، بە پێی ئەوەی کە لە قۆناخی چەکەرە کردنی دەوڵەتانی ئەورووپایی دا، سەرمایەدارنی جوولەکە وامیان بە ڕایەدرانی ئەورووپایی دابوو، گەلانی ئەورووپایی هەر سکاڵایەکیان لە دژی دەوڵەت هەبایە، بەسەر جوولەکەیان دا دەهێنا. لەم سۆنگەیەوە، یەکێک لە فیلەسووفانی جوولەکە، "هانا ئارێنت"، پێمان دەڵێت؛ "هەر چینێکی کۆمەڵگا کە لەگەڵ دەوڵەتی خۆی دەکەوتە کێشەوە، دەبوو بە دژە-جوولەکە. چونکە تەنیا چینێک کە لە نوێنەری دەوڵەت دەچوو جوولەکە بوو.[275] لە ئاکام دا، جوولەکە بە نرخی هۆلۆکۆست لە گرینگی هێزی سەربازی و دامەزرانی جومگەکانی هێز تێگەیشت. بەڵام ئایا کورد لەوە دڵنیایە کە لە مەترسییەکانی نەبوونی هێزی سەربازی و جومگەکانی هێز تێگەیشتووە؟ ئەگەر چاو لە کارەکانی بزاڤی کورد لە بەشەکانی کوردستان بکەین، شتی دژبەیەکمان دێتە بەر چاو. بۆ وێنە، لە ڕۆژاوای کوردستان، زۆربەی جومگەکانی هێز دامەزراون، کە جێگای دڵخۆشییە. بەڵام لە هەندێک دۆخی هەستیار دا، بۆ وێنە لە بەهاری ٢٠١٣ دا، لە پێناو هەندێک مافی سەرەتایی دا پاشەکشە بە هێزی گەریلایی دەکرێت و، تەنانەت باس لە چەکدانانیش دەکرێت؛ مژارێک کە زۆر جێگای مەترسییە و باس کردنیشی، تەنانەت، پێویستە هێڵی سووری کورد بێت!

**پێنجەم:** یەکێک لە سەرچاوە بنگەییەکانی هێز یەکێتییە. یەکگرتن چەندە بۆ کۆمەڵگای سەردەست گرینگ بێت، ئەوندەی تر بۆ کۆمەڵگای ژێردەست گرینگە؛ چەندە بۆ کۆمەڵگای داگیرکراو لە دۆخی ئاسایی دا پێویست بێت، ئەوندەی دیکە بۆ کۆمەڵگای داگیرکراو لە دۆخی دەگمەن دا پێویستە. بەڵام کاتێک کە مرۆڤ دەڕوانێتە هەڵسووکەوتی کورد لە کوردستانی گەورە، وا هەست ناکات کە گرینگی یەکێتی نەتەویی بەهێند وەرگیرابێت. هەروەک لە بەشی ٣ دا شیمان کردەوە، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەپاندی "پەیمانی لۆزان" و دابەشبوونی کوردستان، نەبوونی یەکێتی نێوان ڕێکخراوەکانی کورد بوو. هەر چەند لەو کاتەوە هەتا ئێستا گۆڕانکاری باش کراون و، کۆمەڵگای کوردستان و پارتە کوردییەکان بە ڕادەی ساڵەکانی ١٩٢٠ پرشوبڵاو نین، بەڵام لە هەمان کات دا، ڕووداوی وا نابەرپرسیارانە دەبینرێت کە مەترسییە بۆ سەر کۆی دەستکەوتەکانی کورد. بۆ وێنە، پێوەندی نگریسی پارتێکی باشوور لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە و لێدانی خەندەق لە نێوان باشوور و ڕۆژاوا دا کە، ئەگەر خیانەت بە هەر جۆرێک پێناسە بکەین، دەکەوێتە خانەی خیانەتەوە؛ بۆ وێنە، نەبەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە هەولێر، کە دەیتوانی دەستپێکی قۆناخێکی نوێ بێت بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکەری.

**شەشەم:** بزووتنەوەی کورد پێویستە هاوتەریب لەگەڵ خەباتی چەکداری خەباتێکی چڕوپڕی دیپلۆماسی لەگەڵ دونیای ڕۆژاوا بەڕیوە ببات. لە ڕاستی دا، ئەوە یەکێک لەو سێ پێشنیارەیە کە کۆمەڵناسی تورک، ئیسماعیل بیشکچی، ئاراستەی بزاڤی کوردی کردووە.[276] دیپلۆماسی، بێ گومان، پێویستی بە هەڤاڵبەندی و دۆستایەتی هەیە لەگەڵ دونیای ڕۆژاوا و، ڕووبەڕوو بوونەوە لەتەک پەرگالی کاپیتالیسم یارمەتی ناکات. ئەو یەکە بەواتەی ئەوە نییە کە هەتا ئێستا دیپلۆماسی نەکراوە. بەڵام ئەوەی کە کراوە و دەکرێت، ڕەنگدانەوەی خەباتی نێوخۆی کوردستانە، کە زیاتر تایبەتمەندی "حیزبی" هەیە هەتا هی "نەتەوەیی". هاوشێوەی خەباتی نێوخۆیی کە خۆی بە باڵی "چەپ"ی کۆمەڵگاوە سنووردار کردووەتەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش هەر بەو شێوەیە هاوڕیزبەندی لەگەڵ حیزب و کەسایەتییە چەپەکان دا دەکرێت. هاوتەریب لەگەڵ بەردەوام کردنی ئەم دۆستایەتیانە، پێویستە لەتەک ڕاستەکان و هەر ڕێکخراوە و لایەنێک کە هاوسۆزی بۆ دۆزی دەگمەنی کورد هەیە هەڤاڵبەندی بکرێت. ئەڵبەت ئەوەش ئەو کاتە

[275] Arendt, p. 25.
[276] Beşikçi, p. 141.

دەکرێت کە بزاڤی کورد خۆی لەو تایبەتمەندییە حیزبییە دەرباز بکات؛ واتە خۆی تەنیا بە باڵی "چەپ" سنووردار نەکاتەوە، نە لە دەرەوەی وڵات و نە لە نێوخۆی وڵات.

بۆ مەترسییەکانی نەبوونی هەواڵبەندی نێودەوڵەتی وا باشە ئاوڕێک لە ئەزموونی گەلی "ئیلام تامیل" بدەینەوە. ئەگەر چاوێک لە شۆڕشی تامیل بکەین، دەبینین کە "پڵینگە ئازادیخوازەکانی ئیلام تامیل" (LTTE)، کە لەساڵی ١٩٨٣ دا دەستی بە تێکۆشان کرد، لە کۆتایی سەدەی بیستەم دا زیاتر لە ٨٠ لەسەدی وڵاتی ئیلامی ڕزگار کرد و، کۆنترۆڵی خۆی بەسەر هەرێمە ئازاد کراوەکان دا مسۆگر. بۆ وێنە، سوپای پێشکەوتووی دامەزراند کە خاوەن هێلوکوپتێر، فرۆکەی شەرکەر و، گەلێک چەکی قورس بوو. پتر لەوە، دەزگاکانی وەکوو پۆلیس و دادگەی دامەزراند و، پەرگالی پەروەردەی خستە دەست خۆی.[277] سەرەڕای هەمووی ئەوانە، کاتێک کە سوپای "سریلانکا" لە ساڵی ٢٠٠٩ دا هێرشێکی هەمەلایەنەی بۆ ئیلام تامیل کرد و کوڵی بە پڵینگەکان دا، هیچ وڵاتیک دەنگی لێوە نەهات. ئەوە لە کاتێک دایە کە، بە گوێرەی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چوار مانگی کۆتایی شەڕ دا، سوپای سریلانکا ٤٠ هەزار تامیلی کوشتووە و، بە گوێرەی هەندێک لە سەرچاوەکانی دیکە، کوژراوانی تامیل ١٠٠ هەزار کەس بووە.[278] یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو بێدەنگییە نەبوونی دۆستی نێودەوڵەتی بوو. وێدەچێت کە LTTE گرینگی بە کاری دیپلۆماسی و هەڤاڵبەندی نێودەوڵەتی نەدابێت.

**هەوتەم:** پێویستە لە ئاستی کوردستانی گەورە دا ناوچاژۆیی نەکرێت و، تیشی خەبات بخرێتە سەر ئەو بەشانەی کە تێیان دا شۆڕش گەرمە. ئێستا لە باشووری کوردستان کورد پێگەی خۆی هەیە و لە ئاستی نێودەوڵەتی دا دانی پێدا نراوە. لە ڕۆژئاوا شۆڕشێکی هەمە لایەن لە ئارادایە و، لە باکووری کوردستانیش شەڕی چەکداری پەرەی سەندووە. ئەگەر ڕۆژئاوا و باکوور ئازاد بن و دانیان پێدا بنرێت، ئەو کات دەتوانین بڵێین کە پرسی کورد پرسێکی ئاساییە، چونکە تەنیا یەک دژمنی دەمێنێت: ئێران. ئەو کات بزاڤی کوردیش لەو بەشەی وڵات دەتوانێ وەکوو بزووتنەوەی گەلانی دیکە هەڵسووکەوت بکات. بۆ وێنە، دەتوانێ لە بەرەی سۆسیالیسم دا لەگەڵ کاپیتالیسم بەربەرەکانێ بکات. ئەڵبەت، بە پێی ئەوەی کە ئەم دوو ڕێچکەیە، سۆسیالیسم و کاپیتالیسم، هەڵقوڵاوی فەلسەفەی ئەورووپان و لەگەڵ ناوەڕۆکی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا ناکۆکن، لەو کاتەش دا تەنانەت، کورد پێویستی بە خۆ خستنە نێو شەڕێک نییە کە هی ئەوانیدیە. بەڵام هەتا ئەو کاتە، پێویستە بزاڤی کورد لە کوردستانی گەورە گرینگی بە دەگمەنبوونی دۆخەکە بدات و، تیشکی خەبات بخاتە سەر ئەو بەشانەی کە تێیان دا شۆڕش گەرمە: ڕۆژئاوا و باکوور. ئەمە بە واتەی ئەوە نییە کە ڕۆژهەڵات و باشوور پێشتگوێ بخرێن، بەڵکوو بە واتەی ئەوەیە کە لەو دوو بەشەی وڵات تایبەتمەندی خەبات "پاراستننانە" بێت؛ واتە، پاراستنی ئەو پێگەیەی کە هەیە.

**هەشتەم:** پێویستە بزاڤی کورد داوای شتێک بکات کە شیاوی گەلی کوردە و، دەتوانێت وڵامدەری ئەو قوربانیانە بێت کە دراون. دیارە هەر یەک لە ڕێکخستن و پارتە ڕامیارییەکانی کورد دەتوانن پلانی کورتخایەن و درێژخایەنیان هەبێت، بەڵام پێویستە ئامانجی دواییان دیاریکردنی چارەنووس بێت. گەلی کورد کە زیاتر لە هەموو لایەنێک خەساری بینیووە، دەبێت ئەوندەی ماف هەبێت کە لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. هەر وەک فیلەسووفی بریتانیایی، ''جان ستیوارت میل''، پێمان دەڵێت؛ ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت لەسەر ئەوە مژارە بڕیار بدات کە لەگەڵ کێ دا بژی و لەگەڵ کێ دا نەژی، ئەدی

[277] Stokke, Kristian. “Building The Tamil Eelam State: Emerging State Institutions and Forms of Governance in LTTE-controlled Areas in Sri Lanka”, *The Third World Quarterly* 25: 6 (2006) p. 1022.

[278] http://world.time.com/2013/11/28/sri-lanka-to-start-tally-of-civil-war-dead/

ئازادی چ واتایەکی دەمێنێتەوە.[279] بەڵام دیاریکردنی چارەنووس چییە و لە کوێوە هاتووە؟ داگری چ گەلانێک دەبێت و گەلی کورد چۆن دەتوانێت کەڵکی لێ وەرگرێت؟ لێرە دا دەچینە سەر ئەو مژارانە.

**دیاریکردنی چارەنووس چییە؟**

دیاریکردنی چارەنووس وەکوو چەمک بۆ فیلەسووفی ئاڵمانی "ئیمانوئێل کانت" (١٧٢٤-١٨٠٤) دەگەڕێتەوە کە پێداگرییەکی ڕژدی لەسەر ئاکار دەکرد.[280] هەروەک دەزانین، کەرتی ئاکار پێکهاتووە لە باسکی "باش" و باسکی "خراپ". واتە کاتێک کە مرۆڤ دەبێژێت کردەیەک باشە، بانگەشەیەکی ئاکاری کردووە و، کاتێکیش کە دەڵێت ئەو کردەیە خراپە، بانگەشەیەکی ئاکاری دەکات. بەڵام بۆ ئەوەی بانگەشەی ئاکاری بوون لەسەر بکەری کردەیەک بکرێت، دەبێ ئەو بکەرە هەر دوو بژاری باش و خراپی لەبەر دەست دا بێت، بە مەیل و ورەی خۆی ئەو کردەیە هەڵبژێرێت و، بە بێ زەختی دەرەکی بیخاتە واری کردار. بە پێچەوانە، ئەگەر مرۆڤێک لە ژێر زەختی دەرەکی و بە پێچەوانەی مەیلی خۆی هەر یەک لە بژارەکانی باش یا خراپ "هەڵبژێرێت"، یا بە زۆرەملێ ئەو بژارانەی پێهەڵبژێرن، بانگەشەی ئاکاری بوون لەسەر ئەو مرۆڤە ناکرێت. واتە ئەگەر ئەو کردەیە، کردەیەکی باش بوو، ناتوانی بڵێی ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی باشە؛ یا ئەگەر کردەکە خراپ بوو، دیسان ناتوانی بڵێی ئەو مرۆڤە مرۆڤێکی خراپە. چونکە ئەو کردەیە با لە خۆی دا باش یان خراپ بێت، مادام لە دەرەوەی ورە و مەیلی ئەو مرۆڤە دا بووە، بانگەشەی ئاکاری یا نائاکاری لەسەر ئەو مرۆڤە ناکرێت. بۆ کردنی ئەو بانگەشەیە دەبێت ئەم مەرجانە لە ئارادا بن: بوونی هەر دوو بژاری باش و خراپ، هەڵبژاردنی ئازادانە و، بەکرداری کردنی سەربەخۆیانەی یەکێک لەو دووانە. کە واتە، ئەگەر مرۆڤ سەربەخۆ نەبێت و بە ئازادانە باش و خراپی خۆی هەڵنەبژێرێت، ناتوانێ بڵێت من بوونەوەرێکی ئاکاریم. بەڵام بەو پێیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاکارییە، دەبێت لە هەڵبژاردنی باش و خراپی خۆی دا سەربەست بێت و، ئازادانە بڕیارەکانی بخاتە واری کردار.

ئەوە ناوەڕۆکی چەمکی دیاریکردنی چارەنووسە لە فەلسەفەی کانت دا، کە بوو بە بنەمای وتاری فیلەسووفانی وەکوو "جۆهان گۆتفرید هێردێر" (١٧٤٤ – ١٨٠٣) و "جۆهان گوتلیب فیختە" (١٧٦٢ – ١٨١٤). ئەڵبەت دیاریکردنی چارەنووس لە فەلسەفەی کانت دا ڕووی لە تاکەکانی کۆمەڵگایە و، ئامانجی ئازادکردنی تاکە لە کۆمەڵگای نەریتپارێزی ئەو کاتەی ئەورووپا. بە پێچەوانەی کانت، هێردێر و فیختە لەو باوەڕە دا بوون کە ئازادی تاک بە بێ ئازادی نەتەوە و ئافراندنی دەوڵەت مسۆگر نابێت.[281] بەو پێیە، ئەگەر نەتەوەیەک سەربەخۆ نەبێت و بڕیارەکانی بەدەستی خۆی نەدرێن، نەتەوەیەکی ئاکاری نییە. مادام بڕیارەکانی بەدەستی خۆی نادرێن، مادام لە هەڵبژاردنی باش و خراپی ئەو دا، کە دوو باسکی پێکهێنەری ئاکارن، ورە و ویستی ئەویی تێدا نییە، ئەو نەتەوەیە لە دەرەوەی پانتای ئاکار دا دەمێنێتەوە و، نە دەتوانێت بڵێ بوونەوەرێکی ئاکاریم و، نە کەسیش دەتوانێت بانگەشەی ئاکاری لەسەر کردەوەکانی بکات.

بۆ تاقیکردنەوەی ئەم تیۆرییە با چاوێك لە مێژووی کورد بکەین. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەی زایین دا، چەکدارە کوردەکانی "سوپای حەمیدیە" لە کومەڵکوژکردنی ئەرمەنییەکان دا بەشدار بوون.[282] کردەی

---

[279] Mill, John. Stuart. *On Liberty and Other Essays* (Oxford: Oxford University Press, 1991) p. 428.

[280] Kedourie, Elie. *Nationalism* (Oxford: Blackwell, 1993, [1960]) p. 12-23.
[281] Ibid. 31- 41.
[282] Van Bruinessen, Martin. *Agha, Shaik and State: The Social and Political Structures of Kurdistan* (London: Zed Books, 1992) p. 188-9; Kendal, Nizan. "Kurdistan in Turkey". In:

کۆمەڵکوژکردن نە تەنیا کردەیەکی بێئاکارییە، بەڵکوو بە پێی هەموو پێوانە و زاگۆنەکان تاوانی گەورەیە. واتە کوردەکانی سوپای حەمیدیە نەتەنیا کردەیەکی بێئاکاری، بەڵکوو تاوانی گەورەیان کرد. بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ گەلی کورد وەکوو نەتەوە، نەتەوەیەکی بێئاکار یان تاوانبارە؟ مادام کوردەکان سەربەخۆ نەبوون و بڕیاری خۆیان بەدەست خۆیان نەبووە و، تەنیا یەک ڕێگەیان لە پێش بووە، ئەویش بەشداری زۆرەملێیان لە شەڕ دا بووە، تۆ ناتوانی گەلی کورد وەکوو نەتەوە تۆمەتباری کۆمەڵکوژی بکەی. هەر وەک کوتم، تەنیا لە یەک کات دا دەتوانی بکەرێک، جا ئەو بکەرە تاک بێت یا کۆمەڵگا یا خود نەتەوە، تاوانباری کردەوەکانی بکەی: ئەو کاتەی کە ئەو بکەرە دوو بژاری باش و خراپی لەبەر دەست دا بێت، بە مەیلی خۆی و ئازادانە بژاری خراپ هەڵبژێرێت. واتە هەم لە بواری بڕیاردان و هەم لە بواری کرداریکردنی بڕیارەکە دا دەبێ سەربەخۆ و ئازاد بێت. ئەگەر ئەو مەرجانە لە گۆڕێدا نەبن، بانگەشەی ئاکاری کردن، یان خود پاداش و سزادانی ئەو بکەرە، هیچ بنەما و واتایەکی فەلسەفی نییە.

بە کورتی، نەتەوە کاتێک دەتوانێت بڵێ من نەتەوەیەکی ئاکاریم و پاداش و سزا بۆ کردەوەکانم ڕەوایە کە نەتەوەیەکی سەربەخۆ بێت، باش و خراپی خۆی بە ویستی خۆی هەڵبژێرێت و، بڕیارەکانی بەدەستی خۆی بدات. ئەگینا وەکوو گەلی کورد نە تەنیا لە کۆمەڵکوژکردنی گەلی ئەرمەنی، بەڵکوو لە شەڕەکانی وەکوو ئێران و ئێراق دا لە دژی خوشک و براکانی خۆی بەکاری دێنن و، بە سەدان کردەی بێئاکاری و تاوانباری پێدەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کارانە لە دەرەوەی ویستی ئەو دا بن. بەڵام، ئەگەر کورد دەیهەوێت لەو دۆخە بێئاکارییە ڕزگاری بێت و ببێت بە نەتەوەیەکی ئاکاری، دەبێ بڕیارەکانی بەدەستی خۆی و ئازادانە بدرێن. لە دەرەوەی ئەوە کورد ناتوانێ بڵێ من نەتەوەیەکی ئاکاریم و، لە دەرەوەی پانتای ئاکار دا دەمێنێتەوە.

## بەستێنێکی مێژوویی

هەندێک لە لێکۆلەران لەو باوەڕە دان کە لە ڕووی مێژووییەوە دیاریکردنی چارەنووس بۆ شۆڕشی ئامریکا (١٧٨٣) و شۆڕشی فەڕانسە (١٧٨٩) دەگەڕێتەوە،[283] بەڵام هەندێکی تر بناوانی ئەو چەمکە بۆ کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دەگەڕێننەوە. بە بێ ئەوەی بکەوینە نێو مشتومڕی ئەو باسەوە، تیشک دەخەینە سەر قۆناخی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی.

یەکەم جاڕنامەی نێونەتەوەیی لەمەڕ دیاریکردنی چارەنوس لە ساڵی ١٩١٨ و، لە لایەن "وودرۆ ویلسۆن" سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئامریکاوە دەرچووە، کە بە "جاڕنامەی ١٤ خاڵی" ناسراوە. ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە خاڵی ١٢ی ئەو جاڕنامەیە بۆ مافی چارەنووسی کورد تەرخان کراوە. لەو خاڵە دا هاتووە کە کوردەکانی دانیشتووی ئیمپراتووری ڕووخاوی عوسمانی دەرفەتی دەست تێوەرنەدراویان هەیە بۆ پێشخستنی پێکهاتەی خۆبەڕێوەبەری خۆیان.[284] بەڵام دیاریکردنی چارەنووس تەنیا بەو جاڕنامەیە سنووردار نەبووەتەوە و، هەتا ئێستا، لە ٨ بەڵگەنامە و پەیماننامەی نێونەتەوەیی دا جێگیربووە، کە لێرە دا دەپەرژێینە سەریان.

---

Chaliand, Gerard. ed. *A People Without A Country; The Kurds and Kurdistan* (New York: Olive Branch, 1993, [1980]) p. 25.

[283] Cobban, Alfred. *The Nation State and National Self-Determination* (London: Collins, 1969) p. 40.

[284] http://www.ourdocuments.gov/doc.php?flash=true&doc=62

**١)- بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٤٥.**[285] لە بەشی ١ و لە خاڵی ٢ دا، ئەو بەیاننامەیە دەڵێت؛ "ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان ئافراندنی ... پێوەندییەکی دۆستانەیە لە نێوان نەتەوەکان دا، لەسەر بنەمای ڕێز بۆ ڕێساکانی وەکوو مافی یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و، هەڵگرتنی هەنگاوی گونجاو بۆ بەهێزکردنی ئاشتی جیهانی".

لە بڕگەی ٥٥ دا دەڵێت؛ "بە ئامانجی ئافراندی بارودۆخی سەقامگیر و کامەرانی [بۆ کۆمەڵگا] کە مەرجی سەرەکین بۆ پێوەندیی ئاشتیانە و دۆستانەی نێوان نەتەوەکان، لەسەر بنەمای ڕێز بۆ ڕێساکانی مافی یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، نەتەوە یەککگرتووەکان [ئەو ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت]؛

A. [ئافراندنی] ئاستێکی بەرزتر بۆ ژیان، [ئافراندنی دەرفەتی] کاری تەواو، [ئافراندنی] دۆخی پێشخستنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و گەشەکردن.

B. چارەسەرکردنی کێشە نێونەتەوەییەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تەندروستی و هتد. هەروەها [پێشخستنی] هاوکاری نێونەتەویی لە بوارەکانی پەروەردە و کولتوور دا.

C. [پێشخستنی] ڕێزی گەردوونی و پەیرەوکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی بنچینەیی بۆ هەموو، بە بێ جیاوازی تیرە، ڕەگەز، زمان و، ئایین."

لە بڕگەی ٧٣ دا بەیاننامەکە دەڵێت؛ "ئەندامانی نەتەوە یەککگرتووەکان کە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتانەیان لە ئەوستۆی خۆیان گرتووە کە هەتا ئێستا بە تەواوی خۆبەڕێوەبەرییان بەدەست نەهێناوە، ئەو ڕێسایە لەبەر چاو دەگرن کە بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە زۆر گرینگە و، وەکوو باوەڕییەکی پیرۆز ئەو ئەرکە قەبووڵ دەکەن کە لە چوارچێوەی پەرگالی ئاشتی و ئەولەکاری نێونەتەوەیی ئاماژەپێکراو لەم بەیاننامەیە دا، هەتا دوا ڕادە باشی و کامەرانی دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە مسۆگەر بکەن. بۆ ئەم ئامانجە پێویستە؛

A. بە لەبەر چاو گرتنی ڕێزی پێویست، دەبێت گەشەکردنی ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و، پەروەردەیی ئەو گەلانە مسۆگەر بکەن. هەروەها دەبێت هەڵسووکەوتی دادپەروەرانەیان لەگەڵ دا بکەن و لە هەمبەر هەڵسووکەوتی خراپ بیانپارێزن.

B. خۆبەڕێوەبەرییان بۆ پێش بخکەن. خواستەکانی ڕامیارییان بە تەواوی لەبەر چاو بگرن. هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی کە بتوانن بە شێوازێکی پێشکەوتووانە و، بە گوێرەی بارودۆخی تایبەتی ئەو وڵاتانە و گەلەکانیان و ئاستی گەشەکردنیان، ڕێکخراوەی ئازادی ڕامیاری [نێو]خۆییان بۆ پێش بخکەن."

**٢)- جاڕنامەی بەخشینی سەربەخۆیی بە گەلان و وڵاتانی داگیرکراو، ساڵی ١٩٦٠.**[286] لە بەندی ١٥١٤ (xv) دا، ئەو جاڕنامەیە دەڵێت؛ "باوەڕیمان بەوە هەیە کە گەلان مافی بێ ئەملاو ئەولایان هەیە بۆ ئازادی تەواو، بۆ جێبەجێکردنی سەروەری و بۆ سەرکۆبوونی نیشتمانی و نەتەوەیی، [لەو پێناوە دا]؛

بە ڕژدی پێداویستی بە کۆتایی هێنانێکی خێرا و بێمەرجانەی داگیرکەری لە هەموو قەوارە و پەچکێک دا [دەبینین]؛

[285] file:///C:/Users/user/Downloads/UN%20Charter.pdf
[286] http://www.refworld.org/docid/3b00f06e2f.html

بۆ پێکانی ئەو ئامانجە ڕادەگەیەنین کە،

١). ڕووبەڕووکردنەوەی گەلان بە ملکەچی و ژێردەستبوون و چەوساندنەوەی [هێزی] دەرەکی بە واتای نکوڵی کردنە لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و بە پێچەوانەی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و هەروەها ئاستەنگییەکە لە بەرامبەری گەشەپێدانی ئاشتی و هەرەوەرزکاری جیهانی.

٢). هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە پێی ئەو مافە بە شێوازێکی ئازاد لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار دەدەن و بەشێوەیەکی ئازاد کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و، چاندی خۆیان بەڕێوە دەبن.

٣). نەبوونی ئامادەکاری تەواو لە بوارەکانی ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و، پەروەردەیی دا نابێ ببێتە پاساوێک بۆ وەپاش خستنی سەربەخۆیی [ ئەو گەلە ژێردەستانە].

٤). دەبێ گشت کردەیەکی چەکداری و هەر چەشنە هەنگاوێکی چەوسێنەرانە لە دژی گەلانی ناسەربەخۆ کۆتایی پێ بێت، بەو ئامانجەی کە ئەو گەلانە بتوانن بە شێوازێکی ئاشتیانە و ئازادانە مافی تەواوی خۆیان بۆ ئازادی دەستەبەر بکەن و، دەبێت ڕێز لە سەرکۆبوونی نیشتمانی و نەتەوەییان بگیرێت.

**٣)- بەڵێننامەی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی شارستانی و ڕامیاری، ساڵی ١٩٦٦.**[287] لە بەشی ١ و لە خاڵی ١ دا، ئەو بەڵێننامەیە دەڵێت؛ "هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە پێی ئەو مافە بە شێوازێکی ئازاد لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار دەدەن و، بەشێوەیەکی ئازاد کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و، چاندی خۆیان بەڕێوە دەبن."

**٤)- بەڵێننامەی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و، کولتووری، ساڵی ١٩٦٦.**[288] هاوشێوەی بەڵێننامەی پێش، ئەو بەڵێننامەیەش لە بەشی ١ و لە خاڵی ١ دا دەڵێت؛ "هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە پێی ئەو مافە گەلان بە شێوازێکی ئازاد لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار دەدەن و بەشێوەیەکی ئازاد کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و، کولتووری خۆیان بەڕێوە دەبەن."

**٥)- جاڕنامەی بنەماکانی زاگۆنی نێونەتەوەیی لەمەڕ پێوەندی و هاوکاری دۆستانە لە نێوان دەوڵەتان، بە گوێرەی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٧٠.** [289] لە دەستپێکی ئەو جاڕنامەیە دا، لە لاپەڕەی ٣، بڕگەی ٤ دا هاتووە؛ "باوەڕیمان بەوە هەیە کە ڕووبەڕووکردنەوەی گەلان بە ملکەچی، ژێردەستبوون و چەوسانەوە لەمپەری سەرەکین لە سەر ڕێگای پێشخستنی ئاشتی و ئەولەکاری نێونەتەوەیی. باوەڕیمان بەوە هەیە کە ڕێساکانی مافی یەکسانی و مافی دیاریکردنی چارەنووس پارەمەتیدەرێکی سەرەکین بۆ زاگۆنەکانی نێونەتەوەیی هاوچەرخ و، پەیرەوکردنی کاریگەری ئەو مافانە لەسەر بنەمای ڕێز بۆ یەکسانی لە سەروەری دا و بۆ گەشەپێدانی پێوەندی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان زۆر گرینە."

---

[287] file:///C:/Users/user/Downloads/ICCPR.pdf

[288] file:///C:/Users/user/Downloads/ICESCR.pdf

[289] file:///C:/Users/user/Downloads/Declaration%20on%20Principles%20of%20International%20Law%20Concerning%20Friendly%20Relations.pdf

سەرلەبەری بەشی ٥ی ئەو جاڕنامەیە لە ژێر سەردێری "ڕێسای مافی یەکسانی و مافی چارەنووسی گەلان" بۆ دیاریکردنی چارەنووس تەرخان کراوە. لەو بەشەدا هاتووە:

١). بە پێی ڕێسای مافەکانی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کە لە نێو بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دا هاتووە، هەموو گەلان مافی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادی و بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی، لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار بدەن، و کاروباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و چاندی خۆیان بەڕێوە ببەن و، هەر دەوڵەتێکیش وەکوو ئەرک لەسەر شانێتی کە بە گوێرەی ناوەڕۆکی بەیاننامەکە ڕێز لەو مافەیان بگرێت.

٢). هەر دەوڵەتێک ئەرکی ئەوەی لەسەر شانە کە، لە ڕێگای کردەی سەربەخۆ یا هاوبەش، بەکردارییبوونی ڕێسای مافەکانی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووس بە گوێرەی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشبخات و، یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات بۆ ئەوەی کە بتوانێت ئەو بەرپرسییارێتییەی کە لەمەڕ بەکرداریکردنی ئەو ڕێسایە [ڕێسای مافەکانی یەکسانی و دیاریکردنی چارەنووس] کەوتووەتە سەر شانی، پێک بێنێت، بە ئامانجی:

A. پەرەپێدانی پێوەندی و هاوکاری دۆستانە لە نێوان دەوڵەتان و،

B. بە لەبەر چاوگرتنی ورەی ئازادی دەربڕاوی ئەو گەلانە، کۆتاییەکی خێرا بە داگیرکەری بهێندرێت؛

لە بیرمان بێت کە ڕووبەڕووکردنەوەی گەلان بە ملکەچبوون بە [هێزی] دەرەکی، بە ژێردەستی و، بە چەوسانەوە بە واتەی پێشێلکردنی ڕێسا بنچینەییەکانی مافی مرۆڤە و ناکۆکە لەگەڵ بەیاننامەکە [بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان].

٤). دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و سەروەر، [ئافراندنی] پێوەندی ئازاد یان تێکەڵبوون لەگەڵ دەوڵەتێک [ی دیکە]، یا خاسکردنی هەر چەشنە پێکهاتەیەکی ڕامیاری کە بە شیوازێکی ئازاد لە لایەن گەلەوە بڕیاری لەسەر درابێت، بە واتای بەکرداریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە لە لایەن ئەو گەلەوە.

٥). هەر دەوڵەتێک ئەو ئەرکەی لەسەر شانە کە خۆی لەهەر چەشنە کردەیەکی زۆرەملێیانە ببوێرێت کە دەیهەوێ ئەو گەلانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لە پێشخستنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادی و سەربەخۆیی بێبەش بکات. لە چالاکی لە دژی، یا خۆڕاگرتن لە هەمبەری ئەم چەشنە کردانە کە ئامانجی ئاستەنگکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەم گەلانەیە، ئەم گەلانە مافی ئەوەیان هەیە کە، بە گوێرەی ئامانج و ڕێساکانی بەیاننامە [ی نەتەوە یەکگرتووەکان]، هەم داوای یارمەتی بکەن و هەمیش یارمەتی وەربگرن.

٦). وڵاتی داگیرکراو یان ئەو وڵاتەی کە لە لایەن [گەلی] خۆیەوە بەڕێوە ناچێت، بە گوێرەی بەیاننامە [ی نەتەوە یەکگرتووەکان]، پێگەیەکی جیاواز و جیاکراوەی هەیە لەو وڵاتەی کە لە لایەن دەوڵەتی خۆیەوە بەڕێوە دەچێت و؛ ئەو پێگە جیاواز و جیاکراوەیە، بە گوێرەی بەیاننامە [ی نەتەوە یەکگرتووەکان]، بەردەوام دەبێت هەتا گەلی ئەو وڵاتە ژێردەستە یا ئەو وڵاتەی کە لە لایەن [گەلی] خۆیەوە بەڕێوە ناچێت، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، بە گوێرەی بەیاننامە [ی نەتەوە یەکگرتووەکان] و بە تایبەت بە گوێرەی ڕێسا و ئامانجەکانی، مسۆگر دەکات.

٦)- **جاڕنامەی ڤییەنا لەمەڕ بەرنامە و کردەوە، ساڵی ١٩٩٣.**[290] لە خاڵی ٢ دا، ئەو جاڕنامەیە دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت؛ "هەموو گەلان مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە پێی ئەو مافە گەلان بە شێوازێکی ئازاد لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار دەدەن و بەشێوەیەکی ئازاد کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و، چاندی خۆیان بەڕێوە دەبەن."

٧)- **دادگەی نێونەتەوەیی داد، ساڵی ١٩٩٥.**[291] دادگەی نێونەتەوەیی داد لەسەر دۆزی "تیمۆری ڕۆژهەڵات" مافی دیاریکردنی چارەنووس پشتراست دەکاتەوە و دەڵێت؛ "ڕێسای دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە لایەن بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانی پێدانراوە و، بە گوێرەی ژیرناسیی زاگۆنەوانی[292] ئەم دادگەیە، ئەو ڕێسایە یەکێکە لە سەرەکیترین بنەماکانی زاگۆنی نێونەتەوەیی سەدەم ... مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافی سەروەری هەمیشەیی بەسەر سامانە سرووشتیەکان دا مافگەلێکی "ناگرێبەستانە و بێ ئەملاو ئەولان"[293] کە دەگەڕێنەوە بۆ گەلی تیمۆری ڕۆهەڵات، بەو پێیە، [ئەو مافانە] ئەرکێکی هاوتەریب دەخەنە سەر شانی هەموو دەوڵەتان، لە نێویاندا هەر دوو دەوڵەتی سکاڵا لێکراو [پۆرتۆگال و ئوستڕالیا، دوو داگیرکەری هاوبەشی ئەو کاتی تیمۆری ڕۆژهەڵات] کە دان بەو مافانە دا بنێن و ڕێزی لێ بگرن."

٨)- **جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر مافەکانی گەلانی خۆجێیی، ساڵی ٢٠٠٧.**[294] لە بەندی ٣ دا ئەو جاڕنامەیە دەڵێت؛ "گەلانی خۆجێیی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان هەیە. بە پێی ئەو مافە بە شێوازێکی ئازاد لەسەر پێگەی ڕامیاری خۆیان بڕیار دەدەن و بەشێوەیەکی ئازاد کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و، چاندی خۆیان بەڕێوە دەبەن."

لە بەندی ٤ دا هاتووە؛ "گەلانی خۆجێیی، لە جێبەجێکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا، مافی ئۆتۆنۆمی، یا مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەیە لەو پرسانەی کە پێوەندیان بە کاروباری ناوخۆیی و هەرێمییەوە هەیە و، [ئەو مافە داگری ئەو] ڕێگا و ئامرازانەش دەبێت کە دارایی بۆ چالاکییەکانی [چەسپاندنی] خۆسەری دابین دەکەن."

### کورد و مافی چارەنووس

سەرەڕای ئەو ٨ بەڵگەنامەیە، داگیرکەرانی کوردستان نکوڵی دەکەن لە مافی چارەنووسی گەلی کورد. ئەوە لە کاتێک دایە کە دەوڵەتی تورکیە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، "بەڵێننامەی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی شارستانی و ڕامیاری" واژۆ کردووە؛ ئەو بەڵێننامەی کە، هەر وەک باسمان کرد، لە خاڵی ١ دا دان بە مافی چارەنووسی گەلان دادەنێت. لە لایەکی دیکەوە، زۆرن لەو ئاکادەمیسییەن و توێژەرە تورک، فارس و، عەرەبانەی کە بوونەتە ئاوێنەی دەوڵەتانیان و، بۆ نکوڵی کردن لە مافی چارەنووسی کورد گەلێک لێدوانیان داوە. لە دەستپێک دا دەڵێن کورد نەتەوە نییە هەتا داوای مافی نەتەوەیی بکات. بەڵام کاتێک کە بینیان هەوڵەکانیان بۆ سەلماندنی نەتەوە نەبوونی کورد سەر ناگرێت، ئەو جار دەڵێن ئەو ڕێسایانە بۆ نەتەوەکانی ئافریقا و ئامریکای لاتین داڕێژراون؛ ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستی وڵاتانی ئەورووپایی بوون

---

[290] file:///C:/Users/user/Downloads/Vienna%20Declaration%201993.pdf

[291] file:///C:/Users/user/Downloads/International%20Court%20of%20Justice.html

[292] Jurisprudence.

[293] *Erga omnes.*

[294] file:///C:/Users/user/Downloads/Rights%20of%20Indigenous%20Peoples.pdf

و دەریایان لەگەڵیان دا لە نێوان دا بوو، وەکوو هیندی ژێردەستی بریتانیا و ئەلجەزایری ژێردەستی فەڕانسە. بەڵام خۆ وڵاتانی تورکیە، ئێران، ئێراق و، سووریە لە بواری جوگرافیاییەوە بە کوردستانەوە نووساون و، هیچیان دەریایان لە نێوان دا نییە لەگەڵی دا. لە وڵامی ئەو دوو باسە دا، ئەو دوو بەڵگاندنەی خوارێ پێشکەش دەکەین:

**بەڵگاندنی یەکەم:** سەرەڕای ئەوەی کە بە دەیان پێناسەی جیاوازی نەتەوە لە لایەن هەر دوو نەریتی "بابەتی" و "نابابەتی" گەڵاڵە کراوە، بەڵام بە هەر شێوازێک نەتەوە پێناسە بکەی، ناتوانی گەلی کوردی لێ بێبەری بکەی. "بابەتی"ترین، یا خود سەختترین پێناسەی نەتەوە لە لایەن "ژۆزێف ستالین"ەوە گەڵاڵە کراوە کە دەڵێت؛ "نەتەوە کۆمەڵێک گەلی تۆکمەن، کە لە درێژایی مێژوو، لە سەر بنەمای زمانی هاوبەش، نیشتمانی هاوبەش، پەرگالێکی ئابووری و، پێکهاتەیەکی دەروونناسانەیی کە خۆی لە چاندێکی هاوبەش دا دەخاتە ڕوو پێکهاتووە".[295] لە ڕاستی دا، ئامانجی ستالین لە گەڵاڵەکردنی ئەم پێناسە سەختە ئەوەبوو کە گەلی جوولەکە لە نەتەوەبوون بێبەش بکات. ئەڵبەت ئەوە تەنیا بە ستالینەوە سنووردار نەبووەتەوە. هەروەک یەکێک لە تێۆریسیەنە ناسراوەکانی دەوڵەت-نەتەوە، "سێتۆن واتسۆن"، پێمان دەڵێت؛ ئامانجی زۆربەی پێناسەکانی نەتەوە ئەوەیە کە نیشانی بدەن هەندێک لە گەلان نەتەوە نین.[296]

بە پێچەوانەی ستالین، "نابابەتی"ترین، یا هەراوترین پێناسەی نەتەوە لە لایەن "ئێرنێست ڕێنان"ەوە گەڵاڵە کراوە. بە باوەڕی ڕێنان، نەتەوە کۆمەڵێک مرۆڤن کە لەسەر بنەمای "ویستی پێکەوبوون" لەتەک یەک دا دەژین.[297] بە پێی ئەو پێناسەیە، هەر چەشنە کۆمەڵێک لە بەرەماڵ و خێڵەوە بگرتە هەتا کۆمی ئێتنیکی دەتوانن خۆیان وەکوو نەتەوە پێناسە بکەن و، داوای مافی نەتەوەیی بکەن، کە سەرەکیترینیان دیاریکردنی چارەنووسە. ئەوە لە کاتێک دایە کە لە بواری کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی دا ئەو کۆمانە جیاوازن و مافەکانیشیان هەر جیاوازە. بۆ وێنە، گەلی ئەرمەنی لە نیشتمانی خۆی، ئەرمەنستان، دا وەکوو نەتەوە هەژمار دەکرێت و مافی چارەنووسی پارێزراوە. بەڵام، کۆمەڵگای ئەرمەنی لە "وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا" وەکوو کۆمێکی ئێتنیکی چاوی لێ دەکرێت و، لەو چوارچێوەیە دا، دەتوانێ داوای مافەکانی "کەمینە" بکات، کە بریتین لە هەندێک مافی سەرەتایی وەکوو خوێندن بە زمانی دایک. واتە، بە پێچەوانەی گەلی ئەرمەنی لە ئەرمەنستان، کۆمەڵگای ئەرمەنی لە ئامریکا مافی دیاریکردنی چارەنووسی نییە. بەڵام پێناسەکەی ڕێنان لەسەر نەتەوە ئاگای لەو جیاوازیانە نییە و، هەروەک باسمان کرد، خێل و هۆزیش تەنانەت تێکەڵ بە نەتەوە دەکات. بەڵام، تۆ بڵێی داڕشتنی ئەم پێناسە هەراوە ئامانجێکی لە پێشت نەبوو بێت؟ ئاخۆ، هۆکاری ئەم داڕشتنە هەراوە لە چی دایە؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ "دۆخ"؛ ئەو دۆخەی کە ڕێنان (١٨٢٣-١٨٩٢) وەکوو فیلەسووف و مێژوونووسێکی فەڕانسەوی تێیدا دەژیا.

هەر وەک لە بەشی ٤ دا شیمان کردەوە، دۆخ و هزر پێوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە و بە بێ خوێندنەوەی دۆخ، تێگەیشتن لە هزریش ئاستەمە. جا بۆیە، بۆ تێگەیشتن لە هزری ڕێنان پێویستیمان بەو دۆخە هەیە کە فەلسەفەی ڕێنانی تێدا گەڵاڵە کراوە. هەر وەک مێژوو پێمان دەڵێت، لە ساڵی ١٨٧٠ دا، سوپای ئاڵمان هێرشی کردە سەر فەڕانسە، داگیری کرد و، پاش ساڵێک بە زۆرەملێ خستییە سەر "ئیمپراتووری ئاڵمان". وەکوو کەسێکی فەڕانسەوی کە داگیرکردنی وڵاتەکەی دەبینێت، ڕێنان پێناسەیەک لە نەتەوەبوون گەڵاڵە دەکات کە تێیدا بەرژەوەندی نەتەوەکەی پارێزراو بێت و، وڵامی ئەو پرسیار و

---

[295] Smith, Anthony. *Nationalism; Theory, Ideology, History* (Oxford: Blackwell, 2001) p. 11.

[296] Seton-Watson, Hugh. *Nations & States: An Enquiry into the Origins of Nations and the Politics of Nationalism* (London: Cambridge University Press, 1977) p. 4-5.

[297] McCrone, Hugh. *Nations & States: An Enquiry into the Origins of Nations and the Politics of Nationalism* (London: Cambridge University Press, 1977) p. 40.

گومانانە بداتەوە کە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی فەڕانسەوییەکان هاتبوونە ئاراوە. هەر بەو هۆیە، ڕوو لە داگیرکەرانی ئاڵمانی، ڕێنان دەیکوت؛ نەتەوە وەکوو "گشتپرسییەکی ڕۆژانە" وایە و پێویستی بە بەڵێندارێتی[298] ڕۆژانەی گەلە. ئەگەر نەتوانن مێشک و دڵی گەلێک داگیرکەن (گەلی فەڕانسە)، ئەدی چۆن دەتوانن بەڕێوەی ببەن؟[299] لە ڕوویەکەوە دەتوانین دۆخی فەڕانسەی ساڵەکانی ١٨٧٠-١٨٧١، کە ئافرێنەری ڕێنان بوو، وەکوو دۆخی ئاڵمانی ساڵەکانی ١٨٠٦-١٨١٥ ، کە ئافرێنەری هزری هێگێل لەسەر دەوڵەت بوو، بچووێنین.[300]

لە نێوان دوو جەمسەری ستالین و ڕێنان دا، تێۆریسییەنی ئیرلەندی، "جان کۆکلی"، پێناسەیەکی مامناوەندی نەتەوە گەڵاڵە دەکات و دەڵێت؛ نەتەوە کۆمێکی ئێتنیکییە کە داخوازی دیاریکردنی چارەنووسێتی و، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافە خۆی بە ڕێکخستن کردووە و لە تێکۆشان دایە.[301] ئەم پێناسەیە نەتەوە بەرزتر لە کۆمی ئێتنیکی دەنرخێنێت و، هەتا کۆمی ئێتنیکی لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی دا نەکەوێتە تێکۆشان، پێگەی نەتەوەبوونی پێ نادات. بە پێی ئەم پێناسەیە، گەلی کورد نەتەوەیە، بەڵام گەلانی وەکوو "ئاسووری" و "تورکەمەن"، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمی ئێتنیکین، وەکوو نەتەوە نایەنە هەژمار. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە پێناو دیاریکردنی مافی چارەنووس دا خۆیان بە ڕێکخستن نەکردووە و لە تێکۆشان دا نین. گەلانی ئەرمەنی و جوولەکەی دانیشوو لە ئامریکاش، هەر بەو چەشنە، بە پێی ئەم پێناسەیە، دەچنە خانەی کۆمی ئێتنیکییەوە، نەک هی نەتەوە.

بەڵام ئەگەر پێناسەکەی ستالینیش لەبەر چاو بگرین، تەنانەت، کە سەختترین پێناسەی نەتەوەبوونە و بە دەیان نەتەوەی لە دەرەوەی خۆیدا هێشتووەتەوە (بۆ وێنە ئامریکا، کە نە مێژووی دێرین و نە زمانی نەتەوەیی خۆی هەیە)، ئێستاش دەبینین کە گەلی کورد وەکوو نەتەوە دێتە هەژمار. چونکە هەم مێژووی هاوبەش، هەم نیشتمانی هاوبەش و، هەمیش زمانی هاوبەشی هەیە. بیرمەندی کورد، "جەماڵ نەبەز"، ڕەخنە لە کومونیستەکانی ئێراق و کوردستان دەگرێت، کە بە پەنا بردن بۆ پێناسەکەی ستالین نەتەوەبوونی کوردیان ڕەد کردووەتەوە. چونکە، بە باوەڕی ئەوان، کوردستان خاوەن پەرگالی ئابووری نییە.[302] بەڵام ئەگەر کومونیستەکان چاوێکی باش بە مێژوو و ڕاستینەی کوردستان دا بگێڕن، دەبینن کە بە هەڵە دا چوون. هەروەک لە بەشەکانی پێشوو دا باسمان کرد، هەموو شوێنەوارناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە کشتوکاڵ ١١٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە کوردستان و لە میانەی "شۆڕشی بەردین" دا ئافرێنراوە. هەر لەو کاتەوە هەتا ئێستا کوردستان خاوەن پەرگالی ئابووری بووە و توانیویەتی لەسەر کشتوکاڵ ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. بەرهەمەکانی کشتوکاڵی کوردستان بریتین لە گەنم، جۆ، برنج، توتن و، گەلێک میوەی جیاواز و سەوزەوات. کۆی ئەم شرۆڤانە ئەوەمان پێدەڵێن کە بانگەشەی ئەوەی کە کورد نەتەوە نییە، لە بلاڤۆکاندنێکی[303] بێ بنەما زیاتر هیچی دیکە نییە. ئەگینا، هەر وەک "بوولۆک و مۆریس" پێمان دەڵێن؛

---

298 Commitment. تعهد

299 McCrone, p. 40.

300 بۆ شیکاری ئەو باسانە بڕواننە بەشی ٤.

301 Coakley, John. *Nationalism, Ethnicity, and the State: Making and Breaking Nations* (London: SAGE, 2012) p. 12.

302 نەبەز، لاپەڕەکانی ١١٩-١٢٠.

303 Propaganda

گەلی کورد نەتەوەیەکە کە هەموو جومگەکانی نەتەوەیی هەیە. تەنیا شتێک کە، بە باوەڕی ئەو دوو لێکۆڵەرە، کورد نییەتی، دەوڵەتێکی سەربەخۆیە.[304]

**بەڵگاندنی دووهەم:** لە وڵامی باسی دووهەم دا کە دەڵێت ئەو ڕێسایانە تەنیا بۆ ئەو گەلانە نووسراون کە دراوسێی وڵاتی سەردەستیان نین و دەریایان نێوانە لەگەڵی دا، دەڵێین؛ لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٦٠ئەوە هەتا ئێستا، چەندین وڵات لەو ڕێسایانە کەڵکیان وەرگرتووە، کە هیچیان لەگەڵ داگیرکەریان دا دەریایان نێوان نەبووە و هەموو بە تەنیشتیانەوە بوون. بۆ وێنە، لە ساڵی ١٩٦٧ دا، وڵاتی "بایافرا" کە بەشێک لە "نیجێرییە" بوو، مافی چارەنووسی دەستەبەر کرد و لەو وڵاتە جیا بووەوە.[305] لە ساڵی ١٩٧١ دا وڵاتی "بەنگلادێش" ئەو مافەی دەستەبەر کرد و لە ''پاکستان'' جیابووە. لە ساڵی ١٩٩١ دا، پاش ٣٠ ساڵ شەڕی چەکداری، "ئێریترە" چارەنووسی خۆی دیاریکرد و لە "ئێتیۆپی" جیا بووەوە. لە ساڵی ١٩٩٩ دا، سەرەی "تیمۆری ڕۆژهەڵات" هات بۆ دیاریکردنی چارەنووس. ئەوەی کە لێرە دا جێی وەبیر هێنانەوەیە بڕیاری "دادگەی نێونەتەوەیی داد"ە لەسەر تیمۆری ڕۆژهەڵات، کە لە سەرێ ئاماژەمان پێکرد. ئەو بڕیارە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە مافی چارەنووس تەنیا بۆ داگیرکراوی دەریا نێوان لەگەڵ داگیرکەر دا نییە و، وڵاتێکی وەکوو تیمۆری ڕۆژهەڵاتیش، کە بە تەنیشت ئەندۆنێزیەوەیە، لە خۆ دەگرێت. پتر لەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، "مۆنتێنێگرۆ" و لە ساڵی ٢٠٠٨ دا "کۆزۆڤۆ"، دوو وڵاتی ئەورووپایی، لە میانەی دوو گشتپرسی دا چارەنووسی خۆیان دیاری کرد و سەربەخۆ بوون. ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە گشتپرسییەکەی مۆنتێنێگرۆ دا تەنیا ٥٦ لەسەدی دانیشتوان دەنگیان بە سەربەخۆیی دا.[306] بەڵام، سەربەخۆیی گەلان بەوەش ڕانەوەستا و لە ساڵی ٢٠١١ دا، "سوودانی باشوور" چارەنووسی خۆی دیاری کرد و سەربەست بوو.

سەربەخۆیی سوودانی باشور لە دەستپێکی "بەهاری عەرەبی" دا بوو. واتە ئەو کاتەی کە لە کوردستان "تێۆری کۆتایی دەوڵەت" برەوی سەندبوو. دەگوترا کە ئیدی کاتی دەوڵەت نەتەوە نەماوە و، ئەو سەرهەڵدانانە گوزارە لە ڕووخانی دەوڵەتەکان دەکەن. بەڵام پاش هێوەربوونەوەی دۆخەکە، وا دەرکەوت کە نە تەنیا دەوڵەتەکان نەڕووخان، بەڵکوو دەوڵەتێکی دیکەش دامەزرا. کاتێک کە تێۆرییەکان ئاوا بە هەڵە دەردەچن، پێویستە پێداچوونەوەیان پێدا بکرێت؛ پێداچوونە بە ''تێۆری کۆتایی دەوڵەت''، کە لە ''تێزی کۆتایی مێژوو" دەچێت؛ ئەو تێزەی کە لە لایەن تێۆریسیینەی ئامریکایی، ''فرانسیس فوکۆیاما''وە، داڕێژراوە.

دوا وتە، بە گوێرەی سەختترین پێناسەی نەتەوەش تەنانەت، گەلی کورد نەتەوەیە و، شیاوی ئەو مافانەیە کە نەتەوەکانی دیکە لێی بەهرەمەند بوون. یەکێک لە بنچینەییترین مافەکانی نەتەوە دیاریکردنی چارەنووسە کە لە هەشت بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی دا گەڵاڵە کراوە. دیاریکردنی چارەنووس لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بە "جیابوونەوە" لێکدراوەتەوە و بزاڤی کوردیشیان بە "جیابوونەوە-خواز" تۆمەتبار کردووە. بەڵام جیابوونەوە کاتێک واتای هەیە کە کوردستان بەشێک لە دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووبێت. سەرەڕای ئەوەی کە کوردستان بەشێک لە ئێمپراتووری عوسمانی و ئیمپراتووری پارس بووە، بەڵام هیچ کات بەشێک لە دەوڵەت-نەتەوەکانی تورکیە، ئێران، ئێراق و، سووریە نەبووە، کە بەڕیز لە ساڵەکانی ١٩٢٣، ١٩٣٦، ١٩٣٢ و ١٩٤٦ بەرهەم هاتوون. *ئەوەی کە ئەو*

[304] Bulloch, John. and Morris, Harvey. *No Friends But the Mountains: The Tragic History of the Kurds* (London: Penguin, 1993, [1992]) p. 51.

[305] لە ساڵی ١٩٧٠دا، بایافرا سەر لە نوێ تێکەڵ بە نیجێرییە بووەوە.

[306] https://www.theguardian.com/world/2006/may/22/balkans

*دەوڵەتانە ویستوویانە بە زۆری چەک و لە میانەی کۆمەڵکوژی دا کوردستان بەخۆیانەوە بلکێنن شتێکە و، ئەوەی کە کوردستان بەشێک بووبێت لەو دەوڵەتانە شتێکی دیکە.*

**کۆتایی**

هەروەک لەو بەشە دا باسمان کرد، دوو ڕوانگەی گشتی باڵی بەسەر ئەو وێژەیە دا کێشاوە کە هەتا ئێستا لەسەر پرسی کورد بەرهەم هاتووە. ڕوانگەی یەکەم کێشەیەکی دەگمەنی نەتەوەیی بۆ پرسی دێموکراسی، ئابووری و، ڕۆشنبیری دادەبەزێنێت. ئەوە لە کاتێک دایە کە هەر یەک لەو پرسانە تەنیا "ڕەهەندێک" لە کێشەی نەتەوەیی پێکدێنن. واتە چارەسەری هەر یەک لەو کێشانە دەتوانێت یارمەتی چارەسەرکردنی کێشەکە بدات. بۆ وێنە، دێموکراتیزە کردنی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەتوانێ *یارمەتی* چارەسەری پرسی کورد بدات. بەڵام، هەروەک دێموکراسی نەیتوانیوە کێشەی گەلانی کۆبێک، کاتالۆن و، فالامان چارەسەر بکات، کێشەی کوردیشی پێ چارەسەر ناکرێت. هەر بەو چەشنە، چارەسەرکردنی پرسی ئابووری دەتوانێ یارمەتی چارەسەری کێشەکە بکات، بەڵام بڕستی چارەسەرکردنی کۆتایی نییە. گەلانی ئووسکادی و کاتالۆن زۆر لە گەلی کاستێل دەوڵەمەندترن لە ئیسپانیا، ئەدی بۆچی داوای مافی چارەنووس دەکەن؟

ڕوانگەی دووهەم، سەرەڕای ئەوەی کە نەتەوەیی بوونی کێشەکە دەبینێت، بەڵام هەستی بە جیاوازییەکانی نێوان دۆخی ئاسایی و هی دەگمەن نەکردووە. لە ئاکام دا، کێشەی کورد وەکوو کێشەی گەلانی ئەلجەزایر، ڤییەتنام، ئیرلەند و، ئێریترە دەچووێنێت. بەڵام دۆزی کورد مینایی[307] لەگەڵ هیچ یەک لەو کێشانە دا نییە. ئەگەر دۆزی کورد دەگمەن نەبایەت، لە مێژ بوو کوردستان ئازاد ببوو. چونکە مێژووی گەلانی ژێردەست تێکۆشانی هاوشێوەی خەباتی کوردی نەبینیوە. هەر بەو هۆیە، پێویستە بزاڤی کورد داوای شتێک بکات کە شیاوی ئەو تێکۆشانەیە و، وڵامدەری ئاستی قوربانییەکانە، کە ئەویش دیاریکردنی مافی چارەنووسە. دیاریکردنی چارەنووس بە واتای "جیابوونەوە" لەو دەوڵەتانە نییە کە هەر لە ڕۆژی دامەزرانیانەوە بە زۆری چەک و کۆمەڵکوژی ویستوویانە کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. چونکە جیابوونەوەی "تۆ" لە "ئەوان"، کاتێک واتای هەیە کە تۆ بەشێکی سروشتی بووبێتی لێیان.

بە مەبەستی کورتکردنەوە ڕێگای ئازادی و کاروانی پاکڕەوانان و، بەو هۆیەی کە دونیای سۆسیالیسم هیچ هەڵوێستێکی لەسەر دۆزی کورد نەبووە—جا باسی یارمەتی کردن هەر مەکەن—پێویستە بزاڤی کورد خۆی لە کێشەی سۆسیالیسم و کاپیتالیسم تێپەڕکات و، سەرنج بخاتە سەر باری نیشتمانی و نەتەوەیی دۆزەکە. واتە، لە بری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دونیای کاپیتالیسم و وڵاتانی ڕۆژاوایی، دیپلۆماسی بە بنەما بگرێت و، هەڤاڵبەندی نێونەتەوەیی ساز بکات لەگەڵیان دا. لە بیرمان نەچێت، لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانی دا، ئەوەی کە یارمەتی کوردی کرد ئامریکا و بەرەی کاپیتالیسم بوو. هیچ یەک لە وڵاتانی سۆسیالیستی هەڵوێستێکیشیان نەبوو تەنانەت، هەتا ئەوەی کە یارمەتیمان بکەن. لەگەڵ هەمووی ئەوانە، پێویستە گەلی کورد لە هەموو بوارەکانی هزری، ئابووری و، سەربازی دا خۆی بەهێز بکات. هەروەک ئەزموونی گەلی جوولەکە پێمان دەڵێت؛ تێکەڵکردنی هەموو ڕەهەندەکانی هێز، لە سەرووی هەموویانەوە هیزی سەربازی، تەنیا ڕێگە چارەیە.

307 شباهت.

# کۆتایی

دۆخ بە دوو بەش دا پارڤە[308] دەکرێت: دۆخی ئاسایی و دۆخی دەگمەن. لە دۆخی ئاسایی دا شتەکان بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی سەر هەڵدەدەن و پرۆسەی تەواوبوونیان تەواو دەکەن. یەکێک لەو شتانەی کە لە میانەی ئەو پرۆسەیە دا دروست دەبێت سنووری نێوان دووانەکانە؛ سنووری نێوان ئێمە و ئێوە، زانین و نەزانین، باش و خراپ و هتد. تێکەڵنەبوونی ئەو دوو کەرتە دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوانە و نۆڕمەکان، کە بە گوێرەی ئەوان داوەری لەسەر کردەکان دەکرێت. واتە، لە دۆخی ئاسایی دا شتەکان هەموو لە جێگە و پێگەی خۆیان دان، جیاوازییەکانیان پارێزراوە و، تێکەڵ بەیەک نابن. بەڵام لە دۆخی دەگمەن دا، سنوورێک لە نێوان دووانەکان دا بوونی نامێنێت. ئەگەر بشمێنێت، ناوەڕۆک و واتای خۆی لە دەست دەدات. هۆی نەبوون یا ڕووخانی ئەو سنوورە لە ماکی دەگمەنبوون دا شاراوەیە، هەتا بەرهەمی دەستێوەردانی دەرەکی بێت. سەرەڕای ئەوەی کە دەستێوەردانی دەرەکی دەتوانێ دۆخی ئاسایی بەرەو ئاراستەی دەگمەنبوون بەرێت و، بەو چەشنە *ناڕاستەوخۆ* سنووری نێوان دووانەکان بسڕێتەوە، بەڵام ئەوەی کە *ڕاستەوخۆ* دەبێت بە هۆی هەڵتەکانی سنوورەکان نائاسایی بوونی دۆخەکەیە. بۆ وێنە، هۆکاری نەمانی پەرژینی نێوان سەرما و گەرما لە مرۆڤی سەرما-لێدراو دا نەخۆشیی سەرمابوونە، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو نەخۆشییە دەتوانێ ئاکامی دەستێوەردانی دەرەکی بێت، هەتا بەرهەمی دیاردەیەکی سروشتی. پتر لەوەش، دۆخی دەگمەن لەوە بەرفرەترە کە دابەزێنرێت بۆ نەبووون یا هەڵپەسێردراوی زاگۆن، هەرچەند بێواتا بوونی زاگۆن تەنیا یەک ڕەهەندی پێکدێنێت. ئەڵبەت لێرەش دا، ئەم بێواتا بوونە ئاکامی ڕووخانی سنووری نێوان ڕێگەپێدراوی و ڕێگەپێنەدراوییە، نەک هی هەڵپەساردنی زاگۆن بێت لە لایەن دەسەڵاتەوە.

هەر وەک لە لە بەشی ٢ دا باسمان کرد، هەر لە پێگەی جوگرافیایی کوردستان و دابەشبوونی هەتا هەڵسووکەوتی دەوڵەتانی ناوچەکە و دونیای ڕۆژاوا، دۆزی کورد لە دۆخی دەگمەن دا خۆی دەبینێتەوە، هەتا لە هی ئاسایی دا. هەڵکەوتنی لەسەر چەقی ڕێگای شارستانییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا کوردستانی کرد بە ڕێڕەوێک نە تەنیا بۆ هاتووچۆی زلهێزانی سەردەم، بەڵکوو بە شەڕگەی دوو بلۆکی سەرەکی دونیا. زۆربەی شەڕەکانی نێوان پارسەکان و ڕۆمەکان لە کوردستان دا کراون، کە لە کاولکاری زیاتر هیچیان بۆ گەلی کورد پێ نەبووە. کاتێک کە ئیمپراتووری عوسمانی سەرهەڵدەدات و لە بەرامبەر فارسەکان دا ڕادەوەستێت، کوردستان ئەو جار دەبێت بە شەڕگەی نێوان زلهێزانی شیعە و سوننی، کە لە ئاکام دا نیشتمانی کوردیان لە نێو خۆیان دا دابەش کرد. ئەمە پێگەیەکی ئاسایی نییە و لەگەڵ پێوەرە

[308] دابەش

ئاساییەکان دا ناکۆکە. ئەگەر بڕوانینە ئەو وڵاتە ژێردەستانەی کە لە سەدەی بیستەم دا خۆیان ڕزگار کرد، دەبینین کە هیچیان وەها پێگەیەکیان نەبوو. هەندێک لەو وڵاتانە نە تەنیا نەکەوتنە نێو مەنگەنەی زلهێزانی سەردەم، بەڵکوو بە دەریای ئازادیشەوە لکاون. سەرەڕای دەگمەنبوونی پێگە، دابەشبوونی کوردستانیش، هەر بەو چەشنە، دابەشبوونێکی نائاسایی و دەگمەنە. لەوانەیە دابەشبوونی بەرایی کوردستان لە نێوان عوسمانی و سەفەویی دا دابەشبوونێکی ئاسایی بووبێت، بەڵام کاتێک کە دەگاتە سەدەی بیستەم و بەسەر چوار-پێنج دەوڵەتی سەرەڕۆ دا دابەش دەبێت، ئاسایی بوون تێپەڕ دەکات و، پێ دەنێتە نێو دۆخی دەگمەنەوە. بە پێی ئەوەی کە هەر یەک لە داگیرکەرانی کوردستان چەندین دۆستی نێودەوڵەتییان هەیە، بەرژەوەندی کورد لەگەڵ هیچ یەک لە وڵاتانی دەرەکی دا یەک ناگرێتەوە. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ یەک لەو وڵاتانە دان بە مافەکانی کورد دا نەنێن. پتر لەوەش، لە هەندێک شوێن دا گوێڕایەڵی ڕیسا و زاگۆنی خۆشیان نەبوون تەنانەت. بۆ وێنە، کاتێک کە ڕێبەر و فیلەسووفی کورد، ''عەبدوڵڵا ئۆجالان''، ڕووی لە ئەورووپا کرد، هیچ یەک لەو وڵاتانە ئامادە نەبوون بە گوێرەی ''بەڵگەنامە و پرۆتۆکۆڵی پێگەی پەنابەری'' ساڵی ١٩٥١ دا هەڵسووکەوتی لەگەڵ دا بکەن.

لە بەشی ٣ دا، باسمان لەوە کرد کە چۆن خۆنەناسینی کورد بووەتە هۆی دەگمەنتر بوونی دۆزەکەی. هەر وەک بەڵگاندمان، هەڵسووکەوتی کورد وای نیشان دەدات کە لەگەڵ پەرگالی هزری خۆی دا نامۆیە. فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتی دونیا هەر لە شاخەکانی زاگرۆس هەتا پانتاوەکانی چین لە سەر پێکەوەبوونی دووانەکان و یەکتری تەواو کردنیان دامەزراوە. بە باوەڕی زەردەشت، بۆ وێنە، هەر لە دەستپێکی بوونەوە، ''ژیان'' و ''ناژیان'' ئاوێرتەی یەکن و، هەتا دوا ڕۆژی بوون لە نێو یەک دا دەمێننەوە. هەر بەو چەشنە، لە فەلسەفەی زەردەشت دا شتەکان بە ''سروشت'' هەم باشن و هەمیش خراپ. ئەم پرێنسیپە فەلسەفەی ڕۆژهەڵات لە هی ڕۆژاوا هەڵدەوێرێت. لە ئەورووپا، چەپەکان پێیان وایە کە شتەکان بە ''سروشت'' باشن، بەڵام دەوڵەت خراپی کردوون. بە ڕووخاندنی دەوڵەت و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ کۆمەڵگای سروشتی، بە باوەڕی چەپەکان، کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەبن. ڕاستەکان، بە پێچەوانە، لەو باوەڕە دان کە مرۆڤ بە ''سروشت'' خراپە و ئەگەر ترسی دەسەڵاتی لەسەر نەبێت، ''شەڕی هەموو دژی هەموو'' ساز دەکات. دووبەش کردنی سیاسەت بەسەر بەرەی چەپ و ڕاست دا لە تەک ناوەڕۆکی فەلسەفەی ڕۆژهەڵات دا ناکۆکە. بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە چەند سەدەی ڕابردوو دا ئەورووپا گەلێک پێشکەوتنی بەدەست خست و، هەندێک لە شتەکانی خۆی سەپاند و هەندێکی تر لە شتەکانی کۆپی کران، مۆدێلی سیاسەتی ئەورووپایی بوو بە تووشی گەلانی ڕۆژهەڵاتەوە. ئەو یەکەش لە هەندێک شوێن وەکوو کۆریا وڵاتی دووبەش کرد و، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شەڕی نێوخۆی هەڵگیرساند. لەوەش زیاتر، جێگرتنی بزافی کورد لە بەرەی چەپ و بێ هەڵوێستی وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر دۆزی کورد، کوردی لەگەڵ پەرگالی کاپیتالیسم و دونیای ڕۆژاوا دا ڕووبەڕوو کردووە و، لە ئاکام دا، دۆزەکەی لێ دەگمەنتر کرد. لە لایەکی ترەوە، بە پێی ئەوەی کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سۆسیالیسم جیهانی بوون و ئینترناسیۆنالیسمە، ڕەوتی چەپ بەشێکی لەبەرچاو لە چالاکوان و هەڵسووڕاوانی کوردی لە دۆزی نەتەوەکەیان نامۆ کرد. هەندێک لەو کەسانە پاش ئەوەی کە زانیان بە هەڵە دا چوون گەڕانە، بەڵام بەشێکیان، ئێستاشی پێوە بێت، هەر لە سەر ئەو ڕێچکەیەن و پێیان وایە داکۆکی کردن لە مافی گەلەکەیان ''ناسیۆنالیستی'' و نەرێنییە.

لە بەشی ٤ دا، باسمان لە پێوەندی نێوان هزر و دۆخ کرد. هەر وەک نیشانمان دا، هزر هەڵقوڵاوی دۆخە و بە بێ دۆخ دەرفەرتی لە دایکبوونی هزریش لە ئارادا نییە. پتر لەوە، مێژووی فەلسەفە پێمان دەڵێت کە هزر ڕەنگی ئەو دۆخەی پێوەیە کە تێیدا لە دایکبووە. بۆ وێنە، فیلەسووفێکی وەکوو ئەرەستوو پاساوی کۆیلەداری داوەتەوە و هەوڵی داوە بناغەیەکی تیۆریک داڕێژێت بۆ پەرگالی کۆیلەداری، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئابووری یونانی کەونارا بووە. لە لایەکی ترەوە، هێگێل پێگەی خوداوەند بوونی

به دەوڵەت داوە و، دامەزرانی دەوڵەتی بە تەنیا ڕێیەک زانیووە بۆ ئافراندی ژیانی ئازاد. پتر لەوە، تایبەتمەندییەکانی دۆخی ئەورووپای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەم لە فەلسەفەی ماڕکس دا بەدی دەکرێن. لە میانەی شۆڕشی پیشەسازی دا کە کارگەکان و ناوەندەکانی دیکەی بەرهەمهێنان وەکوو کارگ لە پانتایی ئەورووپا دا هەڵدەتۆقین، کرێکارانی کارگە بە نرخێکی زۆر کەم کاریان دەکرد و، بەشێکی زۆر لە نرخی کارەکەیان دەچووە بەر دەستی خاوەن کارگەکان. واتە، چینی پڕۆلێتاریا چەندە دەچەوساوە، چینی کاپیتالیستیش ئەوندە دەوڵەمەند دەبوو. پاش قووڵبوونەوە لەو پەرگالە چەوسێنەرە، ماڕکس تیۆرییەک دادەڕێژێت کە پێی وابوو لە بریتانیا دا، بە پێی ئەوەی کە وڵاتێکی پێشکەوتووی پێشەسازی بوو، دەکەوێتە واری کردار: شۆڕشی پڕۆلێتاریا لە دژی کاپیتالیسم و دامەزرانی ”دیکتاتۆڕی پڕۆلێتاریا“. بەڵام بە پێی ئەوەی کە کوردستان داگیرکراوێکی نێودەوڵەتییە و، هیچ یەک لەو داگیرکەرانە پێڕەوێکیان بۆ گەشاندنەوە و پێشخستنی نەبووە، وەکوو یەکێک لە پاشکەوتووترین وڵاتانی دونیا ماوەتەوە. بۆ وڵاتێکی وەکوو کوردستان کە خاوەن کارگە نییە وەکوو زنجیرە، ئەدی کرێکاری کارگە و داگیرکەری کارگەی لە کوێ بوو وەکوو چین؟ ئەوەی کە وەکوو چین لە کوردستان دا بوونی هەبێت، جووتیاران و بازاڕیانن. هەروەک لەو بەشە دا کوتمان، لە بری شوێنکەوتنی ماڕکس و لێنین و مائۆ، پێویستە کورد لە بواری هزری دا خۆی پێشبخات و ببێت بە ئافرێنەری فەلسەفەی خۆی؛ فەلسەفەیەک کە هەڵقوڵاوی ڕاستییەکانی کوردستان بێت و، گرینگی بە دەگمەنبوونی دۆزەکەی بدات. لەم بوارە دا، کورد بە توانابوونی خۆی نیشان داوە. ژنۆلۆژی کە لە لایەن فیلەسووفی کورد، “عەبدوڵڵا ئۆجالان”ەوە، تیۆریزە کراوە سەلمێنەری ئەم توانایییەیە. بەڵام ئەوە تێری پێداویستییەکانی دۆخی کوردستان ناکات و، کاری زیاتری پێویستە.

لە بەشی ٥ دا چووینە سەر ڕاڤە کردنی دەوڵەت، بەو هۆیەی کە لەم ساڵانەی دوایی دا هزری ئانارشیستی باڵی بەسەر وتاری ڕامیاری کورد دا کێشاوە. هەروەک باسمان کرد، بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک پێویستە سەرنج بخەینە سەر ”خودی“ دیاردەکە وەکوو داڕشتە و پێکهاتە. لە دەستپێک دا، پێویستە ئەو بانگەشە پێوانەیی و نۆڕمەتیڤانە هەڵپەسێرین کە باس لە تایبەتمەندییەکانی دیاردە دەکەن، وەکوو باش یا خراپ. چونکە ئەم ئاوەڵناو و تایبەتمەندییانە گرێدراوی کاردای[309] دیاردەکەن. بۆ وێنە، ئەگەر چەقۆیەک کاری باشی پێ بکرێت، وەکوو بڕینی پارچەیەک بۆ دوورینی کراسێک، وەکوو شتێکی باش چاوی لێ دەکرێت. بەڵام بە پێچەوانە، ئەگەر کاری خراپی پێ بکرێت، وەکوو کوشتنی مرۆڤێک، ئەو کات ئاوەڵناوی خراپی لەسەر دادەنرێت. پتر لەوە، ئەو پارچەیەی کە بە ”چەقۆ باش“ەکە بڕا، ئەگەر لە لایەن تێرۆریستێکەوە بەکار بێت بۆ کۆشتنی کەسانی بێتاوان، ئەو کات بە شێوازێکی دیکە بانگەشەی لەسەر دەکرێت. هەر بەو چەشنە، ئەو ”چەقۆ خراپ“ەی کە مرۆڤی دەکوشت، ئەگەر ئەو تێرۆریستەی پێ بکوژرێت کە لە نێو ئاپۆرەی گەل دا خەریکی خۆ تەقاندنەوە بوو، ئەویش هەر بە شێوازێکی دیکە بانگەشەی لەسەر دەکرێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەو بانگەشە پێوانەییانە زیاتر گرێدراوی مرۆڤەکان و چۆنییەتی هزراندنیانە. بۆ وێنە، ئەو شتەی کە بۆ من باشە، لە وانەیە بۆ مرۆڤێکی دیکە باش نەبێت. جا بۆ ئەوەی کە لە دیاردەیەکی وەکوو چەقۆ تێبگەین، لە دەستپێک دا پێویستە ئەو بانگەشە پێوانەییانە هەڵپەسێرین و سەرنج بخەینە سەر خودی چەقۆکە وەکوو داڕشتە، کە پێکهاتووە لە دەسکێک و تیغێک. هەر بەم چەشنە، بۆ تێگەیشتن لە دەوڵەت پێویستە لە دەستپێک دا ئەو بانگەشە پێوانەییانی کە باس لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت دەکەن، وەکوو باش یا خراپ، هەڵپەسێرین و سەرنج بخەینە سەر داڕشتەی دەوڵەت کە بریتیە لە "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکان". هەروەک لەو بەشە دا شیمان کردەوە، کاتێک کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی قۆناغی گوندێتی دەرباز کرد و شارەکانی ئافراند، ئەم گەورەبوونەوەیە بوو بە سەرچاوەی دروستبوونی ئەو جومگانە، چونکە بە بێ بوونیان ژیانی شار ئاستەم بوو. بەڵام لەو شوێنانەی کە مرۆڤایەتی دەربازی ئەو قۆناغە لە گەورەبوونەوە

[309] Function

و پێشکەوتن نەبوو، وەکوو کۆمەڵگای ئیسکیمۆ، هیچ یەک لە جومگەکانی دەوڵەت سەریان بەرز نەکردووەتەوە، چونکە کۆمەڵگا پێویستی بە بوونیان نییە. بەڵام بە پێی ئەوەی کە کوردستان زۆر لە مێژە قۆناغی شارنشینی بڕیوە و، بە پێی ئەوەی کە هیچ یەک لە دراوسێکانی ئامادەی هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی خۆیان نیین، پێویستە کورد لە هەوڵی دروستکردنی پەرگالی ''خۆ''یدا بێت، نەک خەریکی باش کردنی پەرگالی "ئەوانیدی". ئەگەر لە ئەنجامی خەباتی دێموکڕاسی-خوازانەی خۆیدا پەرگالی دراوسێکانی باشیش بکات، لە درێژخایەن دا دەتوانن دیسان خراپ ببنەوە. واتە، لە بری دێموکڕاتیزە کردنی دەوڵەتانی داگیرکەر، کورد دەبێت لە هەوڵی دامەزرانی "پاڕلمان، حکوومەت، دادگەکان، سوپا، پۆلیس، هەواڵگری و گرتووخانەکانی" خۆی دا بێت، جا چ ناوێک لە سەر ئەو جومگانە دادەنێت کێشە نییە، کێشە نەبوونیانە.

لە بەشی ٦ دا هاتینە سەر چارەسەی و ئەو هەنگاوانەمان دەستنیشان کرد کە پێمان وابوو ڕێگای ئازادی کوردستان نزیک دەکەنەوە. ناوەڕۆکی باسەکەمان ئەوە بوو کە کێشەی نەتەوەیی، ئەگەر ئاساییش بێت، بۆ پرسی دێموکڕاسی و ئابووری دانابەزێندرێت.  هەر وەک دێموکڕاسی نەیتوانیوە کێشەی گەلانی ''کۆبێک، کاتالۆن و فلامان'' چارەسەر بکات، کێشەی کوردیشی پێ چارەسەر نابێت. یا ئەگەر پێشخستنی باری ئابووری بیتوانیبایە کێشەی نەتەوەیی چارەسەر بکات، گەلانی ''ئۆوسکادی و کاتالۆن''، کە زۆر لە گەلی ''کاستێل'' کە دەوڵەتی ئیسپانیا لەسەر ناسنامەی ئەو دامەزراوە، دەوڵەمەندترن، نەدەبوو داوای مافی چارەنووس و جیابوونەوە لە ئیسپانیا بکەن. لە لایەکی دیکەوە، دۆزی کورد میناهی لەگەڵ هیچ یەک لەو کێشانە دا نییە. ئەگەر دۆزی کورد دەگمەن نەبایەت و کوردستان تەنیا یەک داگیرکەر یا دووانی هەبایە تەنانەت، هەتا ئێستا شیانی ئازادبوونی هەبوو. بە پێی ئەوەی کە مێژووی گەلانی ژێردەست تێکۆشانی هاوشێوەی کوردی کەم بینیوە، پێویستە بزاڤی کورد داوای شتێک بکات کە شیاوی ئەو تێکۆشانە بێت و، وڵامدەری ئەو قوربانیانە بێت کە لەو پێناوە دا داویەتی. ئەگەر زۆربەی ئەو گەلانەی کە بە ڕادەی نیوەی کورد تێکۆشانیان نەکردووە، ئێستا ئازاد و سەربەخۆن، ئەدی کورد بۆچی نابێ داوای سەربەخۆیی بکات، لانی کەم وەکوو ئامانجی داوارۆژ؟ هەر وەک لەو بەشە دا باسمان کرد، مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە لە ٨ بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی دا تۆمار کراوە، وەکوو هەموو ئەو گەلانەی کە کەڵکیان لێ وەرگرتووە شیاوی کوردیشە.

دیاریکردنی چارەنووس بە واتای "جیابوونەوە" لەو دەوڵەتانە نییە کە هەر لە ڕۆژی دامەزرانیانەوە هەتا ئێستا بە زۆری چەک و کۆمەڵکوژی ویستوویانە کوردستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. چونکە کوردستان هیچ کات ''بەشێک'' لەو دەوڵەتانە نەبووە، هەتا لێیان ''جیا'' بێتەوە. ئەگەر داگیرکەرانی کوردستان ڕاست دەکەن و کوردستان بەشێک لە ئەوانە، با بۆ ڕۆژێکیش بووبێت تەنانەت، زۆری چەک بەکار نەهێنن بۆ بەردەوام کردنی دەسەڵاتی خۆیان، جا ئەو کات دەزانین کێ ڕاست دەکات. لە مێژووی کوردستان دا تەنیا یەک جار گشتپرسی کراوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئاخۆ کوردستان "بەشێک"ە لە ''ئەوانیدی'' یا نا. لە گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان دا کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بەڕێوەچوو، زیاتر لە ٩٥ لە سەدی دەنگدەران کوتیان کوردستان ''بەشێک'' لەو پێکهاتەیە نییە کە داگیرکەرانی کوردستان دەیانویست بە ئەنفال و هەڵەبجە دایمەزرێنن.

بە مەبەستی کورتکردنەوە ڕێگای ئازادی و کاروانی پاکڕەوانانی کوردستان و، بەو هۆیەی کە ئێمە بۆخۆمان ٤ دژمنمان هەیە کە هەر چوار دەوریان تەنیوین، پێویستە کورد خۆی لە کێشەی سۆسیالیسم و کاپیتالیسم بپارێزێت و، سەرنجی تێکۆشان بخاتە سەر باری نیشتمانی و نەتەوەیی دۆزەکە. واتە، لە بری ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کاپیتالیسم و دونیای ڕۆژاوا دا، دیپلۆماسی پێش بخات و هەڤاڵبەندی نێونەتەوەیی ساز بکات. هەمووومان دەزانین کە لە میانەی هێرشی داعش بۆ سەر کۆبانی دا، ئامریکا و وڵاتانی دیکەی کاپیتالیستی یارمەتی کوردیان دا، نەک وڵاتانی وەکوو چین، ئاڵبانی، کۆریای باکوور و،

کووبا. ئەوە لە کاتێک دایە کە وڵاتێکی وەکوو کووبا دەورێکی باشی بینی لە سەرخستنی شۆرشی ''ئانگۆلا'' لە ئافریقای باشوور. کەس چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە وەکوو ئانگۆلا، کووبا سەرباز ڕەوانەی کوردستان بکات، بەڵام بێ هەڵوێستی ئەو وڵاتانە بە هیچ شێوازێک پاساو نادرێتەوە.

هەروەک لەو بەشە دا دەستنیشانمان کرد، پێویستە کورد لە هەموو بوارەکانی زانستی، سەربازی و، ئابووری دا خۆی بەهێز بکات. پێویستە لە بواری زانستی دا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی قووڵ بکرێن و ئەو چەواشەکارییانەی کە لەسەر کورد کراون، وەکوو تینۆی کاوەی ئاسنگەر، ڕاست بکرێنەوە. لە بواری ئابووری دا، هەر وەتر، کورد پێویستی بە خۆ پێشخستن هەیە. ئەو کوردانەی کە لە ئەورووپا دەژین، پێویستە ئاسۆی بیرکردنەوەیان بەرفراوان بکەن و، بە دانانی خواردنگە و بابۆڵەفرۆشی بەسەندە نەکەن و، لە بیری پرۆژەی ئابووری گەورە دا بن. پتر لەوانە، پێویستە کورد لە بواری سەربازی دا خۆی بەهێزتر بکات. چارەسەری دۆزێکی دەگمەنی وەکوو کورد پێویستی بە سوپای یەک میلیۆنی هەیە. ئەگەر هەتا ئێستا خاسکردنی سوپایەکی ئاوا ڕێی نەداوە، بارودۆخی ئێستا جیاوازە و پاش بەرخۆدانی کۆبانی مێژووی کورد پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە. مژاری چەکدانانی گەریلا کە جاروبار باس دەکرێت، زۆر بابەتێکی مەترسیدارە و، بزاڤی کورد نابێت لە پێناو هیچ شتێک دا خۆی بێ چەک بکات!

# سەرچاوەکان

Abrahamian, Ervand., *Iran Between Two Revolutions* (Princeton: Princeton University Press, 1982).

Agamben, Giorgio., *State of Exception* (Chicago: The University of Chicago Press, 2005).

Arendt, Hannah., *The Origins of Totalitarianism* (San Diego: Harvest Book, 1979 [1948]).

Aristotle., *The Basic Works* (New York: Modern Library, 2001 [1941]).

Axworthy, Michael., *Iran: Empire of the Mind, A History from Zoroaster to the Present Day* (London: Penguin Books, 2008).

Bakunin, Michael., *Statism and Anarchy: Cambridge Texts in the History of Political Thought* (Cambridge: Cambridge University Press, 2005 [1990]).

Barkey, Henry. and Fuller, Graham., *Turkey's Kurdish Question* (New York: Rowman and Littlefield Publishers, 1998).

Bauman, Zygmund., *Modernity and the Holocaust* (Cambridge: Polity Press, 2013, [1989]).

Bedirxan, Sureya., *The Case of Kurdistan Against Turkey* (Stockholm: SARA Bokförlag, 1992). Available online:

http://www.saradistribution.com/thecaseofkurdistan.htm

Beecher, Jonathan., "Early European Socialism". In: Klosko, George. ed., *The Oxford Handbook of The History of Political Philosophy* (Oxford: Oxford University Press, 2013).

Bertrand, Jacques., *Nationalism and Ethnic Conflict in Indonesia* (Cambridge: Cambridge University Press, 2004).

Berridge, G.R., *Diplomacy: Theory and Practice,* Second Edition (New York: Palgrave McMillan, 2002).

Beşikçi, Ismail., *International Colony Kurdistan* (London: Parvana, 2004).

Bobbio, Norberto., *Left and Right: The Significance of a Political Distinction* (Cambridge: Polity Press, 1996).

Bookchin, Murray., *Remaking Society,* (New York: Black Rose Books, 1989).

Bozarslan, Hamit., "Kurdish Nationalism in Turkey: From Tacit Contract to Rebellion 1919-1925". In: Vali, A. ed. *Essays on the Origins of Kurdish Nationalism* (California: Mazda, 2003).

Brown, James., "The Turkish Imbroglio: Its Kurds", *Annals of the American Academy of Political and Social Science* 541: (1995, Sep), 116-129.

Breuilly, John, *Nationalism and the State,* Second Edition (Manchester: Manchester University Press, 1993).

Bulloch, John., and Morris, Harvey., *No Friends But the Mountains: The Tragic History of the Kurds* (London: Penguin, 1993, [1992]).

Casey, Gerard., *Libertarian Anarchy: Against the State* (London: Continuum, 2012).

Chaliand, Gerard. (Ed.)., *A People Without A Country; The Kurds and Kurdistan* (New York: Olive Branch, 1993, [1980]).

Childe, Gordon., *Man Makes Himself* (Nottingham: Spokesman, 2003).

Childe, Gordon, *What Happened in History* (London: Penguin, 1942).

Coakley, John., *Nationalism, Ethnicity, and the State; Making and Breaking Nations* (London: SAGE, 2012).

Cobban, Alfred., *The Nation State and National Self-Determination* (London: Collins, 1969).

Cohn-Sherbok, Dan. & El-Alami, Dawoud., *The Palestine-Israeli Conflict*, New Edition (Oxford: Oneworld Book, 2008 [2001]).

Declaration on the Granting of Independence to Colonial Countries and Peoples, 1960:

http://www.refworld.org/docid/3b00f06e2f.html

Declaration On Principles Of International Law Concerning Friendly Relations And Co-Operation Among States In Accordance With The Charter Of The United Nations, 1970:

file:///C:/Users/user/Downloads/Declaration%20on%20Principles%20of%20International%20Law%20Concerning%20Friendly%20Relations.pdf

DeFronzo, James., *Revolutions and Revolutionary Movements* (Oxford: Westview, 1996).

Descartes, Rene., *Key Philosophical Writings* (London: Wordsworth Classic, 1997).

Ciment, James., *The Kurd: State and Minority in Turkey, Iraq and Iran* (New York: Facts On File, 1996).

دەرسیمی، نووری.، *دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا*. وەرگێڕ لە تورکیەوە بۆ کوردی، دزێیی، ف.ا. (هەولێر: موکریانی، ٢٠٠١ [١٩٥٢]).

Dunn, John., *Modern Revolutions: An Introduction to the Analysis of a Political Phenomenon* (London: Cambridge University Press, 1972).

Engels, Fredrick., *Socialism: Utopian and Scientific (*Progress Publishers, 1970 [1880]).

https://www.marxists.org/archive/marx/works/download/Engels_Socialism_Utopian_and_Scientific.pdf

Fanon, Frantz*., The Wretched of the Earth* (New York: Grove Press, 1963).

Forsyth, Murray., *Unions of States; The Theory and Practice of Confederation* (New York: Leicester University Press, 1981).

Gandhi, M. K., *Non-Violence Resistance (Satyagraha)* (New York: Dover Publication, 2001).

Giap, Vo Nguyen., *People's War, People's Army: The Viet Cong Insurrection Manual for Underdeveloped Counties* (Hawaii: University Press of the Pacific, 2001 [1961]).

Giddens, Anthony., *The Third Way: The Renewal of Social Democracy* (Oxford: Polity Press, 1998).

Greene, Thomas., *Comparative Revolutionary Movements: Search For Theory and Justice, Third Edition* (New Jersey: Prentice Hall, 1990).

Hay, Collin, *et al.,* (Eds.), *The State; Theories and Issues* (Hampshire: Palgrave McMillan, 2006).

Hobbes, Thomas., *Leviathan*; *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited Tuck, R. (Cambridge: Cambridge University Press, 2006).

Geerse, Mariam., *The Everyday Violence Force Displacement: Community, Memory and Identity Politics Among Kurdish Internal Forced Migrants in Turkey* (Utrecht: PhD dissertation, 2010).

Guibernau, Montserrat., *Nations without States: Political Communities in a Global Age* (Cambridge: Polity, 1990).

Gürbey, Gulistan., "The Kurdish Nationalist Movement in Turkey Since the 1980s". In: Olson, Robert., ed., *The Kurdish Nationalist Movement in the 1990s*: *Its Impact on Turkey and the Middle East* (Kentucky: The University Press of Kentucky, 1996).

Hannum, Hurst., *Autonomy, Sovereignty, and Self-Determination: The Accommodation of Conflicting Rights* (Philadelphia: University Of Pennsylvania Press, 1990).

Harris, Nigal., *National Liberation* (London: Penguin Books, 1990).

Hechter, Michael*., Internal Colonialism: the Celtic Fringe in British National Development, 1536-1966* (Los Angeles: University of California Press, 1975).

Hegel, G.W.F., *Elements of the Philosophy of Rights*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Wood A.W. (Cambridge: Cambridge University Press, 1996).

Ho, Chi Minh., *On Revolution: Selected Writings, 1920-66*, Fall, B.B. edition (New York: Praeger, 1967).

Hume, David., *An Enquiry Concerning Human Understanding* (Cambridge: Hackett, 1977).

International Covenant on Civil and Political Rights, 1966:

file:///C:/Users/user/Downloads/ICCPR%20(1).pdf

International Covenant on Economic, Social and Cultural Rights, 1966:

file:///C:/Users/user/Downloads/ICESCR.pdf

Ismet, Ismet, *The PKK: Freedom Fighters or Terrorists*?
http://kurdistan.org/the-pkk-freedom-fighters-or-terrorists/

Iyob, Ruth., *The Eritrean Struggle for Independence: Domination, Resistance, Nationalism 1941-1993* (Cambridge: Cambridge University Press, 1995).
Izady, Mehrdad., *The Kurds; A Concise Handbook* (Washington: Taylor & Francis, 1992).

Jongerden, Joost., *The Settlement Issue in Turkey and the Kurds: An Analysis of Spatial Policies, Modernity and War* (Leiden: Brill, 2007).

Kant, Immanuel., *Political Writings: Cambridge Texts in the History of Political Thought*, Edited by Reiss, H.S. (Cambridge: Cambridge University Press, 1991 [1970]).

کاردۆخ، م.، جنبشهای کرد از دیرباز تاکنون، (یوپسالا: وارش، ۱۹۹۳).

Koivunen, Kristiina., *The Invisible War in North Kurdistan*, PhD Dissertation, University of Helsinki 2002, available on line:

http://ethesis.helsinki.fi/julkaisut/val/sospo/vk/koivunen/theinvis.pdf

Kedourie, Elie., *Nationalism* (Oxford: Blackwell, 1993, [1960]).

Kendal, Nizan., "Kurdistan in Turkey". In: Chaliand, Gerard. ed. *A People Without A Country; The Kurds and Kurdistan* (New York: Olive Branch, 1993, [1980]).

Kirişci, Kemal. and Winrow, Gareth., *The Kurdish Question and Turkey:* An Example of a Trans-state Ethnic Conflict (London: Frank Cass, 1997).

Kirschbaum, Stanislav., "Czechoslovakia: The Creation, Federalization and Dissolution of a Nation-State". In: Coakley, John,. ed. *The Territorial Management of Ethnic Conflict* (London: FRANK CASS, 1993).

Kropotkin, Peter., *Anarchism: A Collection of Revolutionary Writings* (New York: DOVER Publications, 2002).

Kymlicka, Will., *Multicultural Citizenship: A Liberal Theory of Minority Rights* (Oxford: Oxford University Press, 1995).

Laizer, Sheri., *Martyrs, Traitors and Patriots; Kurdistan after the Gulf War* (London: Zed Books, 1996).

لازارف، م.س ـــمحوی، ش.خ ـــڤاسیلییەوا، ی.ای ـــحسرتیان، م.آ ـــژیگالینا، *تاریخ کردستان*، ترجمه منصور صدقی ـــکامران امین آواره (مسکو: فروغ، ۱۹۹۹).

Leaman, Oliver., *Key Concepts in Eastern Philosophy* (London: Routledge, 1999).

Lenin, Vladimir., *State and Revolution* (New York: Regnery, 2009).

Lerner, Ralph., "Moses Maimonides". In: Strauss, Leo. and Cropsey, Joseph., eds., *History of Political Philosophy*, Third Edition (Chicago: The University of Chicago Press, 1987).

Lewis, Bernard., *The Shaping of the Modern Middle East* (Oxford: Oxford University Press, (1994, [1964]).

Lijphart, Arendt., *Democracy in Plural Societies: A Comparative Exploration* (New Haven: Yale University Press, 1977).

MacQueen, Norrie., *Colonialism* (London: Pearson, 2007).

Mann, Michael., *The Dark Side of Democracy; Explaining Ethnic Cleansing* (Cambridge: Cambridge University Press, 2009).

Marx, Karl., *Later Political Writings*: *Cambridge Text in the History of Political Thought*, edited by Carver, T. (Cambridge: Cambridge University Press, 2000).

Marx, Karl., and Engels, Friedrich., *The Communist Manifesto* (Oxford: Oxford University Press, 1992).

McCrone, David., *Sociology of Nationalism* (London: Routledge, 1998).

McDowall, David., *A Modern History of the Kurds* (London: I.B. Tauris, 1997).

McGarry, John., and O'Leary, Brendan., "Power Shared After the Deaths of Thousands". In: Taylor, Rupert. ed., *Consociational Theory* (London: Routledge, 2009).

McKiernan, Kevin., *The Kurds: A People in Search of Their Homeland* (New York: St. Martin's Press, 2006).

Mill, John. Stuart., *On Liberty and Other Essays* (Oxford: Oxford University Press, 1991).

نەبەز، جەماڵ.، *ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سەمینار و کۆڕێکی زانستیدا*، چاپی دووهەم، (هەولێر: سۆران، ۲۰۰۷، [۲۰۰۲]).

O' Brien, Brendan., *A Pocket History of the IRA; From 1916 Onwards* (Dublin: The O'Brien Press, (2000, [1997]).

ئۆجالان، عەبدوڵلا.، سۆسیۆلۆژیای ئازادی: مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتی، پەرتووکی سێیەم (چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٠).

Olson, Robert., "The Kurdish Question in the Aftermath of the Gulf War: Geopolitical and Geostrategic Changes in the Middle East", *Third World Quarterly* 13: 3 (1992), 475-499.

Olson, Robert., (Ed.), The *Kurdish Nationalist Movement in the 1990s*: *Its Impact on Turkey and the Middle East* (Kentucky: The University Press of Kentucky, 1996).

Pettit Philip., "Analytical Philosophy". In: Goodin, Robert., Pettit, Philip., and Pogge, Thomas., eds., *A Companion to Contemporary Political Philosophy* (Oxford: Wiley-Blackwell, 2012).

Plutarch., *The Lives of the Noble Grecians and Romans* (Hertfordshire: Wordsworth, 1998).

Proudhon, Joseph., *General Idea of the Revolution in the Nineteenth Century* (New York: Cosimo, Inc, 2007).

Rocher, Francois., Rouillard, Christian. and Lecours, Andre., "Recognition Claims, Partisan Politics and Institutional Constraints: Belgium, Spain and Canada in Comparative Perspective". In: Gagnon, Alain. and Tully, James. eds. *Multinational Democracies* (Cambridge: Cambridge University Press, 2001).

Romano, David., *The Kurdish Nationalist Movement*: *Opportunity, Mobilization and Identity* (Cambridge: Cambridge University Press, 2006).

Rousseau, Jean-Jacques., *A Discourse on Inequality* (London: Penguin, 1984).

Rothbard, Murray., *The Ethnic of Liberty* (New York: New York University Press, 2012).

Schmitt, Carl., *Political Theology* (Chicago: The University of Chicago Press, 2005).

Schumpeter, Joseph., *Capitalism, Socialism and Democracy* (New York: Harper Perennial Modern Thought, 2008 [1942]).

Seton-Watson, Hugh., *Nations & States: An Enquiry into the Origins of Nations and the Politics of Nationalism* (London: Cambridge University Press, 1977).

Smith, Anthony., *Nationalism; Theory, Ideology, History* (Oxford: Blackwell, 2001).

Service, Elman., *Origins of the State and Civilisation: The Process of Cultural Evolution* (New York: W.W. Norton & Company, 1975).

Skinner, Quentin., "The State". In: Goodin, Robert., and Pettit, Philip. eds., *Contemporary Political Philosophy: An Anthology* (Oxford: Blackwell, 1997).

Skutnabb-Kangas, Tove. and Fernandes, Desmond., "Kurds in Turkey and in (Iraqi) Kurdistan: A Comparison of Kurdish Educational Language Policy in Two Situations of Occupation", *Genocide Studies and Prevention: An International Journal: 3, 1 (April 2008) p 43-73.*

Stokke, Kristian., “Building The Tamil Eelam State: Emerging State Institutions and Forms of Governance in LTTE-controlled Areas in Sri Lanka”, *The Third World Quarterly* 25: 6 (2006) p. 1021-1040.

Tank, Pinar., “Analysis: The Effects of the Iraq War on the Kurdish Issue in Turkey”. *Conflict, Security and Development* 5: 1 (2005), 69-86.

Taylor, Rupert., (ed.) *Consociational Theory: McGarry and O'Leary and the Northern Ireland Conflict* (London: Routledge, 2009).

United Nation Charter, 1945:

file:///C:/Users/user/Downloads/UN%20Charter%20(1).pdf

Van Bruinessen, Martin., *Agha, Shaik and State: The Social and Political Structures of Kurdistan* (London: Zed Books, 1992).

Van Bruinessen, Martin., *Transnational Aspects of the Kurdish Question* (Working Paper, Robert Schuman Centre for Advanced Studies, European University Institute, Florence, 2000).

Van De Mieroop, Marc., *A History of the Ancient Near East, ca. 3000-323 BC.*, Second Edition (Oxford: Blackwell, 2007, [2004]).

Vanly, Ismet Sheriff., “The Kurds in the Soviet Union”. In: Kreyenbroek, Philip. and Sperl, Stephan. eds., *The Kurds; A Contemporary Overview* (London: Routledge, 2005 [1992]).

Vienna Declaration on Program and Action, 1993:

file:///C:/Users/user/Downloads/Vienna%20Declaration%201993%20(1).pdf

Wadie, Jwaideh., *The Kurdish National Movement; Its Origins and Development* (New York: Syracuse University Press, 2006).

Weber, Eugen., *Presents into Frenchmen: The Modernization of Rural France, 1870-1914* (Stanford: Stanford University Press, 1976).

West, David., “Continental Philosophy”. In: Goodin, Robert., Pettit, Philip. and Pogge, Thomas. eds., *A Companion to Contemporary Political Philosophy* (Oxford: Wiley-Blackwell, 2012).

Westrheim, Kariane., *Education in Political Context*: *A Study of Knowledge Process and Learning Sites in the PKK,* PhD Dissertation (Bergen: University of Bergen Norway, 2009).

https://bora.uib.no/handle/1956/3455

Will, Durant., *The History of Civilization I: Our Oriental Heritage* (New York: Simon and Schuster, 1954).

Wolf, Robert., *In Defence of Anarchism* (California: University of California Press, 1970).

Wolff, Stefan., *Ethnic Conflict: A global Perspective (*Oxford: Oxford University Press, 2010, [2006]).

Wilson, Woodrow., *Fourteen Points*, 1918:

http://www.ourdocuments.gov/doc.php?flash=true&doc=62

Yildiz, Kerim., and Breau, Susan., *The Kurdish Conflict; International Humanitarian Law and Post-Conflict Mechanisms (*London: Routledge, 2010).

زەردەشت.، *اوستا*، جلد اول، گزارش و پژوهش، دوستخواه، جلیل (تهران: انشارات مروارید، ۱۳۷۷).